# مێژووی گریان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاْوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# مێژووی گریان

لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرە لەسەر گریان

سەلاح حەسەن پاڵەوان

**سلێمانی**
**٢٠١١**

**مێژووی گریان**

- نووسەر: سەلاح حەسەن پاڵەوان
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: A4 1/2
- ژمارەی لاپەڕە: **٣٦٨**
- زنجیرەی گشتیی کتێب: ( ٧٨٣ )
- تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
- چاپ: چاپخانەی بینایی
- نرخ: ( ٣٠٠٠ ) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٥١٠)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

ئەم گریانە پێشکەشە بە:

**سیدرا، خەندە**

## گریان، گریان، گریان

هەموو نەوەیەك كە لەدایك دەبێت، بە گریان دەست پێ دەكات، پاشان تا مەرگی جگەرگۆشەكانی گریانی بیر دەچێتەوە، تاقە نەوەیەك هەرگیز لە مانای پێكەنین نەگەیشتووە، نەوەكەی منە، بۆیە ئەم كتێبە پێشكەش دەكەم بە هەموو دڵشكاوانی نەوەكەم.

## بۆ فرمێسك

ئەگەر نەتەوەیەك مێژووەکەی پڕ بێت لە فرمێسك و ژیانی نەوەکانی تراژیدیا دوای تراژیدیا بێت، لە مێژووی خەم و دڵشکان زیاتر هیچی پێ نەبڕابێت، دەبێت لە بەسەرهاتەکانی لە فرمێسك و هەنسك زیاتر چی هەبێت، لە ساتە هەستیارەکان زیاترو لە کولاندنەوە و ناڵاندن زیاتر چی هەبێت.

دوا وێستگەی ژیانم بە گریانێك دەستی پێ کرد کە تا ئەم ساتەش فرمێسکەکانی وشك نەبووەتەوە، فرمێسکی جوودایی، دابڕان، سەرەتای وێسگەی ژیانیشم ئەو زلالانە بوون، باوکم و مامۆستاو سیاسیی و دەوڵەت پێیاندا کێشام و گیانیان کردمە رووبارێك لە فرمێسك، رۆحیان کردمە ئەو منداڵەی پاش خەم چاوەڕوانی نەوازشە، دەنگیان کردمە بێدەنگیی، جا دەبێت لە نێوان ئەو دوو وێستگەیەدا چی روویدابێت؟!

کاتێك بیرم لە نووسینی ئەم بابەتە کردەوە، پەنجەرەیەك لای ژوورەکەمەوە رووی دەکردە کۆڵانە باریکەکەمان، ئەو کۆڵانانەی هەموو رۆژێك چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی و دەروونیی و سێکسی دەگرتە خۆی، ئێوارە بوو، هێشتا هەموو گەڕەك نەهاتبوونە ماڵێ، منداڵەکان وردە وردە لە ماندوویتی گەمەو خۆڵەپەتانییەکان دەرەوینەوە، دەرگاکان هێدی هێدی جیرەی داخستنیان دەهات، سەربانەکان لەژێر سێبەری یەکتریدا دەکوژانەوە.



ئەو کاتە گوێم لە هەنسکێ بوو لە دڵشکاوێکەوە سەری هەڵدەدا، لە نزیکمەوە گوێم دایە ئەو هەنسکانە لە هەموو شتێك دەچوون، لە باران و رەوە پەلەوەر و برێك هەوری کۆچەریی و جۆگەلەیەك ئاوی کۆچکردوو دەچوون، لە دەنگی تەنیایی و هەمیشەیی دەچوون، لە بارانێکی شەرمن و لە سێبەرێکی تەنکی تاوستان، لەو هەناسانە دەچوون کە پاش پشوودان دەرەوینەوە.

لە پەنجەرەکەمەوە ئەو هەموو ژنانەم بینی کە لە زیارەتی مردووەکانیان دەگەڕانەوە، ئەو ئێوارەیە، ئەو ژنانەم لە ماندوویتیی و رەشپۆشیی بینی، هیچیان پێ نەبوو تەنیا هەنسك نەبێت، ئەو ئێوارەیە گوێم پڕ بوو لە چیرۆکی مەرگ و نەمان، ئەو ئێوارەیە بووم بە بارانێك لە بیرەوەریی و گریانی دایك و خۆم و گەڕەك و وڵات. ئەو ئێوارەیە، ئەو چیرۆکانەم گوێ لێ بوو کە باوان و باپیرانی من گوێیان پێ دەزرنگایەوە، گوێم لەو زامانە بوو کە باسی هاوڕێکانییان بۆ دەگێڕامەوە، گوێم لە هەموو شتێ بوو، تەنیا پێکەنین نەبێت، ناوی ئەو مەرگانەم بەر گوێ کەوت کە چاوەڕوانیان نەبووم، ناوی ئەو دەرگایانەم بەر گوێ کەوت، کە چاوەڕوانیان نەبووم، ئەو کفنانەی کە لە بازاڕەکان قات و قڕ بوون، ئەو پەردە رەشانەی سەرتاپای دیوارەکانیان داپۆشیبوو.

هەر ئەو رۆژە بیرم لە نووسین کردەوە، نووسین لە بارەی مێژوویەك” هەموو رۆژێك دەیەوێت دووبارە بێتەوە، ئەو چیرۆکانەم لا گەڵاڵە بوون کە چیرۆکی گریانەکانی خۆم بوون، ئەو چیرۆکانەی هەموو رۆژێك چیرۆکی دیکەیان لا دروست دەکردم، ئەو چیرۆکانەی سات لە دوای سات لەگەڵ

خۆیاندا بەرەو ساتە فرمێسکاوییەکانیان دەبردم، ئەو رۆژە بیرم کردەوەو پرسیم، ئایا منێك لە نێو دەریایەك فرمێسکدا دەژیم، بۆ دەبێت ئەو چیرۆکانەم بیرچێتەوە کە باس لە سنوورەکان دەکەن، بۆ دەبێت ئەو چیرۆکانەم بیرچێتەوە کە پارتەکان فێریان کردین، وانەکانی براکوژیی و مێژووی نەهامەتییەکانم دەگێڕنەوە، ئەو چیرۆکانەی لە سنوورەکانمان دەچن، بۆ دەبێت وەك شیعرە جوانەکانمان ژانی تێدا بیربچێتەوە، وەك ماچی کچەکانمان و حەزی کچەکانمان بمرن، وەك تامەزرۆیی کوڕانمان لە رەشبینیدا بتوێنەوە.

کاتێك کە من مێژووەکەم دەریایەك بێت، بۆ نەبمە چیرۆکەوانێکی ئەو سارا رەشپۆشە، حیکایەتەکانمان ئەوەندە گەرم بن، بۆ ساردیی حیکایەتبێژیم لەبەر ئاگردانەکەیدا گەرم نەکەمەوە، کە پێکەنینەکانی ئەوەندە کەم بن، بۆ باس لە هۆکارەکانی نەکەم، کە شەقامەکانی پڕ لە سەرسمدان و پێهەڵکەوتن بن، بۆچی بە دەستەکانم ئەو تەگەرانە نەتوێنمەوە.

نەك تەنیا ئەو رۆژە بگرە لەگەڵ هەموو رۆژەکان گەورەبووم، گەورەبیم رۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ نەبوو، گەورەبیم تراژیدیا بوو، مەرگ و هەڵدێران و تامەزرۆیی بوو، گەورەبیم هەموو ئەو چرکانە بوو کە گێڕانەوە تێدا سڕابووەوە، ئەو ساتانەی دەرگاکانی تێدا داخرابوو، کە منداڵ بووم گریانم بۆ نەوازش بوو، کە بوومە مێردمنداڵ دەستی ژیان لە هەموو خۆشییەکان رێگر بوو لەبەردەم ئەوەی بگەمە گەشکەبوون، کە هەرزەکار بووم" بۆ ژن و کچ و سێکس دەگریام، کە سیاسەتم کرد، سیاسییەکان



لەبەر چاومدا هاوڕێکانمیان بە قسەی زل دەکرد بە شەهید و رۆژ بە رۆژ هاوڕێکانم کەم دەبوونەوە، کە فامم کردەوە، وڵاتم ئازاد، بەڵام دوو ئەژدیها هەموو رۆژێ زیاتر لە دوژمن و زیاتر لە دەستە رەشەکان ئازاریان دەدام، ئەوەندە گریام هەموو کەس لێم بێزار بوو" گەڕەك، خێزان، شەقام، وڵات.

وڵات زللەیەکی لێ دام و لەو ئەژدیهایانەی دوور خستمەوە، کە هاتمەوە دەرەوەی نیشتمان وەك ئاشقێکی یەکەمین ئیشق لە هەموو شوێنێك رووخساری ئەو وڵاتەم دەبینی کە بازرگانەکانی شەوان لە مەلها و شیراتۆنەکان لە ژووری تایبەتدا بە نرخێکی هەرزان سواری دەبن، دڵم خورپەی بوو بۆ ئەو نیشتمانەی تا لەسەر سنگی بووم، هەر هەناسەی تووند دەکردم، کاتێك پارتەکان ئەویان لای من قیزەون کرد و خۆشیان لای من قێزەون کرد، باوەشێکم بۆ دڵداریی کردەوە، تا نیشتمانم بیرچێتەوە، گریام، گریام ئەوم بیرچووە وە نیشتمانی دووەمم ئاوێزانم بوو، لێی نەتۆرام ئەویش لە من نەتۆرا، وەك دوو هاوڕێ ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد، ماڵئاوایی هەمیشەیی، دەستمان خستە سەر سنگی یەکتری.

نوغرۆبوون و کۆچکردن و وڵات رووبارێك بوون لە فرمێسك، رووبارێك بوون لە تەنیاییم، پاش هەموو ئەو رۆژگارە گریانم گۆڕا، لە تەنیاییەوە بۆ وڵات و لە وڵاتەوە بۆ تەنیایی، لە نێو مەنفاکەمدا بۆ هەموو شتێك دەگریام، تەنیا وڵات نەبێت، ئەوانەشی لە هۆتێل و ژوورە تاریکەکاندا جەستەی وڵاتیان کردبووە سۆزانیی، ئەوانە هەموو رۆژێك بە رووخسارە ناشیرین و قژی بۆیەکراو و جلوبەرگی ئوتوکراویان دەیانگریانم، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر جەستەی هاوڕێکانمیان هەڵدڕی، هاوڕێ تازەکانمیان

کوشت و دێرینەکانیان لە گۆڕ دەرهێنا و هەتکیان کردن، جەستەی خۆشەویستەکەمیان لە گۆڕ دەرهێنا و لەگەڵیدا نووستن.

شەڕ دووبارە فرمێسکی پێ ڕشتمەوە، زۆر چاوەڕوان بووم تا ئەو فرمێسکە هیشك بێتەوە، بۆ ئەوەی بە لێڵیی چاوەکانم نەڕوانمە دیمەنەکان، مەنفام زیاتر خۆش ویست، تەنیا یەك فرمێسکم دەڕشت، بەڵام لەوێ هەزار، یەك فرمێسکم دەڕشت، بەڵام لەوێ ملیۆن، ئێواران و شەو و بەیانییان بەدیار کاتژمێرەکانەوە چاوەڕوانی کوشتنی کات بووم، چاوەڕوانی ماڵئاوایی وشە و زمان و ڕۆح بووم، نیشتمانم بە ئەدەب و ئەدیبان، هونەر و هونەرمان دەکوژێنرا، ئەوان جەللاد بوون، ئەوان بەشێك بوون لە ماشێنی جەللادی ولاتێك تا ئەم ساتەش کە وشەکانی نێو ئەم کتێبە تایپ دەکرێت، ئەوان لە پشتی قەڵەمەکەی منەوە وەستاون و پێم دەڵێن چی بنووسم، هەر ئەوان لە ژێر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەمدا وەستاون و پێم دەڵێن چی تایپ بکەم.

ئەوەندەی بۆ بێ ئەمەکیی و درۆزنیی ئەوان فرمێسکم ڕشت، بۆ سیاسەت و ولات و ژیان نەمڕشت، ئەوان سیاسییەکانیان فێری شەقوەشاندن و زللە و ڕاپۆرت و درۆ و پێداهەڵدان کرد، ئەوانەی پاڵەوانی هەتککردنی شەهید و نووسەر و قەڵەم بوون، فرمێسکم بۆ ئەوانە ڕشت، بۆ ئەو دەرگایانەی ئەوان بەسەر ڕۆحی ئێمەیاندا کلۆم دابوو.

ڕاوچی بووم، ڕاوچیی ئەو ساتانەی پێکەنینیان تێدا دەڕوا، بارانی بێدەنگیم لا دەسڕایەوە، ئەو ساتانەی حیلکەکان گوێیان دەزرنگانمەوە، ئەو ساتانەی وێنەکانی بزە بە پێش چاوانمدا گوزەریان دەکرد، ڕاوی ئێواران و



سبەینییان و شەوانم دەکرد، تا بزانم چییە ئەو شتەی پێی دەوترێت پێکەنین، تا بزانم ئەو شتەی پێی دەوترێت هەڵاتن لە خەم، چییە، ئەو شتەی پێی دەوترێت ژیانی بێ فرمێسك لە کوێ دەدۆزرێتەوە، هەموو ساتێك لە گەڕان بووم، گەشتیارێکی سەرسەخت بووم، لە نێو جەنگەڵی ترسناکدا بەدووی پەلەوەر و گیانلەبەرە ناسکەکاندا دەگەڕام، بەدووی دژە گریان و نوکتە و پێکەنینەکاندا دەگەڕام، بەدووی ئەو زەلامانەی ئێوارە و شەو و ڕۆژیان حیلکە بوو، بەدووی نهێنی بوونی پێکەنین دەگەڕام، بەدووی مێژووی سەرهەڵدانی بزەکان، مێژووی چاوەڕوانیی و دەردەکاندا دەگەڕام.

گەڕانم بۆ ئەوە نەبوو تا فرمێسکەکانی خۆم بسڕمەوە بۆ ئەوە بوو تا بزانم، ئەو ڕووبارە فرمێسکە چییە، کە چیرۆك و حیکایەت و شیعرو گۆرانیی و لاوانەوە لایلایەکانمانی گرتووەتەوە، ئەو هەنسکانە چین کە لە چاوی هەموو دیمەنەکاندا دەیانبینم و ئەو ڕەنگانە چین تووشی ڕەنگ کوێری کردووین، بۆچی تەنیا ڕەش دەبینین.

پیاسەکانم پێیان دەوتم، هەنسکێك هەیە دەبێت لەسەری بنووسرێت، پیاسەکانم تەنیا جووڵەی جەستە نەبوون، هەنگاوهەڵهێنان بوون بەسەر ئەو خاك و گیاو ڕێگاوبانانەی کە پاشماوەیەك بوون لە یادەوەریی، پاشماوەیەك بوون بۆ مێژوو، بۆ لەدایکبوون و مەرگ، ئەو خاکەی منی لەباوەش گرتبوو، دەرگاکانی بەڕوومدا کردبووەوە، ئەو خاکانەی وردە یادگارییەکانی لە باوەشی منداڵیمدا لێ سەندبووەوە لە ناو قوڕگی خۆیدا ئابلۆقەی دابووم، ئەو دیوارەی پارچە نامەکانی دڵداریمی حەشار دابوو، پیاسەکانم بەسەر ئەو خاکەدا بوو کە فرمێسکیان پێ ڕشتبووم،

فرمێسکی ونکردن و لەدەستدان، ونکردنی شمەکەکانی گەمەی منداڵیی، ونکردنی دیاریی خۆشەویستەکەم و ونکردنی ئەو هاوڕێیانەی هەموو رۆژێ لە پاڵ خۆڵەکانیان دەخەوتم، ونکردنی ئەو رۆحانەی لە رۆحمەوە نزیک بوون، ونکردنی ئەو دەنگانەی منیان کردبووە پارچەیەک گەڵاو لە پایزێتیی خۆیاندا زەردیان دەکردم، پیاسەکردن بەسەر ئەو گیایانەی دەنگیان دەنگی ئەو هەنسکانە بوو کە منیان فێری هونەری گریان کرد، ئەو گیایانەی لە هەموو شتێک دەچوون تەنیا ماچ و پێکەنین نەبێت، پیاسەکردنم لە پاڵ ئەو گەڵایانەی گەڵای هەمیشەیی و تەنیایی بوون.

کە هاوسێکەم مرد، گوێم لە گریان بوو، ئەو دەرگایەی جەنگی بەرپا کرد، مژدەی فرمێسکی ئامادەکردبوو تا بەسەر دایکاندا پەرشی بکاتەوە، کاتێک دوا ماڵئاواییم لە خۆشەویستەکانم کرد، مێژوویەک هەنسکیان بۆ بەجێهێشتم لە خەیاڵدا ئەو ساتانەم بینی کە هەرگیز بیرم ناچنەوە، کە ئەوم لە تەنیشتەوە بینی، تەنیا گوێم لە پێکەنین نەبوو، پاشان لە بەردەم تابووتەکاندا خۆم بینییەوە.

هەموو جێگایەک تابووت بوو، تابووتەکانی جەنگ و مزگەوت و نەخۆشخانە و لە سێدارەدان و گوللەباران و دەستکیسەیی و خەنجەری لە پشت و کفنەکانی براکوژیی و شەرەف و ئافرەتکوژیی، کفنی خنکاندن و تەرمی بەر گەلەگورگ و لافا و بوومەلەرزە و هەورەتریشقە و دارمانی چیاکان و رەقبوونەوەی بەر بەفر و کفنی کارەباگرتن و وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل و ژەهراویبوون و تەقینەوەی کانەکان، کفنەکانی قەزاو قەدەر و دڵۆەستان و جەڵتەو خوێن پژان.



کفن و بێ کفنی، لاشەی سەر شەقام و جەستە هەڵوەشاوەکان، جەنگ، تەکنەلۆژیا، هەمووان تەنیا دیاری دەستیان فرمێسک بوو، سەردەمێک لە فرمێسک رواندن، سەردەمێک لە جەرگسووتان و وێرانکردن و سڕینەوە.

گۆرانیی و شیعر و مۆنیتۆرەکانیشمان بەزەییان بەدڵ و چاو و رۆحمان نەدەهاتەوە، مەراسیم و کەرنەڤاڵەکانی ژیان بێبەزەییانە دڵ و چاومانیان دەگوشی، هەرچی تەنیایی ئێمە هەبوو دەبووە فرمێسک، هەرچی تەنیایی ئێمە هەبوو دەبووە توانەوەی خود و خۆخواردنەوە، سەماکانیشمان بۆنی حیلکەی لێ نەدەهات، هەڵپەڕکێ و وردبوونەوەکانمان ئەو دەنگانە بوون، بە ئەسپایی دەهاتن و جارجار دەچوون، هیچیان پێشکەش بە مرۆڤ نەدەکرد، ئەوە نەبێت کە لە نزیکەوە یەکتریان دەخواردەوە.

بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو هەموو تراژیدیا و تازیەو نالەبارییانەی کە مێژووی ئێمەی گرتووەتەوە، دەکرێت، بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ دووبارە پێداهەڵچوونەوە و یادکردنەوەی ساتەکان، دووبارە قسەکردن لەسەر دیاردەیەک گەرچی تاڕادەیەک سایکۆلۆژیی و فیسیۆلۆژییە، بەڵام گەلێ هۆکاری دەرەکیی و پێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیش رۆڵی خۆیانی تێدا دەبینن.

سروشی مرۆڤ، سروشێکی گریاناویی نییە، ئەوەندەی ئارەزوو دەکات لەم دیاردەیە هەڵبێت، ئەوەندە ئارەزوو ناکات لێی نزیک بێتەوە.

منیش کاتێ لەم دیاردەیە قووڵ دەبمەوە، بۆ هۆکارەکان ناگەڕێم بە ئەندازەی ئەوەی بۆ ئەنجامەکان، بۆ کۆتاییەکانی ناگەڕێم، بە ئەندازەی ئەوەی دەمەوێت لە خاڵی دەستپێکردنەوە دەست پێ بکەم.

ئەگەر ئەمە کلتوور بێت، بۆ ئەوەندە کلتوورێکی ڕەشبین و گریاناوییە، ئەگەر ئەمە سیفەت بێت، بۆ ئەوەندە سیفەتێکی سەختی مرۆڤەکانی ئێمەیە، ئەگەر ئەمە بازدانێکی مێژووە، کەواتە ئەو مێژووە لە چ ساتێکەوە دەست پێ دەکات و لە چ ساتێکەوە کۆتایی دێت.

ئەگەر ئەمە ژیان بێت، کەواتە بۆچی دەبێت ئەو ژیانە ئەوەندە ورد و درشت بێت، بۆ دەبێت لە سەرچاوەیەك ئەوەندە جێگەی خۆشیی و خۆشبەختی و پێکەنین بێت و لە سەرچاوەیەکی ترەوە ببێتە جێگەی بێدەنگیی.



## کەی بیرم لە گریان کردەوە؟

دڵنیام هەموو ساتێك بیر لە گریان دەکرێتەوە، هەرکەس لە ئێمە بیری لە گریان کردووەتەوە، بەڵام کەی و چۆن، ئەمە پرسیارێکی ترە کە دەبێت لەسەری بوەستین، هەمیشە گریان فرسەخێك لێمانەوە دووربووە، بەڵام زۆریش داپچڕانی لەگەڵماندا دروست نەکردووە، هەمیشە بەشێك بووە لەو دنیا گرنگەی کە دەبێت لەسەری بوەستین، هەمیشە دەستم لە ملی هەوری فرمێسك و چەخماخەی هەنسك بووە، کاتێك بۆ یەکەمین جار گریام" کەسم بە تاوانبار نەزانی دایك و باوکم نەبێت، دووەم جار کە گریام" شۆستەکەم تاوانبارکرد کە هەموو ڕۆژێك پاشقولی دەدام، کاتێك خاك چووە چاومەوە، خۆڵ و گڵ و چەوم تاوانبار کرد، کە ئاوڕمدایەوە سروشت هەر هەمووی دەمخاتە گریان، مامۆستاکەم لە جیاتی فێرکردنی پێکەنین، فێری ڕژاندنی فرمێسکی کردم، تاقە هاوڕێی ئەوان شوول و حەیزەران بوو، وڵاتەکەم لە ترسا فرمێسکی لە دڵ دەڕوانم، بۆ هەر شتێك ئاوڕم دەدایەوە هەنسك و دڵگوشین بوو، کاتێك لە قوتابخانەش یاخی بووم، هەموو ساتێك جلەکان دەیانخستمە هەنسکەوە.

تا ساویلکەو دڵساوایەکی پاکیزەش بووم، تەنیا دەوروبەر لە ناخمادا خەم و هەنسکیان دروست دەکرد، کاتێکیش وەهۆش خۆم هاتمەوە، دیوارەکان دەیانخستمە گریان، دیوارەکانی دەوروبەرم تەنیا شوراو بەرزیی نەبوون، دیوارەکان ڕەش ڕەش سات لەدوای سات شیوەنی بۆ منداڵەکانی

دەگیرا، بە شان و سنگ و لاقەکانییەوە چیرۆك و ناوی ئەو مەرگانەی هەڵدەواسی کە هەموو ڕۆژ بە کەناری ولات و شەقام و بێدەنگیی نسرمەکاندا تێدەپەڕی، لە نێوان شەبەق و قرچەی گەرما و تریسکەی ئەستێرەکانیشدا چیرۆکی نەهامەتیی و تەنیاییان بۆ دەگێڕامەوە.

تەنیا شیوەن لە دیوارەوە فێربووم، بەرامبەر بە ئاوابوونی تەمەنی مرۆڤەکان نەك تەنیادا گریان نەیدەتوانی چیرۆکی ئەوانم وەبیر بێننەوە، بگرە ئاوابوونی ئەوان سەرەتاو کۆتایی ڕووداوەکان بوو، کاتێك کە دیوارەکان لە ڕەنگی خۆیان یاخی بوون، هیچیان بۆ نەمایەوە تەنیا بێدەنگیی نەبێت، ئەو بێدەنگییەی وەك بێدەنگییەکانی ئەو هەموو ژنانە جەرگبڕبوو، کە نەیاندەوێرا لە درەنگ گەڕانەوەی شووەکانیان فزە بکەن، وەك بێدەنگیی ئەو بەیانییانەی کە ئازارێکی سووك لە دەرگای هەژارییانی دەدا، بێدەنگیی نێو ئەو دارستانانەی کە میوەی خەم و فرمێسك زیاتر دارەکانی هیچ بەرێکی تریان نەدەگرت.

کاتێکیش ئاشق بووم، لە قووڵایی حەزێکی گەورەدا بۆ بەرکەوتنی دەستێك دەگریام و بۆ ماچێکی سرك و پەرت پەرت، چاوەکانم گوڵی ئەوینیان دەست نەدەکەوت تا لە سنگی دڵدارەکانی بدا، نەك ئەمەش، نهیلیزمی نەگەتیف وایکردبوو جووڵەو پێکەنین و هەڵسوکەوت و ئاوڕدانەوە و نیشتمانیش ببێت بە سیستمێك کولانەوەی دڵ و هەڵڕژانی فرمێسك ببێتە هەڵوەشاندنەوەی یاسا جوانەکانی سەردەم و بەها و ئیتیك.



پەنجەکان بەرکەوتنیان مەزنترین یاساخ بوو، کەس بۆی نەبوو تەنیا سلاوێ، ماچێ، دەستگوشینێکی بەنسیب بێت. کاتێك دڵدارەکان دەگریان حەقیان بوو، کەس بە ئەندازەی ئەوان ئازاری نەدەچەشت، لەوێشدا کە گریام، نە گوڵەباخێکی نێو دەستی دڵدارەکەم دەستکەوت، نە توانیم تەوقەیەك لە قژی بەم و ماچێکی هێمن و پڕتامەزرۆم دەستکەوێت، زووڵمی حەز و چەپاندن و یاساو نەریت و ئایین، عەقڵی بەردین وەك زمانی مار لە ناخماندا ژەهری تەنیایی دەڕواند، لە ناخماندا ماچی پێشکەش نەدەکرد و پێکەنینی دەکوشت.

بۆیە بە گریان دەستمان پێ کرد تا لە مانای پێکەنین بگەین، ئێواران لە خۆرنشینەوە تا دەمەوبەیان ئێشکمان بەدیار خۆشییەوە دەگرت، تا نەمرێت، بەلام هەناسەکورت بوو، چونکە بۆ خۆمان دەمانزانی ئەو تەمەنەی ئەو لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی تەمەنی پەروانەیە، تەمەنی گوڵەمێخەکە و دەرکەوتنی ڕێواسێ ساتەساڵێکە، تەنانەت وەرزەکانیش لە ڕەنگی فرمێسك دەچوون، کەس بە ئەندازەی ئێمە ڕەنگ و تامی فرمێسکی نەدەزانی، کوڕانمان زێدەتر لە کچان و پیاوانمان زێدەتر لە ژنان بەدیار نەهامەتییەکانەوە دەگریان. بۆیە چاوی جۆگەلە و کانیاوەکانیشمان ببوونە چاوی خۆمان، سەری ڕێگەکانیش بۆنی ساتە خەمگینەکانیان لێ دەهات، هەنگاوەکانمان هەنگاوی شیوەن بوون.

کاتێك سەربازی تەنیایی ولاتی بریندارو پێشمەرگەی هەمیشەیی بووین، تاکە چرکەیەك کە بیرمان لێ دەکردەوە، بیرکردنەوە بوو لە مەرگ و تەنیایی ئەو دوو شتەی کە تەنیا خەم و فرمێسك بەرهەمدێنێت، بیرمان

له شایی مەرگ و چاوەڕوانیی مەرگ دەکردەوە، بیرمان له ئان و ساتە زیندووەکان نەدەکردەوە، تەنیا هەنسک نەبێت.

لەسەردەمێکدا بیرم لە هەنسک کردەوە، کە ئیتر هیچ بوارێك نەبوو بۆ پێکەنین، چەتری خوێناویی ڕۆژگار بەسەر دڵماندا هەڵدرابوو، له خەوی شیریندا بێداریان دەکردینەوە و له قووڵایی سەرخۆشیدا بێداریان دەکردینەوە، لە نێوان پاکژیی و دزێویا ونیان دەکردین، ناچاربووین بگرین، هەر بە منداڵی پیربووین و بە باڵغبوونیش خەونمان بە پێکەنینەوە دەبینی، لە باوەشی ژنەکانماندا لە جیاتی لەزەتی ژیان و هەڵڕژانی چێژ، بیرمان لە یەکەمین خۆشەویست و یەکەمین نامەی دڵداریی دەکردەوە، یەکەمین شکاندنی دڵ و ماتبوون و لەدەستدان و کوژانەوەی ماچی ژیان، کاتێك هاوڕێکانمان بەسەر دەستی خۆمان ڕۆحیان لێیان جیابووەوە گریان، لە جیاتی قۆڵ بە قۆڵکردنی یەکتریدا، قۆڵەکانیان بە دەستمانەوە بۆ نێو چاڵەکان شۆڕدەبوونەوە.

کە خوێنی مەیومان بە سەر شەقامەکانەوە بینی، گریاین، تابلۆکانیان لێ دڕانین، یادگارییەکانیان سەرنگوون کردین، گریاین، هەرچی ساتێك کە گریاوین نەهامەتییەك هاوڕێمان بووە.

هەموو ساتێك لە خۆم و لە ئێوەم پرسیوە، بۆچی دەگرین و باس لە گریان دەکەین، بۆچی ئەو هەموو تراژیدیایەمان لە کۆڵناوە و لە هەر کوێیەك بارو بنە بنێین، لەوێدا لە هەگبەی مێژووماندا ئەو سۆزانە دەکولێنینەوە کە هەستەکانمان دەبزوێنێت، هەمیشە ئەو پرسیارەمان لە ڕۆحی خۆمان کردووە، بۆچی ئەوەندە ناسکین و بەرگەی نسرمێك و



نەوازشی پەڕەگوڵێك ناگرین، بۆ ئەوەندە وردە دەزووەکانی ژیان بە وردیی لە پاڵ یەکتریدا ڕادەخەین، بۆ ڕووبەرێك نادۆزێتەوە تا بە هێمنی تێیدا بنووین، بۆ هەمیشە ئەو پرسیارانە دەکەین کە دەمانباتەوە بۆ سۆزستانی خەم و کوشتنی ماچ و هیواکان.

بەڵام ناپرسین کە بۆچی لە سارای بێ ئەستێرەدا، تەنیا چاوی فرمێسکاویی بە ئاسمانەوە دەبینین، هەموو ڕۆژێك لە خۆم دەپرسم و لە ئێوەش دەپرسم، کەس لە ئێمە هەیە بە بارتەقای لمی دەریا، خەمی بە کۆڵەوە هەڵنەگرتبێت.

لە نزمەوە بۆ بەرز بڕوانە هەر ئازارو ژان و چەرمەسەرییە، لە سەرەوە بۆ خوار، لە ناخەوە بۆ ڕووخسار، گەر لە بزەپێکەنینەکانیش بڕوانیت، مەزنترین تراژیدیای سەردەم بەدی دەکەیت.

بۆچی باس لە گریان دەکەم و لە ئەندێشەی خۆم دەدوێم؟ کاتێك ئاوڕدەدەمەوە، ئەوەی بە کۆڵمەوە و لەسەر شانمە، هەموو شتێکی تێدایە تەنیا پێکەنین نەبێت، کاتێك دەڕوانمە نێو ئاوێنەی ئەندێشەکانم، ئەوەی دەیبینم هەر هەموو گێڕانەوەی تەماوییە، لە مێژوودا ئێواران باوك تراژیدیای بۆ دەگێڕامەوە و شەوانیش دایك بۆ نەهامەتییەکان فرمێسکی دەڕشت، بازاڕ تەنیایی دادەگیرسان و چاوەکانمانی لەگەڵ خۆدا بۆ مەلەی فرمێسك دەبرد.

کاتێك گوێم لە زەوی دەگرت، باسی مەرگی تاقانەی بۆ دەکردم، لە شوانکارە ورد دەبوومەوە، چیرۆکی مەرگی کارمامز و بەرخۆڵەی پێ بوو، لەبەردەم مزگەوتەکاندا تێدەپەڕیم گوێم لە سورەتی مەرگ و لە

گۆڕستانەکان تەلقینم دەبیست، لە هەر جێگایەك مرۆڤێك بەسەرهاتی خەمێکی دەکردە ملوانکە و دەیکردە گەردنم، کاتێ یەك یەك هاوڕێکانمیان کوشت، بە بێ هاوڕێ شەقام و کوچە و دەرگای شارەکەم دەژمارد، کاتێکیش هاوڕێی نوێم بۆ پەیدابوون، دڕندەیی شەوان ئازاریان دەدام و دەیانگریانم.

چۆڵیی و خاڵیبوون" جەستەیان داگیرکردم، تەنیا دەنگێك لە گوێمدا دەزرنگایەوە، ئەو دەنگانە بوون کە بۆنی ماڵئاواییان لێ دەهات، هەر هەموان زیندوو و مردووش خوداحافیزییان لێ کردم، ڕێگەیان نەدا بۆ ساتێکیش لەسەر سەرینی پێکەنینێکما سەرخەوێ بشکێنم. کاتێ ویستم ماچ و ژیان پێکەوە کۆکەمەوە، روانیم هەرچی شەهێن و بازی مێژوو هەیە بە دەنووکیان جەستەم لەت لەت دەکەن.

بۆیە باس لە گریان دەکەم، تا پێتان بڵێم ئەو گریانەی ئێمە بینیمان و سەروەت و سامانی ژیانمان پێ کۆکردەوە، هەر ئەوە نییە، هەزارەها شێوەی هەڵڕشتنی فرمێسك هەیە، هەزاران شێوەی هەنسك و خۆحواردنەوە و قووڵپە قووڵپ هەیە، ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە بەو هەموو سەروەتی خەمانەوە خاوەنی گریانێکی مەزن بین، جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەگەر پاش سەدەیەك لە خەم و تێکشکان و سوێبوونەوە ژیان بوو بێت بە گریانێکی رووت، سەیر نییە، سەیرتر لەوەش هەمووومان ئەمڕۆ لە گریانی غوربەتدا دەژین، غوربەتی کووشندە، ئەوەی لەم هەمووەدا چنگمان دەکەوێت تەنیا فرمێسك نییە، ئاوڕدانەوە و هەڵسەنگاندنی ژیانە، تەنیا دووبارە



نووسینەوەی ژیان نییە، بگرە هەڵبژاردنی ساتەکانە کە تراژیدیای لا دروست کردووین.

هەڵبژاردنی گریان" هەڵبژاردنی مێژووە، هەڵبژاردنی پرسیارە، رووبەڕووبوونەوە و گەڕانە بەدووی بەرپرسیاریدا، تەنیا هەستێکە لەنێو دەیان هەستی دیکەدا جێگای خۆی کردووەتەوە، یەکەمین هەنگاو کە هاویشتم تا لەم دەرگایە بدەم، دەرگای دەروونی خۆم کردەوە، دەرگای تەنیایی و بێدەنگیی ئەو ترسناکییەی هەمیشە بەردەوام بەدوومەوە بوو.

ئەو جوگرافیایەم تەی کرد کە لە سەردەمی مەرگی جوگرافیادا بۆ من گەڕانێکی هەمیشەییە، ئەگەر هەلاوێرانی ئەم باسە بوارو مەودای بەرفراوانتری خواستبێت، هیچ سڵێکم لەوە نەدەکردەوە، بە وشەی گریان دەستم پێکردووە، تا لە گریانەکانی یوسف و زەردەشت و فەرهاد بگەم، تا بزانم تەنیا مرۆڤ دەگری یا زەویش، تا لەوە بگەم چ خەمێك لە هەموو خەمەکان شایانی فرمێسك رشتنە.

کاتێ گریانم هەڵبژارد تەنیا ساتێك متبوون بۆ من بەس بوو تا لەوە بگەم تەنیاییەکانمان چۆن دەسڕینەوەن چۆن ئەو رووبەرانە داگیردەکەین کە رووبەری تەنیایی و هەمیشەییمانن، ئەو رووبەرانەی تەنیایی و هەمیشەییمان پێکەوە کۆدەکەنەوە، ئەو رووبەرانەی کەم تا زۆر باس لە هەمیشەیی و تەنیایی دەکەن. بەدەر لە هەموو سنوور و رێسایەکی نووسین، جوگرافیا و ئەناتۆمی خۆم لە هەڵوەشاندنەوەی جەستەی رووداوەکاندا بەکارهێناوە، بە سنوورەکاندا رۆیشتووم، بێ ئەوەی باجی هیچ بێدەنگییەك بدەم، رووم کردووەتە هەموو جێگایەك.

هەتا ئازار لە دڵماندا مابێت، ئەوەندەش گرێکان تەنگیان پێ هەڵچنیوم و ئازارەکانیش بە خەم و فرمێسکی پۆشتەو پەرداخەوە دێنە خوارێ و دەبنە بەشێك لەو گریانەی کە من دەمەوێت باسیان بکەم، ئەم ئازارە سەرەڕای ئەوەی سەرەتاو کۆتایی ژیانی ئەمڕۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرهاتی ژیانە.

## دوواجار!

دواجار دەڵێم، قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی وەك ئەم جۆرە، کارکردنی دەوێت لە چەندین مەودای: کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیی، ئەنتۆلۆژیی و تەنانەت فیسیۆلۆژیشەوە، بابەتەکە چەندین مەودای مەزنی لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت، هەر لە سەرەتاوە بیرم لەوە دەکردەوە، باس لەو ئازارانە بکەم مرۆڤ بەردەوام بەدەستییەوە گینگڵ دەدات، باس لەو ساتانە بکەم کە تەسکینی لە دڵ و ویژدانمان دەبڕێت و دەکەوینە بەر شەپۆل و تەوژمی دڵشکان و ناسکبوونەوەو وەك باڵی پەپوولەمان لێ دێت.

لەبۆ سنگێکی پڕ ئاسوودەو خەمهەڵگر دەگەڕێین تا وردە وردە بگرین و خۆمان لەو هەموو مێژووە سەختە خاڵیی بکەینەوە، کە لەشی کردووین بە خەرمان و هەموو ساتێك دەمانسووتێنێت. تا بای ژەهراویی رۆحمان پاکبێتەوە و نەفەسی تەنگ و هەناسەبڕکێ و وزە داخراوەکانمان بکرێنەوە و هەرچی دەرگای دڵ هەیە بیرەوەرییەکانمان پێ هەڵداتەوە، نەك ئەمەش وردە



وردە هەروەك شاعیرێکی بسك ئاڵتوونیی دەڵێت: خەمێکی تیشکدار پڕ رووناکی وەك بەفر لەبەر هەتاوی هەنسکەکاندا بتوێتەوە.

لەم هەموو گریانانەوە دەچینە کن ئەو منداڵە ملکزانەی خەمەکانیان بەسەر سنگیاندا شۆڕبووەتەوە، دەچینە لای دایکان تا لە مانای خورپەی دڵ و جەرگ و فرمێسکی لەدەستدان بگەین، لای ئەو پارچە زەوییانەی شەهید لەباوەش دەگرن، ئەو دەربەنانەی هەموو ساتێك بە چریکەی لاوکی تەنیایی خورپە دەکەوێتە هەناویانەوە، دەچینە لای ئەو شاعیرەی بە فرمێسك و قژڕنین جگەرگۆشەکەی نالاوێنێتەوە، بگرە دەیکات بە چۆلەکەیەك و هەموو بەیانیانێك بەسەر سەربانی ماڵەکەیەوە هەڵیدەدا و تەماشای هەڵفڕینی دەکات، لەبەردەم فرمێسکی ئەو زیندانییەی ساڵانێکی زۆرە نازانێت لە چ ئاستێکەوە با هەڵدەکات و بەرەو چ ساتێك و چ ئاستێك دەڕوات.

دەمەوێت قسە لەسەر گریان بکەم، تا نەگریم، تا زامەکان ئەوەندە نەکولێنەوەو ئەوەندە پرسیارەکان دووبارە نەبنەوە، ماچەکان لە لێو نەترازێن و دڵەکان یاخی نەبن، تا چیتر نەمامی رۆژگار سیس نەبێت و رەیحانەی ئێواران ماچی شەو نەکات و گێلاسیش رەنگی نەگۆڕێت و رووناکیش نەبێتە تاریکیی.

کاتێ کە گریانم هەڵبژارد لە بۆنی باران دەترسام، کاتێ گریانم هەڵبژارد چاوەکان مۆڕەیان لێ دەکردم و دەستەکان لەنەوازشم بوونەوە، پەنچەکانم چیتر پێڵوەکانی چاومیان نەدەگرتە خۆ، کاتێ بۆ یەکەمین جار دەستم خستە سەر سنگی ژیان، چاوم بە پرسیارە ناسکەکان کرایەوە.

لێرەوە نامەوێت پێکەوە بگرین، ئەوی لە هەموو شتێ زیاتر مەبەستی منە، ئەوەیە کە گریانتان بیربەرمەوە، تا ئەو لێوانەی کە بێ پێکەنن بۆ ساتێك دوورکەونەوە، تا بۆ هەمیشە دڵیان بە دەریای خۆشیی بسپێرن، نامەوێت چاوەکانم سەرقاڵی فرمێسکڕشتن بن، بگرە دەمەوێت چاوەکان لێڵاوی ونکەن و دیمەنەکان بە جوانیی ببینن، تا سبەینێ گەر بە زیندوویێتی لە ژووانی کەنار شەقامەکاندا پێکەنین و حیلکەی پێکەنینیان بگاتە کەشکەڵانی فەلەك، تا وەك دوو چاوی گەشاوە بڕواننە ژیان و لەبەردەم بێدەنگییەکاندا مەلێك بن و هەمیشە چاوەڕوانی هەڵفڕین بن.

لێرەدا نامەوێت مێژوو دووبارەکردنەوە بێت- بگرە هەڵگلۆفینی چاو نەبێت و گوشینی دڵ نەبێت، دەمەوێت بۆ ساتێك وردە نسرمەکانی فرمێسك تێکەڵ بە بارانی خۆشییەکان بن و چاویش وەکو دوو پەروانە بە ئەسپایی فێنکایی ببەخشێتە لێوەکان و چاو بگەشێنێتەوە و هەرچی دەست هەیە، بە ئەسپایی لەسەر دڵی ئارامیدا بنوێت و گۆرانی هەمیشەیی بڵێت.



## هەستی گریان

هەمیشە ئەو پرسیارە لای مرۆڤ دروست بووە، ئاخۆ بۆچ مەبەستێ هەستەکانی خۆی بەکاردێنێت، یەکێك لەو هەستانەی کە لە مرۆڤدایە و زیاتر لە هەموو هەستەکانی تر بەشداریی لە پێکهێنانی پێوەندیی دەکات، بینین و هەستکردنی سۆزە، مرۆڤ بەم دووانە پێوەندیی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا پەیدا دەکات، بەم پێوەندییانە ساتەکانی دەگۆڕێن بۆ ساتی پێکەنیناویی، ساتی گریاناویی، شادمانی و خەمباریی، هەڵچوون و هێوربوونەوە، تەلیسماویی و ڕوونئامێز.

یەکێك لەو هەستانەش کە پێوەندیی بە هەموو هەستەکانی دیکەوە هەیە، دەربڕینی سۆز و هەڵچوونەکانە بەدیوی لایەنەکانی فرمێسك و گریان، کە دەمەوێت لەم نووسینەدا بەدوورودرێژیی لە سەری بدوێم، ئەم دیاردەیە، واتە فرمێسکڕشتن و گریان، هەنگاوێکە بەرەو ئەودیوی ڕوانینەکانی مرۆڤ، واتە ڕوانین بۆ هەموو پێوەندییەکان لە خودی خۆت و هەموو پێکهاتەکانی دەوروبەرتەوە.

فرمێسك هەڵڕشتن بۆ زۆر دیاردەمان دەباتەوە، کە لە بەشەکانی دواییدا بە دوورودرێژیی لێیان دەدوێم، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیخەمە ڕوو، هەڵدانەوەی ئەو پەردانەیە کە لە پشتەوەی فرمێسکن، ئاشکراو ڕوونە هەر خودی فرمێسك خۆی دەیەها لایەنی دیکە هەن پێوەی پێوەستن، لایەنی ویژدان و ئیتیتك و سایکۆ و فیسیۆلۆژیا و تەنانەت سیاسەت و

ئابووریی و زانستیی و سروشتیی و جوگرافیاو ئایینناسی و... هتد. هەموو ئەو دیاردەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندیی لەگەڵ ئەو حاڵەتە دروست دەکەن، گریان یان فرمێسك دیاردەیەکن لە رۆح، بەڵام ئایا ئەم حاڵەتە تەنیا سیفەتێکی مرۆییە و پێوەندیی بە گیانلەبەرانی دیکەوە نییە، هەروەك باڵندەو ئاژەڵ و گیاندارە ئاوییەکان؟

گیاندارانیش وەك مرۆڤ دەگرین، ئەمەیان شارلز داروین گومانی تێدا هەبوو.

کاتێ کە مرۆڤ سۆزەکانی دەردەبڕێت، شێوەی هێمای دەموچاوی دەگۆڕێت و ئەو شێوانە دەردەخات کە دەربڕینی تواناو هێزی دەروونی ئەون، نەك ئەمەش، بگرە مرۆڤ زیاتر لە گیانلەبەران توانای گۆڕانکاریی شێوەکانی هەست و گەمەکردنی هەیە بە میلۆدی هەستەکانی و پیکتۆگرامای سۆز و بەرز و نزمیی سەیری تێدایە، ئەم گۆڕانکارییە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ زیاد لە پێویست لێکدانەوەی بۆ هەر دیاردەیەك هەیە، مرۆڤ زیاد لە پێویست بیر لە هەر دەربڕینێك دەکاتەوە، هەر دەربڕینێك کە دەریدەبڕێت خۆی بۆ ئامادە دەکات، لێکدانەوەی بۆ دەکات، ساتەکانی ورد دەکاتەوە، هەزاران خانەی گیان بەکاردێنێت تا ئەو پەیامە بگەیەنێت کە مەبەستێتی، بۆیە کاری بیرکردنەوە وەك هەر کارێکی تر پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. هەستی بیرکردنەوە لای مرۆڤ بە چەند پەیژەیەکدا دابەش دەبێت، سەرکەوتن و هاتنە خوارەوە لەو پەیژانە پێویستیان بە نەخشەیەك هەیە کە لە مێشکەوە پیادە دەکرێت، بە هۆی زیاتر چالاکبوونی سەرکەوتن و دابەزینەکانی ئەو پەیژانە ئەرکی مێشك



لای مرۆڤ زیاد دەبێت، بۆیە پێویستی بە بەکارهێنان و هەوڵدانی زیاتر هەیە تا بتوانێت بیرو لێکدانەوەکان بەکاربێنێت، هەروەها ئەم بیرکردنەوەو لێکدانەوانە دەرئەنجامی ئەو هەستانە دەبێت و دەشبێتە هۆی دروستکردنی هەستە جۆراوجۆرەکان، لە لای مرۆڤ سەرکەوتنی بە پلەو یەك لەدووی یەك دەبێت بەسەر ئەو پەیژانە، بەڵام لای نا مرۆڤ ئەم سەرکەوتن و دابەزینانە بە شێوەیەکی کتوپڕ روو دەدەن، بۆیە دەبینین لەلای گیانلەبەرەکان دەربڕینی توند و بە پەلە لە ئارادایە.

زۆربەی ئەو شتانەی کە دەکرێت لەم بوارەدا قسەی لەسەر بکرێت، مەسەلەی بەرهەڵستکاریی و کاردانەوەیە لە هەستدا، ئاشکرایە دوو شێوە هەست لە مرۆڤ و ئاژەڵاندا ئامادەن تاوەکو دەربڕی پێویستییەکانیان بن، هەندێك پێویستیی فیسیۆلۆژیی هەن و هەندێکیشیان پێویستیی دەروونین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆحدارەکان دەربڕینیان دەوێت بۆ هەر چالاکییەکی دەروونیی و هەستیاریی، لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەنی مەعریفەیە و ئاگای لەو شتانە هەیە کە لە دەوروبەریاندا روو دەدات، بۆیە خاوەنی هەست و مەعریفەیە، مەعریفە بە مانای ئاگاداربوونێکی عاقڵانە نەك هەستیارانە، هێزی هەست لای ئاژەڵ و گیانداران زیاتر رۆڵی خۆی دەبینێت، کار بە هەستەکانی دەکات و زیاد لە پێویست هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی دەربڕینەکان.

کەواتە هەست لە کۆمەڵێك پرۆسەی ئاڵۆزەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ببێت بە سەرەتایەك بۆ شێوەکانی دەربڕین، لەرووی ئەنەتۆمییەوە ژمارەیەکی زۆر دەمار و دەزووی مێشك لەم پرۆسەیەدا

بەشدارن، بەڵام ئەوە هەیە کە هەروەك ئاماژەم بۆی کرد، لەم کردەیەدا کۆمەڵێك هۆکاری ناوەکیی و دەرەکیی بەشدارن، نەك ئەمەش هەر هەموویان پێکەوە بەشدار دەبن لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی گریان و پێکەنین و توڕەبوون و هەڵچوون و... هتد. مەسەلەی بەشداریکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووریی، سیاسیی و پەروەردەییەکان مەسەلەیەکی گرنگن لە دروستبوونی یەك بە یەکی ئەم حاڵەتانە، زۆر لەو هۆکارانە وایان کردووە کە پێویستیش وەك بنەمایەکی سەرەکی بەشداربێت لەم پرۆسەیەدا.

هەست و نەستەکان هەمیشە پێویستیان بە کارتێکردن هەیە بۆ ئەوەی کاری خۆیان ئەنجام بدەن و بتوانن ئەو پەیامەی هەیانە بیگەیەنن، هیچ کردەیەکی هەستی بێ کارتێکردن دروست نابێت، گریانیش وەك یەکێك لەو هەستانە پێویستی بە کاریگەریی هەیە، گریان دەرئەنجامی پێوەندیی ناخە لەگەڵ دەوروبەر، فیزیك و دەرەوەی فیزیك پێکەوە کار دەکەن لەسەر ئەوەی کە پەیامەکان بگەیەنن، هەر بۆ ئەمەش کارتێکردن پێویستی بەوە هەیە تا نزیك بێتەوە لە هەست، زۆربەی ئەو سیفەتانەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە، ئەوەیە مرۆڤ بە خێرایی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هاوشێوەی خۆی و دیمەنەکانی دەوروبەری، بەڵام ئەم کارلێکردنە ئەوەندە بەهێز نییە لەلای غەیرە مرۆڤ.

هەست بەشدار دەبێت لە پێکەوەگریدانی ناخ بە هەموو بەشەکانییەوە. مێشك بە پرۆسەیەکی بەهێزو پتەوی نێوان لەش و بەشەکانی لەش تێدەپەڕێت. بۆیە هەست وەك نێوبەندێك هەموو ئەو شتانەی لەدەرەوە



هێرش بۆ سەر لەش دێنن، دەبەستێتەوە بە ناوەوەی لەشەوە، واتە هەڵدەستێت بە پێکەوەگرێدانی پێوەندییەکانی نێوان لەش و سیستمی دەرەوەی، یەکێك لە گرنگترین کارەکانی مێشك ئەوەیە، کاریگەرییەکانی ئەو بارودۆخە دەستنیشان دەکات کە مرۆڤ و گیانلەبەری دیکە دەکەونە ژێری و ئەم کاریگەرییانە بۆ شێوەی گۆڕانی رووخسار دەگۆڕێن و مانا و دەلالەتی خۆیان دەبێت. مانای کاریگەر ئەو کاتە دروست دەبێت کە کاریگەریی و گۆڕانکارییەکانی رووخسار زۆر بێت، بەمەش دەستنیشانی ساتەکانی کەسی کاریگەر دەکرێت، چ لە شێوەی گریان یا لە شێوەی پێکەنین و تووڕەبوون و هاوارکردن و ژان و خۆشیی...، دیارە هەریەك لەو کاریگەرییانەی کە مێشك لە پێوەندیی لەگەڵ رووداوەکاندا دروستی دەکات و بۆ مانایەك دەگۆڕێت، کاریگەریی ئەو مانایانە پێوەستن بە کۆمەڵێك هۆکارەوە. (هەموو پەرچدانەوەکانمان لەسەر ئەو مانایە وەستاوە کە پشتمان پێ بەستووە، ئەو مانایەش پێکهاتووە لە: یان مانای فیزیۆلۆژی بەمیراتیبۆما و یان عەسەبی بەمیراتیبۆماوی ناهۆشمەند. یاخود لەسەر مانای دەمارخوازیی هەستیی، واتە هۆشمەندیی، ئەمەش بە میرات ماوەتەوە، یان عەسەبی فیکریی هۆشمەندیی بەمیرات نەماوی ژیانناسی، واتە لە ئەزموونی ژیانەوە وەرگیراوە)[1]. واتە ئەوەی سەرەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێوەندیی بۆماوەیی و بایۆلۆژیی پێکەوە رۆڵی گرنگیان هەیە لە دەستنیشانکردنی تواناو دەربڕینی هەستەکان. بونیادنانی مانا لە رێگەی مێشکەوە روونادات بگرە لە رێگای هەستەکانەوە روو دەدەن، کاتێك چاو دەبینێت، دیمەنێك لای گەلاڵە دەبێت

و ئەو دیمەنە لە چاوەوە دەگاتە مێشك، تا مەبەستێکی پێ بگەیەنێت، ئەم مەبەستەش لەگەڵ پێوەندیی لە شتە کۆگاکراوەکانی مێشکدا دەبێت بە شت، بەو شتەی کە پێوەندیی لە نێوان هەموو جەستەو دەرەوەی جەستەدا دروست دەکات، کەسانێکی زۆر هەوڵیانداوە لێکدانەوە بۆ ئەمە بکەن، لەوانە فرۆید و لاکان و یۆنگ و زۆر لەو شیکەرەوانەی کە زیاتر لە بواری شیکردنەوەی دەروونیدا کاریان کردووە.

ئەگەر بمەوێت لە هەست بدوێم، پێویستە بۆ هەموو ئەو پێوەندییانە بگەڕێمەوە کە مرۆڤ بە دەوروبەرو بەخودی خۆیەوە دەبەستێتەوە، واتە گەڕانەوە بۆ زانست و کۆمەڵ و پەروەردەو زۆر شتی دیکەش، کە ئەمە باسێکە لە بەشەکانی دواییدا بەدوورودرێژیی قسەی لەسەر دەکەم. ئەوەی گرنگە بیڵێم ئەوەیە کە نووسین و قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئا لەم شێوەیە زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە، هەست ئەو جیهانە بەرفراوانەیە کە بووەتە مەیدانی کارکردن لە هەموو بوارەکانی فەلسەفە و دەروون و فیسیۆلۆژیا، کایەیەکە ئاڵۆز و زۆر لەوانەشی هەوڵیانداوە بگەن بە وەڵامی پەتی و رەها، نەگەیشتوون، کارکردن لەم بوارە وایکردووە زۆر لە مەسەلەکان نەتوانن وا بە ئاسانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.



## ئەوەی دەمگرێنێت

بۆ دەگرین، بۆچی لە نێو رۆحمانەوە ئەو هەموو ژانە دەتوێتەوە و بە چاوماندا دێنە خواری؟ ئەمە پرسیارێکە بەردەوام لە دەستپێکردن و نووسینی ئەم بابەتەدا رووبەڕووم دەبێتەوە، هەروەها ئەم بابەتە کەم تا زۆر پێوەستە بە چۆنیەتی تێگەیشتنمە بۆ ئەم مەسەلەیە.

خوێندنەوەی هەر دیاردەیەکی خەماویی وا لە مرۆڤ دەکات جار ناجارێ ئێستێك بکات و بەو هەموو رووداوانەدا بچێتەوە کە لە ژیانیدا سەرچاوەیان گرتووە، بۆ ئەوەی دووبارە لەوە بگات مەبەست لەو ورووژانانە چین کە بەنێو هەستیدا گوزەر دەکەن و ناهێڵن ئۆقرە بگرێت.

ئەوەی دەمگرێنێت، نازانم چییە؟ شتێکە لە پڕ دێت، هەندێك دەڵێن سۆزەو هەڵدەچێت، هەندێك دەڵێن ئەو دەزووانەی رۆحە شنەبای ئازارێکی کوشندەیە و هەڵدەکات، وەك توانەوەی مۆم لەژێر ئازاری سووتاندا وردە وردە بەرەو خوار دێت و روودەکاتە نێو ئەو هەستانەی گریان دروست دەکەن. هەندێك دەڵێن گریان ئەو دەستەیە نەوازشی رۆح دەکات، ئەو رۆحەی وەکو منداڵی ساویلکە پێویستی بە نەوازشە، هەشن دەڵێن ئەوەی دەگری سەرتاپای جەستەی دەکەونە بزووتن و هاتن و چوون، هەست لە دۆشدامانێکی بێ سنووردا دەوەستێت و چاوەڕوانی وەڵامە، وەڵامی ئەو رۆحەیەی لەبەردەم پرسیارەکانی خۆی دۆشداماوە، ئەم پرسیارە پرسیاری ئەو گیانەن نازانن بۆچی هەستەکانیان وا بە پەلە دەگۆڕێن.

جۆرەکانی گریان و فرمێسك، جۆرگەلێکن تا ئێستاش نازانرێت ئەو جۆرانە چۆن لە یەکتری جیادەکرێنەوە، چۆنچۆنی دێن و چۆن پێکدێن و لە چ جێگایەکەوە پێکدێن، لە کوێن و چۆن گەشە دەکەن، چۆن گەورە دەبن، چۆن دەگەنە ئەو سنوورەی کار لەوی تر دەکەن و دەبنە ئەو شتە ناسکەی هەموو کەسێك بە بینینی دڵی نەرم دەبێت. جۆرەکانی گریان زۆرن: گریانی چاو، گریانی رۆح، گریانی رووخسار، گریانی دەمامکدار، گریانی پێکەنین، گریانی گریان. هەریەك لەمانەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، هەریەکەیان سەرچاوەیەکی هەیە، بەڵام هەر هەموویان لەوەدا بەشدارن کە لە چاوەکانەوە فرمێسك دێتەخوارێ، خۆ رەنگە هەشە بڵێت، خۆ تیمساحیش فرمێسك بۆ ئەو نێچیرانە دەرژێنێت کە دەیانخوات، هەشن دەڵێن فرمێسکی ئافرەت سێ بەشی فرمێسکی درۆزنانەن و بۆ ئەوەن تا سەرنجێك بۆ لای خۆی کێش بکات، بۆ ئەوەن ببنە جێگای سەرنجدان. یان هەن دەڵێن رۆحی مرۆڤیش جارجار دەگری، بەڵام کەس لەچاودا نایبینێت، هەن دەڵێن بۆیە مرۆڤ دەگری، بۆ ئەوەی بڵێت من تەنیا بوونەوەرم ئەم ئاوە سیحراوییە لە چاومەوە دەرژێتە سەر زەوی، بۆ ئەوەبوو تا ئەو وردە لمانەی ئازاری پێ بشواتە.

کەواتە سیحری ئەو شتەی پێی دەگوترێت گریان، سیحرێکە هەوڵ دەدەم لەم کتێبەدا کون و کەلەبەرەکانی شی بکەمەوە، هەوڵ دەدەم ئەو لایەنانەی شیبکەمەوە کە زیاتر پێوەستن بە رۆحی مرۆڤەوە، نەك بە لایەنەکانی ترەوە، ئەگەر ئەو رۆحە لە پێوەندیی لەگەڵ هەندێك لە پێوەندییەکانی دیکەدا بێتە حاڵەتی گریان، رەنگە بۆخۆی پرسیاری گەورە



بخولقێنێت، بەڵام کەم تا زۆر مرۆڤ بۆ ئەوە سۆزەکانی دەردەبڕێت تا بە بەرامبەرەکەی بڵێت شتێك هەیە.

ئەگەر یەکەمین رەوشتی مرۆڤایەتی رەوشتی گریان بووبێت، سەیر نییە ئەگەر بڵێین مرۆڤ زیاتر لەگەڵ تراژیدیادا ژیاوە تا لەگەڵ کۆمیدیا، گەر بشگوترێت ژیان تراژیدیایەکی مەزنە، ئەو تراژیدیایەی لەسەر شانۆکەی هەموو کەسێ ئامادەیی هەیە، ئەگەر فەلسەفەی ژیان ململانێ بێت، ئەوا ئەو ململانێیە تەنیا لێوەکان نین کە پێدەکەنن، بگرە چاوەکانیشن بە فرمێسك پێشوازی قوربانیی و کۆستکەوتنەکانیان دەکەن، مێژووی ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە نێو رۆحەوە دەرژێنە سەر روومەت و لەوێشەوە دەرژێنە سەر زەوی و لە نێو دڵەوە هەڵدەقوڵێن بۆ نێو دڵ، لە گیانی ئازار چەشتووەوە بۆ گیانی ئازاردیدە دەچن، لە بازنەی داخراوەوە بۆ بازنەی کراوە، ئەو مێژووە مێژوویەکە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

بۆ ئەوەی بزانین چ سەرچاوەیەك هۆی پەیدابوونی فرمێسك و هۆی سەرهەڵدانی مەسەلەی خەم و پەژارەیی و سۆزداریی و هەستیارییە، وا باشە بە وردیی ئاورێك لە چۆنییەتی سەرهەڵدانی سۆزداریی، چۆنییەتی پەیدابوونی بەزەیی و رەحم و هاوخەمیی و دواجاریش چۆنییەتی پەیدابوونی دیاردەی فرمێسکهەڵرشتن بدەینەوە، فرمێسکهەڵرشتن وەك مانای پەیدابوونی پێوەندییە بازنەییەکەی نێوان خودی مرۆڤ و ناخی خۆیی و پێوەندییەکانی بەدەر لە خۆیەتی.

ئەوەی دەمانەوێت لەم نووسینەدا بیخەینە روو، لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژیی یاخود سۆسیۆلۆژیی و ئەنتۆلۆژیی پەتیی لەمەڕ ئەم دیاردە

فیزیکییەی مرۆڤ نییە، ڕەنگە هەندێك لە ڕووی فیزیکییەوە تەماشای بکەن، بەڵام هەندێك هەن ئەم دیاردەیە پێوەست دەکەن بە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و دەرەکییەکانی مرۆڤ و یان تەنیا پێوەستی دەکەن بە شێوەیەك لە سیفەتە سروشییەکەی مرۆڤ، واتە مرۆڤ چۆن ئارەزووی خواردن و خواردنەوە و بیرکردنەوە دەکات، هەرواش ئارەزووی گریان دەکات.

یان هەندێ لە سەرچاوەکان، ئەوانەی بیر لە پێوەندیی نێوان سروشتی مرۆڤ و بوونی پێوەندیی سۆزەکان دەکەنەوە، هۆکاری سەرهەڵدانی فرمێسك بە هۆکارێکی مێژوویی دەزانن و پێوەستی دەکەن بە مێژوویەکی دیاریکراو و شێوەکانی گەشەکردنی تەمەنی لێکدەدەنەوە، ئەوان وا تەماشای دیاردەی گریان دەکەن کە خاوەنی سەرەتایەکە بۆ پەیدابوون و پێوەستە بە سەردەمێکی تایبەتەوە.

بەهەرحاڵ زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەی باس لە مرۆڤ دەکەن، لە ڕووی لێکدانەوەوە، زۆر بە کەمی بە لایەنێکدا دەڕۆن، ڕەنگە بەلاداچوونەکەشیان شێوەیەك بێت لە چۆنییەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کرۆکی دیاردەکە، ئەو بەلادانەچوونەش بریتییە لە لێکنەدانەوەی خودی مرۆڤی گریاو، مرۆڤی فرمێسکڕژێنەر ئەوەی پێویستی بووە کە بگری، ئەگەر لەو نووسینانەی بەرچاو کەوتوون، باس لە خووی مرۆڤی کێویی و دڕندەو شارستانخوازو مۆدێرن و بەجیهانیبوو کرابێت، لە پاڵ ئەوەشدا باس لە بوونی مرۆڤ وەك کرۆکێکی نەپساوە لە خودی سۆزداریی کراوە، ئەوەشی کە زۆر بەکەمیی بەلایدا چوون هۆکارەکانی پەنابردنی مرۆڤ بووە بۆ هەڵڕشتنی فرمێسك.



زۆربەی زۆری فرمێسکەکان سروشتێك و زەمەنێکی تایبەتییان هەیە، هەن فرمێسکی سەردەمی تەنیایین، هەن فرمێسکی خەم و پەژارەن، یان هی سۆزداریی، یان جەرگسووتانن.

پلەو پایەکانی گریان بە پێی پلەو پایەکانی پێوەندبوونی ناخە بە ڕووداوەکانەوە، هەروەها گەشەکردنی ناخ و وورووژانی ناخ بە هەمان شێوە، بەشداریی لە هەڵڕشتنی جۆرەکانی فرمێسکدا دەکەن، مرۆڤ بەو هەموو پێکهاتە فیسیۆلۆژییەی کە هەیەتی - نازانێت بە چ ئاستێکدا سۆزو هەستەکانی دەوروووژێنێت و گەشە دەکات و دەبن بەو شتەی کە خۆشی نازانێت چۆن پێی گەیشتووە. لە ڕووی دەروونناسیی و پێکهاتەیی فیسیۆلۆژییەوە مرۆڤ یەکەمین بوونەوەرە کە دەتوانێت هەستەکانی خۆی پراکتیزە بکات لە شێوەی گوتن و ئاخافتن و هەروەها لە شێوەی گریان، گریان دیاردەیەکە تایبەتە بە مرۆڤ، مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لەسەر ئەم زەمینە دەتوانێت بگری. هەر ئەوە دەتوانێت وەك شێوەیەك لە شێوەکانی هەڵڕشتنی فرمێسك پەیامی خۆی بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، هەروەها ئەویشە کە دەتوانێت ئەو وورووژانەی لە ناخیدایە، بۆ شێوەکانی دیکەی بگۆڕێت، واتە وەرگێڕانی خەم بۆ گریان و هەنسك و شیوەن، وەرگێڕانی ساتەکانی ناسۆری بۆ چالاکییە ئەدەبیی و هونەرییەکان، وەرگێڕانی پێوەندییە بەستەڵەکەکان بۆ پێوەندیی ژیان و بەردەوامیی. کەواتە توانای مرۆڤ لە پاڵ ئەوەدا توانایەکی ماسولکەییە لە شێوەکانی گرتن و هەڵگرتن و دانان، هەروەها شێوەی دیکەیە لە دەربڕینی هەستەکان.

فرمێسکڕشتن، واتە هۆکار، واتە کاریگەریی، واتە بوونی شتێکی نامۆ لە لەشی مرۆڤ کە پێویستی بە دەرپەڕاندن و دەرکردن و راونان هەیە، ئەوەی لە رێی فرمێسکەوە لە لەشی مرۆڤ دێتەدەرێ، فرمێسکێکی رووت و قووت نییە، تەنیا ئەو ماتەریالە نییە کە لە شێوەیەی شلەمەنییەکەوە لەشی مرۆڤ بەجێدێڵێت، هەروەها تەنیا ئەو دیاردەیە نییە کە ئێمە دەیبینین، بگرە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی گەلەك دوورودرێژە، کە من لێرەدا زیاتر ناچمە ناواخنییەوە، وەلێ لە دواییدا لە بەشەکانی ئەم کتێبە بە دوورودرێژیی باسیان لێوە دەکەم.

ئەوەی دەمەوێت لەم کتێبەدا بیخەمە روو، بریتییە لە لێکدانەوەی مەسەلەی گریان لە بوونی مرۆڤدا، واتە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و فرمێسك، پاشان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فرمێسك و مێژوو و دیاردەکانی، هەروەها دەمەوێت ئاماژەش بەوە بکەم کە زۆربەی زۆری سەرچاوەکانی مێژوو، بێبەریی نین لە دیاردەکانی گریان و شیوەن، هەر لە سەردەمی گریگەکان و پێش ئەوانیش و پاشان لە سەردەمە هەرە نزیکەکان کە من بەم سەردەمەی خۆشمانەوە ناوی **سەردەمی فرمێسکی لێ دەنێم**، ئەو سەردەمانەی کە هەریەکەیان بۆ خۆی هۆیەکی بۆ گریان هەبووە، ئەو سەردەمانەی کە هەر ساتێکیان وێنەیەکمان بەدەستەوە دەدەن لە بارەی تراژیدیایی مرۆڤ و خەم و پەژارەکانی مرۆڤ و چۆنییەتی دەربڕینی مرۆڤ بۆ سۆزەکانی.

بەم سەردەمەی ئێمەش کە لە نێو شەپۆلانی فرمێسکدا دەخولێتەوە، ئەم سەردەمەی ئێمە سەرەڕای گەشەکردنەکانی تەکنەلۆژیا



وگۆڕانکارییەکانی عەقڵ و بە بنبەستگەیشتنی عەقڵ بەرامبەر بە زەبەلاحیی ئامێرو دەزگاکانی مەرگی خێراو مەرگی ئەسپایی، سەردەمێکی سامئامێزە، مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ فرمێسکی گەورە، رووبارەکانی مێژووی فرمێسکاویی نەك وشك ناکەن، بگرە بە بارانی خەمە بەدوایەکداهاتووەکانی داهاتوودا درێژترو قووڵتر دەبن، کەواتە ئەو کاروانەی پێی دەوترا کاروانی فرمێسك، بەردەوام لەگەڵ خۆشیدا ئەو چیرۆکانە هەڵدەگرێت هەر زەمەنەو ئیزافەی نوێی بۆ دەکرێت.

بۆیە باسکردنی هەموو ئەو مێژووەی کە پڕە لە فرمێسك و هەنسك و گریان، نە بە کتێبێك کۆتایی دێت و نە ئەوەشە بکرێت لە نێوان بۆشایی لاپەڕەیەکدا جێگای بکرێتەوە، ئەمە تەنیا کارێك نییە من هەروا بە ئەسپایی بتوانم تیایدا قووڵ ببمەوە، بگرە ئەمە هەوڵێکە بۆ وردبوونەوە لەو شتەی لە ناخی هەمووماندایە و هەر هەموومان کەم تا زۆر لە مێژووی بوونماندا ئەو فرمێسکانەمان رشتووە و بەردەوام دەیڕێژین، ئەو هەنسکانە نەك تەنیا لای ژنان و منداڵان هەن، بگرە لای پیاوانی گەورە و سەرکردەکانیش دەبینرێت، ئەم خووە مرۆییە کەس نییە ئینکاریی ئەوە بکات کە پەنای بۆ نابات و نەیکردووە و نەیڕشتووە، ئەو خووەی ئەگەر پێویستیش نەبێت ئەوە ناچارییەك بووە.

بمانەوێت و نەمانەوێت لە هەموو سات و ئانێکدا و لە هەموو چرکە و خولەکێکدا لەگەڵمانە، بوونی دڵشادیی و شادمانی لەگەڵ ئەو خەمەدا مانای دەبێت کە فرمێسکی بۆ دەڕێژین، بوونی پێکەنین لەگەڵ ئەو گریانەدا مانای دەبێت کە بە یەك شێوە شانبەشانی یەکتری دەڕۆن و ئەوەی

لە یەکتریان جیادەکاتەوە، ساتەکانی چێژە، ئەوەی لە یەکیان جیا دەکاتەوە گۆڕانکارییەکانی رووخسارە، کەواتە ناتوانین بە بێ ئەو شتە هەبین کە پێی دەگوترێت فرمێسک، ئەوەی پێی دەگوترێت سۆز و پەژارە و فرمێسکهەڵڕشتن.

کەواتە با لێرەوە ئاماژە بەوە بکەین کە باسکردنی بابەتێکی لەم شێوەیە پێوەندییەکی پتەوی بە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە، پێوەندییەکی قووڵی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، نەك ئەمەش، ئەو سۆزانەی مرۆڤ دەریان دەبڕێت ناکرێت بە پچڕاویی لەم باسەدا بهێنێتەوە.



## بۆچی دەگرین؟

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، مێژوویەکی جێگیر بۆ بوونی گریان نییە، مێژوویەك نییە کە بە تەواویی دەستنیشانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بکات، هەمیشەش لێکۆڵەرەوانی مێژوو خوێندنەوەیان بۆ ئەم دیاردەیە لەگەڵ دیاردەکانی تری سۆزدا کردووە، واتە لەگەڵ: پێکەنین، تووڕەبوون، هاوارکردن، دڵشادیی، خەمباریی، دوژمنایەتی، دۆستایەتی، بەزەیی... هتد، ئەو حاڵەتانەی پێوەندییان بە مەسەلەی سۆزو سۆزدارییەوە هەیە. سەرەڕای ئەمەش مرۆڤ تا ئەم ساتەش نەیزانیوە چ جیاوازییەك لە نێوان خەم و پەژارەو خۆشییەکاندا هەیە، تەنیا ئەوە نەبێت هەستێکی لا دروست دەبێت ئەو هەستەش بریتییە لە بەخشینی شێوەکانی چێژ، گەورەترین هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لە هەستی مرۆڤدا وا دەکەن، کە تێکەڵبوونێك دروست بێت و مرۆڤ نەزانێت چۆن لێکیان جیابکاتەوە.

کەواتە هەست و سۆزەکانی مرۆڤ دەستنیشانی ئەو گۆڕانکارییانە دەکەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی گریان، تیۆرییەکانی بواری گریان، وابەستەن بە روانین بۆ ئەم حاڵەتە لە دوو سەرچاوەوە، یەکەمیان: سەرچاوەی فیسیۆلۆژیی. دووەم: سەرچاوەی سایکۆلۆژیی، واتە هەندێك لێکدانەوە بۆ ئەم مەسەلەیە لە رووی میکانیزمە ئاساییەکانی لەشەوەیە، وەك: برسێتی، تینوێتی، حەزو دەرپەڕاندن، فرمێسکیش شێوەیەکە لە دەرپەڕاندنی ئەو مادانەی مانەوەیان لە لەش دەبێتە هۆی دروستبوونی

کەموکوڕیی ئەندامیی، یان ئەو لێکدانەوەیە هەیە، کە چاو بۆ ئەوەی خۆی لەو ژەهرانە رزگار بکات کە لە ئەنجامی خەم و گۆڕانکارییە دەروونییەکان لە لەشدا دروست دەبن، پەنا دەباتە بەر فرمێسکڕشتن. کەواتە تیۆری فیسیۆلۆژیی بە چاك و خراپ کرداری رژاندنی فرمێسك بە شێوەیەك لە گۆڕانکاریی لەش دەزانێت.

گەڕانەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی گریان دەمانباتەوە بۆ سەرهەڵدانی سەرەتای پەیدابوونی هەستەکان، بۆ سەرەتای پەیدابوونی شێوەی لێکدانەوەی دەروونیی بەرامبەر رووداوەکان، رەنگە پەیدابوونی گریان لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ بووبێت، بەڵام پەیدابوونی گریانی سۆزداریی و پەیدابوونی خەم و پەژارەو ناسۆری زیاتر پێوەستە بە گەشەکردنی سروشتی مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ، هەتا مرۆڤ لە رووی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشەی نەکرد، گریان نەیتوانی لە مێژووی سۆزو سۆزدارییدا ئەو بۆشاییە مەزنە بۆخۆی داگیر بکات.

بەڵام بۆچی دەگرین، ئەمە پرسیارێکە، زۆرجار مرۆڤ لە دووڕیانی دوودڵیدا رادەگرێت، نازانێت چ ڕێچکەیەك بگرێتە بەرو بەرەو چ سەرچاوەیەك هەنگاو هەڵبێنێت، رەنگە گریان بۆ لە دەستدانی شتێك بێت، رەنگە گریان بۆ بیرکردن و گەڕانەوە بێت بۆ لای کەسێك، یا بۆ گەڕانەوە بێت بۆ بیرەوەرییە خۆشەکان، رەنگە گریان بۆ پاککردنەوەی ویژدان بێت، دەشێت گریان تەنیا هەوڵێك بێت بۆ راکێشانی سەرنجی بەرامبەر، یان پاککردنەوەی رۆح بێت لە تاوانەکان، یان بیرکردن بێت، توانەوە بێت لەو بیرەوەرییانەی خۆیان بۆ ناخ پەلکێش کردووە، بەڵام لە



هەموو ئەمانەش گرنگتر رەنگە گریان بۆ ئەوە بێت کە گیان لە مادەیەکی کووشندە رزگار بکات.

بۆچی دەگرین؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە زۆربەی لێکۆڵەرەوان تێیدا سەرسوڕماون و نازانن هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی گریانی مرۆڤ لە چییەوە بووە، بەڵام زۆربەی زۆری سەرچاوەکان باس لە پێویستیی دەکەن، مرۆڤ بۆیە گریاوە لەبەرئەوەی پێویستی بە گریان بووە، کەواتە لەگەڵ پەیدابوونی پێویستیدا ئەم خووە لای مرۆڤ دروست بووە.

کە دەشڵێین پێویستی پێ بووە دەبێت ئەوە بزانین هەموو پێویستییەك لای مرۆڤ نابێتە هۆی سەرهەڵدانی گریان، پێویستیی برسێتی یا تینوێتی یا خەوتن، یا حەسرەت و ناسۆریی و تاڵیی، کەمبوودی... هتد، وا لە مرۆڤ ناکەن بگری، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی گریان لە سنوورێکی باڵاترە، رەنگە ئەمانەش لە ئاستێکدا بگەنە سنوورێکی باڵاتر ببنە هۆی دروستکردنی گریان، هەروەك لای منداڵ روو دەدات، بەڵام گریانی مرۆڤ لە منداڵیدا گریانێکی سروشتییە و ئەو منداڵانەشی ناگرین لە ریتمێکی ناجۆرو ناوازەدا گەورە دەبن و نەشونما دەکەن، هەر کە منداڵ دەکەوێتە کۆشی دایکی و لەگەڵ هاتنە دەرەوەی بۆ دنیا ئەو شتەی لە ناخیدایە وەکو پێویستی بە گریان، دەری دەبڕێت، هەرچەندە هێشتا راڤەیەکی راست و دروست بۆ ئەو جۆرە گریانە نییە، بەڵام فرمێسك پێویستییەکە بۆ دەربڕینی ناخ، بەڵام دەشکرێت شێوەیەك بێت بۆ دەربڕینی نارەزاییەك.

مەبەستی سەرەکی فرمێسك بە پلەی یەکەم، وورووژاندنی ناخە و بە پلەی دووەم وورووژاندنی بەرامبەرە، لە بەرامبەر ئەوەشدا بە وورووژاندنبوونی ناخ خۆیەتی، کەسی بەرامبەرو ئەو کەسەی پێویستە بورووژێت هەر لە خۆیەوە ناورووژێت ئەگەر سۆزێك کاریگەریی خۆی لا بەجێ نەهێڵێت، ڕەنگە لای هەندێك گریان بۆ ئەوە بێت ئامانجێکی باش پێکبێنێت، یان لای کۆمەڵێکی تر ڕژاندنی فرمێسك بۆ نانەوەی ئاژاوە و پشێویی بێت، کەواتە لە پشت ڕژاندنی ئەو فرمێسکەوە ئامانجێك هەیە، جا چ ئامانجی کۆمەڵایەتی بێت یاخود ئامانجی دەروونیی، سیاسیی بێت یان فیسیۆلۆژیی.

فرۆید، پێوەندییەکی پتەو لە نێوان شین و خەم و ماسۆشیزمی میلانخۆلی دادەنێت، (فرۆید ساڵی ١٩١٧ تیۆرێك لە بارەی پێوەندیی نێوان شین و ڕق لەخۆبوون دەخاتەڕوو، بە پێی بۆچوونی فرۆید شین پەرچدانەوەیەکی نائاساییە بەرامبەر بە خەم، بەرامبەر بە ونکردنی شتێکی خۆشەویست، جا ئیتر ئەو شتە مرۆڤیێ بێت یاخود شتێك بێت)[٢].

کەواتە هەڵڕشتنی فرمێسك وەك دەربڕینێکی ناخ وا لە مرۆڤ دەکات جار ناجارێ بەخۆیدا بچێتەوەو بڕوانێتە ئەو دەرگایانەی کە لە هۆکارەکانییەوە ئەم ڕژاندنە ڕوو دەدەن.

ئەوانەشی دەگرین، بەگشتیی مرۆڤن، هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەستدا نییە لەبارەی گریانی زیندەوەرەکانی ترەوە شتێك بڵێت، هەرچەندە زۆر تیۆرە هەن باس لە گریانی زیندەوەرەکانی دیکەی وەکو فیل و تیمساح و... هتد دەکەن، بەڵام هیچیان ئەو ڕاستییەمان پێ ناڵێن ئایا ئەو



زیندەوەرانەی کە جار جار فرمێسك لە چاوەکانیان دێتە خوارێ، بەڕاستی دەگرین یان تەنیا شێوەیەکە لە پەرچدانەوەی سروشتیی بۆ پاککردنەوەی لەش لە پاشماوە زێدەکانی وەك ئارەق و پاشەڕۆك و فرمێسك، یان کارێکی ناهۆشمەندانەی گیانلەبەرانە. هەرچەند زۆر لە لێکۆڵەرەوان هەوڵیانداوە بیسەلمێنن کە زیندەوەرانی دیکەش دەگرین، هەروەك تیۆرەکەی شارلز داروین لەمەڕ گریانی فیل، هەروەها (جۆرج لویس) مەشقپێکەری فیلان، دەڵێت: کاتێك کە فیلەکەی کوتەکی دەخوارد، دەستی بە گریان دەکرد.

هەموو ئەو سەرچاوانەی لەبارەی گریانی نامرۆیی لەبەردەستدان، تەنیا بریتین لە بۆچوونی تیۆریی و لەسەر زەمینەی واقیعدا سەلماندنێکی وەها لەبەردەستدا نییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تەنیا مرۆڤ هەست و سۆزی هەیەو گیانلەبەرانی دیکە بێبەرین لەم شتانە، بە پێچەوانەوە هەموو زیندەوەرێك هەست بە دابڕان و تەنیایی و ناسۆریی و ئازاریش دەکات، هیچ یەکێك لە سەرچاوە زیندووەکان ئەوەیان نەسەلماندووە کە سۆزی ڕاستەقینەی زیندەوەرانی دیکە لە چ پۆینتێکدان، بەڵام ئەوە هەیە ئەو بوونەوەرانەی کە ئاستی گەشەکردنی سۆزەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە و زۆربەی ئەو سۆزانە لایان ون دەبێت، بەڵام بۆ ئەو بوونەوەرانەی کە گەشەکردوون و لە ئاستەکانی گەشەکردنی مرۆڤەوە نزیکن، گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە بتوانن سۆزەکانیان دەربڕن، نەك بەو ئاستە گەشەکردووەی مرۆڤ، بەڵام بە ئاستێکی دیکەی تر، ئاستێکە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین لە زۆربەی چالاکییەکانی ئەو گیانلەبەرانەدا بیانبینین.

لێرەوە دەتوانین بڵێین چۆن سۆزو فرمێسك بۆ مرۆڤ گرنگە، ئەوەندەش بۆ گیانلەبەران گرنگە، هەر بۆ نموونە دەتوانین لە پەرچدانەوەکانی گیانلەبەران ئەو حاڵەتانە ببینین کە دەربڕینی هەستن، وەکو پەرچدانەوە بەرامبەر بە دوژمنەکان کاتێك هێرش دەکەنە سەر خۆی و بێچووەکانی، یا پەرچدانەوەکان لە کاتی ونکردنی یەکێك لە بێچوو یان مێ یا نێرەکەی کە بە شێوەی دەربڕینی تایبەت دەتوانین ئەو سۆزانە بخوێنینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئەوەی لای مرۆڤ پێی بگوترێت گریان و فرمێسك، لای گیانلەبەرانی دیکە شێوەیەکی تر بێت، کە جێگای فرمێسك بگرێتەوە، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە گەر گیانلەبەرانی دیکە لە شێواز و شێوەی تایبەت بە خۆیان و شێوەی فرمێسکی تایبەت بە خۆیان ئازارو خەمەکانی ناخیان دەربڕن.

دیارە گرنگیی فرمێسك ئەوەندە کەم نەبووە کە وای لە شاعیرێکی گەورەی وەك **ئیدگار یۆنگ** کردبێت داوا لە خوێنەرەکانی بکات سەرقاڵی خوێندنەوەی فەلسەفەی گریان بن، یان چیرۆکنووسێکی مەزنی وەکو گۆنتەرگراسی ئەڵمانی کاریگەرییەکانی فرمێسك بکاتە کاریگەرییەکی بەکۆمەڵ و داوا لە هەمووان بکات کە پێکەوە بگرین، وەکو لە چیرۆکی ((کافتریای پیاز))دا دەیبینین.

دیسانەوە جارێکی تر بۆ لای ئەو پرسیارە دەگەڕێینەوە ئایا بۆچی دەگرین؟ پرسیارێکی کورت، بەڵام وەڵامێکی تا بڵێی درێژ هەڵدەگرێت، مەسەلەیەکی سادەیە، بەڵام تا بڵێی قووڵاییەکی فەلسەفی و سایکۆلۆژیی هەیە، تا بڵێی مەسەلەیەکە زۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێت، ئێمە



فرمێسکڕشتنمان هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ساتانەی کە تیایدا ئازارەکانمان گەورە دەبن و ئەو ساتانەی هەموو دەرگاکانی خۆشیمان لێ دادەخرێت و هەرچی ترووسکایی هەیە بە چاو و بە رۆح نایبینین و هەرچی دەزووەکانی هەستن دەکەونە نسرمی هەوای خەمەکان وردە وردە بەدووی سەمادا دەگەڕێن، سەمای شیوەن و فرمێسکهەڵڕشتن.

لە تازەترین لێکۆڵینەوە لە بارەی دیاردەی گریان، ئەو بۆچوونە هەیە، کە پێوەندیی گریان سەرەڕای ئەوەی پێوەندییەکی ناوکۆیی خودی مرۆڤە، بەڵام پێوەندییەکی پتەویشی بە کلتوورەوە هەیە، هەندێك کلتوور بۆچوونیان بەرامبەر بە گریان بۆچوونێکی توندڕەوانەیە، هەندێکی دیکەش زۆر بە ئاسایی تەماشای دەکەن، لە دواییدا بە وردیی لەو بۆچوونانە دەکۆڵینەوە، بەڵام گرنگییەکی بێوچان بە زۆربەی ئەو رایانە هەیە کە باس لە گریان دەکەن. هەموو مەبەستەکەش بۆ ئەوەیە بیسەلمێنن مرۆڤ بۆچی دەگری، مرۆڤ بۆچی بە دووی ئەو شتەیە کە سات لە دووی سات باری کۆڵی گران دەکات و لێی نابێتەوە، وای لێ دەکات لەبەردەم هەموو پەژارەیەکدا وەکو مۆم بسووتێت و هێدی هێدی ساتەکانی تاریك بن و بست بە بست بە نێو زەمینی پەژارەییدا بڕواتە خوارێ.

گریانی مرۆڤ حاڵەتێکە لە یاخیبوون لە ناخ، هەوڵێکە بۆ دەربڕین، هەوڵێکە بۆ پێکەوەگرێدانی هەستەکان لە یەك حاڵەتی باڵادا، کە تیایدا هەست دەگاتە ئەوپەڕی دەربڕین، هەروەها گریان ورووژاندنی ئەو مولولانەیە، کە ماسوولکەکانی لەش گرژ دەکەنەوە، بە تایبەت

گرژکردنەوەی ماسولکەکانی دەورووبەری چاو و رووخسارو گۆناکان، بە مەبەستی دەرپەڕاندنی ئەو فرمێسکانەی کە لەو سنوورەدا خۆ ئامادە دەکەن بۆ رژان، کەواتە سروشتی گیان، بە شێوەیەکە کە رێگا بۆ مرۆڤ خۆش دەکات تا ببێتە ئامێرێکی هەستیارو خاوەن سۆز، وای لێ دەکات پێ بکەنێت و بگری، وای لێ دەکات ببێتە جێگای گاڵتەپێکردن و بەزەیی پێهاتنەوە، هەر ئەو گریانەشە لە هەندێك جاردا مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات، ئایا ئەو گریانە گریانی راستەقینەیە یاخود گریانی لاساییکردنەوەو دەستکردە، خۆ ئەوەتا لە هەندێك لە دەزگا ئەکادیمییەکانی شانۆو سینەمادا مرۆڤ وا رادێنن تا بتوانێت بگری، گریانی بەکوڵ و بەرامبەرەکەشی بێنێتە گریان، هەروەها بگاتە ئەو ئاستەی کەس گومان لە راستیی ئەو رەوشتە نەکات و بگرە واشی لێ دێت ئەو خووە سەر لە هەستەکانی مرۆڤی گوێگرو تەماشاکەر بشێوێنێت و تووشی شێوەیەك لە سەرسوڕمانی بکات و لە بەرامبەر راستیی هەستەکانی خۆشیدا دۆشدامێنێت و نەزانێت لە نێوان چ پێوەندییەکدا جێگایەك بۆ خۆی داگیر بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی برێکی زۆر لە پێوەندییە راستەقینەکان ون دەبن.

کەواتە گریانیش لەگەڵ راستیی و درۆکانی، لەگەڵ چەوتیی و دروستییەکانی کردارێکی مرۆییە و باس لە دەربڕینی ناخ دەکات، بەڵام چۆن ناخێك، چ ناخی سەر شانۆ بێت یان ناخی نێو سینەما و تەلەفزیۆن. زۆربەی زۆری ئەو پرسیارانەی لە مرۆڤ دەکرێن، دەربارەی ئەوەیە ئایا بۆچی دەگرین، هەندێك جار وەڵامی حازر بەدەست هەن، هەندێك جاریش مرۆڤ



خۆشی نازانێت بۆچی دەگری، رەنگە بڵێت بۆ مەرگی کەسێکی خۆشەویست یان بۆ ساتێکی تایبەت لە ژیانم، یا بۆ وردبوونەوە لەو ساتانەی کە لە ژیانیا رەش و تاریکن، سۆزداریی بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لێی ونن و نایاندۆزێتەوە، بەهەر حاڵێك بێت، گریانی مرۆڤ بۆ شتێکە و مەبەستێك لە پشتەوەیە هەیە.

هەموومان ئەو راستییە دەزانین کە ساتەکانی دەستنیشانکردنی وەڵامی پرسیاری بۆچی دەگرین؟ گەلێ گرانە و مرۆڤ لە دەستنیشانکردنی بنبڕ و وەڵامێکی بنبڕ تووشی سەرسوڕمان دەبێت، رەنگە مرۆڤ بە دیتنی دیمەنێکی زۆر ئاسایی خرۆشی رۆحی بیهێنێتە سەر هەنسك و گریان و بەخوڕ بگری، بەڵام رەنگە ئەو دیمەن و رووداوەش ئەوە نەهێنێت مرۆڤ بەو شێوەیە خۆی بسووتێنێت، بۆیە دەشێت ئەو ساتە بۆ ئەو کەسە هەوڵێك بێت بۆ پرسیارکردن لەخۆ، هەوڵێك بێت بۆ وردکردنەوەی ئەو رووداوە لەگەڵ ناخی خۆی و هەوڵێك بێت بۆ دووبارەکردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ناخی خۆی، هەروەها ئەو ساتەش کە تێیدا دەگری خۆشی ئەو ساتەی دیتبێت کە تیایدا ژیاوە، تراژیدیایەك لە ناخیدا هاوکاتە لەگەڵ تراژیدیای ئەو رووداوەی بە بەردەمیدا تێدەپەڕێت بەو ئاستەی دەگەیەنێت کە بگری، کەواتە گریانی مرۆڤ بەمەبەستی دووبارە کولاندنەوەی ئەو برینانەیە کە خۆشی نازانێت بۆ هەڵێدەداتەوە.

بۆچی دەگرین؟ دیسان ئەو پرسیارە دەورووژێنین ئایا فرمێسك لەبەر ئەوە دەڕژێنین، چونکە پێویستمان بەو گریانە هەیە یا ئەو گریانە پێویستی بە ئێمەیە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو راستییە هەیە کە

گریانی ئێمە بە مەبەستی دووبارە ژیانە لەگەڵ حاڵەتێکدا کە دووبارە زیندووکردنەوەی ئەو ساتانەیە کە تێیدا ئامادە بووین وەك بوون. بۆیە دەگرین تا وەڵامی ئەو ساتانە بدەینەوە کە پرسیارەکانمان لا زیندوو دەکاتەوە، وەڵامی ئەو هێوربییە بدەینەوە کە پەلی دەستمان دەگرێت و لە دووڕیانی تەسکینیدا هەڵماندەخات، لەو کەنارانەدا دەمانگیرسێنێتەوە کە خۆشمان نازانین بۆچی وەها بە ئەسپایی بووین بە ساتەکانی.

بۆچی دەگرین، خۆی لەخۆیدا وەك هەموو بۆچییەکانی تر، جێگای خۆیەتی بگەڕێین تا وەڵام دەدۆزینەوە، دەگرین لەبەر ئەوەی خەمبارین، دەگرین لەبەرئەوەی ڤینمان لە ساتەکانی رابردووی رەش دەبێتەوە، دەگرین بۆ ئەوەی خۆمان پاك بکەینەوە، دەگرین بۆ ئەوەی ئەوساتانە دەربڕین کە ژانەکانمان سەر دەکات!

هەموو گریانەکانمان هۆیەکی هەیە، رەنگە بۆ تەسکینیی بێت یان بۆ پاکبوونەوە، ئایا ئەو گریانەی کەسێکی تازیەبار ئەنجامی دەدات، وەك ئەو گریانەیە خائینێك بۆ پەشیمانیی خۆی لە ناخییەوە دێتەدەرێ؟ یا ئەو گریانەی منداڵێکی ساوا بۆ باوەشی دایك دەریدەبڕێت، لەو گریانە دەچێت کە پیرەمێردێ بۆ بیرەوەریی تواناو هێزی سەردەمی لاوێتیی خۆی فرمێسکی بۆ هەڵدەڕێژێت؟ بێگومان هەرهەمووی پرۆسەیەکە لە دەربڕین، هەر هەمووشی گریان و فرمێسکهەڵڕشتنە، بەڵام هەریەکەو مەبەستێکی ناوکۆیی و مەبەستێکی تایبەتی هەیە و هەریەکەشی لە نێوان راستەوخۆو ناڕاستەوخۆدا ئەمبەرو ئەوبەر دەکات، مەرج نییە هەر هەموویان یەك سەرچاوەیان هەبێت، ئەو سەرچاوەیەش وەکو باسمان کرد



گەر ناخ بێت، دەکرێت سەرچاوەیەکی تریش هەبێت کە لە ناخ دوورە، بەڵام ناخیش بەشێکە لەو بازنە داخراوەی بە بێ دەرەوەش ناتوانێت بازنەیەکی تەواوی هەبێت.

بۆ ئەوە دەگرین تا بزانین چ جۆرە پێوەستییەك لە نێوان ئێمەو ئەودا هەیە، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چین و ئەوان چین و لە کەی و چ ساتێکدا بەیەك دەگەین، لە گریاندا تەنیا من ئامادە نیم بگرە ئەویش هەیە، کە دەڵێم ئێمەو ئەو، واتە ناخ و دەرەوەی ناخ، ئەوەی لە هەنسکدا قەتیس دەبێت، دەیەوێت لە نێو رۆحدا بێتەدەرێت و ئازادییەکی هەبێت، ئازادیی وەك دەرچوونی ئەو رۆحانەی چەندین ساڵە بەدەست دەردی کوشندەوە دەناڵێنن. کەواتە کەسی گریاو دەگری بۆ رزگاربوون لەوی تر، کە دەڵێم ئەوی تر مەرج نییە ئەوەی دیکە دێوێك یاخود تارمیاییەك یان درنجێ بێت، رەنگە بارێك بێت کەسێکی قورس بێت.

هەموومان هەست دەکەین لە ناخماندا شتێك هەیە خۆی ئامادەکردووە بۆ دەرچوون، کەس لە ئێمە نییە هەست بەوە نەکات لە ناخیدا ئازارێکی گەورە خۆی مەڵاسداوەو دەیەوێت بێتەدەرێ. کەواتە هەموو ئەو کەسانەی دەگرین شتێك لە ناخیاندا ئامادەیە دڵ و دەروونی سەنگین کردوون، دەیانەوێت لێی رزگار بن، هەروەها ئەو رۆحەش، کەم تا زۆر پێویستی بەوە هەیە خۆی لە مەرگی ئەو فرمێسکانە رزگار بکات کە دەروونی دەخۆنەوە.

لەم پرۆسەیەدا خۆئامادەکردن بۆ گریان رێگا بۆ زیاتر خزان بەرەو نێو بیرەوەریی و یادکردنەوەی رابردوو یان داهاتوو و لە هەندێك حاڵەتیشدا یادکردنەوەی حاڵی حازر خۆش دەکات، کەواتە خۆئامادەکردن بۆ گریان

پرۆسەیەکە لە بیرکردنەوە، بیرکردنەوە لە بیرەوەرییەک، کەسێک، شتێک، دیاردەیەک... هتد، پاشان وورووژاندنی خاڵە هەستیارەکانی ئەو بیرکردنەوەیە و گونجاندنی لەگەڵ حاڵەتی لەدەستدان، یا تامەزرۆیی بۆ ئەو شتە یان ئەو بیرەوەرییە یاخود ئەو کەسە، جا ئیتر هەرچییەک بێت ئیتر وردە وردە ناخ دەگاتە ئاستی تەوژم و کەفوکوڵ و حاڵەتی گریان، بێگومان ئەمەش بەیەک قۆناغدا تێناپەڕێت، قۆناغی گریان لە پەنگخواردن و هەنسک و فرمێسکڕشتنەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە قوولپە و هەندێک جاریش شیوەن.

کەواتە پرۆسەکە حاڵەتێکی میکانیزمی هەیە، خۆی لە چەند قۆناغێکدا دەبینێتەوە. یەکەمین قۆناغ پێکهاتنی حاڵەتەکە لە ئەنجامی کارلێکردن لەگەڵ شتێک (هەرچییەک بێت دەرەکیی یا ناوەکیی)، پاشان ئەو کارلێکردنە یەکسەر لە پێوەندییەکەیدا دەگۆڕێت بۆ پێوەندییەکی ناوەکیی پەتیی، واتە تەنیا پێوەست دەبێت بە ناخی کەسی گریاو یاخود خۆئامادەکار بۆ گریان. بەجۆرە پێوەندییەکە لە شێوەیەکی دەرەکییەوە دەگۆڕێت بۆ پێوەندییەکی ناوەکیی، پرۆسەی گریان بە هەموو قۆناغەکانی بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ گوزارشت لە حاڵەتێک بکات پێوەستداربێت بە ناخی خۆی ئەو ساتانەی گریانەکەی تێدا روو دەدات.



## کەی دەگرین؟

هیچ کەسێک و هیچ سەرچاوەیەک نییە بتوانێت بە تەواویی دەستنیشانی ساتەکانی گریان بکات لای مرۆڤ، کەس ناتوانێت بە جێگیری ساتێک بۆ وورووژاندنی هەستەکانی دابنێت، بەڵام هەندێک ساتیش هەن، هەمەلایەنەو بەربڵاوە سەر بە هەموو سەردەم و هەموو ساتێکە، واتە لە هەموو کۆمەڵگایەک و لەلای هەموو مرۆڤێ ساتێک بۆ گریان هەیە، ساتێکە دەتوانرێت بگوترێت گشتگیرو هەمووان دەگرێتەوە، بۆ نموونە گریانی مرۆڤێ بەرامبەر بە مەرگی جگەرگۆشەکەی، جا چ گریانی ناوەکیی بێت یاخود دەرەکیی، واتە مرۆڤ لەو شێوە پێوەندییەدا دەتوانێت دڵنیا بێت کە گریان بە هەموو شێوەکانی شێوەیەکە لە دەربڕینی ئەو سووتانەی لە ناخەوە سەرهەڵدەدات. بۆیە گریان و ساتەکانی پابەندن بە شێوەی رووداوەکە و پابەندن بە کلتووری کۆمەڵگاو تاکە کەسەوە، لە کۆمەڵگا رۆحانییەکاندا مرۆڤ لە زیکری هەر ترسێکدا فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارێ، لە کلتووری تەواو نزیک بە یەکتری حاڵەتی گریان جیاوازی هەیە، رەنگە لە هەندێک حاڵەتی زۆر خەفەتبارو تەواو تراژیدیی گریان شێوەیەک بێت لە بێدەسەڵاتیی، یاخود لە کۆمەڵگای پاتریارکی گریانی پیاو شوورەیی بێت، نەک ئەمەش گریان تایبەت کراوە بۆ بێدەسەڵاتان، کەواتە وورووژاندنی ساتێک بۆ گریان لە کۆمەڵگایەک کە

زیاتر سەرقاڵی شتە رۆحییەکانە، جیاوازە لە وروژاندنی گریان لە کۆمەڵگایەکی عەقڵانیی و مۆدێرندا.

سات و کاتی گریان بە پێی ئەو ریتوێڵەی کە دەستنیشان دەکرێت، دەگۆڕێت، لە ریتوێڵێکی شیوەنئامێزدا مرۆڤ ناچار دەبێت، درێژە بەو گریانە بدات، کە بارودۆخەکە بەسەریدا سەپاندوویەتی. پرسیاری کەی دەگری؟؟ ئەو پرسیارەیە هەموو کاتێك لە ناخی خۆماندا دووبارەی دەکەینەوە، کەی دەگرین، کەی بارانەکانی خەمان بەسەر کێڵگەی تەسکینیدا دادەکات، ئەمەش ئەو پرسیارە دەورووژێنێت. (گریان شتێکی بە گشتیی مرۆڤانەیە. لە هەموو کات و لە هەموو کلتوورەکاندا لە ئەنجامی سۆزداریدا فرمێسك رژێنراوە- هەموو کەسێك و لە هەموو شوێنێك جار جار گریاوە، بۆ نموونە لە هەموو کلتوورێکدا مرۆڤ لە ریتوێڵی ناشتندا گریاوە؟؟؟؟...)[٣]. لەو جێگایانەی کە فرمێسکی تێدا دەڕژێت، چاوەڕوانین بزانین چ ریتوێڵێ لەو کەرنەڤاڵی خەمەدا بەشدارە. گریان بە هەموو بەشەکانییەوە وەك فرمێسك، هەنسك، قووڵپە، شێوەیەکە لە گوزارشتکردنی ناخ، بەڵام کەی ئەمانە دروست دەبن، ئەوەش پرسیارێکی دیکەیە، بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە فرمێسکرژاندن، چەند سیفەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو سیفەتەش کەم تا زۆر لە پاڵ حاڵەتی گریانەکەدا بەدەر دەکەوێت، کاتێك کەسێك لە قولایی رەشبینییەکی گەورەدا دەژی، ئیتر بڕوای بە خۆشیی و ژیان و پێکەنین نییە، لای ئەو کەسە گریانیش هیچ مانایەکی نییە، بگرە هەموو ژیانی دەبێتە پێکهاتەیەك لە گریان، پێکهاتەیەك لە ژیانی گریاویی،



بەڵام بێ فرمێسك، زۆرجار ئەو کاتانەی مرۆڤ بە دیار مەرگی مرۆڤێکەوە فرمێسك دەڕژێنێت، بە مەبەستی بەزەییە زیاتر وەك مەبەستێکی دیکە، کەواتە بەزەییش شێوەیەکە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی خەمێك کە لە ناخەوە پاڵ بە هێزەکانی گریانەوە دەنێت، هەروەها تەنیایی و کەساسیی و دۆڕاندنی شتێکیش بۆخۆی دەبێتە شێوەیەك لە گریان.

کەواتە ساتەکانی گریانی مرۆڤ پێوەستە بە ساتەکانی بیرکردنەوە لە خەم، لە تەنیایی و کەساسیی و دۆڕاندن و ونکردن، ئەم ساتانە دەکرێت بگوترێت بریتین لە کۆمەڵێك ساتی وینیڤێرسێڵ، واتە شتێکن لە هەموو ئان و ساتێك دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ پەنا بۆ گریان بەرێت، لە دەرەوەی ئەمانەش هەندێك ساتی وا هەن وا لە مرۆڤ دەکەن، پەنا بەرێتە بەر رژاندنی فرمێسك، هەروەك پێویستییەك، ئەم حاڵەتە لای منداڵ لە پێویستیی بۆ باوەشی دایك لە پێویستیی بۆ شیر و خۆراك و گەرموگوڕیی خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لە لای مرۆڤی گەورەش دەکرێت پێویستییە سۆزدارییەکان و پێویستییە رۆحییەکان هۆیەك بن بۆ دروستبوونی گریان، بەهۆی کەمبوونی ئەو حاڵەتانە یاخود نەبوونیان، یان لەدەستدانیان.

کەواتە پێویستیی لە حاڵەتی منداڵ و گەورەدا، دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ بگری. فرمێسکی شین و تازیەباریی لەگەڵ ئەوەی کە بۆ رووداوێکی دەروونیی تر دەڕێژرێت، بەڵام جیاوازیی هەیە، رەنگە هەندێك جار ئەو گریانەی لە کاتی مەرگی کەسێك و لە لەدەستدانی یەکێك روو دەدات هەمان شت بێت، واتە پێویستیی کەسی گریاو بێت بۆ کەسی مردوو، پێویستیی بێت بۆ سۆزو هەست و پێوەندییەکان- پێویستیی بێت بۆ ئەو

باوەشەی کە ئەم بۆی بە پەرۆشە. کەواتە رۆحی مردوو لە نێو رۆحی زیندووی ئامادەدا پێویستییەکە و لەدەستچووە. لە زۆربەی زۆری ئەو شتانەی کە دەیبینین و دەیخوێنینەوە، دەبینین کە گریان بە شێکە لەو شتانەی ژیان، بەشێکە لە چالاکی رۆژانەی مرۆڤایەتی، بەشێکە لەو وردەکارییانەی کە مرۆڤ بەشداریی تێدا دەکات، گریان ئەو چالاکییە بەردەوامەیە کە هەر مرۆڤێ بە درێژایی بوونی خۆی بەشداریی تێدا دەکات، ئەو خۆشەویستییەیە کە وردە وردە لە سنوورەکانی پێوەندیی مرۆڤدا ئامادەیە، کەواتە دابەشکردنی ژیانی مرۆڤ بەسەر ساتە جیاجیاکانی کات و شوێندا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە بەشێك لە زەمەنی مرۆڤداو لە کات و جێگای تایبەتدا دەگری، گریانی مرۆڤ لە چ کاتێکە؟ ئەمەیان پێوەستە بە شێوەی روودانی گریانەکە و شێوەی کلتووری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە هەندێك کلتووری داخراودا تەنیا بەشێکی تایبەت لە تاکی کۆمەڵگاکان دەگرین، لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا گریانی پیاو شوورەییە، کەچی ئافرەت لەهەموو سات و ئانێکدا دەگری، بەڵام کەی پیاو دەگری، ئەویش پرسیارێکی دیکەیە.

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کرد، ساتەکانی گریانی مرۆڤ پابەندە بە ساتی رووداو و پێوەندییەکانەوە، گریان بە پێی زەمەن بە ئەنجام دەگات، لە ژیانی مرۆڤدا دەکرێت ئاستەکانی پەیدابوونی گریان بریتی بێت لە گریانەکانی زەمەنی کۆرپەیی و هی سەرقەبران و گریانی ئازارو ژان، گریانی برسێتی و تینوێتی، گریانی بێ سۆزداریی و کەمبوودی خۆشەویستی، گریانی لەدەستدان، گریانی ترس و کەمبوودی، گریانی



ئاینیی و جادوو و بڕوابوون بە رووداوە غەیبییەکان، گریانی ئازارچەشتنی جەستەیی و گریانی ئەو چاوانەشی نازانن بۆ دەگرین...

هەموو ئەو سات و جۆرە گریانانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، دەشێت ئەمانە بۆ کەسانێك هەر هەمووی پێکەوە بێت و دەشکرێت هەندێك کەسی تر لە بەشێکی ئامادە بێت و بەشێکی تری ئامادە نەبێت.

کەواتە دەستنیشانکردنی زەمەنی روودانی راستەقینە و کرداری هەر بەشێك لەو شتانە گەلێك گرانە، بەڵام دەکرێت ئەوە بگوترێت لە هەندێك کۆمەڵگادا تایبەتمەندییەك بۆ گریانی بە کۆمەڵ لە ساتێکی دیاریکراودا هەیە، هەروەك گریانی شیعە لە رۆژی عاشوورادا دەکرێت بە شێوەیەك لە گریانی بە کۆمەڵ حیساب بکرێت، بەڵام ئەمانە هەموو ناکرێت بە سەرپێیی تەماشایان بکرێت، هەر ئەو گریانە کات و ساتێك دیاریی کردووە کە رەگی لە مێژووودا داکوتیوە، بۆ نموونە زۆر کۆمەڵگا هەن، ریتوێڵی گریانیان هەیە کە ئێمە وەکو زانیاریی لەبەردەستماندا نییە، بۆ زیاتر دەستنیشانکردنی ساتیش گەر وەکو تاك تەماشای بکەین جیاوازیی هەیە، تاوەکو وەك کۆمەڵ تەماشای بکەین، ژمارەیەکی زۆر لەو ساتانەش بۆ ئێمە ئاشکرا نین کە چۆن روو دەدەن.

فرمێسکڕشتن لە زۆر ساتدا رەنگە پێوەست بێت بە کۆنترۆڵکردنی تاك خۆیەوە، بەڵام لە هەندێك کاتیشدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە، کە مرۆڤ ناچار دەبێت پەنای بباتەبەر- زەمەنی فرمێسکڕشتن زەمەنێکە زۆر کات مرۆڤ لەبەردەمیدا دەستەوەستانە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لەمەڕ

فرمێسکڕژاندن و ئان و ساتەکانی لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەوە هەیە کە لێکۆڵینەوەکان زیاتر لە روانگەی پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ناخی خۆیی و دەرەوەی خۆی لە مەسەلەی فرمێسك دەکۆڵنەوە.

ژمارەیەکی زۆر ئەو فرمێسکانەی کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەیانڕژێنێت، هی ساتەکانی لەدەستدانن، واتە ساتەکانی مەرگی ئازیزێ، کەسێکی خۆشەویست، جگەرگۆشە، هەروەها بە پلەی دووەم رژاندنی فرمێسك هی ساتەکانی نەبوونی، وەك کەمبوودی منداڵ بۆ خۆشەویستی و خۆراك و سۆز، کەمبوودی مرۆڤی گەورە بۆ پێویستییە دەروونییەکان، کە ئەمانە بریتین لەو ساتانەی مرۆڤ ناچار دەکەن کەم تا زۆر بەدووی پرسیارەکانی رۆحی خۆیدا بگەڕێت، نەك ئەمەش بگرە سات و تەمەنی گریان لەچاو ئەو خۆئامادەکردنەی کە مرۆڤ خۆی بۆ ئامادە دەکات، جیاوازییەکی زۆری هەیە، رەنگە بۆ هەڵئاوسانی ژان و خەمەکان مرۆڤ پێویستی بە یەك کاتژمێر یان یەك مانگ یان ساڵێك بێت، بەڵام بۆ پرۆسەی گریان رەنگە لە سنووری چەند ساتێکی دیاریکراودا کۆتایی بێت.

سنووری زەمەنی گریان لەگەڵ ساتەکانی دروستبوونی گریان وا لە مرۆڤ دەکەن، لەخۆی بپرسێت: ئاخۆ من دەتوانم زەمەنێکی دوورودرێژ بەدرێژایی ژانەکانم بگریم، یان ئایا دەتوانم بە بارتەقای بوونی خۆم بەشێك بم لەو ژانانەی بۆ هەنسك و رژاندنی فرمێسك ئامادەم دەکەن؟ دڵنیام لەوەی هەرگیز زەمەنی گریان بە درێژایی زەمەنی ژان نابێت، هەرگیز ئەو گریانەی لە رووی فیسیۆلۆژییەوە روودەدات، بەدرێژایی ئەو ژان و ئازارە نابێت کە مرۆڤ لەگەڵیداو لە ناخییەوە دەیورووژێنێت، هەرگیز ناگاتە ئەو



برینانەی کە لە ناخ و جەرگ دروست دەبن، هەموومان دەبینین مرۆڤ ئەو کاتەی کە دەگری، یان فرمێسکەکان لە چاوییەوە قەددەکەن و بەسەر روومەتیا دێنەخوارێ، چەندێ زۆرن.

ساتەکانی گریان و زەمەن بەشێکن لەو ئازارانەی وا لەمرۆڤ دەکەن، هەندێك جار هەست بەکورتیی و درێژیی رووداوەکانی بکات، ساتەکان لە رووی پراکتیکەوە دەکرێت بپێورێت، بەڵام لەرووی سایکۆلۆژییەوە گەلێك زەحمەت و گرانە، بۆیە حاڵەتی سایکۆلۆژیی مرۆڤ دیسانەوە بۆخۆی زەمەنێکە بۆ خۆئامادەکردن بۆ گریان، من لێرەدا ناتوانم دەستنیشانی زەمەنی گریانی خاوەن مردوویەك لە ئەشقێکی دۆڕا و جیابکەمەوە، رەنگە مرۆڤێ ئەوەندە بۆ مردووەکەی بگری پێوانەی ئازارەکەی بە پێوانەی ئەو ئاشقە نەبێت کە رۆحی دەبێتە خوێن و لە چاوییەوە دێتە خوارێ، دەکرێت کەسێك کە کۆرپەلەیەکی دەمرێت، ئەوەندە گریان و زەمەنی گریانەکەی درێژبێت، نەك لە سنووری گریاندا بوەستێت، بەڵکو بۆ دەرەوەش دەڕواو دەگاتە حاڵەتی توانەی جەستە لە نێو فرمێسکێکی ئەبەدیدا، ئەو توانەوەیەی کە نازانرێت سنووری لە کوێیەو بەرەو کوێش دەڕوات و بە چ لایەکدا دەشکێتەوە، کەواتە زەمەنی گریان هاوشانە لەگەڵ زەمەنی خەمەکان، ئەو زەمەنەی تێیدا فرمێسك هاوشانە لەگەڵ هەر ئازارێکی دەروونیدا، ئەویش دەڕژێتە سەر روومەت.

## زەمەنی فرمێسك و ڕستەكان

زەمەنی ڕستەكان هەندێك جار لە زەمەنی فرمێسكەكان درێژترن، بەڵام ئەگەر هاتوو فرمێسكەكان ڕۆڵی وشەیان گێڕا، ئەوا تێگەیشتنیان هەندێك جار گەلێ ئاسانترو گەلێك سادەتر دەبێت، یان هەندێك جاریش تێگەیشتنی گەلێك گران دەبێت، لەبەرئەوەی جۆرەكانی فرمێسك ئەوەندە زۆرن ڕەنگە ئێمە نەزانین دەربڕینی چ تێكستێكە، بۆیە ئەو كاتە زەمەنێكی دوورو درێژمان دەوێت بۆ ئەوەی لە ماناكانی بگەین، نەك ئەمەش، ئەوكاتە ئێمە لە مانا ناوكۆییەكانیشی ناگەین. كە باس لە زەمەنی ئەم دووانە دەكەین، واتە فرمێسك و ڕستە، مەبەستمان ئەو ساتەیە تێیدا وشە دەربڕی ئازار بێت، بە تایبەت ئەو ئازارانەی گیان لەگەڵ خۆیدا دەكاتە وشە و خاوەنی ئەو وشەیە ڕستەكان دەهێنێتە گریان و فرمێسك دەكاتە بەشێك لەو هێزەی كە خودی پێوەندییەكان تێیدا بەشدار دەبن.

كەواتە ڕستە و وشە ڕووی دووەمی خەمەكانن، بە شێوازی هەمەچەشن دەردەكەون، لە شێوەی شیعری شیوەن و بەسەرهاتی دڵتەزێن و شانۆ تراژیدییەكان و ئەو چیرۆكانەی لە لایەنی دڵتەزێنییەوە نووسراون، هەموو ئەمانەو دەیان نموونەی تر بواری پێوەندیی نێوان نووسین و فرمێسك دەردەخەن.



كاریگەریی نووسین بۆ سەر مرۆڤ، كاریگەرییەكی گەورەیە و زەمەن لە دوای زەمەن زیاد دەكات و لەگەڵ گۆڕانكاریی جیهان و ڕووداوەكان و زێدەبوونی بارگرانییەكان، ئەو نووسینانە زیدەتر كاریگەر دەبن و زێدەتر دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی كە ژان و فرمێسك لە چاوانەوە بێننە خوارێ و ئازار بە مرۆڤ بگەیەنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سەردەمی نووسین سەردەمێكە لە هەموو زەمەنێكدا كاریگەریی خۆی ئەنجامداوە، ئەگەر ئەمڕۆ كاریگەریی نووسین لەچاو كاریگەرییە دێرینەكانی كەمتر بێت، ئەوە مانای پەیدابوونی گەشەكردنی شێوازەكانی دیكەی كاریگەرییە كە زێدەتر پێوەستن بە چاو و بیستن و هەستپێكردنەوە، ئەوەش بە هۆی سەرهەڵدانی هۆكانی تری پێوەندییەوە، كەواتە كاریگەریی نووسین لە هەموو سەردەمێكدا كاریگەرییەكی قووڵ بووە و هەر قووڵیش دەبێت، كەسێك وتارو شیعرو بەسەرهات پێشكەش دەكات، پەیامێكی خەماویی پێیە، هەر ئەو كەسەش كە پرسێك لە شێوەی شانۆو فیلم و... هتد پێشكەش دەكات، ئەویش پەیامی پێیە، هەروەها كارەكانی ئەو دووانەش پێكەوە كاریگەرییان بۆ سەر یەكتری دەبێت و بەشێكن لە پرۆسەی ورووژاندن بە هەموو شێوەكانییەوە، بە بێ نووسینیش ئەوان هەرگیز نەیاندەتوانی هەبن و ئامادە بن.

برێكی زۆر لە تێكستە تراژیدییەكانی مێژوو شایەدی ئەم حاڵەتەن، هەر لە نووسینە پیرۆزەكانەوە تا دەگاتە نووسینە هونەریی و ئەدەبییە دێرینەكانی سەردەمە جیاجیاكانی گەشەكردنی بیری مرۆڤایەتی.

ئەوەی بە وردیی چاو بە پێوەندیی قوولّی نێوان نووسین و فرمێسك بخشێنێت، دەبینێت ئەم پێوەندییە شێوەیەكی ئاسۆیی وەرگرتووە و سات لە دوای سات زیادی كردووە و مەزن و گەورە بووە، سەرەڕای ئەوەی كە ژمارەیەكی زۆریش لەو حاڵەتانە ڕەنگدانەوەی پێوەندییە قووڵەكەی نێوان هەست و دەربڕینن. نووسین بۆ خۆی پرۆسەیەكی هەستیارییە و پێوەندیی بە هەستەوە هەیە، هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی، هەست لە نێو پێنووسی نووسەرەوە دزە دەكات و خۆی بە نێوانی ڕستەو دەستەوەژانەكاندا دەكات و كەسیش ناتوانێت كۆنترۆڵی ئەو هەستە بكات، نە نووسەر خۆی و نە ئەوانەشی لە پێوەندیدان لەگەڵ نووسینەكاندا.

كاتێك دەڵێین نووسین بمانەوێت و نەمانەوێت كۆمەڵێك هۆكار هەن بەشداری لە پێكهێنانی یەك بە یەكی ئەوانەدا دەكەن، كاریگەرییە ناوەكییەكانی دەروونی نووسەر، واتە ئەو هەست و وروژان و كارلێكردنانەی وای لێ دەكەن كە دەست بۆ پێنووسەكەی بەرێت، دووەمیش ئەو هۆكارە هەستیارانەی دەوروبەری نووسەر، كە وا دەكەن بیر لە پێكهێنانی پێوەندیی ناخی خۆی و دەرەوەی خۆی بكات، بەم شێوەیە كە نووسین دەگاتە دوا ترۆپكی پێكهاتن، جا كاتێك كە دەڵێین هەست، مەبەستمان لە هەموو هەستەكانە، هەستی چاك و هەستی خراپ، ئەو هەستەی ڕاستییەكان دەورووژێنێت و ئەو كاریگەرییە دەروونییانەی كە لە ئەنجامی كارلێكردن دروست دەبن.

كاتێك نووسەرێك وتارێكی سیاسیی دەنووسێت، لە ژێر كاریگەریی ئایدیۆلۆژیایەكەوە خوێنەرە سیاسەتخوازەكانی دەهێنێتە جۆشوخرۆش، بە



وروژاندنی هەستە نەتەوەیی و چینایەتی و بەرژەوەندییە تاكەكەسییەكانیان، هەروەها هەر نووسەرێكی دیكە كە پرۆسەی نووسینەكەی لە بازنەی وتارو وتاربێژیدایە، جا چ نووسەرە كۆمەڵایەتی و ئابووریی و دەروونییەكان بێت، یان ئەدیب و شاعیران، ئەو كاریگەرییەی لای ئەو كەسانەی كە گوێگر و بیسەری شتەكانی نووسەرن، جیاوازە لەوەی سیاسییەكە بەجێی دێڵێت، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە . هەر بۆ نموونە كاریگەریی ڕستەی شیعریی لە مەسەلەی نووسین و پەخشانی ئەدەبیی و نووسینی ئەدەبیی لە بابەتی چیرۆك و ڕۆماندا، جیاوازییەكی گەلەك مەزنتری هەیە لە جۆرە نووسینەكانی دیكەدا، بۆیە ئەو كاریگەرییەی كە شیعرێك بەجێی دێڵێت، كاریگەرییەكە تێكەڵ بە ڕۆح و پێوەندییە تەواو هەستییەكان دەبێت و لە پێوەندییەكانی دیكە دوور دەكەوێتەوە، كە ئەمەش بۆ خۆی بەشدارییە لە پرۆسەی داهێنان و بیركردنەوەو هەڵچوونی وەرگر، هەر بۆیە گوتراوە كاریگەرییە دەروونییەكانی تێكستی ئەدەبیی كاریگەرییەكی ڕۆحین، بەڵام هەر تێكستەو بە پێی كاریگەریی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، ئەمە سەرەڕای پۆلینكردنی وەرگرەكانیش بە پێی پێكهاتەی دەروونیی و كۆمەڵایەتی و فیكریی و كلتوورییان.

بۆیە دەتوانین بڵێین فرمێسكیش وەكو كارێك و كاریگەرییەكی دەروونیی، دەتوانێت لە ناخی تێكستەكانەوە وا لە هەستی مرۆڤ بكات كە ناسكبێتەوەو شێوەیەك و پێوەندییەكی قووڵی دەروونیی دامەزرێنێت و ئەو پێوەندییە پلەكانی باڵا بكات و بگاتە ئاستی تەقینەوە، كەواتە پرۆسەی

نووسین لە پێوەندیدا لەگەڵ وەرگر بریتییە لە پرۆسەی کارتێکردنی دەرەوە، هەندێك جار مرۆڤ لە ناخی خۆیەوە دەگری، بەڵام هەندێك کات کاریگەرییەکانی دەرەوە وای لێ دەکەن بەخوڕ فرمێسك بڕژێنێت و تنۆك تنۆك ژانەکانی خۆی لە ڕێگای ئەو تنۆکە فرمێسکانەوە بتوێنێتەوە، دەکرێت مرۆڤ بە گوێگرتن لە پارچە شیعرێکی کاریگەر دڵی ناسکبێتەوەو لە چاوانی فرمێسك بێنە خوارێ، یان بە خوێندنەوەی چیرۆکێکی کاریگەری تراژیدیی و ڕۆمانێکی پڕ لە کارەسات لەگەڵ ڕووداوەکانی، بۆ چەند ساتێکی دوورو درێژ خەم دایگرێت و بە هێمنی فرمێسك هەڵڕێژێت، کاریگەریی تێکست بۆ سەر وەرگر، کاریگەرییەکی دەروونیی و ژیانئامێزییە، مەرج نییە هەر تێکستێ ببێتە هۆی دروستکردنی خەم لای مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر تێکستەکە باس لە تراژیدیترین هەڵوێست و ڕووداویش بکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هێزی نووسینەکەو نووسەرەکەی ئەوەندە بێت کە بتوانێت ڕێچکەی ئەو فرمێسکانە لە ناخەوە بگۆڕێت بۆ چاو.

مەسەلەی پێوەندیی فرمێسك و نووسین پێوەندییەکی فرەلایەنە، دەکرێت لە چەندین لایەنەوە تەماشای بکرێت، بۆ نموونە دەکرێت تەماشای پێوەندیی نووسین و فرمێسك بکرێت لە لایەن ئامادەبوونی ناوەڕۆکی فرمێسکاویی لە تێکستەکان، وەکو تێکستی لاوانەوەو شیوەن و شین و ناڵە، یاخود وەکو بوونی هەوڵێك بۆ خولقاندنی حاڵەتی ئازاراویی و خەمبار لە نێو تێکستدا، کە ئەمەش تا ڕادەیەك بە مەبەستی خولقاندنی مەوداو فەزایەکی فرمێسکاوییە، ئەم دیاردەیەش بە زۆریی لە تێکستە



دێرین و کلاسیکییەکاندا دەبینرێت، سێیەمیش ئەو تێکستانەی کە لە ڕووی ڕەخنەگرتنێکی تایبەتییەوە باس لە ڕووداو و بەسەرهاتێکی مێژوویی، یان مرۆیی دەکەن، کە لە ئەنجامدا بە حاڵەتێکی تراژیدییانە دەشکێتەوە، کە مرۆڤ لە ئاستی ئەو ڕەخنەو دیمەنانە خۆی پێ ناگیرێت و تووشی حاڵەتێکی تەماویی و خەماویی دەبێت، کە گوێگرو خوێنەر ناچار دەکات لەگەڵ ئەو ئازارانەدا حاڵەتێکی تراژیدییانە بژی.

مەسەلەی پێوەندیی نێوان فرمێسك و نووسین، مەسەلەیەکی گرنگەو زیاتریش لەو تەوەرەیەدا دەسووڕێتەوە کە ئەم دووانە بەشێکن لە وروووژاندن، بەشێکن لەو کاریگەرییانەی کە وا لە مرۆڤ دەکەن، کەم تا زۆر هەوڵی ئەوە بدات ئەو خاڵانە بدۆزێتەوە کە لە ڕێگایانەوە بەو تێکستانە دەگات کە کاریگەرییان بۆ سەر هەستی هەیە، بۆیە جێگای سەرسووڕمان نییە گەر بزانین ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی مرۆڤ دەهەژێنن، بۆ گریان کەمتر نین لەو تێکستانەی کە مرۆڤ دەگریەنن، بەڵام مرۆڤەکانی بەردەم تێکست، لە تەنیایی خۆیان و لە ناخی خۆیانەوە دەگرین، مرۆڤی گریاو لەبەردەم ڕووداوەکاندا زیاتر دیارەو ئاشکراترە لەوەی لە ژوورێکدا بە تەنیا بە دیار تێکستێکەوە فرمێسکی دڵتەنگیی و کاریگەریی بڕێژێت.

بەڵام بۆ ئەوەی لە ماناو زەمەنەکانی فرمێسك بگەین، دەبێت ئەوەش بزانین فرمێسك چییە؟

## فرمێسك و...

**پێش** ئەوەی بچمە نێو ئەم باسە، پێم باشە باسێك دەربارەی جۆرەكانی فرمێسك پێشكەش بكەم.

هەر كەسەو بە شێوەیەك لە شێوەكان جۆرەكانی فرمێسك شی دەكاتەوە، هەندێك لە رووی زانستییەوە، هەندێك لە رووی فەلسەفەو ئاینییەوە و هەندێكیش لە رووی لێكدانەوە كۆمەڵایەتییەكانەوە ئەم باسە لێك دەدەنەوە، بەڵام هەن دەڵێن: ((فرمێسك هەیە ساردە "هی خۆشیی"، هەیە گەرمە "هی خەم"))(٤)، هەروەها لە باسكردنی گریانیش لێكدانەوەی جۆراوجۆری سەیرو سەمەرە هەیە، هەر بۆ نموونە لە مێژوودا لێكدانەوەی سەیر بۆ ئەم مەسەلەیە كراوە: (جۆرەكانی گریان لای **ئیبن قەیم ئەلجۆزیە** بریتین لە:

١. گریانی رەحم و بەزەیی.
٢. گریانی ترس و راچڵەكان.
٣. گریانی خۆشەویستی و پەرۆشیی.
٤. گریانی دڵخۆشیی و شادمانیی.
٥. گریانی بێزاریی لە ئەنجانی ئازارو بەرگەنەگرتنی ئەو ئازارە.
٦. گریانی خەم.
٧. گریانی لاوازیی و پەرێشانیی.
٨. گریانی دووڕوویی.



٩. گریانی وەرگیراو.
**١٠. عومەری كوڕی خەتاب لە بارەی گریانی خوازراو و گریانی لاوێنەرەوە قسەی كردووە.**
١١. گریانی رازیبوون: كاتێك یەكێك كەسانێك دەبینێت دەگرین، ئەویش بێ ئەوەی بزانێت چییە، دەڕواو لەگەڵیاندا دەگری (بۆ نموونە گریانی منداڵ كە دەبینێت منداڵێكی تر دەگری، ئەویش دەست بە گریان دەكات)(٥).

هەروەها لە پاڵ ئەوەشدا پرسیارێكی تری گرنگیش هەیە كە دێتە پێشێ، ئاخۆ كێن ئەوانەی دەگرین، هەرچەندە ئەمە پرسیارێكی ماقووڵ نییە، لەبەرئەوەی هەموو كەسێك دەگری، بەڵام هەن دەڵێن:

١. شاعیران دەگرین لەبەر خەمی جودایی (خۆیی و خۆشەویستەكەی)، یان خەمی جیابوونەوە بە هۆی مەرگەوە (شیوەنە شیعرەكان).
٢. منداڵان (لە كاتی برسێتی، ژان، لە كاتی ترس و لە هەڵوێستە تەنگژەكان، وەك دەرنەچوون لە قوتابخانەو سزادان.
٣. سۆفی و خواپەرستان لە گریانەوە فێری خواپەرستی دەبن (خواپەرستە گریاوەكان).
٤. دڵخۆشەكان: گریان لە خۆشیدا، لە سەركەوتن و لە دەرچووندا.
٥. مەزنەكان: پێغەمبەرو سەرۆك و دەسەڵاتداران.

٦.      خەڵکی ئاسایی: ئەوانەی دیمەنە کاریگەرەکان کاریان لێ دەکات (وەکو دایکی بووک)، یان دیمەنە دڵتەزێنەکانی وەك مردن و نەخۆشیی.

لێرەدا وەکو پێویستییەك بۆ لێکدانەوەی ئەو شتەی پێی دەوترێت فرمێسك و بەشدارە لە پێکهێنانی ئەو حاڵەتە سۆزدارییەی مرۆڤ، ئەوە بە پێویستی دەزانم لێرەدا خوێنەر لە چۆنییەتی دروستبوونی فرمێسك ئاگادار بکەمەوە، واتە دروستبوونی فیسیۆلۆژیی ئەم حاڵەتە بەدەر لە هۆکارەکانی دیکە، بەردەوام دوو بۆچوون دەربارەی مەسەلەی سەرهەڵدانی فرمێسك لە ئارادا بووە، ئەو دوو بۆچوونەش هەمیشە لە بنەڕەتدا لە یەك سەرچاوەوە سەریان هەڵداوە، ئەو سەرچاوەیەش دەڵێت: فرمێسك خوویەکی سروشتی مرۆڤەو لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا هەبووە و سەری هەڵداوە، ئەو دوو تیۆرە هەردووکیان لایەنی ناڕاستیان تێدایە و پێوەستن بەو هۆکارو هەلومەرجانەی کە لە دەوروبەری پرۆسەی فرمێسکڕشتنەکەدان، ئەو دوو تیۆرە، یەکێکیان تیۆری زانستییە، کە باس لە پێویستیی دەکات و (واتە پرۆسەی فرمێسکڕشتن پێویستییەکە، وەکو چۆن خواردن و نووستن و سێکس و...). تیۆری دووەم، کە تیۆری کۆمەڵایەتییە، ئەمەش زیاتر لە رووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەم دیاردەیە دەکۆڵێتەوە. بەهەرحاڵ پێش ئەوەی لایەنگری هەریەك لەم تیۆرانە بین، پێویستە بزانین فرمێسك چییەو چۆن دروست دەبێت.



من وای بۆ دەچم کە فرمێسك لە پێوەندییەکی پتەودایە لەگەڵ چاو، بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەو رژان و هۆکارەکانی ئەو رشتنە بکەین، وا باشە باس لە پرۆسەی فرمێسکڕشتنەکەوە دەست پێ بکەین، پێش هەموو شتێك هەموو ماسولکەکانی دەوروبەری چاو و هی رووخساریش رۆڵی خۆیان هەیە، هەموو ماسولکەکان پێکەوە یەکتری کێش دەکەن، بۆ ئەوەی گۆناو دەوروبەری چاو و لووتیش بە توانای ئەو ئاوە سیحراوییە تەڕ بێت.

گریان، چالاکییەکە لە چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ، هەروەها ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئەو رووداوانەی لە دەوروبەرماندا روودەدەن، پێکەوەژیانە لەگەڵ رووداوەکان بە چاك و خراپیانەوە. پێوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان مێشك و فرمێسکڕێژەرەکان، وەك ئاشکرایە فرمێسکڕێژەرەکان لە لایەن دوو هەستەوە رێنوویی دەکرێن، ئەو دوو هەستە یەکێکیان لە ناوکە فرمێسکەوە دێت و ئەویتریان لە ناوچەیەکەوە دێت کە لە دەوروبەری هایپۆسالامۆسە (ئەمەش ناوچەیەکە لە مێشکدایە)، هەردووکیان، ئەم دووپێکهاتەی مێشك، بەشێك لە مێشکە هەستیارەکان پێکدێنن، ئەمانەش گرنگترین ئەرکیان هەیە، کە رووداوەکان دەوروبەر بە باشی و رێکی بڕوات بەڕێوە. ژمارەیەکی زۆر مووولولەی ورد هەن بەرپرسیارن بەرامبەر بە بەرهەمهێنانی فرمێسك.






ئەگەر بڕوانینە ئەو وێنەیەی سەرەوە، بەجوانیی بۆمان دەردەکەوێت، کە ((کە ئامێری فرمێسك پێکهاتووە لە سیستمێکی لێك جیاکەرەوەو دەرپەڕێنەر” یەکەمیان، هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی شلەی فرمێسك و ئەوی تریان هەڵدەستێت بە ڕژاندنی. فرمێسکڕژێنەری سەرەکی ئەوەی کەوتووەتە ناوکۆی چاوەوە، نووساوە بە سەرەوەی دەرەوەی هەردوو چاوەوە لە لای بۆڵەکانی چاو، ئەمەش بە شێوەیەکی گەورە بەرپرسیارە بەرامبەر بە بەرهەمهێنانی قەبارەیەکی زۆر لە شلەفرمێسك کە لە ئەنجامی هەستێکی سۆزدارییی یان لە ئەنجامی بێزارکردن دروست دەبێت...))[٦].

پرۆسەی کارکردنی ئەم ئامێرە بەم شێوەیەیە، لە هەر چاوێکدا (یەك تا بیست) ڕژێنەری لە جۆری کراوسە (Krause) کەوتوونەتە نێو توێکڵەبەندەکان، هەروەها ڕژێنەرە جیاکەرەوەکانی ڤۆلفرین (Wolfring) هەن، کە کەوتوونەتە نزیکی سەرەوەی توێکڵەبەندەی ناوەوەی چاو، ئەمانە کە ئەو ڕووە تەڕە بەرهەمدێنن. پێکهاتەیەکی دووانە لە خانە کەمۆڵەییەکان و ڕژێنەرەکانی مانز (Manz)، هەروەها لە توێکڵبەندەکان، لینجێك دەردەدەن کە چینی ناوەوەی پێ تەڕدەبێت، دواجار چل و شەش ڕژێنەری جۆری مایبۆم (Meibom) لە پێڵووەکاندا هەن، کە ئەمانە (لەگەڵ ڕژێنەرەکانی جۆری "Zeis"، کە لە کەناری پێڵووەکانن، هەروەها ڕژێنەرەکانی جۆری "Moll"، کە لای ڕەگەکانی برژانگن) ڕۆن بەرهەمدێنن، ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم بە هەڵمبوونی فرمێسك. هەموو ئەم ڕژێنەرە جوانکاریانە پێکەوە قەبارەیان دە یەکی قەبارەی ڕژێنەرە ئۆربیتاڵەکانە.



ڕێژەی بەرهەمهێنانی فرمێسك بریتییە لە (١٥٠-٣٠٠) میلی لیتر لە ڕۆژێکدا. بەردەوامیش پڕ دەبێتەوە، ڕێژەیەکی زۆر لەم تەڕاییە لە نێوان تڕووکاندنی پێڵووەکاندا دێت و دەچێت، باقییەکەشی لە ڕێگای ڕژێنەرەکانی فرمێسکەوە دەچنە دەرەوە- واتە لە جێگا بچووکەکانی ڕژێنەرەکانی فرمێسکەوە. بەردەوامیش لە نێوان پێڵوەکان و نزیکی ناوچەکانی لووتدا ئامادەن، تەڕایی فرمێسك لە ڕێگای ڕژێنەرەکانی فرمێسکەوە دەچنە نێو کەناڵەکانی فرمێسکەوە، ئەوانیش دەڕژێنە نێو کیسەفرمێسکەکانەوە... بە تێپەڕبوون بە کیسە فرمێسکەکان و لە ڕێگای لوولەفرمێسکی کەناڵەکانەوە دێنە ناوچەی ناوپێچکەی لووتەوە. کاتێ لە ئەنجامی یەکێك لە حاڵەتە دەروونییەکانی وەك گریان و هەستیاریی و نەخۆشییەوە بڕێکی زۆر لەو فرمێسکانە ڕژێنرا، ئەوە ئەوکاتە ڕژێنەرەکانی فرمێسك ناتوانن ڕێکردنەکە ڕاگرن و فرمێسکەکە بەرەو پێڵووەکان، بۆ دەرەوە دەڕژێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم کردارە، بڕوانە وێنەی (٣).



له حاڵەتی پرۆسەی رژاندنی فرمێسکدا، هەموو ئەندامەکانی لەش ڕەوشتیان دەگۆڕێت، هەموو ئەو بەشانە دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، واتە رەوشت لە حاڵەتی ئاسایی خۆیەوە بۆ حاڵەتی سەرهەڵدانی سۆز و هەستەکان دەگۆڕێت. هەروەك تێبینیمان کرد لەڕووی فیزیۆلۆژییەوە کارەکە بریتییە لە کارێك لە کارەکانی سیستمی لەش، واتە گیان و لەش لەگەڵ گۆڕینی پێکهاتەکانیدا دەبنە بەشێك لەو حاڵەتە دەروونییەی کە لە دەرەوە لە رووی فیسیۆلۆژییەوە ئاگاداری ئەو حاڵەتە نین کە مرۆڤ تێیدا دەژی، لە بابەتی خەم و گریان.

(قوتابییانی هیپۆکراتس وایان دەزانی سەرچاوەی فرمێسك یەکسەر لە مێشکەوەیە. لای نووسەرە هیپۆکراتیسەکان هەروەها تا کۆتایی سەردەمی رێنیسانسیش لای پزیشکانی ئەوروپاش، پێوەندییەك لە نێوان فرمێسك و خۆشییدا هەبووە، هەرچوار شلەمەنیە پێویستییەکانی لەش وەك (خوێن، بەڵغەم، سەفرای زەرد، سەفرای رەش) وەك کۆمەڵێك شتی پێویست بۆ کەسێکی لەشساغ و سەلیم و تەواو دادەنران)[7].

لە بواری کاری پزیشکیدا، لێکۆڵینەوە دێرینە زانستییەکانی سەردەمی گریگەکان، هەروەها میسرییە کۆنەکان ئاماژەیان بە بوونی ماددەیەکی کوشندە لە لەشدا کردووە، بە بڕوای ئەوان ئەو ماددەیە لە لەشدایە، هەروەها بۆ ئەوەی لەش تووشی نەخۆشیی نەبێت دەبێت بە زووترین کات هەوڵ بدرێت ئەو ماددەیە لە لەشدا ون بکرێت، یان پێش ئەوەی بگاتە دەمارەکانی لەش و بەنێو لەشدا بڵاو بێتەوە دەبێت دەربکرێت، بۆ ئەمەش میسرییە کۆنەکان هەر مانگەی ٣ رۆژ بەردەوام



بەدوای یەکدا پاککردنەوەیەکی گەورەیان لە لەشی خۆیاندا ئەنجامداوە بە یارمەتی کلیسماس و ئەو ماددانەی کە رێگر دەبن لە بەردەم نەخۆشیدا.

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لە بواری فرمێسك و کاریگەرییەکانی فرمێسك، هەوڵێکی زۆریان داوە لە بارەی بناغەی سەرهەڵدانی فرمێسك لێکۆڵینەوە بکەن و بگەنە سەرچاوەیەك لەم بارەیەوە، گریکەکان لەسەر دەستی **هیپۆکریتس** پاشان **گالینۆس** ئەوەیان سەلماند کە فرمێسك لە مێشکەوە بەرهەم نایەت، بەڵکو فرمێسك بەرهەمی فرمێسکڕژێنەرەکانە، هەرچەندە ئەم زاتە بە هەڵە رایگەیاندبوو کە فرمێسك لەلایەن فرمێسکڕژێنەرەکانەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەم گوتنەی ئەو لەوە کەم ناکاتەوە کە رێچکەی نوێی هێنایە نێو مەسەلەی لێکۆڵینەوەی فرمێسکەوە. زۆربەی زۆری لێکۆڵەرەوە و ئەو مامۆستایانەی لە سەردەمە کۆنەکاندا سەریان هەڵدا، نەیانتوانی خۆیان لە گریی فرمێسك و مێشك رزگار بکەن تەنانەن ((**حونەین** لە سەدەی نۆیەم و **رازی** لە سەدەی دەیەم و **کاسیرۆس** لە سەدەی حەڤدەش بڕوایان وابوو، کە فرمێسك لە مێشکەوە دێتەبەرهەم))[8].

هەروەها **رینیە دیکارتیش** لەم بارەیەوە قسەی کردووە، ئەم زاتە هەوڵیدا ئەشق و پێوەندییەکانی رۆح چارەسەر بکات، بەڵام نەك وەکو قەشەیەك یاخود فەیلەسووفێکی رەوشت، بەڵکو تەواو وەکو کەسێکی سروشتناس. هەروەها بڕواشی وابوو کە مێشك و هەستەکان هەوایەکی زۆر کەمیان تێدایە، کە ئەمەش پێی دەوترێت حەیوانە مێشك، لە راستیدا ئەمانە کۆمەڵێك گیانلەبەری بچووکن بە نێو لەشدا گەردش دەکەن و

ماسولكەكان چالاك دەكەن، ئەمانەش كە لە نێو لەشن بەردەوام لە سوڕانەوەدان، بەشداریی لەو چالاكییانە دەكەن كە دەبنە هۆی دروستكردنی رووداوەكانی نێو لەش، هەروەها فرمێسكڕشتنیش بەشێكە لەو چالاكییانەی لەش.

بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەمووان لەم مەسەلەیە كۆڵیوەتەوە، سروشتناس و زیندەوەرناس **چارلز داریون** بوو، ئەم زانایە سەردەمێكی زۆری كاتەكانی خۆی بۆ لێكۆڵینەوە لەمەڕ مەسەلەی سەرچاوەی فرمێسك تەرخانكرد بوو، هەروەها هەوڵی ئەوەشیداوە بەدووی ئەو پرسیارانەو وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت وەك پرسیارەكانی : كێ دەگری، كەی دەگری، چۆن فرمێسك دروست دەبێت و چ جیاوازییەك لە نێوان گریانی مرۆڤ و گیانلەبەراندا هەیە. **چارلز داریون** خاوەنی ژمارەیەكی زۆر لە تیۆری تایبەتە لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ سیفەتە مرۆییەكان، هەروەها یەكێكە لەو كەسانەی زۆر لێكۆڵینەوەی لەم مەیدانەدا كردووە لەبارەی مەسەلەی فرمێسك و پێوەندییە رۆحییەكانی فرمێسكەوە، نەك ئەمەش، هەوڵیداوە خۆی لەو سنوورانە نزیك بكاتەوە كە بە واقعی زیندووی دەگەیەنن. **چارلز داریون (١٨٠٩-١٨٢٩)** خاوەن تیۆری گەشەكردن لە سەدەی نۆزدەیەم ئەوەی ئاشكراكرد، كە هەندێك هۆكار هەن پاڵ بە سۆزەكانەوە دەنێن تا بجوڵێن.

بە یەكێك لە دانەرانی چوار تیۆرە مەزنەكانی لەمەڕ (هەستیاریی) **ئیمۆشیونێڵ** دادەنرێت، هەرئەویش خاوەنی قوتابخانەی گەشەكردن و پێگەیشتنی جۆرەكانە، بەپێی ئەم تیۆرە داروین بڕوای وابوو" ئێمە بۆیە



هەر رەوشتێك دەنوێنین لەبەرئەوەی ئەو شتە لە جینەكانمادا ئامادەیە، واتە رەنگدانەوەی ئەو جینانەیە كە هەڵگریانین، هەروەها لەبارەی دەربڕینی سیمای مرۆڤەوە بڕوای وایە، كە دەربڕینەكانی مرۆڤ لە رووخساردا، بە تایبەت ئەوانەی كە یەكسەرە بێ خۆئامادەكردنی دەستكردی دەریان دەبڕێت، شتێكن لە هەموو جێگایەك وەكو یەكن، ئەمەش بە پێی بۆچوونی **داروین** بەرهەمی گەشەكردنمانە. لە كتێبەكەیدا (دەربڕینی هەستیاریی لای مرۆڤ و گیانداران)دا، زۆر بە جوانیی باس لە كاریگەرییەكانی دەرەوە دەكات بەسەر رەوشت و هەڵسوكەوتی مرۆڤدا. هەروەها داروین لە لێكۆڵینەوەكانی لەمەڕ گەشەكردن باس لەوە دەكات كە (ئەگەر هاتوو كارێكی فیزیكیی پڕئەركمان ئەنجامدا، ئەوا لێومان زۆر بە توندیی دەنوقێنین)[٩] .

مرۆڤ چ كاتێك بیر لە حاڵەتە هەستییەكانی دەكاتەوە، **چارلز داریون** دەڵێت: (ئەو كاتەی كە تاك بە تەواویی درکی بەوە كرد كە چیتر هیچ شتێكی بۆ ناكرێت)[١٠]. سەرەڕای ئەوەی كە مرۆڤ زۆرجار لە بێدەسەڵاتیدا پەنا دەباتە بەر شێوەكانی وەڵامدانەوەی دەرەوە، هەروەها هەوڵی ئەوەش دەدات بە شێوازێك گوزارشت لەو حاڵەتە بكات، كە زیاتر شێوازی ناخن. لە زۆر لەو ئەزموونانەی كە **چارلز داریون** لەسەر گیانلەبەرو مرۆڤی ئەنجامیداون، بۆی دەركەوتووە كە دەربڕینەكانی ناخ لە زۆر كاتدا رەنگدانەوەی لەشن، ناخ بەرامبەر بەو شتە پەرچدانەوە دەنوێنێت كە بەرەو رووی دەبێتەوە، هەر بۆ نموونە لەبارەی ترسەوە دەڵێت: مرۆڤ وەكو حاڵەتێكی ئاسایی بەرامبەر بە مار ئەو ترسەی لە ناخدایە، كە خودی

ئەم گیانلەبەرە ئەگەر هیچیش زیان بە مرۆڤ نەگەیەنێت، مرۆڤ بە ناچاریی سامێکی لە ناخدایە، بۆیە وەڵامدانەوە رووخسارییەکانی مرۆڤ وەك ترس، دەکرێت لە رووخساردا بە جوانیی ببینرێت.

بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەوانەی کە لەبارەی گریانەوە قسەیان کردووە، لێرەدا ئاماژە بە سێ رێچکەی تیۆری دیکەش دەکەم کە رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بواری باسکردنی سۆزدا، لەوانەش **ویلیام جێمس** (١٨٤٢-١٩١٠)، کە لە پەیڕەوانی فیزیۆلۆژیی بوو، بڕوای وابوو مرۆڤ ئەو کارەی کە دەیکات، یاخود ئەو پەرچدانەوەیەی دەریدەبڕێت، لەبەر ئەوەیە کە لەشی مرۆڤ خۆی دیاردە و سروشتی پەرچدانەوەی تێدایە و لەگەڵ هەر کاردانەوەیەك ئەو سیفەتانە بەدەر دەکەون کە باس لە هەستیاریی مرۆڤ دەکەن، هەروەها دەشڵێت" ئەگەر بتوانین کۆنترۆڵی لەشمان بکەین، ئەوکاتە دەتوانین کۆنترۆڵی هەست و سۆزەکانیشمان بکەین". **ویلیام جێمس** بڕواشی وابوو، کە سۆز ئەوەیە دەبێت تۆ هەستی پێ بکەیت، ئارەزوویەك لە ناخماندایە بۆ بیرکردنەوە لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەین، چ گریان بێت یان پێکەنین یاخود خەم و هاوار و ترس، کاتێك لەترسا دەلەرزین لەبەرئەوەیە کە بیری لەرزین لە ناخماندا جێگیرە، کە لە خەم و خەفەتدا دەگرین، لەبەرئەوەیە کە ئامادەبوونێك لە ناخماندایە پاش هەر رووداوێکی تراژیدیی دەبێت بگرین، بەڵام دەشڵێت: کاتێك دەگرین، لە پاشاندا هەست بە هۆکاری ئەو گریانە دەکەین.



تیۆرەیەکی دیکە هەیە کە لە رووی مێژووییەوە لە هەمووان کۆنترە، ئەویش تیۆرەکەی **ئەپیکتیتۆس** (Epictetus- ٥٥-١٣٥ میلادی)، لە پەیڕەوانی فێرکەری درکخوازان بووە (رواقییەکان)، بڕوای بە ئازادیی و چاودێری خودایی بووە، لە بواری کاریشدا بڕوای بە پراکتیك و تەوژمی هیومانیستی بوو، هەروەها دەیگوت کارێك بۆیە ئەنجام دەدەین، لەبەرئەوەی بیر دەکەینەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بیر بکەینەوە، ئەو کاتە دەتوانین ئاگاداری هەستەکانمان بین و سۆزەکانمان بخەینە ژێر کۆنترۆڵەوە، کاتێك درکمان بەوە کرد دەتوانین بزانین گریان چییە، کەواتە دەشتوانین ئاگاداری هەستەکانی گریان بین. **ئەپیکتیتۆس** (Epictetus) و پەیڕەوانی کە پێیان دەوترا **رواقییەکان** بڕوایان وابوو (هەست شتێکی ترسناکە بۆسەر ئازادیی. ڕێگرێکە لەبەردەم بینین و درکپێکردن)[١١].

یەکێکی دی لەو تیۆرانەی کە گرنگییەکی زۆری بە مەسەلەی هەست و نەست و **بارە دەروونییەکانی** مرۆڤ داوە، تیۆرەکەی **مارگریەت مید** (١٩٠١-١٩٧٨)ە، ئەمیش خاوەنی قوتابخانەی کلتووریزم بوو، بڕوای وابوو ئەوەی دەیکەین شتێکە کلتوور پێی کردووین، بۆیە دەڵێت: دەبێت ئێمە لە دەربڕینی هەستەکانمان ئاگامان لە دەوروبەر بێت. هەروەها لە بواری مەسەلەی کلتووریزمیدا کەسانێکی زۆر باسیان لە مەسەلەی **باری دەروونیی** کردووە، هەروەك **برونیسلاو مالینۆفسکی** خاوەنی کتێبی (تیۆری زانستی لەبارەی کلتوور)، ئەو رای وابوو کلتوور بەشێکە لەو ژیانەی کە لە لەدایکبوونەوە بەدەستی دەهێنین، واتە ئەوەی لە کۆمەڵگاوە

فێری دەبین، هەر ئەوەشە ڕەوشت و هەڵسوکەوت و تەنانەت مێژووشمان دیاریی دەکات.

سەرەڕای ئەو تیۆرانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، چەندین قوتابخانەو ڕێچکەو پەیڕەوگەلی تر هەن باسی مەسەلەی هەست و کاریگەرییەکانی هەستیان لە ژیانی مرۆڤدا کردووە و زۆر بە دوورودرێژیی لە مەسەلەی بارە دەروونییەکان کۆڵیونەتەوە، هەروەك خودی کارل مارکس لە بواری کاریگەریی سیستمی سەرمایەداریی لە گۆڕینی هەست و نەستەکان و سۆزداریی نێوان خێزان، هەروەها قوتابخانە سایکۆلۆژییە هەمەچەشنەکان کە خۆیان بە تایبەت تەرخانن بۆ مەسەلەی هەست و گرفتەکانی ناخی مرۆڤ، وەکو خۆشحاڵیی و گریان و ڕەشبینیی و گەشبینیی، بۆچوونە بەناوبانگەکانی ئەریك فرۆم و فرۆید لەم بوارەدا بێوێنەن. سەرەڕای پەیدابوونی قوتابخانەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە بارەی هۆکارە دەروونیی و سیاسییەکان لە دروستکردنی گۆڕانکاریی دەروونیی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، هەروەها کاریگەرییەکانیان بۆ سەر پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵگا و ئەو هۆکارانەشی کە دەبنە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئیمۆشونێڵ و ئەو کۆمەڵگایەنەشی لە ئەنجامی پێوەندییە ئابوورییەکان مەسەلەکانی هەست و سۆزو نەست گەورە دەکەون و چەندین سەدە کاریگەریی خۆیان بەجێدێڵن، بۆ نموونە کاریگەرییەکانی جەنگ و جەنگی ناوخۆیی لە مەسەلەی دروستکردنی هەست و نەستدا، هەروەها دروستکردنی ئەو دەرگایانەی کە زیاتر مرۆڤ بەرەو قولاّیی و بردنەخوارەوە دەبەن. بۆیە لایەنی دەروونناسیش وەکو



لایەنەکانی تر خۆی لە قەرەی ئەم مەسەلەیە داوە و زۆر بە قووڵیی لە هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی دەوروبەر کۆڵیوەتەوە، بەتایبەت کاریگەرییەکانییان بەسەر مەسەلەکانی هەست و نەست، کەسانێکی زۆر لەم بوارە لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا، کە ئێمە لێرەدا ناتوانین هەر هەموویان باس بکەین، بەڵام یەکێك لەوانە فرۆید بوو، فرۆید خاوەنی تیۆری شیکردنەوەی دەروونیی بوو، زۆر لەم بوارە کۆڵاوەتەوە، بۆیە لێرەدا بۆ ساتێك لەلای فرۆید دەوەستین وەکو کەسێك داهێنەری شیکردنەوەی دەروونیی لەمەڕ پێوەندییەکانی ئەم ڕێچکەیە لەسەر کارە دەروونییەکانی مرۆڤ و کاریگەرییەکانی دەوروبەر لەسەر کۆمەڵگا، هەروەها هۆکارەکانی پێوەندییە ئیمۆشیونێڵەکان لە پێوەندیی ڕۆژانەدا.

پاڵپێوەنەرەکانی من لە مەسەلەی ململانێی نێوان لیبیدۆکاندا، واتە لیبیدۆی من و لیبیدۆی بابەت، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کاریگەرە ڕۆحییەکان، هەر بۆ نموونە کاتێك فرۆید باس لە خۆشەویستی دەکات، وەك ململانێیەك تەماشای دەکات، ململانێی نێوان ئەم دوو جۆرە لیبیدۆیە، هەروەها کاتێك فرۆید هەر لە قۆناغی باوەشەوە تا قۆناغی زەکەرو کۆم باس لە گەشەکردنی منداڵ دەکات، دەیەوێت لەم باسکردنەوە بمانگەڕێنێتەوە بۆ پێوەندییە سێکسییەکانی منداڵ لەگەڵ دایکدا، هەروەها ئاماژە بەو ڕاستییەش دەکات، کە پێوەندیی منداڵ لەگەڵ دایکدا لەگەڵ پێوەندییە سێکسییەکەش پێوەندییەکی سۆزدارییە، منداڵ کاتێك بۆ باوەشی دایك دەگری، مانای بێبەشبوونە لەو باوەشە، تەنانەت **گرێی ئۆدیپیش** شێوەیەکە لە کەمبوودییەکانی سۆز و سۆزداریی.

فرۆید لە باسکردنی پێوەندیی نێوان من و ئەودا، بێ ئەوەی مەبەستیشی بێت یەکسەر بۆ نێو مەسەلەی کارلێکردن و کاریگەریی راماندەکێشێت. واتە مەسەلەی کارتێکردن لە رووی دەروونییەوە، کە گریان و پێکەنین و تووڕەبوون و هاوارکردن و... هتد بەشێکن لەو حاڵەتە دەروونییە، باشە ئەگەر وانەبێت بۆچی مرۆڤ زۆربەی کاریگەرییە دەروونییەکان لە بەرامبەرەکەیەوە وەردەگرێت، (ئەگەر پێوەندیی من تەنیا بەخودی خۆمەوە نەبێت - ئەمەش حاڵەتی نێرسیسەتی فرۆیدییە - ئەوا چۆن دەتوانین ئەوە بهێنینە بەرچاومان کە لەگەڵ ئەوی تردا بەو شێوەیەی کە هەیە، پێوەندیی بونیاد بنێین؟ یان لەوی تر بگەم بەو جۆرەی کە ئەوی ترە؟ واتە منێکی ترە؟... هتد)[١٢]. مەسەلەی سایکۆلۆژییەتی تاکەکەسی و سایکۆلۆژییەتی جەماوەریی بریتییە لەو چەمکانەی فرۆید بۆ لێکۆڵینەوە بەکاریان دەهێنێت لەبارەی کاریگەریی دەروونیی تاك بەسەر کۆمەڵ و کۆمەڵ بەسەر تاکەوە.

شارەزایی فرۆید تەنیا لە بواری سایکۆلۆژیدا نەبووە، بگرە شارەزایی بواری گەشەکردنیش بووە، بە تایبەت (فرۆید دیسانەوە شتەکانی داروینی خوێندووەتەوە و ئاماژەی بۆ کردووە، بەتایبەت لە کتێبی (**تۆتەم و یاساغی**). هەروەها باشترین ئەو باسانەی کە فرۆید لە بواری سۆزو سۆزداریدا پێشکەشی کردوون، ئەو نووسینانەن کە باس لە پێوەندییەکانی من بە دەرەوەی منەوە دەکەن، هەروەها لە ئاماژەکردنی بۆ زاراوەی سایکۆلۆژیی جەماوەریی و سایکۆلۆژیی تاکەکەسی باسی کاریگەریی سەرۆك و رەهبەرەکانی کردووە، لە چۆنییەتی کارکردنە سەر



حەماس و بۆچوونی بەرامبەر، مەسەلەی گریانیش یەکێکە لەو چالاکییانەی کە دەکرێت شێوەیەك لە کاریگەرییە دەروونییەکان بێت، کە مرۆڤ لە دەوروبەرەوە پێی دەگات، واتە ماهییەتی مرۆڤ لە پێوەندییەکانی دەرەوەی و لە ئەنگیزە رەشبینییەکانیدا زیاتر دەردەکەوێت، کاتێك مرۆڤ بێزاریی یاخود دەربڕی حاڵەتێکی رەشبینییە، دەربڕینی ناخێکی شپرزەو بێزارە، دەربڕینە لە قۆناغێك لە شڵەژانی دەروونیی. باسکردنی فرۆید بۆ ناهۆشمەندییەکان، شۆڕشێکی گەورە بوو لە ناساندنی خەسڵەتی مرۆڤ و پێوەندییە هۆشمەندیی و ناهۆشمەندییەکانی و هەروەها رەنگدانەوەی ئەو خەسڵەتانەن کە لە ناخی مرۆڤ خۆی و گواستنەوەی بۆ دەرەوەی خۆی، هەندێك جاریش بە پێچەوانەوە، هەر بۆ نموونە رووداوە رەش و بێزارکەرەکان دەبنە هۆی خولقاندنی ناخێکی تاریك (ئادەمیزادی دڵتەنگ "خەمۆك - کئیب" هەست دەکات بۆشاییەك لە دەروونیدا هەیە، وا هەست دەکات ئیفلیج بووە و هێزێکی بزوێنەری تێدا نەماوە)[١٣]. کەواتە ئەوەی لە ناخەوە دادەتەپێت، حەتمەن لە دەرەوە لە پێوەندییەکی نائاساییدایە، ئەوەی دەگری، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هۆکارە سایکۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەکانی، ئەو کەسانەی لە نائارامیی و پەرۆشیی و خەم و پەژارەدان، ئەو کەسانە دووچاری کاریگەرییەك بوون، ئەو کاریگەرییە بەهەرەی ئەو کلتوور و ئەو بەرکەوتنانەیە کە مێشك بەئەنجامی دەگەیەنێت، کەواتە پێوەندیی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤی خەمبار، پێوەندییەکی پێچەواناخوازییە (عکسیە).

هەروەك پێشتر ئاماژەمان کرد، فرۆید مرۆڤی بە یاسایەکەوە گرێدا، کە یاسای گەشەکردنەو مرۆڤیشی لە بەرزترین ترۆپکی ئەو سێ کوچکەیە دانا کە خۆی وێنەی بۆ کێشابوو، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەشێکە لەو زەوییەی لەسەری دروست بووەو دیکارت گوتەنی بەشێکە لە سروشت، کەواتە یاساکانی سروشتیش کاریگەرییان بۆسەر سروشتی پێکهاتەیی ئەو هەیە، واتە هێزو توانای هەیە، مرۆڤیش سەرەڕای بوونی وزەی ماسوولکەیی، خاوەن وزەیەکی دەروونییە، کە لە هێزەکانی هەست و حەز و ئارەزوو و چێژو ئەو چالاکییانەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ پێی دەڵێت وزەی ناوەکیی. فرۆیدیش لە باسکردنی ئەو هێزانە بۆ مەسەلەیەکی گرنگمان دەگەڕێنێتەوە، کە ئەویش کاریگەرییەکانی خودی هێزە ناوەکییەکانە بۆ سەر رەوشتی مرۆڤ، یەکێك لەو هێزانە هەستی پەژارەیی و خەمۆکییە، بۆیە (چێژو خۆشحاڵیی لای فرۆید حاڵەتێکی پۆزەتیف نین، بەڵکو حاڵەتێکی نەگەتیفن)[١٤]. لە باسکردنی پرنسیپی چێژ فرۆید ئاماژە بە هەندێك زاراوەی تایبەت دەکات، وەك دووبارەبوونەوە و مەرگ و حەزە سێکسییەکان، هەر لەو لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت مەسەلەی چێژو دووبارەبوونەوە، پێوەندییەکی پتەویان بە بێزارییەوە هەیە، کە ئەمەش هۆیەکە بۆ دروستبوونی خەمۆکیی و دڵتەنگیی، دەکرێت گریانیش بە یەکێك لەو ئەنجامانە دابنرێت، هەر لە پێوەندییەکی دیکەشدا مەسەلەی مەرگ دەبەستێتەوە بە مەسەلەی وەستان و جێگیرییەوە، کە ئەویش شێوەیەکە لە رەشبینیی ژیان و بێهوودەییەکەی، کە زیاتر فرۆید لایەنی دیکەی پێ دەبەخشێت. هەر بۆ نموونە لێرەدا نموونەیەك لەسەر وێنەی پێوەندیی منداڵ بە زاکیرەوە دەهێنینەوە (لە رابردوودا نەریت وابوو هەرکاتێك منداڵ هەستی بە برسێتی بکردایە، ئەوا بە تێرکردنی چارەسەر دەکرا، لە کاتی پرۆسەی تێرکردنەکەدا، منداڵەکە ئەو خواردنەی دەبینی و بۆنی دەکردو تامیشی دەکرد و هەستیشی پێ دەکرد. ئەمانەش کۆمەڵێك درکپێکردنی هەستین، لە جیهازی بیرکردنەوەدا ئامار دەکرا. لەدوایدا خواردن بەهۆی کاری دووبارەبوونەوە پێوەست دەبوو بە کەمکردنەوەی شپرزەیی (کە لێرەدا گریان و هاوار و زیڕەی منداڵی برسی دەگرێتەوە... وەرگێڕ). بەجۆرێك منداڵی کۆرپە ئەگەر یەکسەر خواردنی نەدرێتێ، شپرزەیی برسێتی دەبێتە هۆی دروستکردنی وێنەیەك لە وێنەکانی زاکیرەی خواردن، کە پێشتر پێوەست بووە بە برسێتییەوە...)[١٥]، بەم شێوەیە فرۆید مەبەستی لەو لێکدانەوەیە هەرچییەك بێت، ئاماژەیەکە بۆ پێوەندیی نێوان برسێتی و گریان و زاکیرە، کە ئەمەش بۆ خۆی گرنگییەکی سایکۆلۆژیی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە.

ئەریك فرۆمیش لە کتێبی (بەناوی ژیانەوە) باسی مەسەلەیەك دەکات کە تا رادەیەك پێوەستە بە مەسەلەی خەمۆکیی و گریان و فرمێسکەوە، ئەویش مەسەلەی خەمۆکیی و چەپاندنە (ئەگەر خەڵکی لە ئەنگێزە راستەقینەکانی کردەوەکانیان ئاگاداربکەینەوە، کاردانەوەیان کردارێك دەبێت، فرۆید ناوی نا بەرەنگاریی-Resistance)[١٦]. (نیشانەکانی رەفتاری بەرەنگارئامێز چییە؟ نموونەی زەقی توورەیی سەرکێشیی و شەڕەنگێزییە دەڵێی خەڵکی دەیانەوێت تەواوی گەواهییەکانیان لەسەر تاوانەکانیان لەناوبەرن، لەبەرئەوەی ناتوانن نهێنی

درکێنەکەی ناو ناخی خۆیان بکوژن -چونکە کارێکی مەترسیدارە- بە شێوازێکی سیمبوولییانە لە ناخی خۆیانی دوورخەنەوە. بەداد و هاوارە دەڵێن ((تۆ ئیرەییم پێ دەبەیت و هاندەرێکی ناشرین پاڵت پێوە دەنێت قسەم پێ بڵێیت. تۆ رقت لە منە و لەزەت لەو قسانە دەبینی کە دەیانخەیتە پاڵ من))و هتد...، جاری وایە توورەیی خەڵك دەگاتە رادەیەکی زۆر خەتەرناك. ئاستی توورەبوونیان بەندە بە پلەوپایەو بارودۆخ و ئەو حاڵەتانەی کە تیایاندان. ئەگەر رێ بە گوزارشتکردن لە توورەیی نەدات (وەکو باری کەسێکی ژێردەست بەرامبەر کەسێکی باڵادەست)، ئەو کەسە بێدەنگ دەبێت و دوای ئەوەی دەچێتە ماڵەوە بە هاوسەرەکەی دەڕێژێت)[17]، ( رێگایەکی تری بەرەنگاریی، خەمباربوون و خزانە گۆشەیەکەوەیە. ئەمە شێوازێکە کە زیاتر لە نێوان ژن و مێردەکاندا بەدی دەکرێت، کاتێك یەکێکیان ئەنگێزەی راستەقینەی کردەوەیەکی ئەوی تر دەداتەوە بە چاویدا، ئەوی تر دووچاری دڵتەنگیی دەبێت و لە بەرامبەردا بە شێوەیەك لە شێوەکان یان بە راشکاویی دەڵێت: (چاوت لێیە قسەکانی تۆ منیان دڵتەنگ کرد)[18].

ئەریم فرۆم لەبارەی دڵتەنگییەوە دەڵێت: ((ئەگەر تاك چەندان جار هەست بە دڵتەنگیی نەکات، ناتوانێت کارلێکردن لەگەڵ جیهاندا بکات))[19].

زۆربەی زۆری تێکستەکانی سینیکا بریتین لە کۆمەڵێك وشە بۆ دڵنەواییکردنەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە کەسێکی خۆشەویستیان لەدەست داوە. لەوێدا بە هیچ شێوەیەك باس لە سۆزداریی ناکات، لەبەرئەوەی ئەو



بە تەواویی دژی ئەو شتە بوو (هەرچییەك کە دەبێت بیخەینە سەر شانمان شتگەلێکی هەمیشەییە)[20]. خەم وەك حاڵەتێك بەرەو فرمێسکرژاندن و گریانچوون دەڕوات، ئەو خەمانەی روو دەدەن لە دەرەوەی توانای ئێمەن، ئێمە ناتوانین هەروا بە ئاسانی تەسلیم نەبین بەو خەمانە.

کاتێك باسێکی خەماویی دێتە ئاراوە، شکستی جەستەو لاوازبوونی رۆح دەتکات بە نێو ئەو تراژیدییانەی کە خۆشت چاوەڕوانی ناکەیت، (ئایا "مەرگی لاوێتی" چ دەگەیەنێت؟ بەراوردکردنی تەمەنی خۆمان لەگەڵ تەمەنی شار و رووبار و دەریاکان و هەرچییەك لە گەردووندایە، هەر هیچ نییە. کەسیش زوو نامرێت)[21]. مردنی مرۆڤ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێت خەمخۆری بیت، خەمخواردن وا لە مرۆڤ دەکات، بەردەوام بەدووی ئەو هۆکارانەدا بگەڕێت کە لە بەرامبەریدا قووت دەبنەوە و دەبنەهۆی دروستکردنی گریان و دەبنە هۆی خولقاندنی دیاردەی شیوەن و ماتەمینیی.

خەمباریی و خەمۆکیی دوو حاڵەتن لە دروستبوونی شیوەن و قەیرانە دەروونییەکان و رووداوەکانی دەوروبەر، زۆربەی ئەوانەشی کە لە پرۆسەی ژیاندا بەشدارن، کەم تا زۆر دەبێت چاوەڕوانی ئەم دیاردانە بکەن.

شوپنهاوەر، یەکێکە لەو بیرمەندو فەیلەسووفانەی کە پێی دەگوترێت فەیلەسووفی گریان، ئەو دەڵێت: "ژیان کاروکاسبییەکی خەمبارانەیە"[22]، ژیان لە چاوی ئەودا تەنیا نائاسوودەییە، هەر ئەمەش وای لە کەسێکی وەك شۆپنهاوەر کرد کەم و زۆر لەو خاڵانە نیزیك بێتەوە، کە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو هەموو تراژیدییانەن، بۆیە وتوویەتی:

"مێژووی هەر ژیانێك بریتییە لە مێژووی ئازارو رەنج"[٢٣] ، رەشبینیی شۆپنهاوەر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو بوونی مرۆڤ بە هەڵەیەك دەزانێت، ئەو پێی وایە ئەو بوونە شێوە هەڵەیەکە لە ئەنجامی کۆمەڵێك هەڵەی گەورەترەوە دروست بووە، هەر ئەمەش وای لە کەسێکی وەك شۆپنهاوەر کردووە، کە داوا لە مرۆڤ بکات لە ژیاندا دڵخۆش نەبێت، ئەو دڵخۆشییە دڵخۆشی هەمیشەیی نییە، دەرچوونی ئادەم و حەوا لە بەهەشت، سەرەتای دەستپێکردنی گریانی ئاینیی و بوونە، لەگەڵ دەرکردنی ئەو، هەموو ئێمەش لە بەهەشت دەرکراین، ئەو دەرکردنە لە تابلۆی زۆربەی نیگارکێشەکاندا کێشراوە، ئەو دەرکردنە سەرەتای ناچارکردنی هەموومانە بۆ ئەوەی بگرین، سەرەتای فرمێسکڕشتنمانە.

بەڵام شۆپنهاوەر داوامان لێ دەکات فرمێسکمان بۆ زانین بگۆڕین، نابێت کۆمەڵگایەکی گریاناویی بێ زانست دروست بکەین، ئەمە کارێکە هەروا بەسانایی ناڕواتە سەر، ئەمە کارێکە پێویستی بە کۆمەڵێك هەوڵ و پێوەندیی هەیە تا بتوانرێت لە نێو پێوەندییەکاندا جێگەی بکرێتەوە.

پاشان "گۆتە"ش بە دووروودرێژی لە نووسین و رۆمانەکانیدا ئەم گریانەی مرۆڤی خستووەتە روو، ئەو ئازارانەی دەرخستووە کە مرۆڤ نابێت خۆی بداتە دەست هەست و سۆزە شاراوەکانییەوە، گەر وا بکات ئەو هەستە دەیکوژێت.

پرۆسەی گریان لای زۆر لە فەیلەسووفەکان جێگەی مشتومڕو لێکدانەوە بووە، جێگەی گرنگیدان و لێوردبوونەوە بووە، ئەو شتە بووە کە زۆربەی فەیلەسووفانی ناچار کردووە، پێوەندییەکان لە بازنەیەك و



پێوەندییەکی تردا ببیننەوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەم پرسیارە سەرەتای پێوەندیی و لێکدانەوەکان بێت، سەرەتای ئەو وردبوونەوانە بێت کە وای لە زۆربەیان کردووە بپرسن، ئاخۆ ئازاری مرۆڤ سەرچاوەکەی چی بێت؟

کەسێکی وەك شۆپنهاوەر پێی وایە، کە ژیان دەبێت گریانەکانی بۆ زانین بگۆڕین، بەڵام کەسێکی وەك سینکا دەڵێت: "چ پێویست دەکات بۆ بەشێکی ئەم ژیانە بگرین؟ لە کاتێکدا هەموو ژیان گریانە"[٢٤].

# فەلسەفەی گریان

پێشتر ئاماژەمان بە لایەنە دەروونییەکانی مەسەلەی گریان کرد ، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە لە پاڵ دەربڕینە دەروونییەکانیان، دەربڕینی فەلسەفیشیان خستووەتە روو، بەڵام پێوەندیی بونیادە فەلسەفییەکانی گریان تا ئەم ساتەش روون و ئاشکرا نییە، بۆ زانینی ئەوەی کە یەکەمین مرۆڤ کێ بووە گریاوە، یان یەکەمین هۆکار چی بووە بۆ گریان، وا باشترە خۆمان نەخەینە نێو ئەم پرسیارە قووڵەوە ئەگەر خۆشمان تێخست بە سانایی لێی نایەینە دەرەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو هۆکارانەی کە وایان کردووە مێژووی گریان و سەرهەڵدانی گریان روون نەبێت، هۆکاری بوونی لایەنە هەمەچەشنەکانی وەك ئایین و فەلسەفە و زانستە، هەر یەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی بەم شتەوە دەبەستێتەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە پرسیارە پێویستەکان، پێوەستن بە بوونی گریان وەك سروشتێکی ژیان، منداڵ کە لەدایك دەبێت دەگری، مرۆڤیش کە رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە دەگری، ئەمە دووحاڵەتی ژیانە داوا لە مرۆڤ دەکەن سنوورەکانی بوون و دابڕانی خۆی بزانێت.

بۆیە لە رووی فەلسەفەوە دەچینە بنج و بناوانی سەرەتاکان، کە فەلسەفە پشت بە خەیاڵ و مەنتیق دەبەستێت، واتە فەلسەفە نە بە تەواویی شوڕدەبێتەوە بۆ نێو خەیاڵ، نە خۆشی تەسلیم بە نالۆجیك



دەکات، پاشان هەوڵ دەدات لە ژێر کاریگەریی هێزە میتافیزیقییەکاندا هەندێك بۆچوون تۆمار نەکات.

کەواتە لە هەموو پرسیارە فەلسەفییەکانی لە مەڕ بوون و نەبوون، گریانیش ئامادەیە، ئامادەیی ئەو شێوەیەك نییە لە چەمکی فەلسەفی، بەڵام شێوەیەکە لە پێوەندیی فەلسەفی، مرۆڤ بۆیە لە ناخەوە خەم دەخوات و خۆی دەخواتەوە و بە دووی شێوازێك بۆ هەڵڕژاندنی ئازارەکانی دەگەڕێت، بۆ ئەوەیە تا وەڵامێکی بۆ مەسەلە گرنگەکانی ژیان دەستکەوێت، هەروەها بۆ ئەوەش دووبارە لەو بازنەیەدا بێتە دەرێ کە بازنەی بێدەنگیی و هیچ نەگوتنە، پێویستی بوون وا لە مرۆڤ دەکات هەموو ئەو دیاردانە لێکداتەوە کە پێوەستن بە بوونییەوە، دیارە سروشت و سروشی مرۆڤیش بەشێکە لەو بوونە سروشییەی مرۆڤ بە هەموو سیفەتەکانییەوە، کاتێك فەلسەفە لە بوون و عەقڵ و هزر و هەست و مەرگ دەکۆڵێتەوە، دیارە سروشتی شادمانیی و ناشادمانیش بەشێکن لەو سروشتانە، هەر ئەمەشە کە دەبینین فەلسەفە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە مەسەلە گرنگەکانی ناخی مرۆڤ تاڕادەیەك کەمتەرخەم بووە، ئەو کەمتەرخەمییە بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە فەلسەفە هەندێك لە مەسەلە پێویستییەکانی ناخی مرۆڤی تەسلیم بە بەشەکانی تری مەعریفە کردووە، دەبینین لە رۆح کۆڵیوەتەوە، کە خودی رەشبینیی و گەشبینیی مرۆڤیش بەشێکە لەو رۆحە، کاتێك کە دەڵێین رۆحی ماندوو، مەبەستمان لەو رۆحانەیە کە لە قەیرانێکی دەروونیی مەزندا دەژین، کاتێکیش دەڵێین رۆحە شادەکان، مەبەستمان لەو رۆحانەیە کە رەشبینییەکانیان کوشتووە و

هەمیشە پێکەنیناویی بوون، بۆیە فەلسەفەی نوێخوازیی لە بواری باسکردنی لایەنە دڵتەنگەکانی بوونی مرۆڤ، وەکو بێهوودەیی و نامۆبوونی رۆح، تارادەیەك خۆیان لەم مەسەلەیە داوە.

فەلسەفە هەوڵ دەدات ئەو سیفەتە دەروونییانەی مرۆڤ لە بازنەیەکی کراوەدا بخوێنێتەوە، واتە لە گشتگیرییەکی بەرفراواندا کە دەبیەستێت بە مردن و ونبوون و فەنابوونەوە. هەندێك لە فەلسەفە بەرفراوانەکان باس لەوە دەکەن، کە سیفەتی مانەوە و نەمانەوە هەوڵە بۆ دۆزینەوەی پێکهاتن و گەورەبینیی مرۆڤ لە نێو رێچکەی پرسیارە هەمیشەییەکاندا.

گریان گەر بەراوردکردن بێت لە نێوان دیاردە سروشتییەکان، ئەوا بەراوردکردنێکی ئاساییە، لێکچوواندنێتی بە باران و کانی و رووبارەکان، بەراوردکردنە لە نێوان هەنسکی مرۆڤ و قووڵپەی کانیاو و تووڕەییەکانی ئاسمان، ئەم دیاردەیە لە بەراوردکردنی لەگەڵ دیاردەکانی دیکەدا دەقاودەق لێکچوونێکی سروشتییە، کە بوون دروست دەکات، لەو کاتەی مرۆڤ فرمێسك دەڕژێنێت شتێکی نا ماددیی لە ناخی خۆیدا فڕێدەدات، ئەو شتە نامەتریالییانە پێوەندییەکان دەگۆڕن، رۆحێك کە پڕ بوو لە شپرزەیی و نائارامیی و بێزاریی، لەپڕ هەموو ئەوانە دەگۆڕێن و لە ناخەوە دەبنە چەند دڵۆپە فرمێسکێکی سوێرو بە چاوا دێنەخوارێ، نەك ئەوەش هەندێك جار تەسکینییەك وەکو پشووی پاش سەخترین بێگاریی وایە، ئەم دیاردەیە وەك تێربوونی رۆح و شکاندنی تینوێتی گیانە، هەروەها هەمان ئەو دیاردەیە لە سروشتدا وەك بەراوردکردنی رۆحی یەك حاڵەتە و بەردەوامیش کاتێك کانیاوێك دەتەقێتەوە، زەوی لە ناخەوە



خۆئامادەکردنێکی تایبەتی تێدایە بۆ دووبارە خۆ پاککردنەوە و شتنەوەی دەرەوە و ناوەوەی خۆی، لە باراندا هەرچی تووڕەییەکانی ئاسمان هەیە، لەو سنووورەدا ناوەستێت، واتە لە شتنەوەی ئاسمان و پاککردنەوەی زەمین و شکاندنی تینوێتی ئەو زەوییانەی دەمیان بۆ تینوێتی کردووەتەوە بگرە بەردەوام دەبێت تا بەو مەبەستەی خۆی دەگات.

کەواتە کردارو پرۆسەی گریان و رووداوی سروشت، لێکچوواندنە، ئەم لێکچوواندنەی نێوان سروشت و مرۆڤ، بریتییە لە لێکچوواندنی نێوان ئەو شتانەی لە بووندان، مرۆڤ پێویستی بە رژاندنی فرمێسکە بۆ ئەوەی دەروونی خۆی پاك بکاتەوە، مرۆڤ پێویستی بە گریانە بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکەی رابکێشێت، واتە سەرنجڕاکێشانی مرۆڤ لەبەر زۆر هۆ، هۆی دەروونیی و کۆمەڵایەتی. لە سروشتدا شێوە هاوسەنگییەك هەیە دەبێت راگیرێت، بوونی رووبار و کانی دەرئەنجامی بارانە، هەر ئەوانەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك پێوەندیی فیزیایی دروست دەبن، دیسانەوە بەرزدەبنەوە تا ببنە هەڵم و پاشان وەکو باران بڕژێنە خوارەوە، لەو میانەشدا ئاسمانیش پێویستی بە گریانە، بێگومان گریانی سروشتی، هەروەها کانیاوەکانیش ئابڵۆقەو پەنگخواردنەوەی زەمینن، پێویستیان بە ئازادبوون و دەرچوونە، بۆیە دەتەقنەوە.

لێکدانەوەکانی سروشت لە رووی زانستیی و پێکهاتەییەوە زۆر لە مرۆڤ دەکات، بۆیە هەندێك دیاردەیان هەیە لێکچوواندنی سروشتییانەی بوونەوەرەکانە، ئەم مەسەلەیە بۆ فەلسەفە لێکدانەوەیەکی ترە، فەلسەفە پێویستی بەوە هەیە تا بزانێت جیاوازییەکان لە چ جێگایەکدا دەوەستن و

لە چ جێگایەك پێوەندییەکان قەتیس دەبن، بۆیە ئەوەی لە سروشتدا روو دەدات، ڕێك ئەوەیە لە ناخی مرۆڤ روو دەدات، بەڵام لای سروشت دەربڕینی دەروونیی و هەست و نەستی هەیە، ئەو دەربڕین و هەست و نەستە ئێمە لە سروشتدا نابینین، کە ئەمەش جیاوازییەکەیە.

هەمان ئەو مەسەلەیە بۆ فەلسەفە جێگەی مشتومڕە، ئەو شتەیە کە لە نێوان مرۆڤ و پێویستییە هەستی و هۆشمەندییەکاندا هەیە، مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ ئەو بارانانەی بەسەر کێڵگەکانی رۆحیدا دادەکات لە پێوەندییەکی دیالەکتیکیدایە. مرۆڤ وەك بەشێك لە بوونی سروشت وەك دیاردەیەکی سروشتی پێویستی بە ئامادەبوون و بەردەوامییە، بۆ ئەوەش پێویستی بە پێوەندییە، لەم پێوەندییەدا هەندێك جار سەرکەوتووە و هەندێك جاریش ژێرکەوتوو. مرۆڤ (زۆرجار مرۆڤ پاش مەرگی کەسێك پێویستی بە تازییە، ئەمەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژیی خەم نییە بەقەدەر ئەوەی بۆ تەبریرکردنی هەستی خۆیەتی، بەوەی ئازارەکەی بە شێوەیەکی زۆر باڵا کەمیکردووەتەوە)[٢٥]. کەواتە مرۆڤ لە خەم و خەمباریدا لە حاڵەتێکی تەواو هاوشانە لەگەڵ سروشتدا، مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو شتانەی خۆی بەرپای دەکات، لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی خەم و ماڵوێرانیی پەنا دەباتە بەر گریان، پەنا دەباتە بەر شێوەکانی تری دەربڕینی خەمەکانی، مرۆڤ زۆرجار وەك و سروشت خۆی دەبێتە هۆی ماڵوێرانیی خۆی، مرۆڤ جەنگ بەرپا دەکات و خۆشی ئەو جوانییە لەخۆی تێك دەدات، کە خۆشی نازانێت هۆکەی چییە، هەر خودی مرۆڤ لە زۆر لە پێوەندییەکانیدا



لاساییکەرەوەیەکی دیاردە سروشتییەکانە، لافاو و بورکان و تۆفان و زەمین لەرزین بەشێکن لە تووڕەییەکانی سروشت کە جوانیی لە جەستەی خۆی دەڕەوێنێتەوە، ئەو بەو کردارەی نائارامییەك بە خۆی دەبەخشێت، بمانەوێت و نەمانەوێت شێوەیەکە لە وەڵامدانەوەی ناخ.

لای مرۆڤ، کارەکان دەبنە شێوەیەك لە وەڵامدانەوەی دەروونیی، زۆربەی زۆری ئەو کردارانەی لە ژیانی رۆژانەی ئاسایی مرۆڤدا دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت، باس لەو بێدارییانە دەکەن - کە مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان دەکات، زۆربەی رووداوە سروشتییەکان، راڤەکردنێکە بۆ بێزاریی زەوی، فەلسەفەی ژیانیش دەڵێت تەنیا لە نائارامیدا مرۆڤ لە قوڕگ و ژیانی خۆیدا هەنسك دروست دەکات. هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد، زۆربەی ئەو پێوەندییانەی نێوان مرۆڤ و زەوی ئەوەمان لا دروست دەکەن، کە مرۆڤ و زەوی دوو دیاردەن لە هەست و نەست و هۆش، هەروەها هەردووکیشیان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگرین، هەردووکیان پەیامێکی رۆحیی لە ناخەوە پاڵیان پێوە دەنێت، لە مرۆڤدا ئازارە رۆحیی و جەستەییەکانە، لە زەویدا ئەو هۆکارە سروشتییانەن تەنگی پێ هەڵدەچنن، لە مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤیشدا هەروەك چۆن سروشت بەشدارە، لە وێرانکردنی ئەو سروشتەشدا مرۆڤ بەشدارە، بۆیە لەم بەراوردکارییەدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە مەسەلەی گریان لە لای سروشت وەکو مەسەلەی گریانە لای مرۆڤ، هەردووکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵ دەدەن بەشداریی لە تراژیدیای ژیاندا بکەن، بە هەموو ناخۆشییەکانییەوە، کەواتە سروشت و مرۆڤ بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە،

خاوەنی شێوەیەك لە پێوەندیی دەروونین، لێرەدا مەبەستم بە مرۆڤکردنی سروشت نییە، بە رادەی ئەوەی دەمەوێت بڵێم ئەم دووانە هەستێکی ناوەکییان هەیە، واتە هەردووکیان پەرچدانەوەیان هەیە، ئەو هەموو ئازارانەی کە بەریان دەکەوێت و ئەو حاڵەتانەی کە شۆکیان لا دروست دەکات، کەواتە ئەم پێوەندییە رۆحییە، پێوەندییەکە لەسەر ئاستی دوو لایەنە.

ئەو فەیلەسووفانەی لە مرۆڤ کۆڵیونەتەوە، بە هەمان شێوەش باسی هەست و سۆزو هەڵچوون و داچوونەکانی مرۆڤیان کردووە، زۆربەی زۆری فەیلەسووفەکانی سەردەمی یۆنانییەکان هەر لە سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆو ئەبیقۆرو ئەرستۆفان و ئەرخەمیدس تا ئەگاتە فەلسەفە نوێیەکان، باسی هەست و سۆزی مرۆڤیان کردووە، باسکردنیان بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەو جەدەلییەتە بووە کە لە نێوان من و ئەودا هەیە، بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی شەڕخوازیی و خواناسی و حەکیمی.

(ئەو فەیلەسووفانەی لە مانای ژیان و چارەنووسی مرۆڤ وردبوونەوە، ئەوەیان تێبینی نەکرد کە خودی سروشت ئیفادەکانی ئێمەی لەم شێوە کارانەدا گرتووەتە ئەستۆ. بە نیشانەیەکی زۆر ئاشکرا ئاگادارمان دەکاتەوە، کەوا ئێمە بە چارەنووسی خۆمان گەیشتووین. ئەوەش نیشانەی شادمانییە)[٢٦]. کەواتە نەگەیشتن بە چارەنووس تووشی ناشادمانیمان دەکات، تووشی نائومێدیی و رەشبینیی و خەممان دەکات تا دەگاتە گریان و فرمێسکرشتن. هەوڵی فەیلەسووفان ئەوە بووە، کە باشترین رێگا



بدۆزنەوە بە مەبەستی گەیشتن بە حەقیقەت، حەقیقەتیش واتە دوایین خاڵی چێژ، مرۆڤ لە خۆشترین چێژدا، دوایین ساتە ناخۆشەکانی لەبیر دەچێتەوە، نەك تەنیا ئەوەش، کاتێك کە مرۆڤ بە حەقیقەت ناگات، لە شێوەیەك لە نائارامیدا دەژی.

ئەرستۆتالیس، کە (باس لە مەسەلەی هۆکارەکانی هەڵچوون و هەڵچوونەکان دەکات، لای ئەو زانست و رەوشت، هەروەك ونبوونی عەقڵ و تووڕەیی، یان جەستەیی بن وەك چۆنییەتییەکانی جەستە...)[٢٧]. هەروەها ئەریستۆتالیس ئەوەش دیاری دەکات ئەو تووڕەیی و رووداوە جەستەییانەی لە دەرەوەی دەسەلاتی عەقڵدا روو دەدەن دەبنە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە جەستەدا، ئەریستۆتالیس زۆر بە وردیی باس لە سیفەتە گۆڕانخوازەکانی جەستە و هەڵچوونەکانی جەستەو عەقڵ دەکات، دەکرێت بوترێت کە ئەم زاتە وەك یەکەمین سەرچاوە زۆر وردبینانە باسی لە سیفەتی مرۆیی کردووە، کە باس لە تووڕەیی و هەڵچوون دەکات، وەك سیفەتێکی هەستیی و پێوەست بە ناخی مرۆڤەوە لێکی دەداتەوە.

هەر لە سەردەمی یۆنانیدا، ژمارەیەکی زۆر لەو فەیلەسوفانەمان بەرچاو دەکەوێت کە زیاد لە پێویست لە ناخی مرۆڤ کۆڵیونەتەوە. ئەریستۆتالیس چەمکێکی هەبوو پێی دەوت هەڵچوون، مەبەستی لەم هەڵچوونە هەموو ئەو سیفەتانە بوو کە لە لەشەوە یان لە عەقڵەوە دەهاتنە دەرەوە. خەم و گریان و تووڕەبوونیش بریتی بوون لەو سیفەتانەی لەگەڵ مرۆڤدا دەژیان و گەورە دەبوون، سیفەتی هەر شتێك بە شتێکی دیکەوە ئەو ناوی لێنابوو چۆنییەتی، چۆنییەتی هەنگوین لە هەڵچوونی

شیرینییەکانیدا مانا دەبەخشێت، بەبێ ئەو شیرینییە ئێمە ناتوانین لە هەڵچوونەکانی ئەو مادە شیرینە بگەین، سیفەتی جەستەش لە پێکەنین و گریان و هاوارکردن و توڕەبووندا بریتین لە کۆمەڵێك سیفەتی تایبەت، کە چۆنییەتی پێکهاتەی هەستی مرۆڤ پێکدێنن، کەواتە بەبێ ئەو شتانە ئێمە لە چۆنییەتی سیفەتی مرۆڤ ناگەین، نەك ئەمەش مرۆڤ خاوەنی چۆنییەتی خۆیەتی، بەبێ تووڕەبوون، نازانین هەڵچوونەکانی توڕەبوون لای ئەو مرۆڤە چۆنە، بە بێ سۆزداریی و چۆنییەتی سۆزداریی لە گریان و هەستی تاکەکەس ناگەین. زەوییەك چۆنییەتەکەی لە هەڵچوونەکانیدا دەردەکەوێت، ئەگەر زەوییەکی کشتوکاڵیی بێت ئەو کاتە هەڵچوونەکانی بریتین لە سەوزبوون و بەپیتیی و هێنانەبەری میوە و سەوزە و خۆراك، گەر ئەو زەوییە دەیم بێت شتێکی تر و گەر سارا بێت مانایەکی تری هەیە، گەر بورکاناویی بێت، ئەو هەڵچوونەی ئەو زەوییە هەیەتی هەڵچوونێکی تووڕەییە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە فەلسەفەی گریان بگەین، پێویستمان بە تێگەیشتنی فەلسەفەی رۆحە، رۆحی کلتووریی ئەو کلتوورەی لە نێو تایبەتمەندییەکانی خۆیدا دەستنیشانی ئەو پێوەندییانە دەکات، کە رۆحی تێدا پەروەردە دەبێت، پەروەردەبوونی رۆح لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازیی هەیە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێوەندییەکانی لەسەر هەست و نەست بونیادنراون، تێگەیشتنێکی تایبەتی هەیە بۆ هەڵچوون و سۆزەکان، هەروەها گەرمیی و ساردیی رۆح و پێوەندییەکان، شتێکی هەستیاریی و قووڵی پێوەندییەکانە، سۆزداریی مانابەخشینە بە هەموو



ئەو هەڵسوکەوتەی کۆمەڵگا دروستی دەکات، لەسەر ئەو بناخەیەش کلتووری فەلسەفی کۆمەڵگایەك دروست دەبێت، هەر کۆمەڵگایەك تێگەیشتنی خۆی بۆ فەلسەفە هەیە، لە نێو کلتوورێکی تایبەت شتێك نییە ئەم لەوی تر جودا بکاتەوە بەهۆی هەستەکانەوە، هەست بەشێك لە بونیادی فەلسەفەی ئەو گەلە پێکدێنێت، بۆ نموونە کلتوورێك نییە پێی بگوترێت کلتووری گریان، هەروەها فەلسەفەیەکیش بۆ گریان بوونی نییە، بەڵام پێوەندییەك هەیە تێیدا مرۆڤ دەتوانێت مانای ئەو چەمکانە دەستنیشانیشان بکات.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رۆح ئازاری گەورەی بینیوە، هەر لە ململانێکانی نێوان مرۆڤ و خواکان و ئاییندا تلانەوە و کەسەر بوونی رۆرح روویداوە، لە ململانێکانی نێوان مرۆڤ و سروشتیشدا مرۆڤ ئازاری رۆحی بەرکەوتووە. یەکەمین ئازاری مرۆڤ دەرپەڕاندنی بوو لە خۆشییەکانی بوون و کەون، ئەویش دەرکردنی بوو لە بەهەشتی نەمریدا، یەکەمین خەمی مرۆڤ بێبەشبوونی بوو لە خۆشییە خواییەکان، هەروەها ترسی تەنیایی و خەم و پەژارەشی بۆ ئەو زەمینە سازگارانە بوو کە بەجێیهێشتبوو، هەر لە رووبارە زیندووەکانی ژیان تا سەرزەمینە سەوزەکانی نەمریی. پاشان مرۆڤ فێری یەکتری کوشتن و سەربڕینی یەکتری و چاندنی تۆوی مەرگ بوو بەسەر ئەوی تردا، ئەمانەش لەگەڵ خۆیاندا، مەزنییەکانی مرۆڤیان خستە بەردەم بەرپرسیاریی و خەمخواردن و فرمێسك هەڵڕشتن. کارەکە تەنیا لەم سنوورەدا نەوەستا، بەڵکو ئەوانەشی لە سەردەمە مەزنەکانی تەنیاییدا بوون، بەشێك بوون لەو دەرگایانەی کە هەرگیز دانەدەخران و

ئەو سارایانەی هەرگیز سەوز نەدەبوونەوە، سروشت و مرۆڤ بوون بە دوژمنی سەرسەخت، بوون بەو دووانەی کە لە تراژیدیای براکوژییەکە وێرانتربوو، مرۆڤ بێ وەستان بەگژ سروشتدا دەچووەوە، بەردەوام شکستی دەخواردو نائومێدیی لە ناخیدا سەوز دەبوو. هەروەها پێوەندییەکانیش لەگەڵ خۆیاندا خەمی گەورە گەورەی دروست دەکرد، سروشت بەردەوام دیاریی چاوەڕواننەکراوی پێشکەش بە مرۆڤ دەکرد، بەردەوام وێرانکاریی و رووخان و زەمینلەرزە و لافاو و بوورکان و تەقینە یەکبەدواییەکەکانی پێشکەش بەو دەکرد. ئەوەندەی دیکە مرۆڤیان تووشی ونکردنی نائومێدیی و گەڕان دەکرد بەدووی شێوەکانی خەمدا.

بۆیە ململانێ جۆراوجۆرەکانی ژیان وای لە رۆحی مرۆڤ کرد زێدەتر ئاشنای ناخۆشییەکان بێت تا خۆشییەکان، رۆح بەردەوام لە نوشستییەکەوە بۆ نوشستییەکی تر دەڕۆیشت، زۆربەی زۆری ئەو هەوڵانەی بۆ رەهابوون بوو لەم ململانێیە، کە ئەمەش لە ئەنجامدا وایان لە مرۆڤ دەخوازی کە بەدووی راستیدا بگەڕێت، وایان لە مرۆڤ دەخوازی بەدووی ئەو شێوازانەدا بگەڕێت کە زیاتر لە خۆشیی نزیکی دەکاتەوە، پەیدابوونی کۆمیدیاکان هەر لە سەردەمی ململانێکانی مرۆڤ بۆ ئەوە بووە تا خەم و ئازارەکانی بە شەنی نمایشەکان بداتە بەر نسرمی پێکەنین، کەواتە هەوڵێك لە ئارادا بوو بۆ هێورکردنەوەی ئەو هەموو خەم و گریانە، پەنابردن بۆ خواکان و خۆحەشاردان لە نێو خەڵوەتگاکانی پەرستییدا وایان لە مرۆڤ کرد، وردە وردە بەو راستییە بگات کە شتێك هەیە پێی دەوترێت تەسکینیی. هەرچەندە هەندێك کەس ناویان لێنا هەڵاتن و



خۆشاردنەوە لە راستییەکان، بەڵام رۆح پێویستی بەو پەنابردنە هەبوو، رۆح پێویستی بە تەسکینیی بوو، خواو پەرستگاکان تاکە سەرچاوە بوون بۆ تەسکینیی، هەندێك جار ململانێکان لە ئەنجامی رووداوێکی ناوەختدا دادەگیرسانەوە، ئەمە زیاتر وای لە مرۆڤ کرد بەدووی سەرچاوەی نهێنی ئەو هێزانەدا بگەڕێت کە تووشی ئەو هەموو تراژیدیایەی کردووە، رەهابوونی مرۆڤ لە دەستی ململانێکانی نێوان خۆی و نێوان سروشت وای لێ دەکرد هەمیشە بەدووی پرسیاردا وێڵ بێت، وای لێ دەکرد زێدەتر بپرسێت چ کاتێك دەتوانێت بەشێك بێت لەو هێزەی کە لە دەست خەم و ئازارو گریانەکان قورتاری دەکات.

لەو کارە هونەرییانەی کە مرۆڤی سەرەتایی ئەنجامی داون، گەلێك نموونە دەبینین لەرووی هونەرییەوە پێشکەوتوو بوون و دەربڕی بارە دەروونیی و هەستییەکانی مرۆڤ بوون، وێنە فرمێسکاوییەکانمان دەبینی، مرۆڤی گریاو و پێکەنیناویی دەبینین، ئەو کەرنەڤاڵانە دەبینین کە بە وێنە لەسەر دیوارەکان کێشراون، ئەو وێنانەی نموونەی زیندووی پێکەوەبوون و بەردەوامی بوون، ئەو نموونانە بریتی بوون لە کۆمەڵێك کاری هونەریی کە دەربڕبوون لە کۆمەڵێك کەرنەڤاڵی ئایینیی، بەمەبەستی ئایین و سیحر دروستکراون (بە شێوەیەکی تر دەڵێین ریتوێڵە ئایینییەکان شتێکی زۆر ئەفراندەربوو، لەبەر ئەوەی لەو دڵەڕاوکێیەی کەم دەکردەوە کە بەهۆی ئەو بڕە هەڵوێستە ئەنتۆلۆژییانەوە دروست دەبوون، کە بە شێوەیەکی رۆشنبیرانە بەکاریان دەهێنا. لەدایکبوون و مەرگ و گەشەکردن و جووتبوون و جیابوونەوەو نەخۆشیی - یاخود بە شێوەیەکی گشتیی،

وەرگرتنی رۆڵی نوێ، یان چوونە ژێرباری بەرپرسیارییەکی نوێ، یان چوونە نێو ئەو بارە سایکۆلۆژییە نوێیانەی کە ژیان و کۆمەڵگا دەستنیشانی دەکردن- هەموو ئەم شتانە کۆمەڵێك بۆنەیان پێکدەهێنا بۆ دراما خێڵەکییەکان)[٢٨]. کەواتە مرۆڤی سەرەتایی هەر لە بناغەوە هەوڵیداوە پەنا بەرێتە بەر هێزە غەیبییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازارە دەروونییەکانی خۆی، بۆ کەمکردنەوەی ئەو خەم و گریانانەی کە تووشی دەبوون و چاوەڕوانی بوو کە تووشی بێت.

فەلسەفە تەنیا لەو چرکەیەدا نەوەستا کە هەست و ئازارەکانی مرۆڤ بخوێنێتەوە، بگرە بە دووی هۆکار و لۆژیکی ئەو هەموو هەڵچوون و سۆزانە دەگەڕا، زۆربەی ئەوانەی کە لەم بوارەدا هەوڵی دەستنیشانکردنی بوون و دروست بوون و مەرگی مرۆڤیان کردووە، هەوڵیانداوە ئەو پرسیارانە بوروژێنن، کە پێشتر ئەو پرسیارانە بەو شێوەیە لەلایەن شێوە زانستەکانی تری مرۆڤەوە نەخراونەتە روو، کە ئەمەش ئەرکێکی نوێی لای فەلسەفە دروستکرد، کە زۆر وریایانە و قووڵ بڕواتە نێو ئەرکە مرۆییەکانەوە.

فەلسەفە تەنیا لەو سنوورەدا نەوەستا، بگرە بوونی مرۆڤ و پێکهاتەی مرۆڤی بەستەوە بە کۆمەڵێك شتەوە، وەك"ترس و خۆدۆزینەوە و نزیکبوونەوە، کەواتە ئەو سێ بارەش کەم تا زۆر پێوەندییان بە مەسەلەی هەستەکانەوە هەیە، مرۆڤ کاتێك بیر لە ترس دەکاتەوە، بێگومان بیر لە لەدەستدان دەکاتەوە، ئەم شێوەیە، فەلسەفە ناوی لێناوە ترس لە چێژوەرنەگرتن، مرۆڤ کە چێژی وەرنەگرت، تووشی ترسی هەمیشەیی



دەبێت، خۆدزینەوە شێوازێکە بۆ دووبارەبوونەوەی ساتەکانی مرۆڤ لەو رۆتینانەی کە ئازاری دەدات، پاشان هەوڵی نزیکبوونەوە دەدات لە ژیان و خۆبەستنەوە بە ژیان، هەست و سۆزیش پێویستی بەم خۆبەستنەوەیە هەیە، هەتا لە ژیان بین دەگرین و پێدەکەنین، هەتا هەین، ژیانمان گەشە دەکات و پێش دەکەوێت، کە ئەمەش بۆ خۆی حاڵەتێکە لە بەردەوامیی ژیان.

ئارتۆر شۆپنهاوەر، لە وتارێك بەناونیشانی "پشتگیریی و رەتکردنەوەی حەزکردن بە ژیان" دەڵێت: نەویستنی ژیان لای هەندێك کەس مانای ئەوە نییە کە قینی لە ژیانە، بەڵکو قینی لە بوونە، بۆیە جیاوازیی نێوان ژیان و مردن، جیاوازیی نێوان ئامانجە، فەلسەفەی یۆنانی ئامانجی دروستکردنی ژیانێکی خۆش بوو، بەڵام هیندۆسەکان ئامانجیان رزگاربوونە لە ژیان.

گەر تەماشای دوو لێکدانەوەی ئەم فەلسەفەیە بکەین، تێدەگەین کە روانین بۆ خۆشیی و ناخۆشیی لە فەلسەفەیەکەوە بۆ فەلسەفەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەم گۆڕینە سەرەتای پێکەوەبوون و هەوڵدانە بۆ دووبارەکردنەوەی سەرەتا و کۆتاییەکان، هەروەها هەوڵە بۆ بیرکردنەوە لەو بۆچوونەی کە ئایا دەبێت پێبکەنین یان بەردەوام بین لە قووڵبوونەوە بۆ ناخی مەسەلە گرینگەکانی ژیان و خەم بۆ هەموو شتێك بخۆین.

"ئەگەر بە چەمکی (شت لە نێو خۆیدا) دەست بە تێگەیشتنی جیهان بکەین، ئەو کاتە تێدەگەین کە ئەو کارە تەواو بە مێشك و بوونەوە کارێکی داهێنەرانەیە، بەڵام گەر هات و لە رووی ئەزموون و رووی دەرەوە

دەستمان دایە تێگەیشتنی جیهان، ئەو کاتە بە چ ئەنجامێکی جیاواز دەگەین!"[٢٩]، تێبینی دەکەین کە شۆپنهاوەر لە زۆربەی لێکدانەوەکانی بۆ ناخ دەگەڕێتەوە، لە هەر شتێکدا ناخ دەکاتە سەرەتا و کۆتایی، کە ئەمەش تێگەیشتنە لە چۆنییەتی لێکدانەوەی هەست و بیرکردنەوە و بوونی مرۆڤ.

بەهەرحاڵ، فەلسەفە بەو قووڵییە چووەتە نێو بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ژیان و پێکەوەبوون، هەروەها هەوڵیداوە هەموو ئەو مەسەلانە پێکەوە ببەستێتەوە کە لەسەر یەك هێڵ و لە دوو پێوەندیدان.



## گریان و ئایین

ئایین وەکو پێویستییەك، لە ئەنجامی ئەو هەموو ململانێ مەزنانەی کە ئابلۆقەی مرۆڤیان دابوو پەیدابوو، پەیدابوونی ئایین پێویستییەکی سروشتی بوو، پێویستییەك بوو، گەڕانەوە لە کاتی تەنگانەو لەو ساتانەی کە چیتر مرۆڤ وەڵامی پێ نامێنێت، وەڵامی پێ نامێنێت بۆ ئەو پرسیارانەی کە ژانەکان و گرفتەکانی کەم دەکەنەوە، گەڕانەوە بۆ تەسکینی.

تا وەڵامێکی دەست بکەوێت، خودی ئایین وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ پێویستی بوونی هەستەکان و ئازارگەیشتن بە هەستەکانی مرۆڤ، ئاینەکان ویستیان ئەو پرسیارانەی مرۆڤ وەڵام بدەنەوە کە بەردەوام دەربارەی چارەنووسی خۆیان دەیانکرد. مرۆڤ پەنای بردە بەر ئایین بۆ ڕێکخستنی ئەو ژیانەی کە پڕ لە تامەزۆریی و خەم و کەساسیی و گریان بوو، لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا مرۆڤ دەیویست خۆی ڕێك بخات، بۆ نموونە (لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بڕێکی زۆر کامڵبوون لە نێوان هەموو شێوە سەرەکییەکانی کلتووردا هەبوو، بۆ نموونە لە نێوان ئایین و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، لە نێوان بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی ئابووریی، لە نێوان ڕێکخستنی ئابووریی و تەکنەلۆژیا و ڕەگەزە سیحرئامێزەکان و پراکتیکەکاندا پێوەندییەکی چوونییەك و ڕێکوپێك هەبوو)[٣٠].

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئایین هەوڵ بووە بۆ وێناکردنی ئەو شتەی کە وێناناکرێت، یان ئایین گوتنی شتگەلێك بووە کە گوتنی ئاسان نەبووە، رێك دەکرێت وابێت، وزەی مرۆڤ هەمیشە بەدووی ئەوە بووە کە بزانێت چی لە دەوروبەری روو دەدات، کەواتە مرۆڤ هەوڵیداوە لە نێوان هەموو دیاردەکانی سەردەمی خۆی پێوەندییەك بەرپا بکات، پێوەندییەکی پتەو، ئەویش بە مەبەستی خۆلادان لە سەرشێواویی و هەڵەشەیی و تێکەڵۆپێکەڵیی. هەر لەم روانگەیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان باس لە کۆمەڵگای سەرەتایی دەکەن وەك کۆمەڵگایەك لە نارێکیی ترساوە، هەربۆیەش بۆ رێکخستنی ژیانی خۆی خەمی خواردووە، ئەمەشی بە کۆمەڵێك شتی گرنگ ئەنجامداوە، وەك دۆزینەوەی باشترین شێوەی پێکەوەژیان، دوورخستنەوەی ترسناکیی، گەڕان بەدووی ئەو هۆکارانەی مرۆڤ تووشی نائۆمێدیی دەکەن، ئاینیش وەکو یەکێك لەو کەرەستانە، هەوڵێك بووە بۆ نەهێشتنی ئازارە رۆحییەکان.

بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی نەدەدۆزرانەوە و ئاشکراکردنی ئەو پرسیارانەی وەڵامیان نەبوو، ئایین هاتە پێشێ، خۆی لە وێزەی ئەو تەنگژ و تەڵەزگانەدا کە مرۆڤ لە بەردەمیدا لە سەرسووڕمانی بەردەوامدابوو، هەروەها کردنی ئەو دیاردانەی کە نەکرابوو (ئایین هەوڵدان بوو بۆ تەسەورکردنی ئەو شتەی کە تەسەور نەدەکرا، گوتنی ئەو شتەی نەدەکرا تەعبیری لێ بکرێت، ئایین کۆتێك بوو بەرەو ناکۆتایی)[٣١]. پێش ئەوەی بچمە نێو زیاتر قووڵبوونەوە لە پێوەندییەکانی ئایین و خەم و ناسۆریی و گریان و فرمێسك و هەنسك... هتد، پێویستە لەوە بگەین کە ئایین چییەو



چی دەگەیەنێت؟! هەروەها چ پێناسەیەکی بۆکراوە؟ ئایین بە هەرسێ پێکهاتەکەیەوە، کە بڕوا و ریتوێڵ و ئەفسانەیە، پێکهاتەیەکە لە پێناسەی و هەوڵێکیشە بۆ دووبارە داگیرسانەوەی ئەو مۆمانەی کوژابوونەوە، ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت ئایین بڕوابوونە بە هێزێکی مەزن و نوێژکردن و قوربانیدان و پەرستن.

ئایین هەوڵیداوە خوێندنەوەی ئەتوار و رەوشتی مرۆڤ بێت، هەوڵی خوێندنەوەی دەرەوە و ناخی مرۆڤی داوە، واتە خوێندنەوەی ئەو هێزانەی پێوەندییەکانی دیاریی دەکەن، وەك دەوروبەرو کاریگەرییە دەرەکییەکان و هەروەها بەسەرهاتە ئەفسانەییەکان کە رۆح دەشۆنەوە، یان رۆح بە هەندێك بەسەرهاتی پیرۆز و بەسەرهاتی نامەئلوف سەرقاڵ دەکەن. بۆیە رۆح لە مەسەلەی ئاییندا پێوەستێکی گرنگە، زۆربەی ئاینەکان رووبەرێکی فراوانیان بۆ لێکدانەوەی رۆح تەرخان کردووە.

ئایین بەشدار دەبێت لە دووبارە نووسینەوەی مێژووی رۆحی مرۆڤ، ئەو مێژووەی رۆح تێیدا وەك پێویستییەك لە پێویستییەکانی ئایین خرایە بەردەم لێپرسینەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ دیاردەکانی تر، کە ئەمەش بۆ خۆی وای کرد کە ئایین، رۆح لە شێوەیەکی تردا ببینێت و شێوەی بەرپرسیاریی پێبەخشی، رۆح ئەو شتە خەیاڵییەی کە مرۆڤ پێش ئاینەکان تەفسیرێکی تەواوی بۆ نەبوو، لەگەڵ ئایندا ئەو رۆحە بوو بە خاوەنی شوناسنامە، واتە بوو بە خاوەنی بەرپرسیاری لە مامەڵەکردنە ژیارییەکاندا، واتە رۆح سەرەڕای ئەوەی شتێکی ئایدیالیستی بوو، بەڵام لە مەفهومی ئاینیدا مامەڵەی مادیی لەگەڵدا دەکرا، وەکو بەرپرسیاریی

رۆح بەرامبەر بە کارە شەڕخوازییەکان و بەرپرسیاریی بەرامبەر بە لاساریی و خراپەکاریدا و هەروەها هۆشیارییەکانی رۆح لە پەشیمانبوونەوە و خۆسەرزەنشتکردن، کە ئەمەش زیاتر لە شێوە ماددییەکانیدا کاری پێ دەکرا، نەك لەگەڵ رۆحێکی نەبینراودا، ئەمەش بۆخۆی وای کرد کە پێوەستی هەست و رۆح پێوەستێکی پتەو بێت، بە تایبەت لە نێو کایەی ئاینیدا، ئایین بۆ خۆی سەرچاوەیەکی تایبەتی دۆزییەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆحدا.

وەك لەسەرەوە خوێندمانەوە، هەستکردن بە ناکۆتایی، واتە ئەم دیاردەی ناکۆتاییە بریتییە لەو حاڵەتەی کە زەین بەرامبەر بە دیاردەکان ناتوانێت بڕیار بدات، بگرە تەسلیم بە هەستەکان دەبێت، تەسلیمبوون بە هەستەکان، واتە پڕکردنەوەی ناکۆکییەکان، واتە پاڕانەوەو گریانی رەبەنێك یان موریدێك یان بڕواهێنەرێك لەبەردەم پەیکەرو هێزی خواکەیدا، هەستێکە بە ترس، ترسی تۆڵە و شتنەوەی گوناهەکان، هەوڵە بۆ سڕینەوەی بازنە بێهودەکانی ژیان، ئەو کاتەی ئەو لەبەرامبەری خواکەیدا چاوەڕوانی ئاسوودەییەکی رۆحییە، لە ناخییەوە دەگاتە ئەوەی خوا گوێی بۆ ئازارەکانی هەڵخستووە. **ئەمیل دۆرکهاییم** لە پێناسەکردنیدا بۆ ئایین دەڵێت: (ئایین رژێمێکی رێکوپێکی بڕوا و مومارەسەکانە کە لە بارەی بابەتە پیرۆزەکانەوەیە، لە نێوەندی دنیایی جیای دەکاتەوە و بە کۆمەڵێك شتی جۆراوجۆری مەحرەم دەوری دەدات و ئەم بڕواو مومارەسانە هەموو ئیماندار و ئەوانەی لە نێوەندیدا کاردەکەن، لە کۆمەڵێکی مەعنەوییدا کۆیان دەکاتەوە، کە پێی دەوترێت کڵێسا)[٣٢]. هەروەها لە مەفهومی



ئاینە ئاسمانییەکانی دیکەشدا، ئایین بەو شێوەیەی کە هەیە، بۆ کۆکردنەوەی مرۆڤ و دووبارە رێکخستنەوەی رۆحی مرۆڤ بووە، نەك تەنیا ئەو پێناسەی دورکهاییم، بەڵکو دەشکرێت بوترێت"ئایین بریتییە لە دووبارە بەخشینی پێوەندیی بە مرۆڤ و رۆح". هەستی مرۆڤ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ بۆ نێو پەرستگاکان رادەکێشێت، زۆربەی ئاینەکان بەرگریی لە هەستی مرۆڤ دەکەن، بەرگریی لە توانای مرۆڤ دەکەن، چ وەکو دیاردەیەك کە پێوەستی بە خواپەرستی هەیە دەربارەی پاداشت و تۆڵە یاخود وەك شێوازێك بۆ وەبیرهێنانەوەی مرۆڤ لەبارەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی تێکدانی ساتەکانی خۆشحاڵیی و هۆکارەکانی پەیدابوونی گریان و بەدبەختیی.

دیاردەی ئاینیی بەهەر سێ شێوەیەکەیەوە، واتە شێوەی تاکەکەسی و دەستەجەمی و دەزگاخوازیی، هەوڵدانێك بووە بۆ رێکخستنی مرۆڤ لە نێو چەند دەزگایەکی یەکگرتوودا، کە هەوڵی بونیادکردنەوەی ئەو رەوشتانە بووە کە مرۆڤ لەدەستی داوە، هەوڵ بووە بۆ زیدەتر ئاسانکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ، ئەگەر هەندێك جاریش لە رێبازەکەی خۆی دەرچووبێت، هەوڵێك بووە لە کرۆکی ئەسڵی ئاییندا نەبووە، بەڵکو دەزگاخوازیی وای لێکردووە ببێتە هۆکاری دروستکردنی خەم و گریان، ئایین خودی خۆی هەوڵی ئەوە بووە فرمێسکەکان بسڕێتەوە و خەمەکان بڕەوێنێتەوە و ئەو دەرگا داخراوانەی رۆح بکاتەوە، ئەو تارماییانە بڕەوێنێتەوە کە بەر دیدەی دڵشکاوان دەگرێت، ئەو منداڵە بێ باوکانە هێورکاتەوە کە هەنسکی هەتیویی لە چاوەکانیاندا وەکو باران دەبارێت، هەوڵی ئایین هێورکردنەوەی

ئەو شیوەنانە بوو کە لە ئاستی جەستە ئازیزەکاندا بەرپا دەکران، هەوڵی ئایین کوژاندنەوەی ئەو نارەزاییانە بوو کە مرۆڤ بەرامبەر بە کردەکانی خوا دەریان دەبڕی، هەوڵی ئایین ئاوڕدانەوە بوو لە دڵشکاوان و کەمکردنەوەیان، نەك زیادکردنیان، هەوڵی ئایین بازدان بوو بەسەر ئەو شتانەی ڕێگر بوون لە خواپەرستیی، وەك: گریان و حەسرەت و ناڕازیبوون، کەچی دەبینین لە مێژووی هەندێك ئاییندا ئەوەندەی فرمێسك هەیە، بە دەگمەن پێکەنینەکان دەبینین، ئایین بە هەموو شێوەکانی و زەمین و ئاسمانەکانی لە پشتییەوە پەیامی خۆشبەختیی بووە، هەوڵێك بووە بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە پەراوێزبوون و ڕێکوپێککردنی ئەو خانانەی کە دەوری دابوون، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دروشمێکی تایبەت بە خۆی و دروشمەکانی تەنیایی هەڵگرێت و لەگەڵ خوای خۆیدا لە خانەی خۆشەویستیدا بێت.

ئەم هەموو پەیامەی ئایین لە نێو زەمینەی جێبەجێکردندا، وای لێهاتووە لە زۆر مەودادا ئەرکی مرۆڤی قورس کردووە، ئایین بە هەموو لێکدانەوە و هەوڵەکانی خاوەن مەبەست بووە، ئاینێك نابینین بە بێ مەبەست، ئاینێك نابینین هەروا لە خۆیەوە دروست بوو‌بێت، ئەگەر مەبەستێکی لە پشتەوە نەبووبێت، کەمکردنەوەی ئازاری مرۆڤ یەکێك بووە لەو مەبەستانە کە هەوڵی بۆ داوە، هەر بۆیە دەبینین کەمکردنەوەی خەم و گریانیش یەکێك بووە لەو مەبەستانە، کەچی لە ئاینە سەرەتاییەکاندا ئەو مەبەستانە زیاتر قووڵترو نائاشکراتربوون، کەچی لە ئاینەکانی بابەتی بوودیزم و هیندۆیزم و سیخ و تەنانەت ئێزدی و زەردەشتیدا مەبەستەکان لە پشتی داوا مرۆییەکانەوە خۆیان حەشارداوە، بەڵام هەریەکەو بە شێوەیەك باسی لەو هۆیانە دەکرد کە دەبوونە هۆی دڵتەنگیی و ئازار و گریانی مرۆڤ، بەڵام لە ناوکدا هەموویان مەبەستیان بەهێزکردنی مرۆڤ بووە بەرامبەر بە ناخۆشییەکان، کەچی هەر ئەم مەبەستانە لە ئاینە ئاسمانییەکاندا بارێکی دیکە دەگرنە خۆیان و بە شێوەیەکی دیکە دەخرێنە روو، هەندێك لەو ئاینە ئاسمانییانە باس لە مەبەستەکانی ژان و خەم ناکەن، بەڵکو باس لە هۆکارەکانی ئەو خەم و ژانانە دەکەن و داوا لە مرۆڤ دەکەن تەسلیمی ئەو ژانانە نەبێت و بەهیچ شێوەیەك توخنی گریان و شیوەن نەکەوێت، ئاینە ئاسمانییەکان زیاتر لە روویەکی ناوکۆییەوە تەماشای دیاردەی گریانیان کردووە، بەو شێوەیەی کە دەربڕینی گریان بۆ مردوو، یان شیوەنکردن بۆ ماڵوێرانییەك، دەربڕینی ناڕازیبوون بووە بەرامبەر بە کارەکانی خوا، کە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە تێیدا گریان بە نارەزایی لە قەڵەمدراوە، نەك وەکو پێویستییەك.

ئەگەر لە سەرجەمی ئاینەکان سەرنج بدەین، تێبینی دەکەین بەردەوامییەکی بێوێنە هەیە لە بۆ گەڕان بەدووی نزیککردنەوەی مرۆڤ لە خۆشییەکان و بەخشینی هیوا بە مرۆڤ، ئەو هیوایەی خۆی لە پاداشتە خۆشەکانی بەهەشتدا دەبینێتەوە، نەك ئەمەش، ژمارەیەکی زۆر لەو بۆچوونانەی کە پێوەستن بە مەسەلەی ئاینەوە باس لە بەراوردکارییەکانی ئایین دەکەن لە نێوان باشە و خراپەدا، لە نێوان خواو ئەهریمەندا، ئایین خوای هەبوو - لە بەرامبەریشدا پەرستگاری هەبوو، سەرەڕای فرەیی

ئاینەکان لە هەمان کاتدا فرەیی خۆشیی و ناخۆشییەکانیش بەردەوام هەبوون.

مەسەلەی ئایین مەسەلەیەکی هەمیشەیی بوو لەو هەولانەدا دەردەکەویت کە داویەتی بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بڕوا غەیبییەکان رزگار بکات، کەواتە ئایین بۆ رزگارکردنی مرۆڤ بووە لە ئازارەکانی، بەلام لە هەمان کاتدا لە نێو ئەو بەبیرهێنانەوەدا ژیانخوازیی ئەو ژیانەی کەم تا زۆر بەشێك بوون لە پێوەندییەکانی رۆژانەی، ئایین نەیویستووە چەوسانەوە و خەمهێنەر بێت، بگرە ویستوویەتی خەمڕەوێن بێت، هەموو ئاینەکان سەرەتای دروستبوونیان بیریان لە خەیاڵ و خەونەکانی مرۆڤ کردووەتەوە، تەنانەت خەمی ژیان و مردن کە یەکێکە لەو خەمانەی بەردەوام مرۆڤ لە مێشکیدا بووە، ئایین ویستوویەتی ئەو خەمە بە خەون بڕەوێنێتەوە، خەونی بەهەشت یەکێکە لە خەم نەخواردن بۆ ژیانی فانی، هەروەها ئەم خەمە وای کردووە بڕێکی زۆر لە مرۆڤ لە بیرکردنەوەی بەردەوامدا بژی دەربارەی خۆشییەکانی ئەو دنیا، نەك خەمەکانی ئەم دنیا.

با لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ پەیدابوونی ئاینە نووسراوەکان ئەوانەی زیاتر سەروکاریان بە شیعرە ئایین و کەرنەڤاڵە ئاینییەکانەوە هەبووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی پێش زاینیدا، ئاینێك لە ناوچەی ئێران و کوردستاندا تەشەنەی کرد، کە تا ئێستا بۆچوونەکان لەسەر ئەوە جێگیر نەبوون، ئایا ئەم ئاینە ئاینی ئاسمانییە یان زەوی، ئایا لە ئاسمانەوە پەیامی بۆ دابەزیوە یان لە زەوییەوە، گشت ئاینەکانی، ئاینی زەردەشتی، ئەو ئاینە بوو کە لە ناوچەی کوردستاندا تەشەنەی کرد، ئەم ئاینە وەکو



هەموو ئاینەکانی تر لە هەمان سەردەمی نزیکدا پەیدابوون، ئەم ئاینە وەك ئاینەکانی ئەو کاتەی هاوزەمەنی ئەم بڕوایان بە حیکمەتی مرۆڤ هەبووە، ئەو مرۆڤەی کە دوو شتی تێدایە، لە هەموو شتەکان باش و خراپ، سارد و گەرم، خەون و بێداریی، تەنیایی و پێکەوەبوون.

ئاڤێستا" بریتییە لە کۆمەڵێك شیعری ئاینیی دەربارەی شێوازو بیرو باوەڕی زەردەشتی باس لە سیفەت و تروسکاییەکانی ژیان دەکات، باس لەو خوو و رەوشتانە دەکات کە مرۆڤ لە دنیادا یەخانگیری دەبێتەوە، گوتنی چاك و خووی چاك و نیگا و عەقڵی چاك جارڕانێك بوو لەو مەملەکەتەی ئەوسای ئەم ناوچەیەدا تەشەنەی کرد، ئەم ئاینە دەربارەی باشەو خواپەرستی و پیرۆزیی قسەی کردووە و دژ بە خراپی و دزێوییەکان وەستاوەتەوە، لە گاتاکاندا هاتووە کە ئادیتیهاکان بریتی بوون لە شاکانی ئاسمان، بۆ پاراستنی هێزو دەسەڵاتی خۆیان فەرمانڕەواییان دەکرد نەك بۆ کاری باشەو خواپەرستیی، هەربۆیە کاتێك کە مرۆڤەکان لە بەرامبەر پاڕانەوەو داواکردنی خێر تووشی نووشستی و نائومێدیی دەبوون، بە ناچاریی پەنایان بۆ خواکان و دەرگای مەزدا (واتە یەزدان) دەبردو داوای تۆڵەیان دەکرد، گریان و نزاو پاڕانەوەکانیان دەگەیشتە گوێی هەموان، زەردەشت ئاهورامزدای بە دروستکەری هەموو شتەکان دادەنا، گاتاکان بریتی بوون لە سروودی عیرفانیی، ئەوەی لەم گاتانەدا هاتووە

بریتییە لە خستنە رووی جەنگەکانی نێوان ئورمەزدو ئەهریمەن، (سەرتاسەری ئەدەبیاتی زەردەشتی پڕە لە بەرخوردەکانی نێوان سوپای خێرو سوپای شەڕ، رووناکیی و تاریکیی، یەزدان و دیوان...)[٣٣].

مەسەلەی دوالیزم، یەکێکە لەو مەسەلانەی لەم ئاینەدا بەجوانیی دەرکەوتووە و هیچ کەسێك نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەوەی جیاوازیی نێوان خراپەو چاکە وەك جیاوازیی نێوان پێکەنین و گریان ببینێت، مەرج نییە هەموو گریانێك خراپە بێت و هەموو پێکەنینێك چاکە، (میلەر بڕوای وایە کە زەردەشت سەرکەوتنێکی گەورەی لە ڕێنوێنیکردنی خراپەو چاکە بەدەستهێناوە، کە تا ئێستا هیچ کەس سەرکەوتنی لەم جۆرەی بەدەستنەهێناوە. زەردەشت ناڕوانێتە فریشتەکان وەك کۆمەڵە بوونەوەرێکی فیزیکیی بە خۆیان و باڵە فەنتازییەکانیانەوە، بەو شێوەیەی لە ئەفسانەو شیعرەکاندا بەیانکراوە...)[٣٤]. ئاینی زەردەشت وەکو واقعبینییەك دەڕوانێتە هەموو دیاردە خوایی و مرۆییەکان، هەر بۆیەش مامەڵەکردنی لەگەڵ هەستەکان مامەڵەکردنێکی تایبەتە، بە پێی بۆچوونی ئاینی زەردەشتی خوا عەقڵ و هەستی بە مرۆڤ بەخشیوە، تا لە ژیاندا بە شێوەیەکی چاك بەکاریان بێنێت و ڕێگاکانی خۆی بدۆزێتەوە و دزێو لە نادزێویی جوودا بکاتەوە، ڕەش لە سپی و بیناکردن و وێرانکردن لە یەکتری جیابکاتەوە.

هەرخودی زەردەشت کەسێك بوو هەمیشە دەم بە پێکەنین، "لە ڕوایەت و سوونەت و نەقڵی زەردەشتییەکاندا و نووسراوی مێژوونووسانی یۆنانیدا دەبێژن: کاتێك زەردەشت لەدایك بووە، بزەی پێکەنینی لەسەر لێوان بوو. ئەم نووسراوانە دەیسەلمێنن کە ئاینی ئێرانی، لەسەر بناغەی شادیی و کامەرانی و ئازادیی و خۆش ڕابواردن دانراوە و خەمباریی و پەرۆشی و ماتەمین لەم ئاینەدا نییە"[٣٥]. هەروەها بەردەوام لە بیرەکانی سەردەشتدا



زۆر دیمەن و بیرکردنەوەی چاك و باش دەبینین، ئەو بیرکردنەوە چاك و باشانە بەشێکن لەو تێگەیشتنانەی کە بیرکردنەوەی ژیان دروست دەکەن، نەك ئەمەش ئەو هەموو شتە چاکەکانی پێ باشە کە خۆشی باشترە لە خەم، "کرداری پاك، وتاری پاك، بیرکردنەوەی پاك، دروشمەکانی هەڵبژێراوی (زەردەشت)ن، بۆ ژیانێکی باش و سەرکەوتووانە و پیرۆز. لەو دروشمانە و کردەوانە و کارکردن بەوانە فەرمانبەری خۆم و ئیتاعەی خۆم بەبارەگای ئەهورامەزدا پێشکەش دەکەم"[٣٦].

مەسەلەی گریان و هەست و هۆش و سۆزداریی لەو بابەتانەن لە مەسەلەی باشەو خراپەدا لە ئاینی زەردەشت جێگای بۆ کراوەتەوە. دیسانەوە ئەگەر لە ئاوێستادا بڕوانین ( زەردەشت لە هاتی ٣٠ چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی دەخاتەڕوو، ژێرسازی کراوەو لەو بەشانەی کە دێن ئەمانە تەواو دەکات: خێرو شەڕ دوو هۆکاری داهێنراو و ئەندیشەیین پێوەستن بە ئەندێشەو بیری مرۆڤەوە، پێوانەی دیاریکردنی باشەو خراپە زانین و تێگەیشتنی مرۆڤە و بێ ئیرادە و هەڵبژاردنی سەربەست باشەو خراپە مانایەکیان نابێت...)[٣٧]. دەتوانین لەو بەشەدا ئەمە بخوێنینەوە "لەم دوو گەوهەرەی سەرەتای (سپەندمینو) کە ئاسمانی بێ سنوور و بێ بڕانەوە وەکو بالاپۆشی ئەو وایەو هەموو ئەوانەی کە شادو خەندان ئاینی چاکییان هەڵبژاردووە و بەکردەوەی باشی خۆیان ڕەزامەندیی "مەزدا ئەهورایان" وەدەست هێناوە، کامەران دەبن و ئەهریمەن و درۆپەرستەکان و درۆپەروەران بە کردەوەی خراپی خۆیان شەرمەزار دەبن"[٣٨].

ئێمە لەم لێکدانەوەیەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە مەسەلەی هەست و سۆز لەلای بیری زەردەشتی، پێوەستە بە عەقڵ و بیرو هۆشەوە، ئەو زۆر بە راشکاویی جەخت لەسەر مەسەلەی خراپەو چاکە دەکات و لە بەرامبەریشیاندا عەقڵ و هۆش و بیرکردنەوە دادەنێت، کەواتە بەڕای ئەو، سۆزەکانیش چ گریان، پێکەنین، تووڕەبوون و سۆز و سۆزدارییانەی کە تایبەتن بە رۆحی مرۆڤ، دەبنە بەشێك لەو هاوکێشەیە، مرۆڤ بە کۆنترۆڵکردنی عەقڵ کۆنترۆڵی سۆزیش دەکات، بە تەسلیم نەبوون بە ئارەزوو، سۆز دەتوانێت جیاوازیی لە نێوان باشەو خراپە دەستنیشان بکات. لە سەرتاسەری بۆچوونەکانی زەردەشتی، سەرچاوەیەکی زەق نییە کە باس لە مەسەلە سۆزدارییەکان بکات، بەڵکو باس لە مرۆڤ دەکەن وەکو یەکەیەکی تەواو لە عەقڵ و بیرکردنەوە، دیارە سۆزیش لەو پێوەندییەدا مانایەکی دیکەی هەیە.

ئەو ئایینانەی هاوزەمەن و هاوتەمەنی ئایینی زەردەشتی بوون وەك بودیزم و هیندۆسی لە هیندو **لاوتسی** لە چین، ئەم ئایینانە بە ئایینی رۆحی ناسرابوون، واتە زیاتر لە رۆحی مرۆڤ نزیك دەبوونەوە، هەر خودی سروشتی ئاینە خۆرئاواییەکان سروشتێکی رۆحییان هەبوو، مەسەلەی رۆح بالاتر بوو لەو تەوژم و بیرو فەلسەفانەی کە لە ناوچەکانی تری دنیادا سەریان هەڵدەدا. بودیزم بە هەمان شێوە لە ناخی خۆیدا جێگایەکی بۆ هەست و سۆزو پێوەندییە رۆحییەکانی مرۆڤ تەرخان کردبوو، ئەم ئایینانە زیاتر لەسەر بنەماکانی لێکدانەوەی تواناکانی رۆح و کۆنترۆڵکردنی رۆح دامەزرابوون، هەروەها لەم ئایینانەدا پێوەندییەکی ئەوەندە پتەو لە نێوان



رەوشت و مەسەلەکانی شەریعەتی ئاینیدا نەبووە، واتە ئەم ئاینانە بە پێچەوانەی ئاینە ئاسمانییەکانەوە زیاتر بە بێ پێوەندیی لەگەڵ رەوشتدا کارەکانی خۆیان ئەنجامداوە، واتە سنوورێك هەبووە لە نێوان رەوشت و شەریعەتی ئاینیی، هەر بۆ نموونە ئەم ئاینانە زۆرتر لە فەلسەفە دێرینەکانەوە نزیك بوون، فەلسەفەی رەوشت لەگەڵ ئاینندا تارادەیەك یەکیان نەدەگرتەوە، ئایین هەمیشە ویستوویەتی سنوورێك بێت لە نێوان شەریعەو رەوشت. کەواتە ئاینی دێرین لە پاڵ یاساو رێساکانی خۆی نەشیویستووە مەعریفە دەرەکییەکان سەری لێ بشێوێنن.

لێرەدا بەسەرهاتێکی ئاینیی بە نموونە دەهێنینەوە، بە ناوی **رامایانا** (Ramayana)، ئەم بەسەرهاتە لە بەراوردکردنی لەگەڵ **مەهاباهارتا** نزیکەی چوارکەڕەت بچووکترە، نزیکەی بیستو چوار هەزار تیکە پێکدێنێت، ئەم چیرۆکە بەسەرهاتەکەی نزیکەی پێنجسەد ساڵ پێش زایینیی روویداوە، ئەم کتێبە باس لە **راما**-ناوێك دەکات، دەکرێت هەر ئەم رامایە بێت کەسێتی **فیشنووی** وەرگرتبێت. ئەم کتێبە بێ ئەندازە لای هیندۆسەکان پیرۆز و خۆشەویستە .(شاعیرەکە لە **رامایانا** بە نێوی **فلاماکی** پێشکەشکراوە، **فلاماکی** هاوڕێی **داساراسا**... **رامایانادا** مێژووی رامای کوڕی داساراسای پاشای کۆسالایە)[٣٩]. بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە لە بەشی یەکەمی ئەم داستانەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە چۆن راما لە پێناوی باوکی چواردە ساڵ خۆی لە پاشایەتی دووردەخاتەوە. براکەی بەهاراتا دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئەمیش دەچێتە تاراوگە. لە بەشی دووەمی ئەم داستانە بەسەرهاتی ژیانی راما دەگێڕێتەوە لەگەڵ ژنەکەی

سیتاو براکەی لاکسمانە لە نێو دارستانێك پێکەوە دەژین، کە چۆن سیتا لە لایەن دێوە دڕندەکەوە **ڕەفان** دەڕفێنرێت و چۆن ڕاما بە یارمەتی مەیموونەکان ژنەکەی لە **دەستی دێوە دڕندەکە** دەسەنێتەوە. **(هەروەها ئەوەش گوتراوە کە چۆن لەلایەن ڕاماوە ڕەتکراوەتەوە، ئەویك کە ئەوی کردووە بە قوربانیی و لە پاشان بەو هۆیەشەوە ئەو و خۆشی تووشی دڵتەنگی کردووە، بەڵام ئەم ئەو کارەی پێ باشتر بووە بیکات تا بیر لە شتی خراپە بکاتەوە...)[٤٠]. ئەوەی مەبەستمانە لەم چیرۆکەدا بیخەینە ڕوو ئەو ساتە** گرنگانەیە کە تیایدا سۆز و هەستەکان دەورووژێن و دەگەنە ترۆپکی تراژیدیاو گریان. لە چەند شوێنێکی گرنگی ئەم چیرۆکەدا چاومان بەو دیمەنانە دەکەوێت، کە مرۆڤ لەبەردەم گریانەکانیدا خۆی پێناگیرێت و خۆی بەدەست ئەو هەموو سۆزو ناسۆرییە دەداو بێ ورە لە ئاستی دیمەنەکاندا دۆش دادەمێنێت. پاش ئەوەی لە ڕێی پیرۆزەکانەوە **دەساراسای شای کۆسالا** ئەو برنجە پیرۆزە دەرخواردی هەرسێ ژنەکەی دەدات، ئەویش برنجەکان بەسەر هەرسێکیاندا دابەش دەکات، لە ئەنجامدا هەندێکی لێ دەمێنێتەوە و ئەوەش دەدا بە ژنە قەشەنگەکەی **سۆمیترا**، لەو سێ ژنە، سێ کوڕی دەبێت، ڕاما لە هەموویان دەست کارامەترو ئازاتر دەبێت، لە هەموو شتەکان پێشڕەوە. پاش ئەوەی لە پاڵەوانبازییەکی مەزندا **سیتای** شۆخ و شەنگ لە ناو هەزاران لاوی ئازادا بە نسیبی ئەو دەبێت، لەگەڵ براکانی مەزنترین زەماوەند دەگێڕن، کاتێك باوکی بە هۆی پیریی و پەککەوتەیی لە مافی پاشایەتی خۆی بۆ ڕام دادەبەزێت، ئەوکاتە شتێك دەقەومێت، کاتێك شا بە دوای **(Kaikeyi)ی خێزانی** دەگەڕێت،



دەیبینێت ڕاکشاوە و گریانێکی بەکوڵ دەگری، کە پاشا لێی دەپرسێت بۆ ئەوەندە خەمباریت، کێ ئازاری داویت و چیت دەوێت، ئەو کاتە تێدەگات داواکە چییە، هەرچەند شا پێی دەڵێت من هەموو شتێك دەکەم بۆ ئەوەی خەم و گریانەکانت برەوێنمەوە، ئەویش داوای لێ دەکات، کوڕەکەی (Bharata) لە جێی ڕام ببێت بە جێگرەوەی شا و ڕامیش (١٤) ساڵ بۆ وڵاتێکی دیکە دووربخرێتەوە، ئەم داوایە چاوی شا تاریك دەکات، تووڕە دەبێت، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك، بەڵام کاتێك لە ڕەبەنەکانەوە ئەم داوایە دەردەچێت، ناچار تەسلیمی داواکە دەبێت. لاکسمانای دایکی ڕام ئەم هەواڵە دەبیستێت، ئەوەندە دەگری تا سنووری بوورانەوە. ڕام دەچێتە لای سیتای هاوسەری و بە خەمەوە پێی دەڵێت: دەبێت بەجێتبێڵم، ئەویش ڕووی تێ دەکات و پێی دەڵێت: با هاوڕێی ئەم سەفەرەت بم، من بێ تۆ کەس خۆشحاڵم ناکات، نە تاج و نە دەسەڵات و نە ئاسمان. هەرچەند ڕام هەوڵیدا ڕازی بکات کە لەو سەفەرە پڕ ترسناکە لەگەڵیدا نەیەت، بەڵام سیتای هاوسەری هەروەك دڵۆپەی باران لە نێو کاسەی گوڵی لۆتس، فرمێسکە بەکوڵەکانی خەم بەسەر گۆنایدا شۆڕ دەبنەوە. دواجار ڕام بڕیاریدا لەگەڵ خۆیدا بیکاتە هاوڕێی سەفەری. هەروەها **لاکسمانای** براشی بە چاوی پڕ فرمێسکی قەتیسماو داوای لێ کرد لەگەڵیدا بڕوا، پاش هەوڵێکی زۆر ڕازیبوو بەڵام دایکی ڕام بەردەوام دەگریا، (لە نێوان فرمێسکەکاندا هەردوو فرمێسکی دڵتەنگیی و خۆشیش تێکەڵ بوون، کاتێك کە بیستی لەم سەفەرەدا **سیتا**-ش هاوڕێی **ڕام** دەبێت. بۆ دواجار دایکە ڕامی کوڕی لە باوەش گرت وەکو باران فرمێسك بە چاوەکانیدا

هاتنه خوارێ. ئەو کاتەی شارەکەشیان بەجێهێشت، هەموو دانیشتووانی ناوچەکە، شاو دایکی و براکانی و هەموو دانیشتووانی مەملەکەتەکەی باوکی بەدوویاندا گریان، پاش کۆچکردنیشیان تووشی چەندین رووداوی سەیرو سەمەرە دەبن، لەوانە گرفتی **رام** لەگەڵ خوشکی یەکێك لە ناودارە خراپەکان، پاش ئەوەی هەوڵ دەدات ئەم نەگبەتییە لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵام سوودی نابێت لەگەڵ **راڤانای** برای **سورپاناخا** رووبەڕووی گەورەترین جەنگ دەبنەوە، پاش هەموو هەوڵێك بەسەر **رام**-دا سەرناکەوێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر فێڵێکی دیکە، ئەویش رفاندنی **سیتا-یە**، **راڤانا** لەگەڵ ماریکا رێك دەکەوێت، کە چاودێری راما و براکەی بکات چ کاتێك لە ماڵ چوونە دەرێ بۆ ئەوەی **سیتا** بڕفێنێت، ئەگەر ئەوان **سیتایان** هەبێت دەست بەسەر هەموو گەردووندا دەگرن. **ماریکا** خۆی لە شێوەی ئاسکێکی زۆر جواندا دەردەخات، کاتێك **سیتا** چاوی بەو ئاسکە جوانە دەکەوێت داوا لە **راما** دەکات چ بە زیندوویی بێت، یان مردوو ئەو ئاسکەی بۆ بێنێت، بەڵام براکەی هۆشداریی رام دەکات ئەو کارە نەکات، چونکە ئەو ئاسکە ئاسکێکی ئاسایی نییە، بەڵام رام بەدووی ئاسکەکە بۆ راوکردنی دەڕوا، داوا لە براکەی دەکات چاوی بە **سیتاوە** بێت، بەڵام ئاسکەکە لەگەڵ خۆیدا **راما** دەبات و دەڕوا دەڕوا بۆ جێگایەکی دوور تا رام بە تەواویی شەکەت دێنێت، تیرێکی بۆ دەهاوێت و لەوێدا ئاسکەکە دەکوژێت و لە پێستەکەیەوە جنۆکەی ماریکا دێنە دەرێ و ناوی **لاکسمان** و **سیتا** دەهێن، لەولاشەوە **سیتا** دڵی لەسەر ئاگرە و چاوەکانی بۆ راما پڕن لە فرمێسك و داوا لە لاکسمان دەکات بەدووی راما بڕوات و بیدۆزێتەوە، کاتێك



لاکسمان دەڕوا، راڤانا فرسەت دەهێنێت و سیتا دەڕفێنێت و بۆ دوورگەی **لانکا-ی** دەبات. **راما** هەوڵێکی زۆری دا بیدۆزێتەوە، هەمووان بە ونبوون و رفاندنی **سیتا** خەمباربوون، تەنانەت هەرچی لە سروشت بوو لە یادی **سیتا** دڵگران بوو. **یاتایا** باڵندەیەك بوو هەوڵێکی زۆری دا بە شەڕ **سیتا** لە دەستی **راڤانا** بسەنێتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا خەڵتانی خوێن دەبێت و لە سەرەمەرگدا فریای ئەوە دەکەوێت رووداوی رفاندنی سیتا بۆ هەردوو براکەی بگێڕێتەوە، ئەوانیش هەردووکیان چاوەکانیان بۆ لەدەستدانی ئەو هاوڕێ ئازیزەیان پڕ لە فرمێسك دەبێت. **راما** هەمیشە یارمەتیدەری خەڵك بوو، بۆیە خەڵکیش یارمەتییان دەداو فریای دەکەوتن. لەشکری مەیموونەکان، بۆ دۆزینەوەی **سیتا** یارمەتیان دا، **هانومات** گەورەی مەیموونان جێگاگەی **سیتای** دەدۆزێتەوە، ئەم مەیموونە ئەوەی دانابوو گەر نەیدۆزێتەوە، ئەوا لە خەما دەمرد، بەڵام بۆ رزگارکردنی، تەنیا راما دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات. پاشان چیرۆکەکە باسی لەشکرکێشی نێوان **راما** و **راڤانا** دەکات، سەرەنجام بە یارمەتی مەیموون و لەشکری مەیموونان **راما** سەردەکەوێت و **راڤانا** دەکوژرێت و **سیتاش** بۆ باوەشی راما دەگەڕێتەوە.

مەبەست لە خستنە رووی ئەم چیرۆکە ئاینییە کە زۆر لە ئاینەکان هەمان ئەم شێوە بەسەرهاتەیان تێدایە، بریتییە لە قەبارەی ئەو هەم و خەم و گریان و تراژیدییانەی دەیخەنە روو، ئەم بەسەرهاتە بەجارێك پڕە لە رووداوی دڵتەزێن و باسکردنی گریان و فرمێسك. زیاد لە هەموو چیرۆکە مێژوویی و ئاینییەکان باس لە رووداوە دڵتەزێنەکانی ئەو سەردەمە

دەكات، نەك ئەمەش، زیاد لە چەندین دێڕ و خوێندنە ئاینییەكانی رامایانا ئاماژە بە گریان دەكەن، باسن دەربارەی دڵتەنگیی و تەنیایی و فرمێسك و كۆسكەوتوویی، زۆربەی كەسایەتییەكان بە دەستی نەهامەتیی و سۆزدارییەوە دەناڵێنن، زیاتر قسەكردنە دەربارەی ئازارەكانی رۆح.

ئاینەكانی هیندو ناوچەكانی ئاسیا زیاد لە پێویست وەڵامدانەوەیەكی رۆحین بۆ هەموو ئەو ئازارانەی كە لەو سەردەمەدا چینە ژێردەست و داماوەكانی گرتبووەوە، باس لە ئەشق و نەهامەتیی ئاشق و گریانەكانی ئاشقە، باس لە دڵشكاندن و دووركەوتنەوە و بێبەزەیی ئەو هێزە شەڕانگێزانەن كە بێ سڵكردنەوە ئامادەن فرمێسك لە چاوی هەموو دایك و ئاشق و بێكەسێك بڕژێنن، ئەمەش بۆ خۆی ئەو پرسیارە دەورووژێنن، ئایا ئاینەكانیش بۆ ئەوە هاتوون تا ئەو فرمێسكانە كەمكەنەوە، یان بۆ ئەوە هاتوون تا زیاتر چاوەكان پڕ لە فرمێسك بكەن، تاوەكو مرۆڤ رۆحی لە دیاردە شەڕانگێزییەكان پاك بێتەوە، یاخود فرمێسك شێوازێكە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە پەرستگاو بڕوا ئاینییەكان نزیك بێتەوە.

یەكێكی تر لەو ئاینانەی كە تیایدا مەسەلەی سۆز بە بەرفراوانی خراوەتە روو، **بودیزمە**، لەو چیرۆكانەی تا ئێستا لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو، دەبینرێت بودیزم سەرەڕای بڕوابوونی بە هێزی عەقڵ و بیركردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێبەریی نەبووە لە مەسەلە رۆحیی و هەستەكان، ئەم ئاینە وەكو ئاینەكانی تری خۆرهەڵات چرۆی ئەو گوڵانەی لە باخچەكانی هۆشی مرۆڤدا كردووەتەوە، بۆنی ئەو گەڵایانەی بە بەر هەستی بۆنكردنیاندا بڵاوكردووەتەوە، ئەم ئاینە هەوڵ بووە بۆ دووبارە لێكدانەوەی



پێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت هەوڵ بووە بۆ هەڵدانەوەی پەڕە شاراوەكانی ژیان.

دەبێت ئەم ئاینە پڕ بووبێت لە باسكردنی رۆحی مرۆڤ و گوزارشت لە ژانە قووڵەكانی و پێوەندییەكانی نێوان سروشت و ژان، مرۆڤ و هەست، بۆیە دەتوانین بڵێین رۆحی ئاینیی ئەو سەردەمە رۆحێكی سۆزئامێز بووە، مرۆڤ لە پێوەندیی لەگەڵ سۆزەكانیدا مامەڵەی لەگەڵدا كراوە و سۆزیش بۆ خۆی هۆیەك بووە بۆ نزیكبوونەوەی قووڵ لە چەمكە ئاینییەكان، بودیزم وەكو بەشێك لە رۆح توانیویەتی ئەو پرسیارە بكات، ئایا مرۆڤ تا چ رادەیەك دەتوانێت بێ هەست مامەڵە لەگەڵ دیاردەكان بكات.

بودیزمیش یاخود ئاینی بودی، لە سەدەی شەشەمی پێش زایینیی پەیدابوو، پیاوێك بە ناوی **سیدهارتا** پەیدابوو، بەڵام لە دواییدا پێی وترا **بوودا**، هەرچەندە هەندێك دەڵێن بودیزم ناكرێت وەك ئایین بژمێردرێت، لەبەر ئەوەی زیاتر لە رێچكەیەكی فەلسەفی دەچێت، لەبەر ئەوەی لە بودیزمدا خوایەكی ناسراو نییە، ئەوەی بودیزم دەیناسێت، بریتییە لە **نیرفانا (nirvana)**، بودیزم رۆح ناناسێت، واتە رۆحی تاكەكەس ناناسێت. بۆ نموونە خوا هەیە و مرۆڤ، لە مردندا مرۆڤ هیچی نامێنێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە كارە چاك و خراپەكانێتی، بودیزم پێچەوانەی لاهوتییە، با بڕوانین بزانین لەم پارچەیەدا چۆن بیری خۆی بۆ قوتابییەكانی روون دەكاتەوە: (چاك ئاگاداری ئەو شتانە بن كە پێم لەسەر داگرتوون، ئەو شتانە جیاكەنەوە لەوانەی پێم لەسەر دانەگرتوون، من پێم نەگوتوون جیهان نەمرە، هەروەها نەمگوتووە جیهان رووداوێكە، هەروەها

نەشمگوتووە جیهان دەڕەوێتەوە، ئەوەشم نەگوتووە کە جیهان هەمیشەییە. من نەمگوتووە رۆح و جەستە یەکن. هەروەها نەمگوتووە رێ رۆشنکەر پاش مردن دوای بوونی خۆی دەکەوێت، هەروەها پاش مردن بەدووی بوونی خۆیدا ناگەڕێت)[٤١]. بەهەرحاڵ ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کە بڵێین بودیزمیش وەکو ئاینەکانی خۆرهەڵات، خاوەنی لایەنێکە لە باسکردنی بوونی مرۆڤ وەك پارچەیەك لە ئازار و تێکۆشان، هەروەها باسی هۆکارەکانی ئەو ئازارانە دەکات و رێگای چارەشیان بۆ دەدۆزێتەوە. (یەکێك لەو راستییانەی بووە هۆی پێکهێنانی بڕواو شێوازی بودیزم، بەدەوری وشەی **"Duhkha"** دەسوورێتەوە کە وشەیەکی سانسکریتییە، زۆرجار بە ژان یان ئازار وەردەگێڕدرێت. ئەم بەدبەختییە کە لە جیهاندا ژیانی مرۆڤ دیاریی دەکات، خودی بوداش ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردو هەروەها وانەکانی بۆ چاککردنەوەی ئەم ئازارانە تەرخان کرد.

لەدایکبوون ئازارە، نەخۆشیش ئازارە، جیابوونەوەی لەو کەسەی خۆشمان دەوێت، ئازارە، پیربوون ئازارە، مەرگ ئازارە، هەموو بوونی مرۆڤ لەسەر ئازارو ژان راوەستاوە. لە پاڵ ئەم ئازارە، ژیانی مرۆڤ لەم جیهانەدا لەسەر دوو شت وەستاوە ئەو دوو شتەش (ناجێگیریی Anitya و نانەفس Anatman)ە[٤٢]. کەواتە لەم جیهانەدا کەم مرۆڤ هەیە بە بێ گریان ئازارەکانی بچێتەسەر، کەم دەبینین بەسەرهاتێك لە مێژووی مرۆڤدا لە گریانێکی جەرگبڕ خاڵیی بێت کاتێك لە شتە خۆشەکانی ژیان دوور دەبێت دەگری، کاتێك کەسێکی خۆشەویستت ون دەبێت، یان کەسێکی نیزیکی



نەخۆشە و لەسەرەمەرگدایە، خەمی بۆ دەخوات و بۆی دەگری. کەواتە فەلسەفەی ئاینی بودیزم لەسەر ئەو راستییە جێگیرە کە مرۆڤ لەگەڵ ژاندا لەسەر ئەم زەمینە ئامادەیە، واتە ئەو ژانە وردە وردە بەرەو ناسینی راستییەکانی دەبات، لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە تیایدا باس لە حیکمەتی بودا کراوە، رۆشنبیری بودیزم ئامادەیە، هەروەها تێیدا باس لەو هەستانە کراوە کە مرۆڤ و گیانلەبەران بۆ دەرخستنی حیکمەتەکانیان دەینوێنن. یەکێك لەو گێڕانەوانەی کە بودا باسی دەکات، بریتییە لەگێڕانەوەی عەقڵ و حیکمەتی مرۆڤ، لەم چیرۆکەدا باس لە خەمی مرۆڤ دەکرێت، ئەو خەمەی لە هەندێك کاتدا دەبێتە هۆی مەرگی مرۆڤ، لە چیرۆکی (**ئەو فیلەی شەش دانی عاجی هەیە**) وا هاتووە کە شای فیلان دوو ژنی دەبێت، ژنێکیان پاش ئەوەی دڵی لە شای فیلان دەشکێت، سوێند دەخوات کۆتایی بە ژیان بێنێت و بمرێت و دووبارە زیندوو بێتەوەو تۆڵە لە شای مێردی بکاتەوە، بۆیە بەو شێوەیە دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە و شوو بە شا دەکات، پاشان خۆی نەخۆش دەخات و بۆ چاکبوونەوەی داوای لێ دەکات دانی ئەو فیلەی بۆ بهێنێت و فیلەکەش بکوژێت، راوچییەك ئەم کارە ئەنجام دەدات، بەڵام راوچییەکە ناتوانێت ئەم کارە بکات، بۆیە بە یارمەتی خودی فیلەکە دانەکان بۆ پاشا و ژنە دەهێنێتەوە، کە لێی دەپرسن لە بارەی فیلەکەوە، دەڵێت "بەڵێ فیلەکەم کوشتووە، ئەو کاتە شا دەبینێت شەش دانی عاجی لەبەردەستدایە، ئەویش دەیداتە دەستی ژنە، لەپڕ بیرەوەریی کۆنی بەیادا دێتەوەو مێردەکەی بیردەکەوێتەوە، ئەو کەسەی کە خاوەنی ئەم شەش دانە بوو، خۆشەویستی ئەو بوو، بۆیە خەمێکی

مەزن دایدەگرێت و هەر ئەو رۆژە دڵی لە خەمان دەتەقێت، هەر ئەو رۆژەش دەمرێت. پاش سەد ساڵ هەمان ژن لەدایکبووەوە، بەڵام وەکو بودیزمێکی رەبەن. رۆژێکیان لەگەڵ چەند رەبەنێکی دیکە گوێی لە خوتبەیەکی بوودا دەگرت. تەماشای رووخساری بوودای کرد ئاشتییەکی تێدا دەرکەوت، ئەو هەستەی لا دروست بوو کە ئەو ناسیویەتییەوە. لە دواییدا ئەوەی بە مێشکدا هات کە سەردەمێکی زۆر دوور، لە لەشی فیلێکدا پیاوەکەی بووە، بۆیە خۆشییەك سەرتاپای گرتەوە، هەروەها ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە ئەویش هۆی مردنەکەی بوو، بۆیە فرمێسك بەسەر گۆناکانیدا هاتنەخوارێ.

لە بەسەرهاتی (خوای داران) باس لە برینەوەی مەزنترین دار دەکات، ئەویش خەمێکی گەورە دایدەگرێت، نەك بۆ خۆی، بەڵکو بۆ ئەو هەژارانەی لە پاڵ ئەو درەختەدا دەحەوانەوە. بوودا بەو پێیەی بڕوای بە پێنج هۆکارەکەی بوونی کاتی مرۆڤ بوو، واتە (ئەو پێنج رەگەزەی ئەگەر پێکەوە بن، ئەو کاتە تاك وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ بەردەوامیی بە خۆی دەدات، مێژوو و رێڕەوێکی دەبێت جیاواز لە کەسانی تر، بەڵام ئەم رەگەزانە جێگیر نین، بەڵکو لە گۆڕانکاریی بەردەوامدان...)[٤٣]، ئەو پێنج رەگەزەش بریتین لە جەستەو ئیدراك و هەست و پاڵپێوەنەرەکان و دادگایی زەینیی. دیارە مەسەلەی هەستیش وەك بەشێکە لەم رەگەزانە، مەسەلەی سۆز و عاتیفە و هەڵچوونیش لە بەشی هەستەکانن، مانای وایە بەشێك پێکدێنن لەو پێنج رەگەزەی کە هەمیشەیی نین و کاتیین، گریان و خەمیش شتێکە مرۆڤ دەخاتە خانەی دواوە، نابێت تەسلیمی بێت.



لێرەوە ئەم رێچکەیە دەشکێنین و ئەمجارەیان ئاوڕێك لەو ئاینانە دەدەینەوە کە زیاتر پابەندن بە مەسەلەی کتێبی خوایی و مەسەلەی پەیامبەریی و هێزەکانی دەرەوەی مرۆڤ، واتە ئەو شتانەی زێدەتر مرۆڤ بە رابردووەوە دەبەستنەوە، واتە وا لە مرۆڤ دەکەن زیاتر لە حەقیقە رۆحییەکان نزیك بێتەوە.

لە گەڕانماندا لە نێو دوو توێی لاپەڕەکانی پەیمانی کۆن و نوێ، رەنگە هەندێك نموونەمان لە بابەتی ساتەکانی سۆزداریی بەرچاو بکەوێت، سەرەڕای ئەوەش بەشێکی زۆری ئەو ساتە سۆزدارییانەی کە لەو شوێنانەدا هاتوون، دەربڕی ژانی تاکە کەسن، بەڵام لە پەیمانی کۆندا چاومان بە ترس و خەم و گریانی گەلێك دەکەوێت، لە بابەتی هەڵاتن لە دەستی زوڵم و زۆرداریی، پاشان تێکشکاندنە رۆحییەکان و خیانەت و بێ پەیمانیی و...

لە یەکێك لە بەشەکانی کتێبی پیرۆزدا لە هەموو شتێکدا گریانێك دەبینین لە (شیوەنەکانی ئیرمیا) دەبینین چۆن (ئەو شارە پڕ میللەتە بە تەنیا دانیشتووە. وەکو بێوەژنێکی مەزنی لێ هاتووە و لەنێو میللەتان. خانمێك لە وڵاتەکەی خۆیدا دەبێت باج بدات. لە شەوا گریانێك دەگری و فرمێسکیش بەسەر روومەتەکانییەوە. لە هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە هەیبوو کەس دڵنەوایی نادات. هەموو هاوڕێکانی غەدریان لێ کرد و بوون بە دوژمنی. نازانێت پشوو چییە...)[٤٤]. بەمجۆرە بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی شیوەن بەسەر ئەو شارەی پاکیزەیی پێشێل کراوە، هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (ئەی گشت رێبواران لەگەڵ ئێوەمە، بڕوانن، تەماشاکەن بزانن خەمێك هەیە بە ئەندازەی خەمی من، خوا کە ئەو

رۆژەی تورە بوو، بەو خەمە زەلیلی کردم... بە چ شتێك ئاگادارت بکەمەوە، بە چ شتێك وریاتکەمەوە. بەچیت بشوبهێنم ئەی کوری ئورشەلیم)[٤٥].

ئەو گریان و شیوەنانەی لە نێو تەوراتدا هەن، گەلێك زۆرن هەموو باس لە پیسبوونی شاری پیرۆز دەکەن، ئەو باسانە دەگێرنەوە، کە دەمێکە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی راستییەکان لەگەڵ ناڕاستییەکان بەرە و نابوودبوون دەڕۆن، ئەمەش وەڵامێکن بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە پەیدابوونی گەلی یەهودەوە سەریانهەڵداوە، پەیدابوونی شیوەنەکانی نێو تەورات پێوەستە بە پەیدابوونی یەکەمین گەل کە رووی لە خوا کردبێت و پشتی لە زۆرداران، دەرکەوتنی مووسا لە نێو تەوراتدا، باسکردنی فرمێسك هاتووە بە زۆریی، ئەوەتا لە "پسالمینی ٦ دەڵێت: "لە فرمێسکم بێدەنگ مەبە، لەبەرئەوەی من غەریبم لای تۆ، من هاوڕێیانتم، باوکمان هەموو وەك یەکە" هەروەها لە "لەبەرئەوەی من وەك ئێوە نان دەخۆم، ئاوم لەگەڵ فرمێسکدا تێکەڵ دەکەم")[٤٦]. هەروەها لە شوێنێکی تریشدا هاتووە، "چەندین جار بە حەزقیا دەڵێم، بە پارێزەری نەتەوەکەم دەڵێم، بەمجۆرە خوا، خوای داود بە باوکتی گوت، من گوێم لە نوێژی تۆ بوو فرمێسکەکانتم بینی"[٤٧].

گەر تەماشا بکەین دەبینین تەورات پڕە لە وشەکانی گریان و هەڵڕشتنی فرمێسك و گریانەکانی مرۆڤ، گشت ئەو خەمانەی کە مرۆڤ لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، ئەمە هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانە باسی ئەوە دەکەن، کە بڕێکی زۆر ئەکسۆدۆس و پسالمن وشا و پریدیکیر هەن کە ئەمانە بەشەکانی نێو تەورات پێکدێنن، ناوی فرمێسك و گریان



هاتووە، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشییەی کە نموونەی دیکە هەن لە گریان و هەنسك، بەڵام ئەمەش خۆی لە خۆیدا نموونەیەکە کە هەوڵی دەرخستنی نموونەی تراژیدین لە مێژوودا.

بۆ نموونە گەر لە تەورات بڕوانین، بەجوانیی ئەو بەشانە دەبینین کە باس لە گریان و فرمێسك دەکەن، بۆ نموونە لە (٢٤ رستە و ٢٢ بەش)دا وشەی گریان هاتووە.

خۆ ژانەکانی مەسیحیش بەشێکە لە مێژووی غەدر و ئازار و ژان بەشێکە لە وردبوونەوە لەو هەموو چەرمەسەرییەی مرۆڤ بە دڵ و گیان هەڵیدەگرێت، وردبوونەوەی مرۆڤە لە ژان، وردبوونەوەیە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی پەیدابوونی خەم و ئازار، لە نێو ئینجیل-دا گەلێ نموونەی بەیادهێنانەوەی وشەی گریانمان بەرچاو دەکەوێت، کە تێهەڵکێشە لەگەڵ مەسەلەی بڕواو نەمریی: لە (باوەڕی سەرپەلێك) کە بە شێك لە ئینجیلی مەتتا پێکدێنێت، دەڵێت: (پێتان دەڵێم: خەڵکێکی زۆر لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە دێن و لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب لەناو پادشاهێتی دادەنیشن، بەڵام رۆڵەکانی پادشایەتی خۆیان فڕێدەدرێنە تاریکی دەرەوە، **جا لەوێیە گریان و دانەچۆقەی ددان)**[٤٨]. ئەوەی لە ئینجیلدا هاتووە سەرتاپای گێڕانەوەیە، حیکمەتی خوایە، گێڕانەوەی تواناکانی خوایە لە نواندنی مەعجیزەو گۆڕانکارییەکان، هەوڵە بۆ تێکدانی ئەو بیروباوەڕانەی سەدان ساڵ بوو مرۆڤ لەسەری راهاتبوو، لە ئاینی مەسیحیدا ئەوەی کە زۆرتر ئاماژە بە مەسەلەی گریان و خەم و وێرانی دەکات، کوشتن و لە خاچدانی خودی مەسیح خۆیەتی، هەر بۆیە لە وێنەی ئارتۆدۆکسی

مەسیحیدا وێنەی مریەمی گریا و دەبینین، یان لە ئیکۆنەکانا ئیکۆنی گریاوی زۆر دەبینین، مەسیحییەت وەك ئایین دەیویست لە کلێساکاندا وێنەکێشی راستەقینەی ژیانی پڕ چەرمەسەریی مەسیح بێت، بەڵام لەگەڵ ئەو وێنانەدا بەشێك لە ژانی مرۆڤیشی دەگێڕایەوە، واتە مرۆڤ لە ڕێگای ئازارەکانی مەسیحەوە ئازارەکانی خۆی دەبینێتەوە.

ئەو ساتانەی کە مەسیح لەلایەن پیاوانی پەرستگاکانی یەهودا و پیاوەکانی پیلاتۆسی سەرکردەی رۆمەکان ئەشکەنجە و ئازار دەدرێت، ئەو دیمەنانەی کە تێیدا مریەمی دایك جەرگی پارچە پارچە دەبێت و لە ئاستی ئازاری کوڕەکەیدا بە خوڕ فرمێسك لە چاوەکانیدا دێنە خوارێ، دەربڕی ژانی مرۆڤایەتییە، نەك تەنیا گریانە بە کوڵەکانی کە تا ئێستاش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رەنگ دەداتەوە. هەروەها ئازاردانی ویژدانۆی و فرمێسکڕشتن و گریانی پەترۆس بەهۆی نکۆڵیکردنی پەترۆس لە بۆ عیسا، سێ جار نکۆڵیکردنی پەترۆس ئازارێکی گەورە بوو لێی نەدەبووەوە، وەك مێردەزمە دوای کەوتبوو. هەروەها بەدەستەوەدانەکەی لە لایەن یەهوزا-ش شێوەیەکە لە ئازاری ویژدان، یەهوزا هەرچەندە گریا بۆ ئەو تاوانەی کردبووی، بەڵام پاشان بۆ زیاتر خۆئازادکردن لەو هەموو خەم و ئازارە خۆی هەڵواسی.

مێژووی مەسیح وەك تاکە کەس مێژوویەکە باس لە ئازار و زوڵمی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ دەکات، باس لەو ساتانە دەکات کە تێیدا مرۆڤ بە سستیی لە بەرامبەر هێزە خواییەکاندا دەوەستێت.



ژیانی مەسیح بە ئەندازەی نموونە و حیکمەتەکانی تراژیدیایەکی پڕ لە ئازارە، نەك ئەمەش، زۆر لەو سەرچاوانەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتوون، باس لە ساتە سۆزدارییەکانی ژیانی مەسیح ناکەن، کە چۆن خەمی ئەو خەمێکی مرۆییانە بووە، سەرەڕای ئەوەش لە زۆر جێگادا نموونەی سۆزداریی لە گریان و خەمخواردنی مرۆڤ و بیرکردنەوە لە ئازاری مرۆڤ دەبینین. مەسیح هەوڵیداوە لە گریانەکانی مرۆڤ کەم بکاتەوە، هەوڵیداوە کەمترین فرمێسك لە چاوەکانی مرۆڤ بێنە خوارێ، خەمی ئەو، گریان و فرمێسکە بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگا بووە، بیرکردنەوەی ئەو، بە مەبەستی وردکردنەوەی ئەو ئازارانە بووە کە مرۆڤ بەرەو دۆزەخی ژیان دەبات، سەربووردەی گێڕانەوەکانی بریتین لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و باوك، کە باوك خۆی لە خودادا دەبینێتەوە، ئاینی مەسیح بە ژیانی مەسیح خۆشییەوە هەوڵێك بووە بۆ پێرستکردنی هەموو ئەو ساتانەی مرۆڤ تێیدا ئازار دەچێژێت، مەسیح بیری لە گریانیش کردووەتەوە وەك یەکێك لە ساتەکانی توانەوەی مرۆڤ.

مەسیحی وەك ئاینێك لە پاش گەشەکردن و تەشەنەکردنی لایەنەکانی و بەربلاوبوونی بە دنیادا، بوو بە مەنزڵگەی زۆر لەو کەسانەی دەیانویست رۆحیان پاك بێتەوە، زۆر لەو کەسانەی ئارەزووەکانیان دەرکردنی ئەو خەمانە بووە کە لە ناخیاندا جێگیر بووە، نەك ئەمەش، بگرە لە جەنگە یەك بەدوای یەکەکانی ئەوروپا و دنیادا زۆربەی زۆری ئەوانەی پێویستیان بە دڵنەوایی و هێوربوونەوەی رۆحیی دەبوو، روویان دەکردە کلێساکان بۆ دڵدانەوە و تەسکینیی، هەروەها زۆرجار ئەوانەی پێویستیان بە گریان و

پاككردنەوەی رۆح بوو، روویان دەكردە كلێساكان، زۆر لە تابلۆكانی سەدەكانی شازدەو هەڤدەو هەژدەش باس لە فرمێسكی مەسیح دەكەن، ئەوانەشی پاش مەسیحیش هاتن، زۆربەی ساتەكانیان بۆ ئامادەكردنی مرۆڤ بۆ تۆبەكردن تەرخانكرد، واتە مرۆڤ بووە سەرچاوەیەك بۆ دۆزینەوەی گوناهەكان، ژمارەیەكی زۆر پیاوی ئاینیی هەن كە سات و كاتی خۆیان بەردەوام بۆ پاڕانەوە و گریان لە حوزووری خوادا تەرخانكردووە، ئەویش لە پێناوی پاكبوونەوەی گوناهەكانیان، پاكبوونەوەی گوناه واتە فڕێدانی خراپییەكانی لەش و رۆح، بە پێی زۆربەی لێكۆڵەرەوانی بواری ئاینی مەسیحی دەڵێن، گریان بریتییە لە دەرچوونی گوناهەكان ئەو گوناهانەی كە مرۆڤ لە ژیانیدا كردوویەتی، ئەویش لە رێگای فرمێسكەوە، فرمێسك رزگاركردنی لەشە لە شتێك كە ئازاری لەش دەدات، وا لە لەش دەكات بێ ئۆقرە بێت و ئاسوودەیی لێ ببڕێت، بۆ ئەمەش دەربڕین پێویستە، بۆیە تاكە رێگای دەركردنی ئەو هەموو گوناه و ژانانە لە رێگای گریان و هەنسكەكانەوە دەبێت. بۆ نموونە (Giannozzo Manetti) كە یەكێكە لە هیومانیستەكانی سەدەكانی ناوەڕاست، باس لە گریانەكانی خۆی دەكات لە كاتی مەرگی كوڕەكەیدا، بیر لەو ساتانەی گریان بۆ مەسیح دەكاتەوە، مەرگی مەسیح ئەو مەرگە بوو كە زۆربەی مرۆڤەكانی سەردەمی خۆی هێنایە گریان، گریانێك تا سەدە نزیكەكانی ئەم دواییەش هەر بەردەوام بوو، بەردەوامییەك تەنانەت گەیشتە سەر تابلۆی هونەرمەندان و پێنووسی زۆربەی نووسەرە كلاسیكی و مۆدێرنەكان و زۆربەی كلێساكان بوون بە بنكەیەك بۆ فرمێسكە تاقانەكانی مرۆڤ، بۆ



ئەو مرۆڤانەی لە ساتە دڵتەزێنەكانی ژیانیاندا، لەو ساتانەی رۆحیان بەرگەی ئەو درمانەی نەدەگرت كە تێی دەكەوتن، پەنایان بۆ فرمێسك دەبرد بۆ شتنەوەی چاوەكانیان ئەو چاوانەی بە دزییەوە دەیانڕوانییە شتێك كە نابێت لێی بڕوانرێت، كلێساكان بوون بە سەرچاوەیەك بۆ لەرزاندنەوەی ئەو دڵانەی كە نەیانزانیوە رەحم چییە، بوون بە پەناگەیەك بۆ ئەو فرمێسكانەی نەیانوێراوە لە شوێنە گشتییەكاندا بڕژێن.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ئاینی مەسیح لەگەڵ ئەو درێژبوونەوەی كە سەرتاپای سنوورەكانی داگیركرد، ئاینێكی پڕ لە فرمێسك بوو، ئاینی ژانەكانی مرۆڤ بوو، سەرتاپای ئازاری مەسیح ئازاری هێنانە گریانی بەجێماوەكان بوو، هێنانە گریانی ئەو قوڕگانە بوو كە پێویستیان بە گریان بوو.

بەڵام لەسەردەمی بەكارهێنانی سیاسەت لە ناخی مەسیحی و ئاینی مەسیحی جۆرە فرمێسكێكی تر پەیدا بوو كە جیاواز بوو لەو فرمێسكانەی كە پێشتر دەڕژان، قەشە و رەبەنەكانی مەسیح لە زۆر بەشی دنیادا بوون بە داردەستی سیاسیی و كۆلۆنیالیستەكان و بەشداریان دەكرد لە چەوسانەوە و كوشتن و بڕین و ئەمجارەیان ئەوان بەناوی مەسیحییەوە فرمێسكی میللەتە هەژارەكانیان دەڕشت، وەك هێرشی ئیسپانیاییەكان بۆ ئەمریكای لاتین و باشووری ئەمریكا، ئەو كارانەی ئینگلیز و فەرەنسییەكان لە نێو هۆزە سەرەتاییەكانی ئەفەریقا و ئاسیا ئەنجامیان دەدا، پێشڕەوانی مەسیحی لەو جێگایانە فتوای ترسناكیان دەردەكرد بۆ سەركوتكردنی گەلان، "ئالان دو باتن" لە كتێبی "دڵنەواییەكانی فەلسەفە"دا میشیل دومونتی وەك نموونە دەهێنێتەوە، كاتێك باسی لە

دڕندەیی ئیسپانییەکان لە ئەمریکای باشوور کردووە و باس لەو کارانە دەکات، کە دەرهەق بە هیندییە سوورەکانی ئەوێ ئەنجامیان داوە، لەوێشدا ئەوان گوێ لە فتوای پیاوانی مەسیح دەگرن و قەسابخانەیەك دروست دەکەن، رووبارێك خوێن و رووبارێك فرمێسك، دەنووسێت "ویلگانیۆن گەورەی کاتۆلیکەکان، ئەو میللەتەی بە حەیوان لەسەر شێوەی مرۆڤ شوبهاند، قەشەی پەیڕەوانی مەزهەبی کالڤینی پێی وابوو، ئەو میللەتە هیچ هەستێکی رەوشتیان نییە"[٤٩]. ئەمەش رێگای بۆ سوپای ئیسپانی و پۆرتوگالی خۆش کرد تا بڕۆن و ئەو وڵاتانە داگیر بکەن، کوشت و کوشتار ئەنجام بدەن و مرۆڤەکانی تووشی مەزنترین خەم و گریان بکەن، منداڵیان بە بەرچاوی دایکیانەوە دەکوشت، ژنانی سکپڕیان سك هەڵدەدەڕی، پیاویان لە ژن جوودا دەکردەوە و ژنیان لە پیاو، ئەوەندە خەمەکان گەورەبوون زۆر لە ژن و پیاوان دەستیان دەدایە خۆکوشتن، "لەبەرئەوەی پیاوان و ژنان لە یەکتری جوودا دەکرانەوە دڵتەنگ و نائومێد دەبوون، زۆر لە هیندییە سوورەکان دەستیان کرد بە خۆکوشتن. بەپێی سەرژمێریی لە نێوان سەردەمی لەدایکبوونی فەیلەسووف میشیل دو مونتی ١٥٣٣ تا بڵاوبوونەوەی بەرگی سێیەمی وتارەکانی لە ١٥٨٨ سەرژمێریی نەتەوە بنەڕەتییەکانی دنیای نوێ لە ٨٠ ملیۆن کەسەوە دابەزی بۆ ١٠ ملیۆن"[٥٠]. گەر بەوردیی بڕوانینە ئەم لێکدانەوەیە، دەبینین کە دڕندایەتی بەناوی ئاینی مەسیحی، هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی مەسیحییەت و هەڵگران و رێپیشاندەرانی ئەو ئاینە بوو لە هێڵە راستەقینەکەی، مەسیحییەك کە پێشتر هۆکاری سڕینەوەی



فرمێسك و دروستکردنی خەندە بوو لەسەر لێو، ئەمڕۆ ئەو هۆکاری دروستکردنی فرمێسك و سڕینەوەی خەندەیە.

هەر لە زۆربەی زۆری ئەو کەرنەڤاڵانەی تایبەت بوون بە مەسەلەکانی گریانی نێو ئاینەکاندا و ئەو پەیامبەرانەی لە هەمووان زیاتر ژانی فرمێسکاویی رشتووە، دەکرێت بوترێت "ئاینی مەسیحی لە هەمووان زیاتر ویژدانی مرۆڤی هێناوەتە لەرزین، سەرەڕای ئەمەش بڕێکی زۆر لەو کەسانەی کە بوون بە هەڵگری ئاینی مەسیحی، ئەو راستییەیان لەبەرچاو بوو کە لە دنیادا ژمارەیەکی زۆر کەسانی گریاو هەن کە پێویستە هێور بکرێنەوە، هەر بۆیە تەوژمی رۆشنکەرەوەی دڵان پەیدابوو، کە گەشتیان بە نێو جەنگەڵ و کێو و بیابانەکان دەکرد بە مەبەستی گەڕان بەدووی ئەوانەی بە ژانی ویژدانەوە دەناڵێنن، ئەوانەی لە جەنگدا ئازاریان بینیبوو، هەرچەندە هەندێك لەم هەڵمەتانە مەبەستی ئابووریی و سیاسیی لە پشتەوە بوو، بەڵام لە سەرێکی ترەوە هۆکاری دروستکردنی شێوە دڵنەواییەك بوو.

هەروەها ئەو کەسانە هەوڵیان دەدا تا بۆیان بکرێت بچنە لای ئەو ژن و منداڵانەی لەبەر بێکەسیی و لە برساو لە نەهامەتیدا هەموو خەمی ژیانیان بە کۆڵەوە بوو، یان ئەو پەککەوتانەی لە کوچەو کۆڵان و شوێنە پڕ ئازارەکاندا بە تەنیا بەرەڵڵا کرابوون کەس گوێی نەدەدایە داواو ئازارەکانیان. بە ئامانجی هەموو ئەمانە بڕێکی زۆر مرۆڤ لە رێی ئەوانەوە فرمێسکەکانیان وشك دەکرانەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی هەوڵێك بوو بە مەبەستی گەیشتن بە مانای ئازارەکانی مرۆڤ.

## گریان و پێکەنینی پاش مەسیح

پاشان قسەکردن لەسەر ئاینی مەسیحی تەنیا لەم خاڵەدا ناوەستێتەوە، ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە ئاینی مەسیحی ویسیتوویەتی بیوروژێنێت، تەنیا لەوەدا نییە کە مەسیح و هاوەڵەکانی خستوویانەتە روو، بگرە مەسیحی وەك ئایین ئەوە ئامانجەکەی بوو کە تەسکینی دروست بکات، بەڵام پاشان ئەم ئەرکە لەم ئاینەدا رووی لە ململانێیی خوێناویی کرد و لە زۆر شوێنی دنیادا لەجیاتی ئەوەی گریانەکان بکوژێنێتەوە، زیاتر گریانی دروست کرد، جەنگە خوێناوییەکانی قوستەنتین و ئەو جەنگانەی لە سەردەمی جەنگی خاچپەرستاندا کرا، هەروەها ئەو جەنگانەی بە نێوی ململانێی ئاینیی و بڵاوکردنەوەی ئاینیدا روویاندا، هەروەها جەنگی بەنێو بڵاوکردنەوەی ئەم ئاینە لە رێگای کۆلۆمبوس ئەو هەولانەی لە ئەفریقیا و ئەمریکای ناوەند و لاتینیدا روویدا، جەنگی دژ بە هیندییە سوورەکان، ئەمانە هەر هەموو لەگەڵ خۆیاندا دەیەها و هەزارەها فرمێسکیان رشت، کە ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی گریانی راستەقینە لە رێگای ئاینەوە.

ئەم ئاینە بۆ ئەوە هات تا فرمێسکەکان وشك بکات، نەك زێدەتر فرمێسکی دیکە بێنێتە کایەوە، بۆ ئەوە دروست بوو تەسکینییەك بە دڵەکاندا بێنێت، بۆ ئەوە بوو تا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ جوانتر بکات، نەك پێوەندییەکان بشێوێنێت و زێدەتر قووڵتری بکاتەوە. بۆیە ئەو



سەردەمە لە مێژووی ئەم ئاینەدا مێژوویییەکی فرمێسکاویی بوو، هەروەك چۆن مێژوویەك بوو لەسەر پەیڕەوە راستەقینەکەی خۆی دەرچوو، رووی کردە پەیڕەوێك کە پەیڕەوی ئەو نەبوو، رووی کردە سەرزەوییەك کە زەوی ئەو نەبوو، هەروەها ئامانجی هاتنی ئەو ئاینە ئامانجێکی ئاشتیخوازانە بوو، بەڵام لە زۆر پارچەی دنیادا ئەو رازە گۆڕا بۆ شێوەیەکی نوێ لە بیرکردنەوە و توووندوتیژیی و داپڵۆسین.

لادان لە ئامانجی ئاینەکە بە مەبەستی ئایین نەبوو ئەوەندەی بە مەبەستی تر بوو، ئاینەکە لە رێرەوی خۆی دەرنەچوو، بەڵام جێبەجێکەران و شوێن پێ هەڵگرانی ئەم ئاینە، ئەو رێگەیەیان بەرەو ئاستێکی تر گۆڕی.

گەشەکردنی گریان لەم زەمەنەی ئەم ئاینە، وای کرد کە مرۆڤ بۆ بەرنامەیەك و شێوازێکی تر لە ژیان بگەڕێت، مەبەستی ئەوە بوو کە پێوەندییەکانی خۆی بگۆڕێت.

## ئیسلام

لە ئیسلامیشدا هەروەك هەموو ئاینەکانی دیکە کۆمەڵێك دیاردە هەن لە بارەی مامەڵە رۆحییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەری، لە پاڵ ئەمەشدا هیچ ئایەتێك لە ئایەتەکانی ئیسلام بە تەواویی تەرخان نەکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی رۆحیی لە بارەی مرۆڤەوە، بۆ لێکۆڵینەوەی لە بارەی ساتە رۆحییە پەتییەکانی مرۆڤ و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ

هەست و نەستەکانیدا، بەڵام لە زۆربەی زۆری ئایەتەکانی قورئان و لە شەریعەشدا، واتە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد، باس لە نەفس دەکرێت، نەفس بە مانا گشتییەکەی، واتە ڕۆح و حەزو هەست و چێژ.

قورئان زێدەتر لە ئاینەکانی دیکە باسی لە سنووردارکردنی سەربەستی نەفس دەکات، ئەم سنووردارکردنە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی تەسلیمی کردە شەهوەتئامێزەکانی خۆی نەبێت، کۆنترۆڵکردنی ئەو لایەنانەیە کە لە شەیتانی نزیك دەکاتەوە و لە خوای دوور دەخاتەوە، ئاینی ئیسلام بڕوای وایە کە سەرتاپای گوناهەکان لە کۆنترۆڵ نەکردنی نەفسەوە پەیدا دەبن، ئەگەر نەفس بەلەسەبوو، سەر لە بڕوا تێك دەدات و جێگایەك بۆ نزیکبوونەوە لە خوا ناهێڵێتەوە، نزیکبوونەوەی ئادەم لە درەختە یاساغەکە یەکەمین تەسلیمبوونی مرۆڤ بوو بە حەزەکانی، هەرچەندە خوا ئاگاداری کردبووەوە:

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ {البقرة/٣٤} وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ {البقرة/٣٥}

فەرمانمان بە فریشتەکان دا بۆ ئادەم کڕنووش بەرن، هەر هەموویان بۆ ئادەم کڕنووشیان برد تەنیا شەیتان نەبێ، ئەو خۆی بە گەورەتر زانی و



کڕنووشی نەبرد و سپڵە بوو (٣٤) وتمان ئادەم تۆ و هاوسەرەکەت بڕۆن لە بەهەشت بژین و لە هەرشوێنێك هەرچییەك دەخۆن بخۆن، تەنیا نیزیکی ئەو دارە مەکەون، ئەگەر ئەم کارە بکەن دەچنە ریزی زۆردارانەوە (٣٥) شەیتان لە خشتەی بردن و لە بەهەشت بەدەرکردنی دان، گوتمان بچنە سەر زەوی خۆتان دوژمنی خۆتانن، تاماوەیەکی دیاریکراو لەسەر زەوی رابوێرن (٣٦) ئادەم لەبەر بەرژەوەندیی چەند گوتەیەکی لە خواکەی خۆی پێگەیشت، ئەوسا تۆبەکەی قبووڵ کرد، هەر خواش خۆی لە پەشیمانان دەبورێ و دلۆڤانە.

فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ {البقرة/٣٦} فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ {البقرة/٣٧}

کەواتە مەسەلەی تەسلیمبوونی مرۆڤ بە حەز، تەسلیمبوونێتی بە هەست و سۆزەکانی، نەك ئەمەش بگرە تەسلیم بوونە بە شەیتان بەتاڵکردنەوەی ئەو هەوڵانەیە کە دەدرێ بۆ ڕێگاگرتن لێی، هەر خۆی خوا لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێمە بە ڕێگای حەڵاڵ هەموو شتێکمان بۆ ئێوە دابین کردووە بۆچی ئێوە پەنا دەبەنە بەر حەرام، پەنا بردنە بەر حەرام یەکێکە لەو هۆیانەی کە مرۆڤ بەردەوام دەخاتە نێوان دوو ململانێوە، یەکێکیان ململانێی لایەنی خێر و ئەوی تر لایەنی شەڕە، ئەوی تریان ململانێی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خۆی، بەڵام

مرۆڤ هەر بەدووی جوانیی و حەزو ئارەزووەکانی خۆیدا دەگەڕێ، لە سورەتی ئەلفرقان هاتووە:

((ئارەزووی ژنکردن و پەیداکردنی نەوەی زۆر و پڕ بەبار لە زێڕو زیو و ڕەوەئەسپی بەدروشم و خۆشییەکان و بەروبوومی زەوی، ئەوانە بۆ مرۆڤ ڕازاونەتەوە و مایەی خۆشین لە ژیاندا، بەڵام کاتێك کە دێنەوە بەردەستی خوا، ئەو کاتە دەزانن کە زۆر لەوە باشتر هەیە)).

**زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ {آل عمران/١٤}**

بۆیە هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوشتانە نییە کە لەم دنیادا هەیە، بەڵکو هەوڵی ئەو بۆ ئەوەیە کە لە بەهەشتەکەی خوا قەولی پێداوە، ئەو بەهەشتەی پڕە لە خۆشییەکان و ڕووباری نەمری و جوانی نەمر و تەمەنی بێکۆتایی و حۆری و خۆشییەکانی ژیان.

کەواتە حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ گەلێك جار گەورەتر بووە لەو حەزو ئارەزووانەی کە ئاینەکان ویستوویانە، بۆیە مرۆڤ هەمیشە لە دەرەوەی حاڵەتە سۆزدارییەکان تووشی جۆرێك لە لێکدان بووە، لە نێوان ئەوەی کە هەیەو ئەوەی کە دەبێت، مەسەلەی سۆز و سۆزداریش مەسەلەیەکە لە بڕوای ئاینی ئیسلامیدا هەندێك جار دەکەوێتە خانەی حەرام و هەندێك جاریش حەڵاڵ، ئەو وشەیەی لە قورئاندا بە زۆری بەرچاو دەکەوێت وشەی



**(ڕەحم و بەزەیی و یارمەتییە)**، لێرەدا مەسەلەی ڕەحم، واتە هەستکردن بە ئازاری بەرامبەرەکەت و هەستکردن بە ئازار و ئەشکەنجەکانی بڕای مرۆڤت ئەم ڕەحمە هەندێك جار بەرەو ئەوەمان دەبات کە فرمێسك لە چاوەکانمان بێتە خوارێ و بگرین و هەنسکی بەزەیی دەربڕین و نەتوانین بەرامبەر بە هەندێك لە ئازارەکان خۆمان بگرین، خوا لە قورئاندا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە ئەو خودی خۆی (واتە خوا) کەسێکی خاوەن بەزەییەو بەزەیی یەکێکە لە سیفەتە مەزنەکانی، کەواتە خودی خوا بەشێکە لەو سۆز و هەستەی لە دەروونی مرۆڤدایە، غەفورو ڕەحیم یەکێکە لەو وشە زۆرانەی کە زۆرجار لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە، زیاتر لە (٩٣) جار هاتووە، کەواتە کەسێکی بەزەییدارە بەرامبەر بەوانەی تۆبە دەکەن و داوای یارمەتی لێ دەکەن هەروەها بڕوایەکی تەواوی بە بەزەیی هەیە.

لێرەدا دەمەوێت بزانم، ئایا خوا لە چ ڕوویەکەوە لە قورئانەکەیدا مامەڵەی لەگەڵدا مەسەلەی خەم و فرمێسك کردووە کە یەکێکە لەو مەسەلانە. لە هەندێك جێگادا قورئان مەسەلەی خەم بۆ دوژمنەکەی بەکاردێنێت وەك شێوەیەك لە نارازیبوونیان بەرامبەر بە سەرکەوتنی باوەڕخوازان، ئەوەتا لێرەدا دەڵێت:

دوژمنان کە دەبینن باوەڕخوازان سەردەکەون ئەوان خەم دایاندەگرێت، گەر ناخۆشییەکتان بەسەر بێت ئەوان شادمان دەبن...

**إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ {آل**

عمران/١٢٠} وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّىءُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {آل عمران/١٢١}

هەروەها لە هەندێك جێگای دیكەش بە مرۆڤ دەڵێت "گەر تۆ بڕوات بە خوای خۆت هەیە، بە هیچ جۆرێك خەم مەخۆ، واتە خەمخواردن بۆ كەسێكە كە پشت و پەنای نییە:

نە دڵگران بن و نە دڵخۆش، گەر بڕواخواز بن خۆتان بەرزترن...

وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {آل عمران/١٣٩}

ئاماژەكردن بە مەسەلەی خەم و خەمی توندیش لە زۆر جێگای دیكەدا هاتووە، هەر لە بەشێكی تری ئایەتێكی دیكەشدا ئاماژە بەو ئازارە گەورەیە دەكات كە مرۆڤ لە ئەنجامی ترس لە دوژمنەكەی لای دروست دەبێت، واتە دروستبوونی ترس پێوەستە بە خەمەوە، رەنگە زۆرجار مرۆڤ لە ترسان گریانی لا دروست بێت، ئەم حاڵەتە بە تایبەت لای منداڵ بە زۆری دەبینرێت، كاتێك لە جێگایەك بە تەنیا و بە بێ دایك و باوك، هەست بە ونبوون دەكات دەست بە گریان دەكات، ئەم گریانەی هەستكردنە بە نەبوونی بەرگریكەر و كەسێك كە باوەشی پاراستنی بۆ بكاتەوە، ئەم حاڵەتە رەنگە بۆ گەلێكیش راست بێت.



هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە هەر ئاماژەكردنێك بەو حاڵەتە كە تێیدا مرۆڤ بەهۆی لەدەستدان ئەو خەمە گەورەی لا دروست دەبێت:

ئەو كاتەی هەڵدەهاتن و ئاوڕتان لە كەس نەدەدایەوە، لەدواشتانەوە پێغەمبەر بانگی دەكردن، جا خوا پاداشتی خەم هەر بە خەم دەداتەوە، نەك لەبەر ئەوەی دڵگران بن بۆ ئەوەی لەدەستتان چووە و ئەوەی كە تووشتان بووە. خودا ئاگاداری ئەو كارانەیە كە دەیكەن (١٥٣) پاش ئەو خەمە ئارامییەكی نارده سەرتان، كە پڕ لە ئۆقرەیی خەوڵێكەوتن بوو، بەسەر هەندێكتان هاتوو، هەندێكتان هەر تەنیا خۆتان لەبیر بوو، ئێوەش هەروەك خۆانەناسەكانی پێشوو بیرتان لەخوا دەكردەوە، دەیانوت: لەم كارە هیچمان بۆ دەكرێ؟ بڵێ هەموو كارێ بەدەستی خوایە. ئەوانە نهێنی دڵیان لای تۆ ئاشكرا ناكەن، دەڵێن، ئەگەر بەدەست خۆمان بوایە، لێرە نەدەكوژراین، بڵێ ئەگەر ئێوە لە ماڵی خۆشتان بوونایە ئەو كەسانەی كوشتنیان لەسەر نووسراوە...

إِذْ تُصْعِدُونَ وَلاَ تَلْوُونَ عَلَى أحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غُمَّاً بِغَمٍّ لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ {آل عمران/١٥٣} ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّن بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغْشَى طَآئِفَةً مِّنكُمْ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الأَمْرِ مِن شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ يُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لاَ يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى

مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللّهُ مَا فِي يَدُورِكُمْ وَلِيُمَحَّيَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ اليَدُورِ

یەکێك لەو بەسەرهاتە ویژدانییانەی کە زیاد لە پێویست باس لە هەستەکانی مرۆڤ دەکات، سورەتی "یوسف"ە، لەم رووداوە تراژیدیائامێزەی نێو قورئان چاومان بە خەم و گریانێکی زۆر دەکەوێت کاتێك یوسف لە لایەن براکانییەوە، غەدری لێ دەکرێت و فڕێدەدرێتە نێو بیرێك پاشان براکانی دەگەڕێنەوە لای باوکی و پێی دەڵێن: یوسف گورگ خواردی و ئەمەش کراسە خوێناوییەکەیەتی، بۆ ئەوەی باوکیان بڕوایان پێ بکات، فرمێسکی تیمساحانە دەڕژێنن، هەر لەو ئایەتەدا گریان و وشەی گریان بە ئاشکرا دەبینرێت، با تەماشای ئەم ئایەتە بکەین:

ئێوارانێ بە گریانەوە بۆ لای باوکیان گەڕانەوە (١٦) گوتیان، بابە، چووبووین بۆ کێبڕکێ لای کەلوپەلەکان یوسفمان بەجێهێشت و گورگ خواردی.

وَجَاؤُواْ أَبَاهُمْ عِشَاء يَبْكُونَ {يوسف/١٦} قَالُواْ يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لِّنَا وَلَوْ كُنَّا يَادِقِينَ

کەواتە باسکردنی گریان لە قورئاندا زۆرجار وەك وشەی گریان هاتووە، وەك لە ئایەتی یوسف بەرچاومان کەوت، کاتێك باوکی یوسف بۆ کوڕە



ونبووەکەی دەگری، یان هەندێك جار لە شێوەی خەمدا دەبینین، چ خەمی دوژمنەکانی خوا بێت بۆ دۆڕاندنیان بەرامبەر بە هێزی خوا، یاخود خەمی موسڵمانەکان بێت کاتێك لە نوشستی نزیك دەبنەوە، یان هەندێك جار خەمی مرۆڤە بۆ لەدەستدانی رۆڵەکەی کە زۆرجار قورئان لەگەڵ قەزاو قەدەر هاوبەرامبەر دەکات و مرۆڤیش دەبێت لە کۆتاییدا بە سەبرو تەحەمول بێت، بەڵام هەندێك جار مرۆڤ لەبەر بڕواو کرنووشبردن بۆ هێزی خواو پاڕانەوە گریانی لە قوڕگدا دروست دەبێت، وەك لەم ئایەتە بەرچاومان دەکەوێت:

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَن خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا {مريم/٥٨}

ئەمەو مەسەلەی بەبیرهێنانەوەی وشەی گریان لە قورئاندا، دەکرێت لە سێ تەوەرەوە تەماشای بکەین، **یەکەم** لە تەوەری، بڕواو و **دووەم** لە تەوەری گریان وەك شێوازێك بۆ دەربڕینی هەستەکانی ناخ، **سێیەم** گریان وەك بیرکردنەوەو وەبیرهێنانەوەی رابردووە تاڵ و ناخۆشەکان. کەواتە بوونی بیری گریان و خەم لە نێو ئاینی ئیسلام پابەندە بە هۆکارەکانی نێوان بڕواو بێ بڕوایی، هەموو ئەو حاڵەتانەی ناخ کە لەنێو دڵ و دەروونی مرۆڤدایە، پابەندە بە دیاردەی بوونی گریانەوە، وەکو هۆکارێك بۆ پاقژبوونەوە و

ئاوڕدانەوە لەو شتەی پێی دەوترێت خودا و دروستکەر و داهێنەری هەموو شتەکان.

وەك لە سەرەوە بینیمان لە ئاینی ئیسلامیشدا بە تایبەت لە قورئانیشدا جێگایەك بۆ بە بیرهێنانەوەی مەسەلە رۆحییەکان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، چ ژیان بێت یا مردن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە قورئاندا ئاماژەکردن بە گریان پابەندە بە خەم و مردن و ژیانەوەی مرۆڤ، لە هەندێك کاتدا گریان پێچەوانەی حەزەکانی مرۆڤە، هەندێك جاری دیکەش پێویستە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئاینی ئیسلام خۆی بەو هەموو مێژووە گریاناوییەی خۆی لە جەنگ و داگیرکردن و بەرپاکردنی جەنگە خوێناوییەکان، بووەتە هۆی هەڵڕشتنی بڕێکی زۆر خوێن کە لە ئەنجامی ئەو هەموو هەولانەدا ئیسلام وەك ئایین بلاوبووەتەوە، جەنگەکان و مێژووی ئەو جەنگە ئیسلامییانە خۆی لە خۆیدا پڕن لە دیاردەی سەیری پڕ تراژیدیا، کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی گریانی بە کوڵ و پڕبوونی چاوەکان لە فرمێسك و هەنسکی مەزن و بێوەژنکردنی هەزاران ئافرەت و بێسۆزبوونی منداڵان، ئاینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئاینەکانی دیکە لە هەمووان زێدەتر خوێنی لە پێناودا رژاوە و خوێنی رشتووە، تا بتوانێت بەو هەموو بەربلاوییەدا پەل بهاوێت و بلاوبێتەوە.



## لاوانەوە و ئیسلام

بەڵام ئاینی ئیسلام ئەوەی پێ خۆش نەبووە کە مرۆڤ لە رووداوەکاندا بگری و لە رووداوەکان و بارە دڵتەزێنەکاندا لاوانەوە ئەنجام بدات، واتە لاوانەوە یەکێك بووە لەو گرفتانەی ئایین قبوولی نەکردووە مومارەسە بکرێت، مومارەسەکردنی ئەم حاڵەتە دژ بە ئارەزووی خوا بووە، پێغەمبەری ئیسلام محەمەد پێی وایە: لاوانەوە کارێکە لە کارەکانی جاهیلییەت، هەروەها کوڕی عومەریش گوتوویەتی: لاوانەوە حەرامەوەو گوێگرتن بیدعەیە. لاوانەوە واتە بە گریانەوە دەنگت لەسەر مردوویەك بەرزبکەیتەوە و هەروەها شتێکی لەبارەوە بگێڕیتەوە، هەروەها لاوانەوە کە ئایین قەدەغەی کردووە، لەخۆدان و قژڕنین و خۆدادڕانیش دەگرێتەوە.

هەندێك لە بنووسانی قسەکانی پێغەمبەر پێیان وایە، ئەوانەی لاوانەوە دەکەن، سەر بە گرووپی جاهیلین، واتە ئەو کەسانە، کاسانێکن لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە ئەم سیفەتەیان بە میراتیی بۆ ماوەتەوە، پێغەمبەریش لەم بارەیەوە قسەی زۆری کردووە، پێغەمبەریش محەمەد، ((لاوێنەر ئەگەر پێش مردنی تۆبە نەکات، ئەوا بەرگێکی قەتران و قەڵغانێ لە گڕ و ئاگری تێ بەردەبێت))، واتە ئەگەر ئەو کەسەی لاوانەوە دەکات، گەر بێت و پێش مەرگی تۆبە نەکات، ئەوا خوا لەو دنیا جلوبەرگێکی لە قەترانەی دەکاتە بەر و پاشان لەژێر ئەو جلوبەرگەوە گڕی تێ بەردەدات، بۆ ئەوەی گەرمای سووتانەکە توندوتیژ بێت تا ئەو رادەیەی، کڵ و کۆی دامرکێت، جلەکە لە قەترانە، قەترانیش وەکو بەنزین

وایە و زوو گڕ دەگرێت، لەو کاتەدا گڕەکە بەهێزێکی مەزن پەنگ دەخواتەوە.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر گوتوویەتی (دوو دەنگ لە دنیا و قیامەتدا نەفرەتیان لێ کراوە، زوڕناژەنینی کاتی ناخواردن و ورتەو دەنگکردن لە ساتی موسیبەتدا). بەپێی لێکدانەوەکان، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر مەبەست لەوەیە کە دەنگی لاواندنەوە شتێکە لە کفر نزیکبوونەوەیە، ورتەو دەنگکردن، واتە لاوانەوەو شیوەن دەگەیەنێت، هەندێك جار دەبینین ئافرەت لە کۆڕ و تازییەکاندا دەلاوێنێتەوە.

لە ئاینی ئیسلامدا سنوور بۆ گریان دانراوە، هەروەها گریانیش بەرامبەر بە کاری خوایی، هەر کارێك خوا بۆ سەر مروڤی داگرێ، واتە گریان بەرامبەر بە ماڵوێرانیی و مەرگ و هەرکارێك لەلایەن خوداوە بەسەر مرۆڤدا بێت، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بڕوا و سستکردنی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خوایی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بڕوا و مەزهەبەکان لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە، هەندێکیان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاری شیوەن و گریان بریتییە لە کارێکی هەستییارانە و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام گریان هەندێك جار شێوەیەکە لە بەگژاچوونەوەی کارە خواییەکان، بەو بۆچوونانەی کە لەبارەی ئاینەوە کراوە، ئاینی ئیسلام ڕێگر نییە لە گریان و دڵنەوایی و دەربڕینی دڵتەنگیی، بەڵام واپێدەچێت ئەمە بەگژاچوونەوەی ئادەت و تێرمەکانی پێش ئیسلام بووبێت، ئەو ئادەتە لای ئافرەتان تا ئەم ساتەش پەیڕەو دەکرێت.



لاوانەی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا تا ئێستاش بەشێوەی جۆراوجۆر پێڕەو دەکرێت، هەندێك لەو لاواندنەوانە بەشێوەی توند روو دەدەن، هەندێکیان بەئازارەوە، هەندێکیشیان بەخۆلێدان و خۆبریندارکردن، لە خۆرهەڵاتدا لە لای گەلانی عەرەب و فارس و ئەفغان و پاکستان و هەندێك لە میللەتە ئیسلامییەکان پێڕەوی ئەم سیفەتانە دەکرێت.

ئافرەتان شیوەن و گریان و لاوانەوە پەیڕەو دەکەن، رامکردنی هەست و تێبینییە هەستییەکان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا وەك ئایین مومارەسە نەکراوە، گریان وەك کلتوور مومارەسە کراوە، گریان لە تازییە و موسیبەتەکاندا، شتێکە پێوەندیی بە توانا و لێکدانەوەی هەستەوە هەیە، ئەوەی کە ڕێگرە کلتوور و بیروباوەڕەکانی پیاوەتی و نێرانە و ئەو بابەت و وشانەیە کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، ئەگەر پیاو بگری، ناشیرین و کردەی ئەو نییە، ژن دەبێت بگری، ئەگەر پیاوێکیش فرمێسك هەڵڕێژێت، دەیخەنە پلەی ژنایەتییەوە، کەواتە ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردەوارییدا پەیڕەو دەکرێت لە بەکارهێنانی گریاندا پێوەندیی بە پیاوەتیی و ناپیاوییەوە هەیە، دابەشکردنی هەستەکانە لە نێوان نێر و مێ.

بۆیە تا ئەم ساتەش ئایین نەیتوانیوە ڕێگربێت لەبەردەم دەربڕینی هەست و نووسینەوەی هەستەکان، نەخێر، ئایین نەیتوانیوە، هەرچەندە ویستوویەتی ئەو کارە بکات و تا ئەم ساتەش لە هەوڵی ئەوەدایە، دەبینین ئێستاش لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئاینیی و لە تازییەکاندا هەڵگرانی بزووتنەوە ئیسلامیی و ئسوڵیی و سەلەفییەکان دەیانەوێت بەنێوی ئاینەوە ڕێگربن لەبەردەم دەربڕین و پیشاندانی هەست، ئەوان دەخوازن ڕێکوپێك شێوازی کوشتنی هەست لە ناخەوە پەرە پێ بدەن، بە هێنانەوەی نموونە و

شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پێغەمبەر بەرامبەر هەندێك سیفەتی ناشیرینی سەردەمی ئیسلامیی.

ئاینی ئیسلام سەرەڕای ئەوەی خوێنی لەپێناو ڕژاوە و خوێنی ڕشتووە و ئاینێکی پڕ لە خوێن بووە، بەڵام هەندێك لاپەڕەی شاراوە لە مێژووەکەیدا دەربارەی ئەو زوڵم و ناخۆشییانەی هەیە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شین و گریان و هەڵڕشتنی فرمێسکی بێ تاوانان (کوشتنی حەمزەو جەنگەکانی خەواریج و جەنگە ناوخۆییەکان و کوشتنی عەلی و شەهیدکردی حوسێن و خیانەتەکانی مەعاوییەو جەنگەکانی عومەری کوڕی خەتاب و لەسێدارەدانی حەللاج... تاد)، هەموو ئەمانە نموونەی ئاشکراو خێران لەو ڕووداوانەی کە دەکرێت مرۆڤ لە ئاستیاندا ڕاوەستێ.

لاوانەوە لە ئیسلامدا دوو شێوە بووە، لە سەرەتای ئیسلامدا لاوانەوەی بێدەنگ و دەنگدار هەبووە، پاشان ئەم دەنگە وردە وردە گەیشتووەتە حاڵەتی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هەمەچەشن، هەر بۆیە شێوە شیوەنەکان چوونەتە نێو مەزهەبەکانی سۆفیزم و هەموو ئەو مەزهەبە ئاینییانەش کە لە سەرچاوەی ئەسڵی ئیسلامەوە گەشەیان کرد.

پاشان تێگەیشتن لە بۆ مەسەلەی لاوانەوە گەشەی کرد و گەیشتە ئەو ئاستەی کە گشت بەشەکانی تری ژیانی گرتەوە، دەبینین لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بیر لە مەسەلەی لاوانەوە کراوە و کەم تا زۆر چووەتە نێو بەشەکانی ژیان و بیرکردنەوەی کەسەکانەوە، لاوانەوە لە زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان چووەتە نێو گۆرانیی و پەرستن و مەقام.



## کەربەلاو مەرگی حوسێن

ڕووداوی تراژیدیی، تۆڵە، کوشتن، دابڕان، لەدەستدان، شێوە خەمێك لای مرۆڤ دروست دەکات، یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گریان و تراژیدیا بۆ بارستەی ڕووداو و ململانێکان دەگەڕێتوە. لە مێژووی ئیسلام کوشتن و تۆڵە هۆیەك بووە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی گریان و فرمێسك و لاوانەوە، هەندێك لەو ڕووداوانە ئەوەندە دڵتەزێن بوون، کە مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی لە ئاستیدا بێدەنگ بکات، ئەگەر بڕوانینە سەردەمی پاش مەرگی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد دەبینین یەکەمین کوشتنی سیاسیی ئابلۆقەدان و کوشتنی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەفان بوو، پاشان کوشتنی عەلی و ڕووداوی سەفین، چەندین ڕووداوی دیکە کە باس لەو ساتە تراژیدیانەدەکەن، دیارە مەرگی حوسێن یەکێکە لەو ڕووداوە دڵتەزێن و گریاوییانەی کە تا ئەم سەردەمەی ئێمەش بەردەوامیی هەیە، ئەو ڕووداوە بە بەشێك لە مێژووی ئیسلام دەژمێردرێت، دەکرێت بڵێین دیاردەیەکی خوێناوییە و لە هەموو دیاردەکانی دیکە هەڵگری شین و گریان و هەنسکاویی بووە، شیعەکان و ئەهلی بەیتیش تا ئەم ساتەش لە یادی ئەو غەدرە خوێناوییەدا لەخۆ دەدەن و شین و شیوەن دەگێڕن و لە پاڵیشەوە بە ئەسپایی فرمێسك بۆ ئەو بیرەوەرییە تاڵە دەڕژێنن و هەرچی بیر لەو یادە دەکەنەوە کۆستیان دەکەوێت و بە دەنگێکی زوڵاڵ بە سنگ و ناوچەوانی خۆیاندا دەکێشن، مەرگی حوسێن لە مێژووی شیعەدا

گریاناویترین بەسەرهاتە و لەگەڵیدا زولاڵی تەنیایی نرکەو ناڵەی حوسێنی تەنیا لە دەشتی کەربەلاوە دەنگ دەداتەوە، وەچە شیعەکانیش بەو دەنگدانەوەیە نرکەو ناڵەی دڵی خۆیان دەبیستن، کە چۆن وەکو بورکانێکی قەتیسماو لە دڵی چیایەکدایەو چاوەڕوانی تەقینەوەیە، ئەوان کە دەشتەقنەوە، هیچ گریانێکیان ناگاتێ، بەسەرهاتی مەرگی حوسێن، بەسەرهاتی ئەو تراژیدیایەیە کە تا ئەم زەمەنەش لە دڵی شیعە مەزهەباندا دەنگ دەداتەوە.

ڕووداوەکە بە شێوازی جۆرەوجۆر باسکراوە، مەزهەبی شیعە بە شێوەیەك و مەزهەبی سوننە بە شێوەیەکی تردەیگێڕنەوە، بەڵام زۆربەی تەوژمەکان ڕووداوی کوشتنەکە بەو شێوە دەگێڕنەوە "حوسێن و هێزەکەی بەردەوام ڕۆیشتن و ڕوویان کردە بیابان تا ئەوکاتەی سوپای ئەمەوی لە بیاباندا ڕێگایان پێ گرتن، سوپایەکی چوار هەزار کەسی کە سەرکردەی کوڕی سەعد بن ئەبی وەقاس بوو، لە ڕۆژی پێنجەشەمە نۆیەمی مانگی محەڕەم ئەو سوپایە لە ڕەشماڵەکانی حوسێن نزیك بوونەوە، بۆ ڕۆژی دوایی عومەری کوڕی سەعد سوپا و سوارەکانی دابەش کرد، لە دەستەڕاست عومەری کوڕی حەجاج و لەلای چەپ شەمەری کوڕی جەوشەنی دانا، سەرەك سوارەکانیش عەروەی کوڕی قەیس بوو، هێزەی حوسێن پێکهاتبوو لە (٣٢ سوار و ٤٠ پیادە)، سەرکردایەتی هێزەکەشی دابووە دەست عەباسی برای، پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات، سوپاکەی بەرامبەر، ئاویان لە سوپاکەی حوسێن بڕی، چەندین ڕۆژ بێ ئاو مانەوە تووشی تینووێتی بوون. تیروکەوان وەشێنانی سوپای ئەمەوی حوسێن و سوپاکەیان



تیرباران کرد، زۆر لە پیاوەکانی حوسێن بریندار بوون، شەڕ دەستی پێکرد، تۆزو خۆڵ ناوچەکەی داگیرکرد و پاش ماوەیەك شەڕ، کە تۆزو خۆڵەکە وەریوە، دەرکەوت کە (٥٠) کەس لە پیاوەکانی حوسێن کوژرابوون، پاشان شەڕەکە لە دەوروبەری کەربەلا بەردەوام بوو، هاوەڵانی حوسێن یەك لە دوای یەك دەکەوتن، شەڕ لە ڕەشماڵەکەی حوسێن نزیکبووەوە بەردەوام بوو تا ڕەشماڵەکەشیان سووتان، هاوەڵانی حوسێن یەك لەدوای یەك دەکوژران، لەوانەش کوڕە گەورەی حوسێن، عەلی و براکانی عەبدوڵڵا و عوسمان و جەعفەر و محەمەد و کوڕی حەسەنی برای، ئەبوبەکر قاسم و حەسەن موسەنا و کوڕانی زەینەبی خوشکی عەونی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی جەعفەر تەیار، ئەهلی عوقەیل کە پێکهاتبوون لە عەبدوڵڵای کوڕی موسلم و عەبدولڕەحمانی کوڕی عوقەیل و جەعفەری کوڕی عوقەیل و محەمەدی کوڕی موسلمی کوڕی عوقەیل و عەبدوڵڵای کوڕی عوقەیل.

دواساتەکانی شەڕ ئەو کاتە بوو کە حوسێن سواری ئەسپەکەی بوو، عەباسی براشی لە پێشەوە دەڕۆی، بەڵام عەباس ڕووی کردە ڕووباری عەلقەم تا ئاو بۆ حوسێن و هاوەڵەکانی بێنێت، بەڵام دەکەوێتە بەر دەستی دوژمن و دەکوژرێت، لە مەیدانا تەنیا حوسێن مایەوە، ئەویش تیرێك بەر ملی کەوتبوو، پاشان لێدانی ڕم و شمشێر گیانیان ئەنجن ئەنجن کرد. بەپێی گێڕانەوەی شیعەکان "شەمەری کوڕی زی جەوشەن" بە شمشێر سەری حوسێنی لە گیانی کردووەتەوە و هەروەها ڕێگایان بە ئەسپێك داوە کە ناوی ئەسپی ئەعوەجی بووە بەسەر لاشەکەیدا بڕوا، ئەم ڕووداوە ڕۆژی هەینی ڕوویداوە، لە عاشوورا، مانگی موحەڕەم لە مێژووی (٦١)ی

کۆچی، حوسێن ئەو کاتە تەمەنی (٥٦) ساڵ بووە، لەو شەڕەدا تەنیا عەلی کوڕی حوسێن رزگاری بوو[1].

بەڵام لە کتێبی ((الفتنة بين السحابة، قراءة الجديدة لأستخراج الحق من بين ركام الباطل، فضيلة الشيخ محمد حسان))، ئەم بەسەرهاتە بەم شێوەیە باس دەکرێت، ئەم بەسەرهاتە بەڕاستی چۆن روویداوە، ئەوە زۆر گرنگ نییە کە چۆن دەگێڕدرێتەوە، گرنگ ئەوەیە کە چۆن ئەم مەسەلەیە بووە بە کلتوور و گریان و لەخۆدان گرنگییەکی زۆری هەیە. رووداوی کەربەلا یان کوشتنی حوسێن بۆ شیعەکان، رووداوێکی تایبەتە، گریانەکە بۆ غەدر و بێبەزەییەتی لە بەئەنجامدانی ئەو رووداوە، هەروەها ئەو رووداوە شێوەیەکە لەوەبیرهێنانەوەی دەستدرێژیی مێژوو، ئەو دەستدرێژییانەی بەردەوام برین دەکولێننەوە.

رووداوی کوشتنی حوسێن هەرچەندە ململانێیەکی سیاسیی نێوان گرووپەکانی ئیسلامە بۆ دەسەڵات، بەڵام لە هەمان کاتدا گێڕانەوەیەکە بۆ نەوەکانی ئەو خێزانە کە ئەهلی بنەماڵەن، جێگای گریان و شیوەنە، شێوەی شەڕکردن و کوشتنیان و شێوەی مامەڵەکردنەکە بۆ خۆی بووە بە تراژیدیایەکی گەورە و ملیۆنەها مرۆڤ هاوسات ئەو رووداوە یاد دەکەنەوە.

ئەم گریانە "گریانی هەمووە، گریانی بەکۆمەڵە، گریانی پێکەوەیە" گریانی کولانەوەی دڵەکانە لەیەك سات و ئاندا، هەر هەموو هەست بە گریان و کولانەوەی برین دەکەن، هەست بەوە دەکەن، ئەمە ساتێکە دەبێت هەموویان بگرین و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو برینانە دەربڕن کە

[1]- ماڵپەڕی وکیپیدیا.



خەریکە لە دڵ و دەروونییان ئەو کولانەوەیە دووبارە دەکاتەوە، ئەو دەنگانە دووبارە دەکاتەوە، کە هەموو سەردەمێك روویداوە.

بێگومان لە ئیسلامدا دەیان رووداوی تراژیدیئامێز هەن، بەڵام ئەم رووداوە، لایەنە ئاینییەکەی نییە کە مرۆڤەکان دەگرێنێ، بە ئەندازەی ئەوەی لایەنە رەوشتی و مۆرالییەکەیەتی، ئەم رووداوە خۆی لە خۆیدا وریاکردنەوەی ئەو دەنگانەن، کە پێکەوە دەیانەوێت دەست بخەنە سەر برینەکانی ژیان و پێوەندییەکان.

گریانی شیعە بۆ حوسێن تەنیا وێناکردنی هەستێکە کە سەرکۆنەی مێژوو دەکات، ناڕەزاییە دژ بەو ژیانەی کە سەردەمێکە برینەکانی تێدا کولاوەتەوە، بەگژاچوونەوەی ئەو دەنگانەیە کە رۆژ لەدوای رۆژ دەیانەوێت ژیان بە گریان پڕکەن.

# سۆفیزم و گریانی ڕۆح

سۆفیزمی ئاینیی، واتە ئەو سۆفیزمەی لە ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە، کەم تا زۆر لەژێر ساتەکانی ڕۆحدا هەڵاتووە و تەسلیمی غەیبیانییەت بووە، بەڵام باسکردن لە کرۆکی سۆفیزم شتێکە پێی دەوترێت (ڕۆح)، ئەو ڕۆحەی بە هەموو بەسەرهاتەکانییەوە لە قووڵترین بەشی پێوەندیدایە، مەسەلەی فرمێسك و گریان لە نێو بیری سۆفیگەریدا ئەوەندە قووڵبووەتەوە تا گەیشتووەتە حاڵەتی توانەوەی هەموو جەستە لە بەرامبەر دروستکەردا، بوون بە بەشێك لەو دروستکەرە، ئەو دروستکەرەی نزیکی دەکاتەوە لە بوونێکی ئەزەلی و دەست بۆ ناخی دەبات و لە نێو پانتایی خۆیدا دەیتوێنێتەوە، کەواتە کەم تا زۆر نزیکبوونەوە لە ڕۆح نزیکبوونەوەیە لە گیان، نزیکبوونەوەیە لە هەست، نزیکبوونەوەیە لە هەموو ئەو ساتانەی کە مرۆڤ بە ناخی خۆیەوە دەبەستێتەوە. کەس لە ئێمە بێ بوونی هەستەکان بوونی نییەو ناشتوانێت بزانێت لە چ کاتێکدا ڕۆحی دەست بە گریان دەکات، سۆفیزم وەکو ڕێچکەیەك بۆ نزیکبوونەوە لە دروستکەر، پێویستی بە پرسیاری گەورەیە، پرسیار دەربارەی سەرەتاو کۆتاییەکان، پرسیار دەربارەی بوونی خۆی و بوونی ئەوی تر، پرسیار لە بارەی گومان و یەقین، پرسیار لەمەڕ ئەو هێزەی بوون و نەبوون پێکەوە دەبەستێتەوە.



بۆیە دەتوانین بڵێین سۆفیزم باسکردنە لە فەنابوون (فەنابوون بە مانا گشتگیرییەکەی، واتە بە مانای فەنابوونی جەستەو ڕۆح، فەنابوونی من و ئەو، دروستکەر و دروستکراو، سروشت و ڕۆح)، واتە ڕەوشتی فەنابوون یەکێکە لە پرنسیپەکانی سۆفیزم، ئەگەر بمانەوێت باس لە حەقیقەت و سەرەتاو پەیدابوونی بیری سۆفیزم بکەین (کە ئەمەش بەشێکی سەرەکی باسەکەی ئێمە نییە)، دەبێت بۆ کەلەپووری یۆنانی و فارسی بگەڕێینەوە، بەڵام وەك دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی فرمێسك و گریان لە نێو بیری سۆفیگەریدا پێویستمان بەوەیە کە ئاماژە بە (ذو النون المیَري) کە ساڵی (٢٤٥) کۆچی دوایی کردووە، سۆفیزمە سەرەتاییەکان سەر بە قوتابخانەی ئەم کەسەن، ئەم کەسە بە دانەری بیری سۆفیگەرمی عیرفانی و ڕەوشتی دادەنرێت، بڕوایەکی پتەوی بە بەکارهێنانی جەستە هەبووە لە مامەڵەکردنە سۆفیگەرییەکاندا، بەمەش دەکرێت بوترێت، فرمێسك و زمانی چاو، یەکێك بووە لە شێوازەکانی دەربڕین لە توانای مرۆڤی خاوەن بڕوادا، ئەو کەسەشی زیاتر لە نێو بوونی خودادا بتوێتەوە، ئەوەندە تەسلیم بە هەستە ڕۆحییەکان دەبێت و گریانیش وەکو شێوازێك لە نزیکبوونەوە لە بڕوای موتڵەق، دەکرێت لەم پرۆسەیەدا ئامادەیی هەبێت.

بۆیە دەکرێت بوترێت زۆربەی خاوەن بڕواکان لە چاوی خۆیاندا فرمێسکیان بینیوە، وەکو شێوازێك بۆ تێگەیشتن لەو ترسەی لە سەرووی ئەوەوەیە و هەروەها بۆ بە گومانبوون بە بڕوای خۆیان گریاون.

(بەڵێ، سەرچاوە مێژووییەکان باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٠ کۆچیدا لە ئەسکەندەرییە هۆزێك دەرکەوتن پێیان دەوترا

((اليَوفية))، كە داوای کاری چاکەیان دەکرد و کاری خراپەیان ڕەت دەکردەوە، لە کردەکارەکانیاندا بەرهەڵستی سوڵتانیان دەکرد، لە نێوانیاندا پیاوێك بوو بە سەرۆکیان کە نێوی ئەبو عەبدولڕەحمان ئەلسوفی[**] بوو، بەڵام ئەم کارە لە قۆناغێکی دواتردا تارادەیەك لە نێوان (٢٠٠ بۆ ٢٥٠)س کۆچیی ڕوویدا[٥١]. هەروەها هەندێك کەس دەڵێن و بڕواشیان وایە ڕەگی سۆفیزم پێوەستە بە ئیسلامەوە، بەڵام هەندێك سەرچاوە هەن

سۆفیزم ڕێکوپێك بۆ پێش پەیدابوونی ئیسلام دەگەڕێنێتەوە، پێم وایە سۆفیزم شێوەیەکە لە مامەڵەکردن، زیاتر بۆ پێش سەرهەڵدانی هەندێك لە ئاینەکان دەگەڕێتەوە، سەرچاوەی بوونی ئەم ڕەوشتە بۆ لای فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنانیش دەگەڕێتەوە، بە تایبەت **فیساگۆرس** کە لەدایکبووی **سامۆسە**،ساڵی (٥٣٠) پێش زاینیی بیروباوەڕەکەی گەشەی سەند، کاتێك لە ئیتاڵیا دەبێت دەستەیەك لە بواری ئاینیی و بیری سۆفیگەریدا دادەمەزرێنێت، کە بەشێك دەبێت لە بیروباوەڕەکەی، سەرەڕای ئەوەش خودی ئاینە خۆرهەڵاتییەکان دیسانەوە پڕن لە نموونەی شیاو لەبارەی بوونی بیری سۆفیگەریی، وەك ئاینەکانی: زەردەشتی و بودیزم و هیندۆیزم. هەروەها پێش پەیدابوونی ئیسلامیش کەسانێك هەبوون گرنگیان بە بیری سۆفیزم داوە، بەهەرحاڵ ئەوە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان نییە، ئەوەی کرۆکی گەڕانمانە، ئەوەیە کە لە نێو بیری سۆفیگەریدا، شتێك هەیە پێی بگوترێت فرمێسك، یان باس لە گریان و بارە دەروونییەکان کراوە، پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە، گەر باس لە فرمێسك کراوە، کەواتە لە چ جێگایەك بەکارهاتووە.



پێم وایە نەك بەکارهێنانی فرمێسك، ژمارەیەك حاڵەتی تراژیدیی تەسکینی بەخش لە نێو کەرنەڤاڵی سۆفیزمیدا هەن، کە تەسکینییەك بە گیان و ڕۆح دەبەخشن، بۆیە جێگای خۆیەتی ئیستێك لە ئاستی ئەم حاڵەتە بکەین.

لە بیری سۆفیزمدا هەوڵدانێك هەبووە بۆ گەیشتن بە باڵاترین و فراوانترین شوێن و پایە لەلای پەروەردگار، واتە گەیشتن بەو پلەیەی کە هەموو شتەکان بەرگێکی نوێ لەبەر بکەن، ئەم سیفەتە لە ئاینە کۆنەکاندا بەو شێوەیە دەکرا کە کەسی بڕوابوو بەو ئایین و خودایەی خۆی لە پەرستگاکان و جێگا پیرۆزەکان بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئەرکە خواییەکان و خزمەتکردنی خواو پەرستگاکان تەرخان بکات و ئەو شتانەی هەیەتی لە خۆی بگرێتەوە و بە هەژاران و لێقەوماوانی ببەخشێت، تا ئەو ئاستە خۆی بۆ فرمانەکانی دروستکەر تەرخان بکات، واتە مرۆڤ ببێت بە بەشێك لە خواکان، هەر بۆیە خواکانی پێش پەیدابوونی ئاینە ئاسمانییەکان، وەك هەر کەسێکی خاوەن ڕۆح لە شێوەی مرۆڤی ئاسایی بوون، بێگومان ئەو حاڵەتەش هەبوو کە لە شکستەکانیاندا پەنایان بۆ خوا دەبردو لە نزیکەوە داوای لێبووردنی تەواویان لە خواکانیان دەکرد، دیارە زۆر حاڵەتیش هەبوو، ئەوەندە لە بەرامبەر هەڵەکانیاندا تووشی نائومێدیی دەبوون، کە ئیتر تەنیا ئەوەیان بۆ (دەمایەوە کە بە فرمێسکەکانیان داوای بەخشندەیی بکەن، یان دەگەیشتە ئەو حاڵەتەی **خودایە مرۆییەکان**، کە لە شێوەی مرۆڤدا بوون، خۆیان لە بەزەیی هاتنەوە بە حاڵەت و ڕووداوە ڕۆحییەکان بەخوڕ

فرمێسکیان دەڕشت، بۆ ماڵوێرانیی شارو خەڵکەکەی دەگریان، هەروەك لە جەنگی **تەروادەدا** گریانی کەهەنەکان دەبینین، بەڵام پاش سەرهەڵدانی ئاینە ئاسمانییەکان بیری سۆفیگەریی چووە قۆناغێکی دیکەوە، واتە ئەو حاڵەتە بریتی بوو لە پێوەندیی نێوان خوایەکی نەبینراو و پەرستکارەکەی، پەرستگاکانیش بوون بە سەرچاوەیەك بۆ تێگەیشتن لە بڕواو ئازارەکانی مرۆڤ، واتە مرۆڤ بوو بەو نموونەیەی کە واز لە پلەو پایەو خۆشییەکانی دنیاو ژیان و سەروەت و سامان بێنێت لە پێناوی مەسەلەیەکی گەورەتر، لە پاشدا ئەم شێوەیە لە ئاینی ئیسلامدا، واتە پاش گواستنەوەی کلتووری سۆفیگەریی فارسی بۆ نێو کلتووری عەرەبی سەریهەڵدا، ئەوەی سەرچاوە ئیسلامییەکان بخوێنێتەوە لە بابەت سەرهەڵدانی بیری سۆفیگەری لە ئیسلامیدا، دەبینێت ئەم بیرە ڕێکوپێك لە وڵاتی فارسەوە هاتووەتە نێو بیری ئیسلامییەوە، بەسەرهاتی سۆفیگەریی تا ئەوساتەی کە باسی لێ دەکرێت، هەوڵدانێك بووە بۆ پاکتاوکردنی ئەو دیاردانەی بەشداریی لە پێکهێنانی گومانئامێز لە دڵی بڕواخوازاندا دەکەن، زۆربەی سەرچاوە ئیسلامییەکان لەمەڕ سۆفیگەریی باس لە گەڕان بەدووی حەقیقەتی خوا دەکەن، دەگەنە ئەو ئاستەی کە شادمانن بە بڕێك نانی ڕەق و بڕێك نووری خوا، شاکان لە دنیادا لە خۆشگوزەرانیدان و لە ڕۆژی قیامەتدا لە زەلیلیدان... بەخوا هەر ئێمە شای دەوڵەمەندانین...)[٥٢]. هەروەها هۆکارەکانی ناوخۆیی ئیسلام لە مەسەلەی بڵاوبوونەوەی گۆشەگیریی و زیکرو ڕووکردنە خەڵوەت، هۆکارەکەی بوونی قەیرانێك بوو، قەیرانی بەهاکان، (ئەو جەنگە ناوخۆییە درێژخایەن و تراژیدییانە کە کۆمەڵگای



ئیسلامی تووشی بوو هەر لە شۆڕشی عوسمانەوە: جەنگی ئەلجەمەل، جەنگی دووپۆل، جەنگەکانی خەوارج، (جەنگی کوڕەکان)، کوڕانی سەحابەکان پاش مەرگی معاویە، هەروەها ئەو کارانەش بوون کە بوونە هۆی جووڵاندنی ویژدانی ئاینیی و ڕەوشتی ،جۆرێك لە جووڵاندن، هەروەك لێدانی کەعبەو کوشتنی حوسێن... هتد، هەروەها ئەو بیرو بڕواو دروشمانەش بوونە هۆی جوڵاندنی ویژدانی ئاینیی و ڕەوشت، کە زۆر دووربوون لە ڕۆح و داوای محەمەد و ئیسلامی سەلەفی و سەحابەکان... هتد، هەموو ئەمانە ویژدانی ئاینییان لای ڕەشەخەڵك و خەڵکانی تایبەت خستە قەیرانێکی قووڵەوە، کە لە ڕێگای دوورەپەرێزیی و ((دابڕینی فیتنەیی)) دەربڕینیان لەمەڕ خۆیان کرد، ڕاکردن بۆ جێگا پیرۆزەکانی نێو مەکەو مەدینە و خۆتەرخانکردن بۆ زوهدو خواپەرستی، ئابڕووبردنی ڕابواردن و خۆتەسلیمکردن بە حەزو ئارەزووەکان، بیرهێنانەوەی ئەودنیاو سزادان... هتد)[٥٣].

کەواتە ئەو قەیرانانە لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێك ڕووداوی دڵتەزێنی گەورەیان خوڵقاند، کە مرۆڤی ناچارکرد یان ئەوەتا لە شیوەنی هەمیشەییدا بژی، یاخود بەردەوام بێت لە وەبیرهێنانەوەی خواو نەفرەت لەو ڕووداوانە بکات، ئەو ڕووداوانەی کە میزاج و ڕۆحی بڕوا دەشێوێنن.

پاشان بڵاوبوونەوەی دووڕوویی و دووبەرەکی و ناکۆکیی لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامییدا، وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر هەوڵی ئەوە بدەن کە تەنیا سەرقاڵی بڕوا و پەیڕەوکردنی فرمانەکانی خوا بن ((هێرشکردنە سەر عوسمان و کوشتنی ئەم شێخە بڕوادارە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا،

هەروەها پاش ئەمەش، شەڕی جەمەل و سەفەین و نەهرەوان، کوشتنی چوارەمین خەلیفەش عەلی کوڕی ئەبی تالیب، کوڕی مامی پێغەمبەر و زاواکەی لە نێو مزگەوتی کوفە، کە چووبوو تا نوێژی ئێواران بکات، پاشان ناکۆکیی نێوان ئەمەوییەکان و دژەکانیان لە کەسانی ئەهلی بەیت، کوشتنی حوسەین کوڕی عەلی لە کەربەلا و لە داردانی زەیدی کوڕی عەلی لە کوفە و کوڕەکەی یەحیای کوڕی زەید، هەروەها ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەوییەکان و زوبێرییەکان و شەڕەکانیان لە عێراق و شام و حیجاز و رووداوی حەرەو ئابلۆقەی ئیبن زوبەیر لە مەککەو کوشتنی لەبەر دەرگای مزگەوتی پیرۆز، هەروەها هەموو ئەم رووداوانە ئیلهامی لای ئەو بڕواهێنەرانە دروست کرد تا بەشداریی لە کاروباری ئەم دنیایە بکەن))[٥٤]. بێگومان ئەمە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ پەیڕەوکردنی بڕوا و خواپەرستنی بە بێدەنگیی.

ئەو جەنگانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن و بە درێژایی ئەو هەموو ململانێ ئایینیی و کەسایەتییانەی کە لە نێو ئیسلامدا لە پێناوی دەسەلات و خەلافەتدا پەیدابوون، وایان کرد ناوچەی دوورگەی عەرەبی مەسەلەی رەشپۆشین و شیوەنگێڕان لە ناخی دڵەوە ببێتە دیاردەیەکی باوی سەردەم، یان مەسەلەی گریان و لەخۆدان، کە ئێمە تا ئەم ساتەش نموونەکانی لە زۆر لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا دەبینین. بۆیە لەسەر ئاستی گشتیی، کاریگەریی بارودۆخەکە پاڵی بە مرۆڤەوە نا تا بە گریان دەربڕی خەمەکانی بێت، لەسەر ئاستی خۆدابڕین و رووکردنە خواپەرستیی و نەفرەتکردنی ئەو کۆمەڵگایانە، مەسەلەی پاکیی و خواپەرستیی لە



لای بڕێك لەوانەی بەدووی حەقیقەتدا دەگەڕان، بووە مۆدە، کەواتە سۆفیزم گەڕان بوو بەدووی دەوروبەرێك جیاواز لەو دەوروبەرەی کە ویژدانی ئایینیی ئازار دەدا، بەجۆرە ئەوەی لەو سەردەمەدا بە چاکی بڕوانێتە دیاردەکە، دەبینێت بڕێکی زۆر لە تیم و گرووپی ئایینیی و سۆفیگەریی پەیدابوون، وەك (تەوابییەکان... واتە ئەوانەی تۆبەکەربوون) هەروەها (دوورەپەرێزەکان "ئیعتزالییەکان" و... هتد)، ئەمانە لەو هەموو قەیرانەی بەسەریان هاتبوو، بیریان لە پاککردنەوەی ویژدانی ئاینی خۆیان کردەوە، ژمارەیەکی زۆر لە حاڵەتەکانی ئەم گرووپانە، بریتی بوو لە پەنابردنە بەر تۆبەکردن و وەبیرهێنانەی خوا تا ئەو قۆناغەی هەندێکیان لە نێو فرمێسکی خۆیاندا دەتوانەوە، پرسی گریان لە ژیانی سۆفیگەریدا تا ئێستاش لە لای دەروێشەکانی خۆمان بەدی دەکرێت، بە تایبەت لە لای رێبازی نەقشبەندییەکان، ئەوان لە تەنیایی خۆیاندا شێوە زیکرێك بەرپادەکەن، کە گریان لە چاویان ناوەستێت، مەسەلەکەش لە سۆفیگەریدا گەیشتنە (یەکێتییەك) ئەو یەکبوونەش پێویستی بە دروستبوونی پاکیزەییەکی تەواو هەیە، پێویستی بەوەیە کەسی زیکرکار و پاك بگاتە حاڵەتی مندالیی و ساوایی لە رووی بەرائەت و پاکیزەییەوە، ئەمەش بە پاککبوونەوە لە هەموو ئەو گوناهانەدا دەبێت کە لە جەستەو رۆحدا جێگیرن، ئەم شێوە پاکبوونەوە لە گوناهەش تەنیا بەوە دەبێت کە بتوانێت قۆناغی دروستبوونی خۆی لەو چوارچێوەیەدا رێك بخات، کە بتوانێت ئەو گۆشانە بدۆزێتەوە، کە خوا تێیدا گوناهەکانی ئەو دەبینێت، مەسەلەی فرمێسك شێوەیەکە بۆ رزگارکردنی جەستە لە دیاردە شەیتانییەکان،

هەروەها دەربڕینی پەشیمانییە بەرامبەر بەو کار و سیفەتانەی پێچەوانەی شێواز و پەیڕەوی ئاینین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گریان ڕێگا خۆشکەرە بۆ بڕینی ئەو سنوورانەی لە نێوان گومان و یەقیندایە، سۆفی ناتوانێت بگاتە ئاستی یەکبوون، یان فەنابوون ئەگەر هاتوو لە ناخیدا گومان هەبێت، واتە بەگومان بوون لە بڕواکانیدا هۆیەکە بۆ نیزیکبوونەوە لە خراپاری، هەر بۆیە زۆربەی حاڵەتەکانی گریان بریتییە لە بوونی گومان لە ناخدا، واتە بوونی ئەو هێڵەی کە بەربەستە لە بەردەم هەنگاوەکانی بەرەو خوا و نووری خوا.

**ئیبن تەیمیە** لە بارەی سۆفییەوە دەڵێت: (لە سەدەی سێدا زاراوەی سۆفی ئەوەندە بەربڵاو نەبوو، لە پاشاندا باس لەم زاراوەیە هاتەگۆڕێ. هەروەها لەمەڕ مانای سۆفی دەڵێت: گەر ماناکە بە مانا ((ئەهلی سیفە))، یان ((سیفە))بێت گەلێك دوورەو پێ دەچێت مەبەستەکە گەڕانەوە بێت بۆ ((پۆشاکی سوفی)). هەروەها دەڵێت: یەکەمجار لە بەسرە سەریهەڵدا... مەبەستیش لە سۆفی ئەوەیە کە ئەم کارە خواپەرستیی و بارودۆخی زیاتر تێدایە، ئەوەش لەبەر ئەو هەموو ترسەی لە شاری بەسرە هەبوو)[٥٥].

کەواتە پێوەندیی ترس و سۆفیگەریی زۆرجار هۆکارێکی گەورەیە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی فرمێسك، ترس لە چی؟ بێگومان ترس لە سزای ئەو دنیا، ترس لە سەرهەڵدانی گوناهەکانە لە ناخەوە، ترس لە دزەکردنی شەیتانە بۆ ناخی مرۆڤ، ترس لە بێبەشبوون لە بەهەشت و دوورکەوتنەوە لە نووری خوا، ترسە لە تەسلیمبوون بە حەزە دنیاییەکان و خۆتەڕکردن بە



شەپۆلی حەزو ئارەزووەکان، ترس لەو هەموو هێزە ئەهریمەنییانەی دەوروبەری مرۆڤیان گرتووە... هتد.

یەکێك لەو سۆفییانەی حەز دەکەم لە ئاستیدا ئیستێك بکەم، خاوەنی کتێبی "مەنتیقی باڵندە" فەریدەدینی عەتارە، عەتار خاوەنی چەندین کتێبی نایابە لە بارەی سۆفیزمەوە لەوانە"بێسەرنامە" و "موختارنامە" و "موسیبەتنامە" و "وەسیەتنامە" و "حەللاج نامە"... هتد، هەر بۆیە نازناوی عەتار-ی پێ سپێدراوە، لەبەرئەوەی ئەم پیشەیە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، ڕۆژێکیان کابرایەك دێتە دووکانەکەی و پێی دەڵێت: هەستە بڕۆ بەدووی ڕاستیدا بگەڕێ، لەو ڕۆژەوە بڕیار دەدات دەبێت بەدووی فەنابووندا بگەڕێت، یەکێك لەو کتێبانەی کە زۆر باس لە ساتە دڵتەزێن و گریاناوییەکانی ژیان دەکات، کتێبی "موسیبەتنامە"یە، لەم کتێبەدا باس لە حەسرەتەکانی جیهان دەکات، ئاڵۆزیی و نەهامەتییەکانی، خەم و ئازارەکانی، ((لە "موختارنامە"بەشێکی تێدایە بەم ناونیشانە "باس لە نائومێدیی و دانپێنان بە پەککەوتەیی"))[٥٦]. هەروەها لە جێگایەکی تریشدا دەڵێت: ((بۆ ڕەوشیش" هەندێك شێواز هەن پەیڕەوکار دەگەیەنێتە ئەو پلەیەی کە دەیەوێت، وەك بێفیزیی، بێدەنگیی، خەمی هەمیشەیی، حەوسەڵە...))[٥٧]. هەر لە کتێبی "مەنتیقی باڵندە"دا چیرۆکێکی دڵتەزێنمان گوێ لێ دەبێت لەبارەی شێخی سەنعان، کە بۆ کچە گاورێ لە دین وەرگەڕا. پاشان لە سۆفیگەرییدا عەتار داوا دەکات، لە نێوان پێکەنین و گریاندا بسووڕێینەوە، لە پێکەنینەوە بۆ گریان، لە گریانەوە بۆ پێکەنین.

ئەم هەموو ترسانە بە گشتیی، پاڵپێوەنەرێکی گەورەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بکەوێتە بەردەم هەڵڕشتنی فرمێسك و ئەو گوناهانەی لە نێو گریانی بە کوڵەوە سەرهەڵدەدەن، لە بیروبۆچوونی سۆفیزمدا مرۆڤ لە بەردەم تەنیا گومانێکدا نییە، بگرە چەندین گومان لە بەردەمیدا سەرهەڵدەدەن و گەورە دەبن و گەشە دەکەن، هەر بۆیە بەردەوام ئەو ترسەی لە ناخدایە کە گومان ناخی داگیر بکات، داگیرکردنی ناخ لە لایەن گومانەوە، گرفتێکی گەورەیەو لەگەڵ کەسی سۆفیدا نابێت هەڵکات.

لە حاڵەتی شێخ و موریددا هەردوو زانستی دەرەوە و ناوەوەی ئیماندار دەکەونە ململانێوە، ململانێ لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەتی ونبوو، لە حاڵەتی سۆفی نێو خەڵوەتگادا لە تەنیاییەکی پەتیدایە، بەردەوام هێزە شەڕئەنگیزەکان دەیانەوێت لەو تەنیاییەش زەفەر بە بڕواکانی بەرن، هەروەها هەوڵ دەدەن، ئەو شورایەی بۆ خودی خۆی بونیادی ناوە، بڕووخێنن و لێوەی دزە بکەنە نێو دڵییەوە، نەك ئەمەش لە پێناوی دەستنیشانکردنی پێوەندییەکاندا سەرچاوەکانی دەرەوەو ناخی یەکدەگرن، بە مەبەستی دووبارە رستنەوەی بڕوایەکی بەتین.

لێپرسینەوەی نەفس یەکێکە لە پەیڕەوەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بە خۆدا بچێتەوە، واتە بەردەوام هەوڵ بدات، سەرچاوەکانی بوونی خۆی دیاریی بکات، لێپرسینەوە لە رێبازی سۆفیزمدا، بریتییە لە دەستنیشانکردنی سنوورەکانی پێوەندیی خۆی لەگەڵ بڕوای خۆی و هەروەها سنووردانان بۆ حەزەکانی خۆی، ئەم سنووردانانە تەنانەت خواردن و خەوتن و بیرکردنەوە و هاوڕێیەتی و نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەش دەگرێتەوە، کەواتە دەبێت



کەسی سۆفی پێش ئەوەی کەس پێی بڵێت خۆی دەستنیشانی ئەم حاڵەتە بکات، لە ئاستی شێخ و موریدا ئەم حاڵەتە جیاوازیی هەیە، ئادابی شێخ و مورید پێویست بەوە دەکات ئاگاداری رێبازەکان بێت، ((**سەراجەدینی توسی** بە گشتیی ئەدەب بۆ سێ بەش دابەش دەکات: ئەدەبی ئەهلی دنیا و ئەدەبی ئەهلی ئایین و ئەدەبی ئەهلی تایبەتمەند "واتە سۆفی"))[٥٨].

مرۆڤ لە حاڵەتی سۆفێتیدا ئادابێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەویش دڵپاکیی و رۆحپاکیی و پاراستنی نهێنییە.

ئادابی سۆفی ئادابی پێکەوەبوونە، واتە پێکەوەبوون لەگەڵ پاکبوونەوە و دەربازبوون لە خراپە و پیسیی، نیزیکبوونەوە لەو شتەی بەرەو مەنزڵی باڵای دەبات، واتە لەگەڵ خوابوون، لەگەڵ نەفسدابوون، لەگەڵ ئەوانەی کامڵ و تەواو رێپیشاندەرن.

ئایا لە سۆفیگەریدا پێکەوەبوون چی دەگەیەنێت، بەمانای ئامادەبوون لەگەڵ ئەو شتانەی کەسی بڕوابوو بە راستییەکان پێویستێتی، ئەو بوونە هەروا سەربەخۆ نییە، حاڵەتی خۆی هەیە - لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێت، هەروەها پێکەوەبوون، وا لە کەسی خاوەن بڕوا دەکات کە ترسێکی بەدواوە بێت، ئەو ترسە وای لێ دەکات هەمیشە ویژدانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، واتە چاودێریکەرێك هەیە کە بەردەوام لێی دەپرسێتەوە، کەواتە مرۆڤ ناتوانێت لەو چاودێریکردنە هەڵبێت، فرمێسك و هەنسکی مرۆڤیش شێوەیەکە لە چاودێریکردنی ویژدان، کاتێك مرۆڤ دەگری، چاودێرییەك لە ناخیدایە، ئەو چاودێریکردنە وای لێ دەکات، نەتوانێت بەرامبەر بە تراژیدیا دەروونییەکانی خۆی هەڵبێت، گریانی

مرۆڤی بڕوابوو بە شتێك، جیاوازە لە گریانی ئەو مرۆڤەی لە بەرامبەر ڕووداوێكدا دەگری، ئەو مرۆڤەی لە نێو خەڵوەتێكدا دەگری بەردەوام لە بەرامبەر سێ چاودێركەردایە، ئەو چاودێركەرانە كەم و زۆر بەدوویەوەن و لێی جوودا نابنەوە، زۆربەی زۆری كاتەكانیش ئەو سێ حاڵەتە دەبنە هۆكاری وورووژاندنی هەستەكانی و وای لێ دەكەن بیر لە پاقژبوونەوە بكات. ئەو سێ شتەش بریتین لە ناخ ، سەرەوە ، دەوروبەر، ئەكەم: ناخ بەرپرسیارییەكی هەیە، ئەویش ئەوەیە كە دەبێت خۆی لە گوناه و خراپەكان رزگار بكات، دووەم: سەرەوە ئەو هێزەیە كە بەردەوام چاودێریی دەكات، ئەویش خوایە، بۆ ساتێكیش مرۆڤ غافڵ ناكات، سێیەم: دەوروبەر، دیارە لێرەدا مەبەست لە دەوروبەرە شەیتانییەكانە، ئەوانەی بەرەو سەرلێشێواندنی دەبەن و هەوڵی فریودانی دەدەن، كاتێك دەیەوێت لە ناخەوە بەرەو ئاسمان بڕوات، هەر زوو ئەو دەوروبەرانە بۆ لای خۆیان كێشی دەكەن و هەوڵ دەدەن بەو حەزو ئارەزووە دنیاییانە لە خشتەی بەرن، بەمەش دەكەوێتە نێو دوودڵییەوە، نەفس نازانێت چی بكات، ئایا تەسلیم بێت، یان لە بەرگریی بەردەوام بێت، بەرگریی بەرامبەر بە زۆر شت بەرگریی بەرامبەر بە نەفسی خۆی، یان بەرامبەر بە هێزە سەرنجڕاكێشەكان، كاتێك هەست دەكات كە ئەو بەرگرییانە سستن، ناچار هەموو هێزی خۆیان بەكاردێنن، بەڵام كاتێك هەر ناتوانێت بە ئاسانی لەو داوە قوتاری بێت، چاو و دڵ و دەروونی پڕ لە گریانی پەشیمانیی و بێدەسەڵاتیی و گومانكردن لە بڕوای خۆی دەبێت، هەر بۆیە شێوازی پاككردنەوەی دەوروبەر (لەلای سۆفی بە بەكارهێنانی بوخوور و خۆدابڕین



لە خەڵوەت و شوێنە دوورەكان و لە ئاو و هەوایەكی پاكیزەدا) دەگرێتەبەر وەك هەوڵێك بۆ خۆ دوورخستنەوە لە كاریگەریی شەیتان، نەك ئەمەش بگرە هەندێك جار شێوازی زیكری بەكۆمەڵ بەكاردەهێنن، هەروەك زیكرو كۆبوونەوە، تەنانەت لەلای هەندێك تەریقەت بۆ دەركردنی شەیتان لە گیان و دوورخستنەوەی لە نەفس و رۆح، رێبازی لە خۆدان و خۆبریندارکردن بەكاردەهێنن.

كەواتە ئەو سێ بەشە، بە هەموو دەوروبەرەكانیانەوە لە تەواوكردنی حاڵەتە سۆزدارییەكانی سۆفیدا بەشدارن. هەروەك باسمان كرد مەسەلەی ترس یەكێكە لە هۆكارەكانی گریان، بەڵام ترسیش جۆری هەیە، هەروەك **ئەلقوشەیری** لە كتێبی (الرسالە)دا باس لە ترسی گشتیی و ترسی تایبەتی دەكات، ترسی گشتیی ئەوەیە، ترسی مرۆڤە بەرامبەر بە تۆڵەی خودا، ئەمەش پێی دەوترێت ترسی یەقین، بەڵام ترسی تایبەتی كە پێی دەوترێت ترسی سۆفییەتی، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، ئەمەش ترسە لەو سزاو تۆڵانەی كە بەرامبەر بە كارە دزێوەكانی دەبێتە نسیبی، واتە ترسێكە كاتیی نییە و بەردەوام بەدواوەیەتی، هەر لەبەر ئەمەش ژمارەیەكی زۆری ئەو سەرچاوانەی كە باس لە ترس دەكەن، دەشپرسن ئایا ترسی سۆفی تەنیا لە سزایە، لە راستیدا لای سۆفی ترس لەو سنوورە دەردەچێت، واتە ترسەكە تەنیا بۆ پاقژبوونەوەی گشتییە و زیاتر سەلماندنێكە بۆ بڕوای راستەقینەی ئەو، تەنیا هەوڵێكە بۆ ئەوەی بڵێت منێك خاوەنی ئەو بڕوایەم، بڕوایەك كەسی تر نییەتی، هەروەها گەیشتنە بە پلەی منداڵیی لە پاكیزەیی و بێگوناهیی، سۆفی تەنیا بۆ ئەوە هەوڵ

نادات كه خوا له گوناهه‌كانی خۆش بێت، بگره رازیبوونی خوای ده‌وێت ئه‌و رازیبوونه‌ی ره‌نگه به چه‌ندین قۆناغدا تێپه‌ڕێت، هه‌ر له قۆناغی پاقژبوونه‌وه‌ی جه‌سته‌و رۆح تا پاقژبوونه‌وه‌ی پایه‌گه‌و به‌هاكانی كه‌سی سۆفی، بۆیه پرسیاركردن له‌مه‌ڕ چۆنییه‌تی ئه‌و پاقژبوونه‌وه‌یه، به پێی ئه‌و بۆچوونانه‌ی له‌به‌رده‌ستدان له‌پاڵ پاڕانه‌وه و نزاو تكا و داوای لێبووردنكردن له خوا، قۆناغێكی دیكه‌ش هه‌یه كه وا له مرۆڤ ده‌كات به‌ره‌و پله‌ی كامڵبوون بڕوات، كه‌واته سۆفی به دوای كامڵبوونی رۆحدا ده‌گه‌ڕێت، به بڕوای من ئه‌و قۆناغه بریتییه له خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان به هه‌سته بزوێنه‌ره‌كانی وه‌ك: گریان و فرمێسكڕشتن.



## ترس و تۆبه‌و گریان له‌لای سۆفی

وه‌ك ئاماژه‌مان كرد" ترس هۆیه‌كه بۆ گریان، (**ئه‌بولتالب ئه‌لمه‌كی**) گوته‌كانی له باره‌ی ترس شی ده‌كاته‌وه و ده‌ڵێت: (ترس ناوێكه بۆ راسته‌قینه‌یی خواپه‌رستیی، خواپه‌رستیش مانایه‌كی كۆكراوه‌یه بۆ بڕوا... ترس حاڵێكه له پله‌وپایه‌ی زانست... ترس كۆناوێكه بۆ راستی بڕوا، ئه‌وه‌ش زانستی بوون و (الایقان)، هه‌ر ئه‌وه‌ش هۆی دووركه‌وتنه‌وه‌یه له هه‌رجۆره خراپییه‌ك و كلیلی هه‌موو كارێكه، له ترس زیاتر هیچ شتێك نییه بتوانێت حه‌زه‌كانی نه‌فس بسووتێنێت و پاشماوه‌ی ئافاته‌كانی لابه‌رێت)[٥٩]. هه‌روه‌ها له ترسدا، رۆح بیر له دووركه‌وتنه‌وه له گوناهه‌كان ده‌كات، ئه‌وه‌ی لێره‌دا مه‌به‌ستی ئێمه‌یه ئه‌وه‌یه، كه دیارده‌ی گریان ئه‌و بۆشاییانه‌ی نێوان ترس و بڕوا پڕ ده‌كاته‌وه، هه‌روه‌ها ئه‌و سه‌رچاوانه داگیر ده‌كات كه ده‌بنه هۆی پێشێلكردنی راستییه‌كان، له حاڵه‌تی بڕوابووندا گریان له‌گه‌ڵ ترسدا جیاوازییه‌كی زۆری هه‌یه. ترس لای منداڵ ده‌بێته هۆی گریان، لای كه‌سی نه‌خۆشی ده‌روونیی ده‌بێته هۆی هستریا، له حاڵه‌تی مه‌ترسی مه‌رگ و ژیان ئه‌و ترسه ترسی مانه‌وه‌یه، هه‌روه‌ها ترسه بۆ له‌ده‌ستدانی به‌رده‌وامیی.

ترس هه‌وڵێكه بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی شته نادیاره‌كان ئه‌وه‌ی له چاوه‌ڕوانكردنیدایه، به‌ڵام به شێوه‌یه‌كی زۆر سه‌یرو سه‌مه‌ره دێته به‌ر،

کەواتە ئەوەی ترس دروستی دەکات، هەر ئەوەشە کە دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی سنوورەکان.

ترس لە حاڵەتی مرۆڤی ئاسایی، کە خۆی دروستی دەکات، دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی بە ئەنقەستی ئەو حاڵەتە دەروونییانەی ناخی خۆی، واتە وریاکردنەوەی بەئەنقەست، نەك بەهۆی هەندێك هۆکاری تایبەت، بگرە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن و بڕیاردان، بۆیە دەبینین حاڵەتی گریان بە مەبەستی پاکبوونەوە و فڕێدانی گوناهەکان پاقژدەکاتەوە، دەروونە، هەر بۆ نموونە زۆر لە خاوەن بڕواکان و سۆفییەکان دەڵێن: گەر رۆحی مرۆڤ بە فرمێسك پاك نەکرێتەوە، هیچ شتێکی تر نییە پاکی بکاتەوە، واتە پاقژبوونەوەی رۆح داوا لە مرۆڤ دەکات بۆ ئەو ململانێیە خۆی ئامادە بکات کە ئەهریمەن و خوا تێیدا بەشدارن، بۆیە دەبینین زۆر لەوانەی لە کاتی یادکردنەوەی خوادا دەکەونە نێو گریانی بە کوڵەوە، ئەوانەن کە دەزانن چۆن نزیك دەبنەوە لە بازنەکانی پێوەندیی.

لە زۆر حاڵەتدا سۆفییەکان بازنەی گریانی بەکۆمەڵ رێك دەخەن، بەکۆمەڵ لەو ترسانە دەکۆڵنەوە کە بڕوا و هەستەکانیان دەخاتە مەترسییەوە، واتە ترسی خواو ترسی ئاگری دۆزەخ و ترسی مرۆڤی تەڕبوو بە بیری شەیتانیی وایان لێ دەکات، بازنەی زیکر و دایەرەی بیرکردنەوە رێکخەن، ئەو بازنانە بەردەوام بە سەرۆکایەتی یەکێك لە سۆفییەکان ئەنجام دەدرێت، لە حاڵەتی شێخ و دەروێشدا، شێخ مەزنترین قۆناخی بڕوای هەیە و بەو پرۆسەیە هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی بازنەی زیکر و رێکخستنی پێوەندییەکان، بەجۆرە ئەو کەسە سەرگەورەیە بە ریتمێکی



تایبەت لە پرۆسەی زیکرکردندا، وردە وردە شتەکان وەبیر دەهێنێتەوە تا دەگاتە ئەوەی ترسەکان وەبیر دەروێشەکانی بێنێتەوە، ئەمەش وا دەکات هەموو لە حاڵەتی ئاساییەوە بچنە حاڵەتی نائاسایی و حاڵەتی غەیبانییەتی رۆحی و ونبوون لە زیندەخەوێکی نائامادەدا، کە تێدا هەستەکان کۆنترۆڵی عەقڵ دەکەن، بەوشێوەیە ناخ دەکولێت، لەو کولانانەش گریان و فرمێسکیش ئامادە دەبێت.

کەواتە بازنەکانی گریانی بەکۆمەڵ، شێوەیەکە بۆ هەستکردن بە تاوان و ترسی بەکۆمەڵ، هەروەها هەوڵێکە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی هەموو ئەو هەستانەی بەرامبەر بە بڕواو خواپەرستیدا نووستوون. لە مێژووی سەرهەڵدانی سۆفیزمدا گەلێك قوتابخانەی جۆراوجۆر سەریانهەڵدا، بە مەبەستی پراکتیزەکردنی کاری بازنەکان و کۆبوونەوەکانیان، کە هەریەکەیان بە شێوەیەك بووە، هەروەها ئامانجەکان یەك بووە و لە یەك بنەمای خواپەرستییەوە سەریانهەڵداوە - دیاردەی بڕوابوون لە لای سۆفییەکان جاری وابووە گەیشتووەتە حاڵەتی تۆمەتدانەپاڵیان، وەك لە رێگالادان و هەڵگەڕاوە، ئەویش بەهۆی ئەو ئاستەی کە لە بواری بڕوابوون بە خواو گەیشتن بە پلەی یەکبوون پێی دەگەن.

بۆیە هەندێك جار بە سۆفییەکان وتراوە، ئەو کەسانەی کە هەموو شتێك دەڵێن و هیچ ناڵێن، هەروەها نموونەی بالابوونی بڕواکانیان دەگاتە قۆناخی وەلامدانەوەی وەلامی پرسیارەکان، واتە پرسیارە پیرۆزەکان، سۆفی لە هەوڵی فەنابوونە، واتە فەنابوون لە سیفەتەکانی خۆیدا، نەك لە فەنابوونی خود، واتە هەوڵنادات شێوە و رەنگ و جەستەی خۆی تەواو

بكات، بەڵكو ئەو سیفەتانە لەخۆی دەسڕێتەوە كە سیفەتی مرۆیین و هەر ساتێك لەبەر هێرشی هەڕەشەی بڕوانەبووندان. قوشەیری باس لەم فەنابوونە دەكات و بە سێ شێوە دیاریی دەكات، یاخود بە سێ قۆناغ (فەنابوون لە خودی خۆی، واتە مانەوەی بە سیفەتەكانی حەق. پاشان فەنابوونی بە سیفاتی حەق و بە بینینی حەق)[٦٠]. كەواتە مانەوە لای سۆفی، مانەوەی راستییە. لەم روانگەیەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە بیری بوون و نەبوون لای سۆفییەكان پرسیاری ئەزەلیی بووە. هەر ئەمەش وایكردووە كە ژمارەیەكی زۆر لە بۆچوونەكان لەمەڕ مەسەلەی بیركردنەوە، تووشی ناكۆكیی بن لەگەڵ ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی مەسەلەی تەواوبوون.

گریان و فرمێسك لە پێڕەوی سۆفیگەریدا، وا پێویست دەكات كە بیر بتوانێت دەروازەیەك بێت بۆ ئەوەی بگاتە حاڵەتی جووتبوونی تەواو، لە یەكێك لە بەسەرهاتەكان لەمەڕ حاڵەتی سۆفیگەرییدا دەڵێن، لەبەر خەم و ئازاری گەورەیی ئەو ترسەی كە لە ناخدایە، دەبێتە یەك پارچە فرمێسك و وردە وردە لە فرمێسكی خۆیدا دەتوێتەوە، دەبێتە پارچەیەك لە گریان و تەنیا بە چرپاندنی گەورەی خوا بە گوێیدا هێور دەبێتەوە، واتە گەیشتن بە حاڵەتی جووتبوونی تەواو لەگەڵ بڕوانی بەخودا.

دەتوانین گەلێك نموونەی شیعری سۆفیگەریی بخوێنینەوە كە تێیدا چاومان بە شوبهاندنە لەیەكچووەكان دەكەوێت لە نێوان خودی كەسی سۆفی و شێوە و هێماكانی خوا، یان حاڵەتی لێكچواندنی مرۆڤ بە كەسێكی مەست و هەمیشە مەست، كە ئاگای لە راستییەكان نییەو



ئاگای لەو راستییانە نییە كە لە پێكهێنانیدا بەشدارن. لە لای زۆربەی شیعرە سۆفیزمەكان چاومان بە شیعری سۆفیگەریی لە مەڕ فەنابوون و هێزی نەفس و بڕوابوون بە گومان و یەقینەبوون دەكەوێت، بە تایبەت لە شیعرەكانی جەلالەدینی رۆمی، خەیام، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، حەلاج و... هتد، چاومان بە نموونەی مەزنی بڕوای سۆفیگەریی دەكەوێت، لە بارەی پێوەندییەكانی مرۆڤ بە دروستكەرەكەیەوە. ئەگەر لە قووڵایی شیعری ئەو شاعیرانە وردبینەوە، بە ئاشكرا دەبینین كە چۆن ئەوان بە هێزێكی تایبەتەوە هەوڵی وێنەكێشانی شێوە و هێز و توانای پەروەردگار دەدەن، هەروەها چاویشمان بەو فرمێسكانە ئاشنا دەبێت كە لە نێو شیعرەكانەوە بۆ نێو هێزی بوون دزە دەكەن.

## یۆتۆپیای گریان

بۆ ئەوەی بزانین لە خەیاڵدا چۆن مرۆڤ لەگەڵ گریاندا ژیاوە، پێویستە بۆ ئەفسانەکان بگەڕێینەوە، بۆ ئەو خەیاڵاتەی کەویستوویانە مرۆڤ بە هۆکارەکانی من و ئەو و تۆ سەرقاڵ بکەن، هەروەها بیبەستنەوە بە هۆشمەندیی و ناهۆشمەندییەکانەوە، لە نێو ئەفسانە کۆنەکانی مرۆڤایەتیدا تەعبیرێکی قووڵ لە ساتە هەستدارەکانی مرۆڤ کراوە، واتە ئەو ساتانەی کە نسرمەکانی تەنیایی تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنن. بۆ گەڕانەوە بۆ مەسەلەی گریان لە ئەفسانەی گەلە کۆنەکان، "لە لای بابلی و سۆمەرییەکان، شیعری شیوەن بابەتێکی سەرەکی بووە، ئەگەر بمانەوێت شیعری شیوەن بە پێی بابەتەکانی دابەش بکەین، ئەوە دەبینین ئەو شیعرە دەبێت بە سێ بەشەوە، **یەکەمیان:** شیوەنی خزم و کەسوکار، لەمەشدا چاومان بە دوو شیعری شاعیری سۆمەری (لودینگرا) دەکەوێت، یەکێك لەو شیوەنانەی بۆ (ناویرتم)ی ژنی نووسیوە، ئەوی تریشی لە شیوەنی (نانا)ی باوکیدا نووسیوە، **دووەم:** شیوەنی نەفسە، لەو نموونانەش شیعرێکە لێکۆڵەرەوان ناویان لێناوە ئەیوبی سۆمەری، هەروەها دوو شیعری شیوەنی بابلیش هەن، یەکەمیان: ناوی دادی خوایی و دووەمیان، ناوی شیعرەکە (وەسفی خوای حیکمەت دەکەم)، **سێیەم:** شیوەنی شارەکانە، لەم بارەیەشەوە دوو شیعر هەن کە دوو شاعیری بابلی بە زمانی سۆمەری



نووسیویانە، یەکێکیان شیوەنێکە بۆ شاری ئور، ئەوی تریان شیوەنە بۆ شارەکانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەد وەك شارەکانی کیش، مرد، ئایسن، نەفر، ئەدەب، ئوروك، لەکش و..."[٦١].

بۆ یەکەمین سەرچاوەی شارستانی مرۆیی، کە ئەویش بابلی و سۆمەرییەکانە، دەگەڕێینەوە، بابزانین بابلییەکان چۆن روانیویانەتە مەسەلەی خەم و دڵتەنگیی و ماڵوێرانیی، لە لای بابلییەکان دیاردەی گریان بۆ خودی مرۆڤ نەبووە، بۆ سیفەتە زیندووکارەکانی بووە، بۆ ئەو نەخشانە بووە کە لە زیندوویێتیدا ئەنجامیداوە، هەر بۆیە ئەوان بڕوایان بە گریان نەبووە بۆ مردوو، لەو روانگەیەوە ئەوەی دەمرێت، بەرەو ژیانێکی خۆشتر دەڕوات، پێش ئەوەی باسی دیاردەی گریان و ئەشك لە شارستانییەتی سۆمەریی و بابلییەکان بکەین، پێم باشە ئەوە بزانین ئایا بیری دروستبوونی مرۆڤ لە روانگەی سۆمەرییەکانەوە چۆن بووە، مرۆڤ لە بیری بابلییەکان و میتۆدیای بابلییەکان لە شتێك دروست بووە، لە لایەك مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەندێشەدارە، واتە خاوەنی ئەندێشەیەکە ئەم بوونەوەرە لە گەشتی دروستبووندا بەجوانیی بەدەردەکەوێت، بابل وەکو چەقی جیهان و دایکی بێشکەی شارستانییەکان، بە دوو واژە دەست پێ دەکات، ئینوما ئیلیش (élish Enüma)، ن. ك. ساندرز لە کتێبی (بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا)دا دەڵێت: لە داستانی بابلییەکاندا ئەوە دەخوێنینەوە کە ئەوانەی بابلیان دروست کرد، ئەو خودایانەن کە لە ئاسمانەوە هاتنە خوارەوە، بەهێزی پڕشکۆیانەوە کاریان کرد. هەروەها لە داستانی گلگامش دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە مرۆڤ چۆن و لە چی

دروست بووە، سەرەڕای ئەوەش، ئەو دەقانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێمەدان، بریتین لەو دەق و رووتەختانەی کە باس لە دروستبوونی شاری بابل و خواکانی ئاشوور و بابل و دروستبوونی مرۆڤ دەکەن. (ئەنکی بە یارمەتی دایکی مەزن خوایەکی دروست کرد، ئەم دایکە گڵ و خوێن لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەکات، ((بۆ ئەوەی یەزدان و مرۆڤ تێکەڵ بن)). گڵ پێناسەی هەموو جیهانی ماتەریالییە، خوێن سەرچاوەی ژیانی گیاندارە و ((گۆشت))ی یەزدانی بریتییە لە رۆخی نەمرو هەستی مرۆڤ و ژیانی ئەو تا دەمی مەرگ، بەڵام رۆحی یەزدانی گوریزانە. ئەگەر مرۆڤ بتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو رۆحە، ئەوا دەبێت بە خوا)[٦٢]. کەواتە دروستبوونی مرۆڤ لە گڵ و خوێن سەرەتا بووە بۆ دروستبوون، بێگومان ئەو رۆحەی کە چاوەڕوانی مەرگە لە ئەفسانەی بابلییەکاندا بە زەقی دەردەکەوێت، کەواتە جێگای گومان نییە گەر بزانین مرۆڤ بەشێکە لەو یاسایانەی کە رەوشتی مرۆڤ بەسەریدا دەسەپێنێت، وەك رەوشتی گریان و پێکەنین و هەڵچوون. لەو خاڵەشەوە هاتووە کە (هەموو گەردیلەکانی مرۆڤ هەر لە ((خوێن تا دەگاتە ئێسك)) لە کینگوی[٢] مردوو پێکهاتووە. بە گومانی من، شێوەیەك لە ناهاوسەنگیی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەو ناهاوسەنگییەش دەستئەنقەستە. چیرۆکی دروستبوونی جیهانیش هەر بەو شێوە و بەو بەڵگەیەیە، کە تیایدا هەست بە ئەنقەستییەك دەکرێت. لە داستانی شۆڕئامێزی **ئاتراهەسیس**، کە بە هەواری دووەمی پێش زاینی پێوەستە، باسی ئەوە دەکرێت کە مرۆڤ لە یەزدانێکی مردووە دروست بووەو ناوی ئەو

[٢]- ناوی خوایەکە لە خواکانی سۆمەر



یەزدانەش **ڤێ-ئیل** (**Wê- ila**)، یاخود هەسیسو (**Hasisu**)ە، کە تا رادەیەك ئەم ناوەش پێوەستە بە ((**عەقڵ**)) و ((**هەستە**))وە[٦٣]. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە بیری مرۆڤ بریتی بووە لە بیرێك کە خاوەنی عەقڵ و هەست بووە، ئەو هەستەش وای لێکردووە نەتوانێت بێ گریان و بێ هەست و نەستەکانی، سنووری ژیانی خۆی دیاریی بکات.

بەڵام سەرچاوەیەکی تری بابلی کۆن دەڵێت: (ئاو رەگەزێکی ئەزەلییە بە تێکەڵبوونی ئاوی شیرین (ئاپسو)و سوێری (تیامت) هەموو زیندەوەرەکان دەردەکەون - لە سەرووی هەموو ئەوانەوە یەزدانە کە دەردەکەوێت)[٦٤]. **لەحمو و لەحامو** یەکەمین گیانلەبەران بوون کە لەدایك بوون، لەمانیش **ئانشاری** نێرو **کیشاری** مێ دروست بوون، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت بیری دروستبوونی مرۆڤ و سروشت بۆ یەکەمین جار لای بابلی و سۆمەرییان خراوەتە روو، ئەم باسکردنە گەلێك سەرچاوەی گرنگییان بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە، بەڵام دەبێت رۆڵی مەردۆخ چی بێت (لە داستانی دروستبووندا، دەبێت ئەوەش بەیاد بێنینەوە کە رۆڵی بناغەیی مەردۆخ دەبیینێت هەر ئەو مەردۆخەیە کە بەسەر **تیامت** (واتە سوێری) سەردەکەوێت و جیهان دروست دەکات)[٦٥]. ئاشکرایە کە لە بەسەرهاتەکانی گلگامشدا ناوی مەردۆخ، خوای بابلییەکان هاتووە. وا پێدەچێت هەرچییەك هۆکاری گریان مرۆڤ بووە لەسەر زەویی و ئەو رووداوانەی بەسەر مرۆڤدا دەهات، پێوەندیی بە ئەنلیلەوە هەبووە، هەر ئەنلیل بوو کە داوای هاوسەنگییەکی لەسەر زەویی دەکرد (**ئەنلیل** یان **بیل** خوای رووداوەکان بووە و بەرپرسیاری ئەو رووداوانەش بووە کە لەسەر

زەمین روویان دەدا. ئەو لەسەرزەمینی سۆمەر، بە تایبەت لە **نەپیوور** ((خدواندگاری هەوا)) بوو)[٦٦]. هەروەك سەرچاوەكان ئاماژە دەكەن تەواو لە **زیۆسی** یۆنانی دەچوو.

ئەو سەرچاوانەی كە لە سەرچاوەی ئاشووریدا جێگەی فرمێسكیان تێدا دەبێتەوە، بریتین لەو سەرچاوانەی پەیوەندییان بە ئەشق و هاوڕێیەتی و جەنگەوە هەبووە، واتە دەتوانین لەلای **ئەشتار و گلگامش و ئاشوور**-دا بەدووی ئەو مەبەستانە بگەڕێین كە ئێمە دەمانەوێت و مەبەستمانە، واتە دەبێت لای ئەوان بەدووی ئاماژەكانی مەرگ و گریان بگەڕێین و هەروەها بەدووی ساتەكانی خەم و دڵتەنگیی و نائومێدیی بگەڕێین، ئەمە سەرەڕای ئەوەش كە ئەوان كۆنترین سەرچاوەی دەربڕینی هەستە عەقڵانییەكانی مرۆڤ بوون، هەر ئەوانیش بە شێوەیەكی رۆمانسیی و واقیعانە باس لە ناخ و ئازارەكانی مرۆڤ و ئەو ساتانە دەكەن، كە تێیدا مرۆڤ بەدووی ساتە ناسكەكانی خۆی گەڕاوە، گریان لە بەسەرهاتەكانی ئەواندا، بەڕاستیی گریان و بەڕاستیی رووداوە.

ئاشكرایە كە مێژووی داستانی بابلی و ئاشوورییەكان پڕە لە تێكەڵییەك لە نێوان ژیان و زانست و خۆشەویستی، ژیان وەك گەڕان و باسكردنی هەموو ئەو پێوەندییانەی لەو سەردەمەدا هەبوون و ئامادەبوون لەگەڵ هەموو ئەو بەسەرهاتانەی مرۆڤیان لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر هەڵگرتبوو، ((ئەوكاتە خواكانی بابلییەكان لە پەرستگایەك بە نێوی **ئوبشوكینا** هەروەك (**سەرای ڕێزی**) **نەپیوور**،



مەركەزی ئاینی سومەرییە كۆنەكان - كۆدەبوونەوە...))[٦٧]، بۆ ئەوەبوو تا بتوانن ئەو پرسیارانە وەڵام بدەنەوە كە هەستەكانی ئەو سەردەمە لێی داوا دەكردن، بۆ ئەوەبووە تا بزانن كەی دەگەن بە وەڵامی حەقیقی ناخی مرۆڤ. ئەمەو ((واژەی ئەكەدی **شیمتو** ماناكەی لە (**چارەنووس و قسمەت و دیاریكردن**) زیاترە))[٦٨].

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە لە بیری ئاینی بابلییدا شتێك هەبووە بە نێوی چارەنووسی خوایی و زیاتریش بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كارەساتەكاندا ئاسانتر بووە، واتە مرۆڤ بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵ رووداوەكاندا كردووە، ئەو مامەڵەیەش كەم تا زۆر لە پێوەندیی لەگەڵ خواكاندا سەرچاوەی گرتبوو، بابلییەكان بڕوایان بەماڵوێرانییەكان هەبوو، ئەو ماڵوێرانییەی بە بڕوای ئەوان سەرچاوەكەی خوا بووە، بۆیە زۆربەی كارەساتە گەورەكان كە مرۆڤی گرتووەتەوە، نەبووەتە هۆی نائومێدیی خەم و پەژارەیی، سەرەڕای ئەوەش ئەوان بڕوایان بە ژیانێكی دیكە هەبووە، بۆیە گریان بۆ ئەو چارەنووسەی خواكان نووسیویانە، یەكێك بووە لە تاوانە ئاینییەكان، بەڵام بابلییەكان زیاتر بۆ ساتە هەستییەكان دەگریان و فرمێسكیان دەڕشت، بۆ ونكردنی هاوڕێیەتی و لەدەستدانی خۆشەویستی و ونكردنی ئەو **پشتیوانییانەی** كە ستوونەكانی ژیانیان لەسەر بەند بوو، هەر بۆ نموونە، لە زۆربەی بەسەرهاتەكان باس لە پێوەندیی دەكرێت، واتە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خواكان، كەواتە شتێك هەبووە، هەمیشە مرۆڤ لە چاوەڕوانیدابووە، ئەو چاوەڕوانییەش بۆ

پێکەوەبوون بوو، نەك ئەمەش، بگرە پێکەوەبوونی سروشت و مرۆڤ، پێکەوەبوونی ئاسمان و زەویی.

بابلییەکان لە وشکەساڵیدا دەگریان، لە رووداوە دڵتەزێنەکانی سروشتدا دەگریان، لە هەموو ئەو رووداوانەدا دەگریان کە ئەنجامەکانی دەبووە هۆی هێنانەکایەی کارەسات بۆ مرۆڤ.

لە بۆنە ئایینییەکانی سۆمەردا ((پەرستگاکانیان بە بۆنی خۆش پاك دەکردەوە، دەهۆڵیان دەژەنی، لە خۆپیشاندانە ئایینییەکاندا مەشخەڵیان هەڵدەکرد و سەر لە ئێواران، نوێژخانەی **نەبویان** بۆ هاتنی **نەبوی** خواوەندگار ئامادە دەکرد. دەرگاکانیان بە کەتیرەی درەختی **سیدر** تەڕ دەکرد، لە کاتێکدا لقی درەختی سنەوبەر و باقی گیایە بۆنخۆشەکان لەسەر سەکۆیەکی زیوین دادەنا.

بە پێی گێڕانەوەی **هرۆدۆت** بۆ رێورەسمی جەژنی سەری ساڵی نوێ گوێمان لەم بەسەرهاتە دەبێتەوە، ساڵانە دوو تەن و نیو بخوور دەسووتێنرا. ئەم رێورەسمە رەنگە لە سەردەمی پڕ درەخشانی **نەبوخوزنەسرو** و باوکی **نەبوخوز نەسر** بە یادگاری مابێتەوە. شێوەیەك لە ئاینی قوربانیی (قۆچ) لەم شوێنەدا رێوڕەسم بوو، کە بەو پێیە قۆچێکیان دەکرد ئەو رەبەنەی ئەم مەراسیمەی ئەنجام دەدا، رەوانەی بیابان دەکرا و تا چەند رۆژ پاش کۆتایی جەژنەکەش نەدەگەڕایەوە.

هەموو ئەم رێوڕەسمانە تاڕادەیەکی زۆر قووڵ و سیمبوولئامێزن و دەکرێت تێگەیشتنیان(٦٩) تەنیا لە رووی هەست و گومانەوە درکی پێ بکرێت، بەلام بێ نرخاندن و زەبوونکردنی ئاینی پادشا، کە لە ئێوارەی



رۆژی پێنجەمی جەژندا بەرپا دەکرا، لە سەرانسەری جیهانی دێریندا ناسراو بوو، هەروەها جێگای قبووڵکردن بوو، هەتا سەدەکانی ناوەڕاستیش بەردەوامیی هەبوو. یەکەم جار نوێژگای **نەبوخوزنەسریان بە** ((ئاسمانەی زێڕین)) دادەپۆشی، ئەو ئاسمانە ئاڵتوونییەش لە راستیدا بریتی بوو لە پارچەیەکی پڕ لە ئاڵاو واڵاو نەخشێنراو بە گوڵی ئەستێرەئاسا.

پاش ئەوە، هەموو هونەرمەندان دەستیان بە سروودگوتن دەکرد، لەو کاتەدا دەنگیان دەگەیشتە ئەوپەڕی سنوور، هەر لەو کاتەدا **نەبویان بە** کەشتییە پیرۆزەکەی دەهێنا. تا ئەم ساتە بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا پاشا هیچ رۆڵێکی لە رێوڕەسمەکە نییە، بەڵام لە ئێستا بەدواوە دەبێت یەکسەر سەرە دەزووی کارەکە بگرێتە دەست. **نەبو** کاڵای پۆشیوە و لە سەرای پێش **مەردۆخ** رادەوەستێت، نیشانەکانی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، ئەو نیشانانەش بریتین لە عەسا، شمشێرو، حەلقە. رەبەنی **مەردۆخ** ئەم نیشانانەی لێ وەردەگرێت و دەڕواتە نێو پەرستگاکەو لەسەر کورسییەك (یان تەختی پادشایی) بەرامبەر بە خواوەندگار دایدەنێت. پاشان دەگەڕێتەوە بەردەم پاشا، بەناولەپ بەگوێیدا دەکێشێت، پاشان دەیباتە حزووری خوا، بە ترسەوە لەسەر زەویی بەچۆکدادێ پاشا کە لەبەردەم خوادا زەلیل بووە، بە **بێفیزییەوە** نوێژی پاڕانەوە و بەبیرهێنانەوە بەجێ دەگەیەنێت: (("گوناهم نەکردووە، ئەی خوای کیشوەرەکانی جیهان..."، لەو کاتەدا رەبەن **دڵنیایی** بە پاشا دەبەخشێت، عەساو شمشێرو حەلقەی دەسەڵاتی بۆ دەگەڕێنێتەوە و بۆ دووەم جار بەناو لەپی بە گوێیدا زەربەیەك لێ دەدا، **تا نیشانەیەك دەربکەوێت: ئەگەر فرمێسك هاتە**

خوارێ، ئەوە مانای وایە کە خوا لێی خۆش بووە، گەر نا ئەوە مانای وایە خوا تووڕەیەو دوژمنان هەڵدەسنەوە و چارەنووسێکی بەدفەڕ لە چاوەڕوانی پادشادا دەبێت)).

کەواتە فرمێسکی لێبووردن لەلای پادشاوە دەست پێ دەکات، ئەوەی روو دەدات، پێوەندیی بەو راستییەوە هەیە کە مەسەلەی گریان پێوەندییەکی گەورەیی ئاینییە، فرمێسك و گریان شێوازێکی گەورە بووە بۆ ئەوەی خواکان لێبووردن پێشکەش بە بەندەکانییان بکەن.

پاڕانەوە و نزاو تکا لە خوا، هەنگاوێك بووە بەرەو نزیکبوونەوەی راستەقینە ئەو نزیکبوونەوەیەی کە مرۆڤ هەموو توانا و هێزە جەستەیی و رۆحییەکانی خۆی تێدا بەکارهێناوە، نەك ئەمەش، بگرە لە هەوڵی ئەوەدا بووە دەرگایەك بەڕووی ئەو توانا و هێزانە بکاتەوە کە زێدەتر سەرنجیان بەرەو لای خوا رادەکێشن.

گریان رێگایەك بووە بۆ پاکبوونەوە لە گوناه، رێگایەك بووە بۆ پاکبوونەوە لە هەموو ئەو گرفتانەی کە وا دەکەن تووڕەیی خوا زیاد بکات و توانا و بێدەنگییەکانی لە بناغەیەکی قووڵەوە بگاتە ئاستی دەنگ و هەنسك و گریان، تا بەزەیی ئەو خوایەی بەربکەوێت، ئەو بەزەییەی کە تەسکینیی بە گشت توانا و هێزەکان دەبەخشێت، ئەو هێزەی کە دەرگا کلۆمدراوەکان بەڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە.

ترس لە خوا هەوڵێك بووە بۆ دووبارە کێشانەوەی ئەو وێنانەی کە خوا پێی خۆشە، کێشانی ئەو وێنانەی کە وا لە مرۆڤ دەکەن باوەش بۆ ئەو دەنگانە بکاتەوە، کە لە دەرگاکەی ئەوی نزیك دەکەنەوە، ترس رێگایەکە



وا لە مرۆڤ دەکات دووبارە ناخی خۆی بخوێنێتەوە، ئەو وردەخەوش و ناپاکییانەی لە نێو خۆیدا بەدی دەکات پاکی بکاتەوە و بیگەیەنێتە بەر دەرگای مەبەست و جێگیرییەکانی ئەو دەرگایانە بەڕووی هەندێك راستیدا بکاتەوە کە پێشتر لێی بێئاگا بووە، هەروەها هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانەی کە رووی پێکەنینیان تێدا شاردراوەتەوە.

لە زۆربەی ئەو مەبەستانەی کە لێرەدا دەخرێتە روو، پرسیاری ئەوە هەیە ئاخۆ چ جۆرە ترسێکە کە مرۆڤ بەرامبەر بەخوا دەینوێنێت، ترسی ترسە، یاخود ترسی بڕوا و دڵنیابوونە، زۆربەی ترسە ئاینییەکان لە لای مرۆڤ لە سەرچاوەی باوەڕی قووڵەوە سەریان هەڵداوە، واتە بڕوابوون بە هێزێك کە یان بێبەشت دەکات لە پێویستییەکانی ئەو دنیا، یان بەشداریت پێ دەکات، ترسێك پێویستە بۆ ئەوەی توانا و هێزەکانی پێویست بۆ بڕوا زێدەتر سەقامگیر بن.

هەندێك پێیان وایە هێزی ئاوڕدانەوە لە خوا سەرچاوەکەی تەنیا ترس نییە، گەر تۆ لەبەر ترسی دۆزەخ و تۆڵە خواپەرستیت کرد، مانای وایە خاوەنی بڕوایەکی سستی و دووری لە مەنزڵگەی خوداوە، دووری لە توانا گرنگ و پێویستییەکانی بڕوا، ئەوانەی لە ترسی سزای دۆزەخ دەگرین بڕواخوازی بەهێز نین، ئەوانەی ترس و گریانیان بۆ رازیبوونی خوایە، ئەوانە بڕواداری راستەقینەن.

## فرمێسکەکانی ئیشتار

سەیر نییە ئەگەر بڵێین لە شارستانییەتی سۆمەری بابلیدا ئەدەبێك هەبووە، پێی گوتراوە ئەدەبی شیوەن و لاوانەوە، واتە ئەو ئەدەبەی بۆ مەرگی شاو لاواندنەوەی خۆشەویستان و بۆ وێرانبوونی شارو شارۆچکەو سەنتەرەکانی بونیادسازیی فرمێسکی هەڵڕشتووەو گریاوە.

**ئیشتار** ئەو ناوەیە کە لە مێژووی ئاشووری - بابلی جێگایەکی تایبەتی هەیە، ئەم ناوە (هەندێك لەو باوەڕەدان کە کچی ئانو (خوای ئاسمان)ە، بەڵام بە بڕوای هەندێکی تر کچی سین (خوای مانگە)... ئیشتەری جەنگجو، کچی سین و خوشکی شەمش بوو)[٧٠]. لە لایەکی دیکەوە (ئیشتار، کچی ئانو، لە ئێرخ لە سەرووی هەموو یەزدانبانووەکانی ئەشق و شەهوەتبازیی دادەنرا، لە راستیدا کەسایەتی ئەو ئەوەندە میهرئامێز نەبوو...)[٧١]. یەکێك لە سیفەتەکانی ئیشتار تووڕەیی بوو، تووڕەیی ئەو ئەوەندە بێتام بوو، هەمیشە هەڕەشەی دەکرد کە ژمارەی مردووان لە زیندووان زیاتر بکات، ئەو هەمیشە بۆ مەبەستی حەزەکانی خۆی ئامادە بوو هەموو گێتی تووشی مەرگ بکات، واتە زیادکردنی خەم و ئازارو نەگبەتیی.

ئەو کاتەی دەهاتە سەر زەوی، پیرۆزیی ناوی نەدەما و هەرچی رووسپیێتی بوو رەش دەبوو، بڕواداران لەو هەموو کارەی ئیشتار گریانیان دەهات، بەڵام ئەو خۆی بیری لە هەموو شتێك دەکردەوە، تەنیا فرمێسك



نەبێت، فرمێسکەکانی ئەو بریتی بوون لە بە ئارەزووکردنی گێتی، بەڵام ئەوەی ئیشتار بۆی دەچوو، هەمیشە وا نەبوو، ناچار بەو هەموو هێزەی کە هەیبوو نەیتوانی لەبەردەم ئەشقێکدا خۆی راگرێت، کە ئەشقی دوومووزی بوو، ئیشتار لە نێو خەمدا غەرق بوو، خەمێك کە خۆشی نەیزانی چۆن لێی دەرباز بێت، فرمێسك و گریان و خەم و پەژارەیی هەموو ئازایی داگیرکردو بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن لەو ئازارە مەزنە رزگاری بێت.

## دوومووزی و چارەنووسی پڕگریان

بۆ ئەوەی لە حەقیقەتی ئەوە بگەین دوومووزی کێیە، پێشتر دەبێت بزانین کە (ناوی دوومووزی یاخود دوومووزی) لە (لیستی پاشاکانی سۆمەر)ەو ناویشی لە پاڵ ناوی "لەجال بندا و گلگامش"دایە و واش باس دەکرێت کە ((ماسیگربووە و سەر بە شاری کوا بووە))[٧٢]. ئیشتار کاتێك ئاشقی دوومووزی دەبێت، دەیەوێت بەهەر شێوازێك بێت بەدەستی بێنێت، بۆیە کە دەزانێت ئەم کارە هەروا بە ئاسانی بۆی ناچێتە سەر، هەڵدەستێت بەداڕشتنی پلانێك. سەفەردەکات بۆ جیهانی خوارەوە (بەڕووتی دەچێتە بەردەم **ئەرشکی گال** پەیامبەرەکەی خۆی، **نەمتار** و بانگ دەکات فرمان دەدات **ئیشتار** لە کۆشکەکەی ئەودا زیندانیی بکات و شەست جۆر نەخۆشیی تووش بکات، بەجۆرە ئیشتار دەستبەسەر بوو، زەمین تەنیاو ئاسمانیش خەم دایگرت، **شەمش و سین** خەمی خۆیان بۆ **ئەئا** گێڕایەوە. **ئەئاش** بۆ رزگارکردنی **ئیشتار، ئاسوشو - نامیری شەهوەتپەرستی**

دروستکرد و ئەوی بۆ سەر زەمینی بێگەڕانەوە ڕەوانە کرد، قسەیەکی جادووگەرانەی فێرکرد تا ئیرادە لە ئەرشکی گال بسێنێتەوە. شای ناوچەی دۆزەخ بێهودە دەستی بە بەرگریی کرد، بێهودە هەوڵیدا ((ئاسوشو - نامیر بە ئەفسوونە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆی لەخشتەبەریێ)).

جادووی ئانا کاریگەرتر بوو لە جادووەکەی ئەو، پاشان ئەرشکی گال ناچار دەبێت ئەشتار ئازاد بکات. ئاوی حەیاتیان بەسەر ئیشتاردا پرژان و بە هاوڕێیەتی نەمتارو دووبارە لە نێوان حەوت دەروازەوە گوزەری کرد. ((ڕاونانی دوومووزی لە لایەن عیفریتەکانەوە لە جیهانی خوارەوە، یەکێك بوو لەو بابەتانەی لای سۆمەرییەکان هەستیار بوو، بۆ نموونە بەسەرهاتێکی تر هەیە دەڵێت ئەو عیفریتانەی ڕاوی دوومووزیان نا، حەوت عیفریت بوون، نەك پێنج، هەروەها دەشڵێت هەڵسوکەوتییان بەرامبەر بە دوومووزی هەروەك چاوەڕوان دەکرا بێبەریی بووە لە دڕندایەتی و سادیزم))[٧٣]، بەڵام ئەم هەمووە بۆ ئەوەبوو تا ئیشتار ببێتە خاوەنی دوومووزی، ئەو هەموو ئازار و خەمەی لە پێناوی خۆشەویستییەك بوو، کە بەردەوام فرمێسکی بۆ هەڵڕشت و بەدیارییەوە دەگریا.

بەیادهێنانەوەی دوومووزی، هەمیشە هاوشان بووە لەگەڵ گریان و فرمێسکڕشتن، هاوکات بووە لەگەڵ هەڵڕشتنی خەم و ئازار، ناوی دوومووزی لە هەندێك لە سەرچاوەکان بە دوومووزی هاتووە، (دوومووزی واتە کوڕی ڕاستین-ە، بەڵام لە زۆر لە گۆرانییەکاندا دوومووزی پێوەست بووە بە جووتبوونەوە)[٧٤]. لە شیوەنیشدا ناوی ئەو هاتووە، هەندێك کات ناوی ئەو ئاماژە بووە بۆ بارە ئاڵۆز و خراپەکان. (هەندێك کات ناوی ئەو



لە شیوەنەکاندا، دامو Damu-ە، ئەویش بە مانای کوڕ)[٧٥]. هەروەها دوومووزی سەرەڕای ئەوەی خۆی خاوەنی پایەیەك بۆ زیادبوون بوو (لە مانگی ژوئیە، پاش جووتبوونی دوومووزی لە مەرگ نزیك دەبێتەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ تازیەباریی و گریان. تازیەبارانی ئەسڵیش سێ ژن بوون: ئینانا هاوسەری دوومووزی، نین سوون دایکی و خوشکەکەی، گشتینانا... هەندێك لە جوانترین شیوەنەکانی دەربارەی ئەو ڕێکخراون، ناوی دوومووزی بە دامو هاتووە... بەشێکی زۆری قەسیدەکانی سەفەری ئینانا پێوەستە بە مەرگ و دۆزەخەوە)[٧٦].

بەسەرهاتی دوومووزی لە ڕاستیدا بریتییە لە بەسەرهاتێکی ئاڵۆز، دوومووزی دەبێتە هاوسەری بەهێزترین خواکان، کە ئەویش ئینانایە، ئەوەندە دوومووزی خۆش دەویست تا لە خۆشەویستیدا کردی بە خوای شارەکەی، بۆ ئەوەی بە نەمریی بمێنێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، ئەو شیعرەی لەم بارەیەوە نووسراوە، بریتییە لە چوارسەد بەیت، چەندساڵێکی خایاندووە تا کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە.

(قەسیدەکە بە باسکردنی هەوڵی ئینانا بۆ دابەزین بۆ جیهانی خوارەوە، واتە بۆ ماڵی مردووانی تاریك و ترسناك دەست پێ دەکات. ئینانا بەوە ڕازی نەبوو تەنیا بە شاژنی ((سەرەوەی مەزن)) بمێنێتەوە، بگرە دەشیویست ببێت بە شاژنی ((خوارەوەی مەزنیش)). بۆیە واز لە ئاسمان و زەوی دەهێنێت، واز لە ((خانی گەورە)) و ((خاتوونی گەورە)) دەهێنێت، هەروەها واز لە گشت شارو پەرستگە بەناوبانگەکانی دەهێنێت. جوانترین جلی لەبەرکرد، خۆی بەجوانترین شێوە ڕازاندەوە، کاتێك ویستی بۆ جیهانی

خوارەوە، جیهانی تارمایی ترسناك دابەزێت، بە تەواویی دەستی بە نیشانەكانی دەسەڵاتداریی و دەستكەوتە پیرۆزەكانییەوە گرت)[٧٧]، سۆمەرییەكان سەرەڕای ئەو هەموو گەشەكردن و پێشكەوتنە شارستانی و گەورە و مەزنەی هەیانبوو، بڕواشیان بەوە هەبوو كە ژیانی مرۆڤ ژیانێكە پڕە لە خەم و چارەنووسێكی بێهوودە، بێهوودەیی یەكێك بووە لە سیما باوەكانی ئەو سەردەمە و وەك خەمێكی هەمیشەیی لە ژیانیاندا بەردەوام بووە، زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەشی كە باس لە ئاینی ئەو سەردەمەی سۆمەری و بابلییەكان دەكەن، چاویان بە گەلێك وشەی سەیری وەك مەرگ، وشكایی، نەهامەتیی، بێهوودەیی دەكەوێت: (سۆمەرییەكان بێ هیچ دوو دڵییەك ئەو تواناییەیان ناسیوە، هەروەها لە نزیكەوە ئاشنایی نەهامەتییەكان بوون. بڕێكی زۆر لە شیوەنی زۆر جوان و نایاب بەجێماون، كە هەموویان بەم نیوە دێڕە دەست پێ دەكەن: Edin-naû-sag-gã، واتە ((لە بیابان...)) یا ((لە سەرزەمینی مردووان...)).

هەر لە هەمان **ئیدین** (بیابان)ە، كە ڕووداوی دڵتەزێنی **دوومووزی**[٧٨] ڕوودەدات، هاوكات لەگەڵ گڕو تۆفانی لمایی كە مەڕو ماڵات و وڵاخان نابوود دەكات)[٧٩]. لە یەكێك لە شیوەنەكانی دوومووزی بۆ گژوگیا و درەخت و ڕووبار، هەست بە شیوەنی دایكێك دەكەین كە بۆ كۆرپەڵە و زارۆكەكانی بگری، هەست بەو هەنسكانە دەكەین كە لە ناخەوە دەڕژێنە سەر زەوی، ئەو شیوەنانەی دوومووزی شیوەنی ڕاستەقینەن باس لە كۆچ و مەرگ و بەسەرچوون دەكەن، گریانی دوومووزی لەو نووسراو و قەسیدانەی سەردەمی سۆمەرییەكانەوە بۆمان بەجێماون، باس لەوە دەكەن



كۆمەڵگایەك هەبووە، خاوەنی مەزنترین هەست و خۆشەویستی و بەزەیی و توانای دەروونیی بووە، كۆمەڵگایەك توانیوێتی هەرچی سۆز و هەستی ژیانی مرۆڤ هەیە لە نێو تەراتیلە ئاینییەكاندا بیدا بە بادا. ((ئەوكاتەی دوومووزی ڕەوانەی مەملەكەتی مەرگ دەكرێ، بەمجۆرە وەڵامی دایكی دەداتەوە:

هەرچەندە شیناییەكان
لە زەمینەوە تازە چرۆیان دەكرد
بەڵام من سەوزیی نیم و
ناشتوانم فریادڕەسی ئەو بم.

ئاوەكان بۆ ئەو كۆدەبنەوە
من ئاو نیم
تا لە شیوەنی ئەودا دەركەوم
لە سەرزەوی مردووان
نەمامی سەوز نیم)).

شیوەنێكە بۆ مەرگی جوانیی و لاوێتی و زیندوویێتی، شیوەنێكە بۆ ئەو ساتانەی كە خۆشی نازانێت لە چ سەرچاوەیەكەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا ئەمە فەرمانێكە و دراوە یان شێوەیەكە لە چارەڕەشیی- خۆ لە شارستانییەتی یۆنانیدا گەلێك باس لە مەسەلەی چارەڕەشیی و نەگبەتیی

کراوە، چارەڕەشیی هەر خۆی بۆ خۆی شتێك بووە سۆمەرییەکان بڕوایان پێی بووە، چارەڕەشیی نەك بە مانا فیسیۆلۆژییەکەی، بگرە بە مانا میتۆلۆژیاکەی ئەو چارەڕەشییەی کە لە خواوە دابەزیوە و فرمانی ئەوە و بۆ مرۆڤ هاتووە، ئەو چارەڕەشییەی مرۆڤی ناچارکردووە خۆی بدات بە دەستی قەدەرەوە، بۆیە وای دەکرد مرۆڤ تووشی دەردەسەریی و چەرمەسەرییە مەزنەکان بێت و بە ناچاریی پەژارە و خەم و گریان بەشی بێت، بۆیە ئەوەی لە نێو دێڕە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەدا دەبینرێت، شێوەیەکە لە خەمی شاراوە و شێوەیەك لە ڕووداوی خۆڵەمێشیی و تارمیاییە پڕ نهێنییەکان، هەروەها خودی ڕووداوەکانیش لە نێو ئەو شیعرانەدا ڕووداوی پڕ ئەشك و گریاناویین.

لە سەفەری ئینانا گەلێ شتی سەیر و سەمەر دەبینین، بە تایبەت ئەو حاڵەتانەی پێوەستن بە لەدایکبوون و مەرگی مرۆڤ و زیندووبوونەوەی مرۆڤ، لە یەکەمین شیوەندا **ئینانا** بۆ **شووی** لاو و جوان خەم هەڵدەڕێژێت، ئەو گفتۆگۆیەی لە نێوان دایك و دوومووزیدا ڕوودەدات، گفتوگۆیەکە بریتییە لە جوانترین لاوانەوە و شیوەن و فرمێسك هەڵڕشتن، کە پڕاو پڕ لە کەرنەڤاڵێکی تازیەباریی دەچێت، بەپێی گوتەی پرۆفیسۆر یاکۆبسن (لە هەموو ئەو نووسینانەی پێوەستن بە دوومووزییەوە، هیچ وێنەیەك کامڵتر و خەمبارترین نییە لە وێنەی ناڵەی شمشاڵەکەی (لێرەدا مەبەستی لە ناڵەی شمشاڵی ئەو شوانەیە کە شمشاڵەکە دەژەنێت...)، وێنەی دایکێك بە ئارامیی هەنگاو هەڵدێنێت، تەنیا بە شان و بازووی کوڕەکەیدا هەڵدەداو



ئەندامەکانی دەست بە لەرزین دەکەن، چاو دەبڕێتە ڕووخساری کوڕەکەی و تەنیا ئەم ڕستەیەی بە زماندا دێت:

**((لەبەرچاوم گۆڕاوی)).**

سەفەری ئینانا یەکێکە لە خەمبارترین سەفەرەکانی دۆزەخ کە تا ئێستا ناسیومانە...)[٨٠]. هەروا بەردەوام لە بەسەرهاتی دوومووزیدا خەم و گریان و پەژارەیی دەبینین، ئەو ڕاستییانە دەبینین، کە ژیانێك هەبووە، لەو سەردەمەش وەکو ئەم سەردەمە پڕ تراژیدیایەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، بێبەش نەبووە لە تازیەباریی و ڕەشپۆشیی و خەمی بەردەوام، بێبەش نەبووە لەو گریانەی سات لەدوای سات گەورە بووە و یەك بەدووی یەکدا هاتووە، سەردەمی سۆمەریی و بابلییەکان هەرچەندە سەردەمی ژیانەوە و داهێنانی شارستانییەتی مەزن بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی داپڵۆسینی مرۆڤ بووە، داپڵۆسین بە هەموو ماناو نهێنییەکانی ژیانێك زۆربەی لە نێو خەمدا بەسەرچووە، هەر بۆیە ئایین و شاعیران بەردەوام لەو خەمانەو لە خەمی گەورەی مرۆڤی میزۆپۆتامیا دواون، ئەو شارستانییە دەربڕینی ئەو سەردەمە و دەربڕینی ناخی مرۆڤی تاوتوێ کردووە، مرۆڤی بیرمەندی ئەو سەردەمە نەیتوانیوە وەکو شارستانییەکانی دیکە بێ هەڵوێستوەرگرانە بڕوانێتە سووتانەکانی وڵاتی وشك و سارا بریندارەکانی خۆی، بۆیە گریاوە و فرمێسکی هەڵڕشتووە، تا بتوانێت بە شێوەیەکی تایبەت ڕێزو نەوازش پێشکەش بەو وڵات و گیانانە بکات .

هەروەها گریانی بەردەوامی مرۆڤ لەو سەردەمەدا، لە هەردوو ژیانەکەدا ئامادە بووە، ژیانی خوارەوە و ژیانی سەرەوەش، لە نێو بەهەشت و لە دۆزەخیشدا کاتێ **ئینانا** دەیەوێت ببێتە پادشای سەرەوە و خوارەوە، ژیان و مەرگ، داوا لە **نەنشوبوور** دەکات کە ئەگەر پاش سێ ڕۆژ لە جیهانی خوارەوە نەگەڕایەوە، ئەوا بچێتە ((ماڵی خوا))، داوا لە **ئەنلیل**، یان **ئەکیشنوجال** یان **ئەنکی** بکات، نەهێڵن کچەکەیان لە جیهانی خوارەوە بمرێت و ئەو مادە بەسوودە نەسووتێت و ئەو بەردە بەنرخە هەروا نەشکێت، داوای لێ دەکات کارێك بکات بۆ ئەوەی ئەمە روو نەدات. بۆ ئەمەش **نینشووبار** رۆڵی گرنگ لە وریاکردنەوەی خوای **ئەنکی** دەبینێت و دەچێتە لای و داوای لێ دەکات **ئینانا** رزگار بکات، ئەنکی وەڵامی **نینشووبار** دەداتەوە:

((چی بەسەر کچەم هاتووە؟
خەمبارم.
چی بەسەر ئینانا هاتووە؟
خەمگینم.
چی بەسەر شاژنی هەموو زەوی هاتووە؟
دڵتەنگم.
چی بەسەر خۆشەویستی ئاسماندا هاتووە؟
دڵبەندم))[٨١]



پاشان لە لایەن **ئەنکی** خواوە **ئینانا** رزگار دەکرێت، داوا لە **ئینانا** دەکات ئەگەر دەیەوێت بچێتە سەرەوە بۆ جیهانی سەرزەوی، دەبێت کەسێك لەجیاتی خۆی لە جیهانی خوارەوە بەجێبێڵێت، پاش ئەوەی **ئینانا** بە جێبەجێکردنی ئەم مەرجە رازی دەبێت، لە رێگای درنجەکانی ((جەلا))، **ئینانا** دەهێننە سەر زەوی، ئەوان دەبێت یەکێك لەجیاتی ئەو بەرن، **ئینانا** رێگا نادات وەزیرەکەی **نەشوبوور** و **شارای** کوڕی **لولالی** بەرن، دواجار دەڕۆن تا دەگەنە شاری **ئینانا**، لەوێدا **ئینانا** چاوی بە هاوسەرە خۆشەویستەکەی دەکەوێت کە لەسەر تەختی شاهانە دانیشتووە و بۆ ونبوونی هاوسەرەکەشی ئینانا نە دەگری و نە خەمبارە و قوڕناپێوێت، ئەمەش **ئینانا** تورە دەکات تا ئەو حاڵەی کە چاوەکانی پڕ لە مەرگ و تووڕەیی هەبێت و هەموو ئەندامەکانی لەشی گڕ دەگرێت، بە بێ قڕە **دوومووزی** دەداتە دەستی درنجەکان، کاتێك دوومووزی باڵبەست دەکەن، بە لێدان دەیبەن.

لێرەوە خەم و پەژارەکانی دوومووزی دەست پێ دەکات، داوا لە **"ئوتوی"** خوای هەتاو دەکات کۆمەکی بکات، ئەویش گریانەکانی **دوومووزی** قبووڵ دەکات و رۆحی **دوومووزی** دەنێرێتە ماڵی **جەشتی نانا**، ئەو کاتەی هەڵات براکەشی دەستی بە لاوانەوەی کرد:

جەشتی نانا روانیە براکەی
روومەتەکانی هەڵتۆقیبوون و دەمولێوی هەڵدڕاو
روانییە ناوقەدی، جلەکانی لەتووپەت و

ئاهو حەسرەتێکی تاڵی لێ بەرزبووەوە:
ئای براکەم، براکەم، ئەی ئەو لاوەی رۆژەکانی ژیانت ئەوەندە درێژ نین

کاتێک جێگا بە خۆی ناگرێت و هەر هەڵدێت، ناچار لە نێو پەرستگاکەی خۆیدا خۆی حەشار دەدات، بەڵام خوشکەکەی ئەمجارە هەوڵدەدات بە پێشنیازێك ئازادی بکات، ئەویش بەوەی **دوومووزی** نیو ساڵ لە دنیای خوارەوە بێت و نیو ساڵیش لە دنیای سەرە، خوشکەکەشی لەجیاتی ئەو، نیوەی ساڵەکە دەچێتە دنیای خوارەوە. (هەرچەندە لەم شیعرەدا **جشتی نانای** خوشکی رۆڵی گەورە دەگێڕێت، هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ رزگارکردنی. لەم بەسەرهاتەدا دەبینین شاعیر لە دێڕەکانی سەرەتادا کە تیایدا وەسفی دوومووزی دەکات، رۆحی خەمگینی دەورووژێنێت...:

دڵی پڕ بوو، بەرەو بیابان رۆی و گریا،
شوان - دڵی پڕ لە فرمێسك بوو، لە بیابان گریا،
شمشاڵەکەی لە مل کردبوو(؟)، بە گریانەوە ناڵانی
پرسەیەك بگرە، پرسەیەك بگرە، ئەی بیابان، پرسەیەك بگرە،
ئەی بیابان، پرسەیەك بگرە، بپاڕێوە،
لە نێوان قرژاڵەکانی رووباردا، ماتەمینییەك دامەزرێنە،
لە نێوان بۆقەکانی رووبارا، ماتەمینییەك دامەزرێنە،
با لە دایکمەوە هاوارێکی پڕ شیوەن بێتە دەرێ،
با لە دایکم **سیرتوور** هاواری پڕ شیوەن بێتەدەرێ،



با لە دایکم ئەو دایکەی کە پێنج نان شك نابا هاوارێکی پڕ شیوەن بێتەدەرێ،
با لە دایکم ئەو دایکەی کە دە نان شك نابا هاوارێکی پڕ شیوەن بێتەدەرێ،
کاتێ مردم، هیچ شك نابا گرنگی پێ بدا،
بەسەر بیاباندا، وەکو دایکم چاوەکانی فرمێسك هەڵدەڕێژن،
وەکو خوشکە بچکۆلانەکەم، چاوەکانکم فرمێسك دەڕێژن)[٨٢].

لەو شیعرەدا جوانترین و یەکەمین شیعری شیوەنە کە دەکرێت وەسف بکرێت، کامڵبوونێکە لە نێوان جوانکاریی و گریان، لە نێوان فرمێسك و سروشت، لە نێوان خۆشەویستی و سۆز، هاوارێکە هەتا ئێستا لە نێو ویژدانی مرۆڤایەتیدا زیندووە، بەوپەڕی سادەیی باس لە شیوەنی مەرگی برا دەکات، ئافرەتێك براکەی لە دەست دەدات، بەڵام لەوەش جوانتر **دوومووزی** هەست بە تاوانێك دەکات، کاتێك ئەو هەموو ئازارە بە نسیبی خوشکەکەی دەکات:

دوومووزی گریا، رووخساری زەرد هەڵگەڕا:
((گەر لە شارا خۆم حەشاردەدم، ئەوا کۆتاییی بە خوشکەکەم دەهێنم،
ئەوا هاوڕێکەم دەکوژم))

راونانی **دوومووزی** لەلایەن درنجەکانی جیهانی خوارەوە، وا دەکات **ئینانا** لە کارەکەی خۆی پەشیمان بێتەوە، بەهۆی لەدەستدانی هاوسەرەکەی، مەرگی ئەو خەمباری دەکات و لە ناخیدا گریان دروست دەبێت، بڕوانە چۆن شاعیرانی ئەو کاتەی سۆمەرییەکان باسیان لە حاڵەتە خەماوییەکان کردووە:

((خانم گریانێکی تاڵ بۆ هاوسەرەکەی دەگری،
ئینانا گریانێکی تاڵ بۆ شووەکەی دەگری،
شاژنی ئیانا گریانێکی تاڵ بۆ شووەکەی دەگری،
شاژنی ئێریك گریانێکی تاڵ بۆ شووەکەی دەگری
شاژنی زبلام گریانێکی تاڵ بۆ شووەکەی دەگری،))[٨٣].

ئەوەتا لێرەشدا بەم شێوەیە هاوسەرە خۆشەویستەکەی دەلاوێنێتەوە:

((هاوسەرە خۆشەویستەکەیان بردم، هاوسەرە خۆشەویستەکەم،
کوڕەکەیان بردم، کوڕە خۆشەویستەکەم،
هاوسەرەکەم بە نێو رووەکەکانی پێشەوە رۆیشت،
هاوسەرەکەم بە نێورووەکەکانی دواوە رۆیشت،
هاوسەرەکەم رۆیشتووە بەدووی خۆراکدا بگەڕێ، خۆی بوو بە خۆراك،
هاوسەرەکەم رۆیشت بەدووی ئاودا بگەڕێ، تەسلیم بە ئاویان کرد،
زاواکەم وەکو دەستێ ورد کرا... شارەکەی بەجێهێشت))[٨٤].



بەم شێوەیە لە چیرۆك و بەسەرهاتی دوومووزی ئینانا دەبینەوە، ئەو چیرۆکەی کە بە کۆنترین سەرچاوەی گریان دادەنرێت، لەو بەسەرهاتەی خستمانە روو، دەکرێت بە بەشێك دانرێت لەو رووداوانەی کە لە نێوان **دوومووزی** و ئینانا روویداوە، کلتووری فیکریی ئەو سەردەمە لە تەوەرەی ژیانەوە دەیڕوانییە خەم.

## خەمەکانی گلگامش

لە دوای چیرۆکە خەماوییەکەی دوومووزی و ئینانا، هەر لە نێو مێژووە پڕکارەساتەکانی میزۆپۆتامیا بەسەرهاتێکی دیکە دەبینین، کە ئەویش ئەوەندە -لە رووی دراماتی و خەمەوە- لەوانی دی کەمتر نییە، بەسەرهاتی گلگامش یەکێکە لە بەناوبانگترین داستانە کۆنەکانی مرۆڤایەتی، کە باس لە وەفاداریی و مەرگ و ژیان و دۆزەخ و بەهەشت دەکات، باس لە سەفەری بەردەوامی مرۆڤ و دڵسۆزیی و هەستەکانی نێوان مرۆڤ دەکات، باس لەو هەموو خەمانە دەکات کە مرۆڤایەتی پێوەی تلاوەتەوە.

کۆی هەموو داستانەکە (١٢) سرووده و هەر سروودەشی لە (٣٠٠) بەیت پێکهاتووە. مێژووی ئەم بەسەرهاتە بۆ سەرەتای هەزاری دووەمی پێش زاینی دەگەڕێتەوە. گلگامش لە راستیدا یەکێك بووە لە پاشا بەناوبانگەکانی سۆمەری، هەروەها پادشای شانشینی ئوروك بووە، کەواتە کەسێتی گلگامش کەسایەتییەکی زیندوو بووە، لە زۆربەی ئەو

سەرچاوانەشی کە باس لەم کەسایەتییە کراوە، دەڵێن پادشایەکی زۆر دادپەروەر بووە، بەڵام هەندێ سەرچاوەش دەڵێن خۆپەرست بووە، بۆیە بەسەرهات و چیرۆکەکانی لەگەڵ ئەنکیدۆ ئاماژەی ئەو خۆپەرستییەی تێدایە، گلگامش سەرباری پاشایەتی یەکێك بووە لە کەسە پیرۆزەکانی ئەو سەردەمە.

داستانی گلگامش باس لە حەتمییەتی مەرگ دەکات، باس لە ململانێی مرۆڤ بۆ مانەوە و هەوڵدانە بۆ سەرسەختیی لەگەڵ ئەو شتەی پێی دەوترێت زیندووبوونەوە.

شازادەی زرنگ گلگامیش لە شاری یوروك دەژیا، دەڵێن دوو لەسەر سێی خوا و یەك لەسەر سێشی مرۆڤ بووە، دەڵێن ئەو لە مەملەکەتەکەی خۆیدا سیفەتی سەیری دەنواند، کچی لە باوك و هاوسەری لە مێردەکەی و دۆستی لە پاڵەوانان زەوت دەکرد، ئەم کارانە خەڵکی تووڕە کردبوو، چوونە لای خواو شکایەتیان لەدەست گلگامش کرد، **ئاروروی** یەزدان **ئەنکیدۆی** پاڵەوانی دروست کرد، تا گلگامش ببەزێنێت، بەڵام پاش چەند رووداوێك **ئەنکیدۆ و گلگامش** دەبنە دوو خۆشەویست و دۆست و هەڤاڵی یەکتری، پاشان سەفەری گلگامش و ئەنکیدۆش، بۆ شەڕی دژ بە **خەمبابای** خوای شەڕ هەر پێکەوە دەبێت، (ئەوەی کە دەستوبردی لە گلگامیش کرد، تا دەست بە سەفەرە دوورەکەی بکات، بۆ ئەوە بوو تا تۆزێ خۆشیی بە ئەنکیدۆی هاوڕێی ببەخشێت، کە پێ دەچوو ئەو لە ژیانی شارستانی بێزار بووە و غەریبیی ژیانی سەرەتایی لە دۆڵ و شیوەکاندا دەکات)[85]. لەم بەشەدا چەند دیمەنێکی خەماویی و فرمێسکاویی دەبینین، هەر بۆ نموونە:



نائومێدیی دڵی ((ئەنکیدۆ))ی پڕ کرد، دڵی پڕ بوو چاوەکانی بە فرمێسك تەڕبوو

ئاه و حەسرەتی هەڵکێشا

گلگامش دڵی دایەوە و پێی گوت:

((بۆچی دڵت پڕ بوو، چاوەکانت پڕ بوون لە فرمێسك هاوڕێم؟))[86].

کاتێك کە بۆ جەنگی **خەمبابا** دەڕوات، پاش ئەوەی خواکان نزای خێری بۆ دەکەن، چاوەکانی گلگامش پڕ لە فرمێسك دەبێت. لە جەنگی دژ بە خەمبابا سەردەکەون و دەیکوژن و بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە، پاش شایی و سەمای سەرکەوتن، شتێك روو دەدات، پاش ئاهەنگی سەرکەوتن، هەردووکیان چاویان دەچێتە خەو، ئەنکیدۆ خەو دەبینێت، لە خەویدا (ئانو) و (ئانلیل) و (ئیا) و (شەمش) لە نێوان خۆیان کۆبوونەتەوە، وتوویژیانە (ئانو) بە (ئەنلیل) دەڵێت، دەبێت ئەو کەسە بمرێت کە درەختی **ئورز-ی** لە چیا بڕیوە، بەڵام ئەنلیل دەڵێت: ئەوەی دەمرێت ئەنکیدۆیە، نەك گلگامش، بەڵام (شەمش) دەڵێت: بۆچی بمرێت، خۆ ئەو خەمبابای بە فرمانی من نەکوشتووە؟ ئیتر بۆچی دەبێت ئەنکیدۆ کە بێ تاوانە، بمرێت:

ئەنلیل ئاوڕی لە شەمشی ئاسمان دایەوە و بە تووڕەییەوە گوتی:

(لەبەرئەوەی تۆ هەموو رۆژێك بەسەریاندا هەڵدێی، وات لێهاتووە بووی بە کەسێك لەوان

(ئەنکیدۆ) بەرامبەر گلگامش بە بیماری راکشا
لە چاوەکانی بەخوڕ فرمێسك دەباری)[٨٧].

لەپاش ئەم رووداوە، ئەنکیدۆ چاوەڕوانی کۆتایی خۆی دەکات، بۆیە بیر لە بیرەوەرییەکانی دەکاتەوە و نەفرەت لەو رۆژەش دەکات، کە ئەوی لە دەشت و چۆڵەوانیی هێنایە نێو شار و شارستانی، نەفرەت لەو دەرگایەش دەکات کە دروستی کرد و لێی هاتە ژوورەوە، نەفرەت لەو راوچییەش دەکات سۆزانییەکەی بۆ هێنا.

پاش ئەوەی گلگامش گوێی لەم هەموو نەفرەتانەی ئەنکیدۆ دەبێت، بەخوڕ فرمێسك لە چاوانییەوە دێتە خوارێ. ئەنکیدۆ لەسەر جێگاکەی راکشاوە و نەخۆشە و لاوازە و چاوەڕوانی مەرگ دەکات، لەم ساتەدا لە داستانەکەدا ئاشنای ناسکترین ئەو ساتانە دەبین کە سۆزداریی و هەستی دڵسۆزایەتی تێدا دەردەکەوێت، کاتێك هاوڕێکەی دەبینێت رۆژێك، دووان، سیان، چوار تا (١٢) لەنێو جێدا راکشاوە، گلگامش پێی دەڵێت: هەرچییەك هەیە با تازیەبار بن، بۆ تۆ خەمبار بن، هەر لە رێگاکانەوە تا دەگاتە ئەو پەنجانەی ئاماژەیان بۆ کرد، رووبارەکان و هەموو گیانلەبەرانی کێویی، هەر لە شێر و پڵنگ و کەمتیار و ورچ تا دەگاتە گەورەکانی ئوروك. با رووباری فورات بۆت بگری، پاڵەوانەکانی ئوروك بۆت بگرین، هەرچی خوشك و برا هەن بۆت بگرین.

گلگامش داوا لە پیشەساز و مسگەر و پەیکەرتاشەکان دەکات پەیکەرێك بۆ هاوڕێکەی دروست بکەن.



لەم بەشەدا بەجوانیی شیوەن و لاوانەوەیەکی قووڵ دەبینین، کە هاوڕێ بۆ هاوڕێی ئەنجام دەدات، ئەو هەموو گریانە دەبینین کە هەموو شتەکان دەگرێتەوە، شیوەن و گریان بۆ هاوڕێ یەکێك بووە لە سیماکانی ئەدەبی سۆمەری، مرۆڤ بەرامبەر بە یەکتری دڵسۆز بوون، هیچ شتێك جوودای نەکردوونەتەوە، کاتێك (ئەنکیدۆ) دەمرێت: لە پێناوی ئەنکیدۆ، گلگامش روو دەکاتە بیابان و دەگری، دەڵێت: (ئەگەر بمرم ئایا چارەنووسم وەك ئەنکیدۆ نابێت؟ خەم و نائومێدیی سەرتاپای لەشی داگرتووم، لە مەرگ ترسام...)[٨٨]. ترسی گلگامیش لە مەرگ وای لێ دەکات بەدووی نەمریدا بگەڕێت، لەگەڵ گەڕانەکانیدا ئەو خەم و پەژارانەی وەبیردێتەوە، کاتێك کاروانە ستەکانی ژیان بەنێو دنیا سەیر و سەمەرەکانی خەیاڵی سۆمەردا دەهاتن و دەچوون، گلگامش ئەو کاتەی بەدووی نەمریدا گەڕاوە و ویستوویشێتی بزانێت نهێنی مەرگ و ژیان چییە.

لە سەفەرەکەیدا بۆ چیای ماشو، **ئەفریتەی** مرۆڤ پێی دەڵێت: (چی وای لێ کردیت ئەم سەفەرە دوور و درێژە بکەیت؟ ئەویش دەڵێت: هاتووم لە بابە ئوتو-نەبشەم بپرسم نهێنی ژیان و مەرگ چییە).

مەسەلەی خەم و نائومێدیی لەم سەفەرەدا بە رووخساری گلگامشەوە دیارە، ئەو گلگامشەی ئەو گایەی کە لە ئاسمانەوە هاتبووە خوارەوە بە دەست گرتی و کووشتی، ئەو گلگامشەی بەسەر پاسەوانی دارستاندا سەرکەوت و خەمبابای کوشت). هەر بۆیە ئەوی دەیبینێت، بەو هەموو خەمەوە پێی دەڵێت: تۆ ئەو گلگامشە مەزنەی، چی وای لێ کردوویت روومەتەکانت بە رووخسارتەوە وشك ببنەوە و خەم دابارێت بە سەرتا؟ ئەی

بۆ دڵتەنگیی دایگرتوویت و قیافەت گۆڕاوە؟... دیارە ئەویش هەمیشە وەڵامی پێیە:

((چۆن رووخسارم ناگۆڕێ و لە خەما تێکناچێ
دڵم پڕ لە ناخۆشی و خەم نابێ و قیافەم ناگۆڕێ
رووخسارم وەك کەسێك ناشێوێ کە سەفەری دووری کردبێ
گەرماو قرچە سیمام ناسووتێنێ و سەری خۆم بۆ بیابان هەڵناگرم
لە کاتێکدا هاوڕێ و برا بچوکەکەم بە ((چارەنووسی مرۆڤ)) گەیشت

((ئەوەی کەری کێوی و پڵنگی لە بیابانەکاندا راوکرد
بەسەر هەموو ناخۆشییەکاندا سەرکەوت
بەسەر خەمبابا سەرکەوت ئەو خەمبابایەی لە دارستانی (سنەوبەرە)
ئەی ئەوکەسە (ئەنکیدۆ))ی هاوڕێ و خۆشەویست کە پڕ بە دڵ خۆشم دەویست،
کۆتایی هات بۆ چارەنووسێك، کە هەرچی مرۆڤە بە نسیبی دەبێ
لە شەو و لە رۆژا بۆی گریام
شەش رۆژ و حەوت شەو لاوانمەوە
وام دەزانی بەو هەموو گریان و شیوەنانەم هەڵدەستێتەوە
بە گۆڕم نەسپارد
شەش رۆژ و حەوت شەو هێشتمەوە تا کرم بەسەر رووخساریا کۆبوونەوە
مەرگ ترسانمی و سەری خۆم بۆ بیابان هەڵگرت.



دواجار گلگامش پاش ئەو هەموو گریان و شیوەنە، ئەو هەموو وردبوونەوەیە لە رووداوەکان بۆی دەردەکەوێت مەرگ حەتمییە و رێگایەك نییە بۆ هەڵاتن.

کەواتە گریانی گیلگامش بۆ ئەنکیدۆ، گریانە بۆ ژیان، ئەو بەتەنیا بۆ نەمریی نەدەگەڕا، بگرە دەیویست وەڵامی چنگ کەوێت، ئایا مرۆڤ ژیانی هەتا هەتایی هەیە -یان دەمرێت و کرم و مێروو لەشی دەخۆن، هەرچەندە سەرسەختییەکی زۆری کرد، بەڵام دواجار بە نائومێدییەکی گەورە گەڕایەوە.

دارشتنی لایەنە تراژیدییەکانی ئەم داستانە، گەلێك هونەرییانە بە ئەنجامگەیەنراوە، زۆربەی ئەو سیفەتانەی لە نێو دەربڕینی خەم و گریان و فرمێسك و نائومێدیدا هەیە، ئەو پرسیارە هەڵدەگرێت: ئایا مرۆڤ توانیویەتی هەمیشە بگری، یان هەمیشە لەخۆشیدا بێت.

ئەم ئەفسانەیە ئەوەمان پێدەڵێت، کە میللەتی ئەم ناوچەیە لە مێژوویەکی پڕ تراژیدیادا ژیاون، مێژووی ئەم ناوچەیە (ئاگادارمان دەکات کە عێراقییەکان لەپێناوی گەڕانەوەی دووموزی شیوەنێکی دەستەجەمیان دادەمەزراند، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی خوای دوومووزی، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ژیان بۆ سەر زەوی، هەروەك ئەوەی لە میسر بەرپادەبێت بۆ مەرگی ئۆزۆریسی خوداوەند))[٨٩].

لای سۆمەرییەکانیش، بۆ مەرگی مەردۆخی خواش تازیەباریی دادەمەزرێنرا، بۆیە بیری تراژیدیا و ناخۆشییەکانی ژیان تەنیا لەوێدا ناوەستێت هەر گێڕانەوە بێت، بەڵکو هەنگاو بەرەو شێوەکانی بیرکردنەوە و

هەڵسوکەوتی هەموو ئەو کەسانە دەڕوات، کە بەردەوامن لە بەرزکردنەوەی دەنگ و ڕەنگەکانی ژیان، بەردەوامن لە چۆنییەتی بیرکردنەوە و داهێنان.

لە مێژووی عێراقی کۆندا، ژیان بەسەر چەند مەسەلەیەکدا دابەش دەبوو، دابەش دەبوو لەنێوان خوا و پیت و بەرەکەت و نەمریی، ئەم سەرزەوییە کە میزۆپۆتامیای پێ دەگوترێت، ئەو هەناسەیەی لەخۆ بڕیبوو کە هەناسەی پێکەنین و دابەزین بێت، ئەو هەناسەیەی بەخشیبووە ڕووداو و ژیان و پێوەندییەکان.

مەرگ و گریان و بەهەشت و دۆزەخ، باران و وشکایی، ڕووخسارە دیارەکانی ئەم سەرزەمینە بوون، مرۆڤ نەیدەتوانی لەبەردەم ڕووداوەکاندا بە بێدەنگیی دانیشێت، هەزاران ڕووداو بوون دووبارە و سەدبارە دەبوونەوە.

دەبینین لە مێژووی ئەم سەرزەمینەدا، تراژیدیاکان دووبارە دەبنەوە، گەر ئاوڕ لە مێژووی کۆن و نوێ بدەینەوە، دەبینین نێوانەکانی خۆشبەختی و پێکەنین زۆر کورتە، هەمیشە ئەو نێوەندانە زوو لە یەکتری جوودا دەبوونەوە، زوو یەکتریان جێدەهێشت و یەکتر دووردەخەنەوە، نەك ئەوەش زۆربەی ڕووداوەکان لە پشت و تەنیشتی یەکترییەوە دەڕۆن و وێنای یەکتری دەکەن.

ڕووداوەکانی ئەم سەرزەمینە وەك مرۆڤەکانی هەمیشە لە گۆڕاندا بووە، وەك مرۆڤ و مێژووەکەی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمەچەشن بووە، مرۆڤی ئەم سەرزەمینە هەمیشە چاوەڕوانی کارەسات بووە، کارەساتەکانی تۆفانی



گەورە و ژێرئاوکەوتنی وڵاتەکەیی و شەڕی مەغۆل و تەتەرەکان وبابلی و ساسانییەکان و شەڕی ئەسکەندەر و ئاژاوەی هەموو سەردەمەکانی ئیسلام و شەڕی تورك و ئینگلیز و شەڕی ناوخۆ و جەنگە نوێیەکانی سەدەی بیست و بیستویەکەمین، دەرفەتیان بەو گەلە داوە، بەردەوام بگری، بەردەوام لاوانەوە بۆ کوڕ و باوك و برا و ماڵوێرانییەکانی بکات.

مێژووی وڵاتێك هەموو سات و ئانەکانی گریان و هەنسك بێت، کەواتە مێژووەکەی تاکە سەرچاوە بووە بۆ دووبارە لێکدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاخۆ بۆ دەبێت ئەو هەموو گریان و هەنسکانە لەم ڕووبەرە جوگرافیاییەوە سەرچاوە بگرن.

# هەنسکەکانی ئۆلۆمپ

پاش ئەوەی لەسەرەوە باسمان لە کۆنترین شارستانیی مرۆڤایەتی کرد، ئێستا بەرەو مەنزڵگەیەکی دیکە دەڕۆین، تا بزانین مامەڵەی ئەوان لەگەڵ رووداوەکاندا چۆن بووە، تا بزانین ئەو ساتانە کامانەن کە تێیدا فرمێسکەکان رژاون، ئەو ساتانە چین بوونەتە هۆی سووتاندنی جەرگ و جوڵانەوەی سۆزو ورووژاندنی هەستە ناسکەکانی ژیان، ئەو ساتانە چین وایان کردووە سات لەدوای ساتی مرۆڤی ئەو سەردەمە بەشێك بێت لەو پێوەندییە سۆزدارییانەی کە سەردەمەکان بەخۆیانەوە بینیوە.

بێگومان یۆنان، دنیای ئەفسانە و فەلسەفە، مامەڵەکردنیان لەگەڵ مەسەلە هەستیارەکاندا بەدوو لادا شکاوەتەوە، لایەنێکیان بریتی بووە لە مامەڵەی عەقڵ تا سەر ئێسقان، مامەڵەیەکی دیکەش بریتی بووە لە تێکەڵکردنی رۆح لەگەڵ ئەو هەموو هەستانەی کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتوون، بریتی بووە لەو رۆحەی کە گەردوون و مرۆڤی پێکەوە بەستووەتەوە، ئێمە لێرە، لە رۆحەوە دەست پێ دەکەین، لە رۆحی فەلسەفەی یۆنانییەوە مامەڵەی رۆحی لە یۆنانەکاندا، لە ئەفسانەکانییەوە دەست پێ دەکات، هەروەك چۆن لای سۆمەرییەکان خواکان سەرچاوەی سۆزداریی و خەم و خۆشیی بوون، لای یۆنانییەکانیش سەرچاوەی گریان و پێکەنین خواکانیان بووە.



مێژووی سۆز لەگەڵ مێژووی ئیزۆزدا دەست پێ دەکات، کاتێك خواکانی ئۆلۆمپ لەبەر هەستە ناسکەکانی ئەودا چۆك دادەنێن و لەبەر ئازایەتی و زرنگییەکانی ئەو بە چرپە دەدوێن و دەنگیان لەو بنمیچانە تێناپەڕێت کە بەسەر سەری ئەفرودێت و جوانییەکەیدا کشاوەو باس لە قارەمانێتی ئەخیل دەکات و لە زرنگیی خواکانی ئەو سەردەمەی جەنگ و باوبۆران و ئاو و هەوا دەدوێت. لە پاڵ ئەو هەموو دابەشکردنەدا، دیارە بەخشینی جوانیی بە خوایەك و بەخشینی توڕەیی و داپلۆسین بە خوایەکی تر و دابەشکردنی هەستەکانی مرۆڤ بەسەر ئەو خوایانەی کە رێکوپێکی گەردوون رادەگرن، شتێکی ئاسایی بووە.

لە ژیانی ئەو سەردەمەی گرفتە فەلسەفییەکان و ورووژانی جەستە لەگەڵ رۆح و وتووێژە تیژەکانی ئەبیقۆر و سوقرات و ئەرستۆو ئەفلاتوون جێگایەك هەبووە بۆ بیرکردنەوە لە سۆز و خۆشەویستی و هەستە ناسکەکانی مرۆڤ. لەو سەردەمەی یۆنانییەکاندا ساتێك هەبوو بۆ بیرکردنەوە لە تەنیایی، بیرکردنەوە لە ورووژاندنی هەست و سۆز و بیرکردنەوە لە رۆح.

یۆنانییەکانە لەبەر ئەوەی خواکانیان لە شێوەی خۆیان دروست دەکرد، بۆیە خواکانیشیان پڕ بوون لە ورووژاندنە سادەکانی مرۆڤ لە بابەتی تووڕەبوون و هاوارکردن و گریان و ناڵاندن، هەر هەستێکیش خوایەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆ نموونە **زیئۆس** خۆشەویستیی دەکرد و نهێنییەکانی لە هاوسەرەکەی دەشاردەوە، **هیرا** شێوازێك بوو بۆ پێکەنین و شادمانی، نیشانەیەك بوو بۆ هاوسەرێکی فێڵباز و پڕ ئیرەیی، **ئاریس**

خوای دڵڕەق و بێبەزەیی و جەنگ بوو، یۆنانییەکان شێوە خوایەکیان هەبوو، تایبەت بووە بە خەون و مەرگ، خوای تایبەت بە بەزەیی و بەخشینی خۆشییەکان و...هتد هەبووە.

یەکێك لەو خوایانەی زیاد لە پێویست باس لە خەمەکامی دەکرێت، دیمیتریە (دیمیتر یان سیریس، تەنیا کچێکی هەبوو بە ناوی (پرسیفونە) - هەڵبەتە بە پروزیرپینەش نووسیویانە- بە مانای کچی بەهاران. دیمتری ئەو کچەی لە دەست دا و لەبەر خەمی لەدەستدانی کچەکەی و ئەو دیارییەی بە زەویی بەخشیبوو، بە زۆری زانی، هەر لەبەر ئەوەی **پرسیفۆنە** ونبوو، زەویی بۆ بیابانێکی بەستەڵەك گۆڕا، زەویی سەوزو پڕ لە گوڵ و گیا بوو بە پارچەیەك بەستەڵەکی بێ گیان.

فەرمانڕەوا و خوای دنیای ژێری رەش، شەهرەیاری بێ حەدو سنوور کە ناوی **هادیس** بوو، لە کاتێکدا ئەو کچەی لەگەڵ خۆیدا برد کاتێك کە ئەو لە هاوڕێیانی خۆی بەجێمابوو، خوای دنیای زێرین لە نێو گالیسکەکەی کە ئەسپێك رەشی قەترانی رایدەکێشا، لە نێو درزێکەوە کە لە زەوییەوە پەیدابوو، دەرکەوت و هاتە سەرەوە، دەستی کچەی گرت و لە تەنیشتی خۆیەوە داینا، کچەی بە چاوی پڕ لە گریان و فرمێسك لەگەڵ خۆیا بۆ ژێر زەمین برد. گردۆڵکەکان دەنگی گریانی کچەیان بە دنیادا بڵاوکردەوە، لە قوڵایی دەریاوە دایکی گوێی لە گریانی بوو. دایکی بەدووی کچەکەی بە مەلە و بەسەر دەریاو زەویدا کەوتە گەڕان، بەڵام هیچ کەس راستی رووداوەکەی پێ نەگوت)[٩٠].



پاش ئەم رووداوە ئەفسانەکە بەردەوام دەبێت، دیمتری لە خەما کێوی ئۆلۆمپ بەجێدێڵێت. ئەم بەسەرهاتە یەکێکە لە خەمبارترین بەسەرهاتە دڵتەزێنەکانی نێو ئەفسانەی یۆنانی، هەروەها باس لە رەشپۆشیی و گریانی دیمتری دەکات بۆ کچە ونبووەکەی. ئەم چیرۆکە لەوانەیە زیاتر پێوەست بە چۆنییەتی پێوەندیی نێوان لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە یەکتری بێت، هەروەها هەوڵێکە بۆ بەمرۆڤکردنی خواکان، لە رێگای بەخشینی حاڵەتی خەم و پەژارە بە خواکان و نزیککردنەوەیان لە سروشتی مرۆڤ. ئەم کارە زۆر لە بۆچوونەکانی ئەو ساتەی گۆڕی لەمەڕ خوایەتی و مرۆیی.

زۆربەی خەڵکی لەو ساتەدا بیریان لەوە نەدەکردەوە کە خواکان وەك مرۆڤ بن، خاوەنی هەست و خۆشەویستی بن، مەحاڵە خواکان لە بابەتی مرۆڤ خەمیان هەبێت، بەو بۆچوونەی خوا خاوەن توانا و هێزی تایبەتە و دەشتوانێت بە ئاسانی بەسەر ناخۆشیی و نەهامەتییەکاندا سەرکەوێت، کاتێك ئەو توانی رێگرەکانی بەردەمی خۆی بە ئاسانی لابەرێت، کەواتە چ پێویستییەکی بە گریان و فرمێسك هەیە.

دیونیزوس لە کاتێکدا خوای دروستکەری خۆشیی و شادییەکان بوو، لە لایەکی تریشەوە خوای ستەمکار و دڵڕەق بوو، کەچی لە هەندێك حاڵەتدا تووشی دڵتەنگیی و ناخۆشیی بووە و خەم و پەژارەی هەبووە. دیونیزۆسی سەرسوڕهێنەر، خۆشحاڵ و راوکەری دڵان، هەرچەندە دیاریکەری خۆشیی و شادییەکان بوو، بەڵام هەندێك کات دڵتەنگ و پڕ لە ئازار و خەم بوو، ئەمیش وەکو دیمتری ئازاری زۆری بینیبوو، ئەڵبەتە

ئەم خوایە وەك دیمتری نەبوو بۆ خەڵكانی تر خەم بخوات، بگرە ئەم لەگەڵ خەمی خۆیدا دەژیا. ئەم دەمردو دووبارە زیندوو دەبووەوە. خوایەكی سەیر بوو هەموو ساتێك لە خەمی گەورەدا دەژیا، هەموو ساتێك بەشێك بوو لەو شتەی كە پێی دەوترا مەمرە و مەژی لە كولەمەرگییەكی سەختدا بووە، خۆی خوای خەم بوو، هیچ خوایەك بە ئەندازەی ئەو خەمی نەبوو.

لە یەكێك لە ئەفسانە كۆنەكاندا كە دیسان باس لە مەسەلەی ئەشق و ئەشقبازییە، ژمارەیەكی زۆر لەو بەسەرهاتانە دەبینین، كە پێوەندییان بە مەسەلەی خۆشەویستی و خەمەوە هەیە، لێرەدا چەند نموونەیەك لەو بەسەرهاتانە دەهێنینەوە كە باس لە بەسەرهاتی سێ كچی پاشایەك دەكات، ئەویش ئەفسانەی (**كیوپید و پسیشە**)یە، یەكێك لەو كچانە زۆر جوان و قەشەنگ دەبێت، ئەوەندە جوان دەبێت، ڤینۆس ئیرەیی پێ دەبات، لەبەر ئەوەی نایەوێت كەس لەو جوانتر بێت و لە جوانیدا ململانێی لەگەڵ بكات، بۆیە جوانیی **پسیشە** ئەوەندە سەرنجڕاكێش دەبێت، خەڵكی لە هەموو جێگایەك روو دەكەنە لای، بۆ ئەوەی بۆ ساتێك لەو نیگایە تێربن. بۆیە **ڤینۆس** بۆ تۆڵەكردنەوەو چاڵ هەڵكەندن بۆ **پسیشە** خۆی دەگەیەنێتە لای كوڕەكەی (**كیوپید**)، **كیوپید** كوڕێكی تا بڵێی سەرنجڕاكێشەرو قۆز بوو، هەندێك لە جیاتی ناوی كیوپید" نازناوی ئاشقیان پێ بەخشیووە، لەبەر ئەوەی كەس نەیدەتوانی لەبەرامبەر تیری ئەودا پایەدار بێت و بە بێ تەسلیم بوون بەردەوام بێت، بۆیە ڤینۆس پێی گوت: ((هێزت بەكاربێنەو كارێ بكە ئەو كچە ناشیرین و دزێوە بكەوێتە داوی ئەشقی چڵكنترین و نزمترین بوونەوەری ئەهریمەنئاسای ئەم دنیایە))[٩١]. بەوجۆرە **كیوپید** گوێ



لە داوەكانی دایكی دەگرێت، بەڵام كاتێك كە كچە دەبینێت وەك تیرێك لە تیرەكانی خۆی بەر دڵی كەوتبێت، دەكەوێتە نێو ئەشقی ئەوەوە، بۆیە وازی لێ دەهێنێت و هیچ زیانێكی پێ نابەخشێت.

بەڵام ئەوەی كە روویدا، پێچەوانەی حەزەكانی ڤینۆس بوو، واتە كەس ئاشقی ئەو نەبوو، خوشكەكانی بوون بە خاوەنی چاكترین مێرد، مێردی شاهانە، بەڵام هەركەسێك دەهاتە سەیری ڤینۆس، تەنیا بۆ تەماشاكردنی دەهاتن، نەك بۆ داواكردنی.

دایكی و باوكی بەمە گەلێك دڵگران بوون و خەم و پەژارە سەرتاپای دڵ و جەستەیانی داگیركرد، بەردەوام بۆ چارەنووسی كچەكەیان دەگریان، بۆیە بەدووی چارەیەك گەڕان، ئەوەبوو خۆیان گەیاندە یەكێك لە پەرستگاكانی **ئەپۆلۆ** بۆ نزاو تكا، دواجار **ئەپۆلۆ** چارەنووسی كچەی دەستنیشان كرد بەوەی كە دەبێت جلێكی تازیەباریی بپۆشێت و لەسەر كێوێكی بەرز دانیشێت و چاوەڕوان بێت تا ئەژدیهایەكی باڵدار بێت و ئەو ئەژدیهایە دەبێتە هاوسەری.

ئەم هەواڵە خەمبارە دایك و باوكی كچەیان هێنایە گریان و خەفەت دایگرتن، بەڵام چارەیان نەبوو، كچەش لەسەر **كێوەكە بە تەنیا دانیشتبوو، بەخوڕ فرمێسك لە چاوەكانیدا دەهاتە خوارێ، گریانێك بەردی دەهێنایە لەرزین، گریانێك رۆحی دەتواندەوە**، بەڵام لە جیاتی ئەژدیهاكە، شەماڵێك دەیباو لە نێو ماڵێكی جوان لە تەنیشتی مێردێكی میهرەبانەوە دایدەنێت، كە دەگاتە نێو ئەو كۆشكە، هیچ نایبینێت و نازانێت شێوەی چۆنە، كاتێك چاو دەكاتەوە دنیایەكی تر دەبینێت، پەیمانیش بە خاوەن

ماڵەکە دەدات بەدووی نهێنیی شێوە و رووخساری ئەودا نەگەڕێت، واتە نابێت بزانێت شێوە و رووخساری ئەو پیاوە چۆنە و چییە کە لەگەڵیدا دەژی.

مێردەکەی پێی دەڵێت: خوشکەکانت بۆ تازیەباریت دێنە سەر هەمان ئەو کێوەی کە تۆی لێ بوویت، مەهێڵە نە تۆ ببینن نە منیش، رۆژی دوایی ئافرەتە بەستەزمانەکە هەموو رۆژەکەی بەو خەمە گەورەیە بە فرمێسکڕشتن بردە سەر، خەمی گەورەی بۆ ئەوە بوو کە ناتوانێت دوای ئەو هەموو ماوەیە خوشکەکانی ببینێت، ئەویش خەمی بۆ خوشکەکانی دەخوارد، بەڵام مێردەکەی لەبەر ئەو هەموو گریانەی **پسیشە** سەربەستی ئەوەی پێدابوو هەرچییەکی پێ باشە دەتوانێت ئەوە بکات و بەدڵی خۆی کارەکان ئەنجام بدات، بۆ ئەنجامەکەشی ئەو بەرپرسیار نییە. مێردەکەی پێی دەڵێت ئەگەر هاتوو بە گوێم نەکەیت، ئەوا تۆ دەبیتە قوربانیی تەماهەکانی خۆت. پێی رادەگەیەنێت کە نەهێڵێت کەس وای لێ بکات مێردەکەی ببینێت، گەر ئەوەش روو بدات تووشی جوودایی هەمیشەیی دەبن. ((**پسیشە** بە گریانەوە گوتی: هەرگیز کارێکی لەو چەشنە ناکەم. هەزار جار مەرگی خۆم پێ باشترە لە بێمێردیی. دواجار گوتی : بەڵام ((خۆشی دیداری خوشکەکانم لێ قەدەغە مەکە)). کاتێک مێردەکەی ئەمە دەبیستێت بە ئاوازێکی خەمگینەوە پەیمانی پێ دەدات. پاشان ئەو دوو ژنە دەچنە ژێر کلێشەیەوە و زۆری لێ دەکەن کە بیدرکێنێت و پێیان بڵێت مێردەی کێیە، پێی رادەگەیەنن کە مێردەکەی ئەو ئەژدیهایەیە کە **ئاپۆلۆ** بە باوکی راگەیاندبوو، ئەم کردارە دەگاتە ئەوەی پسیشە



پەیمانەکەی بشکێنێ و مێردەکەی بریندار بکات و بەم کارەش مێردەکەی بەجێی دێڵێت و پێشی دەڵێت: ((کاتێ کە پشتبەستن ون دەبێت، هەرئەو کاتەش ئەشق ون دەبێت)). پاشان دەردەکەوێت کە مێردەکەی **کوپیدی** کوری **ڤینۆس** بووە.

لەم داستانەدا وەکو ئاماژەمان کرد، گەلێك حاڵەتی خەماویی و گریاناویی و تراژیدیایی هەن، هەروەك گریانی باوك و دایك بۆ مانەوەی کچەکەیان بە بێ هاوسەریی، هەروەها خەم و گریانیان بۆ لەدەستدانی کچەکەی ئەو کچەی کە **ئاپۆلۆ** پێی بەخشیبوون. هەروەها گریانی بە کوڵی **پسیشە** لەسەر کێوەکە کاتێك بە تەنیایەو چاوەڕوانی ئەژدیهای باڵدار دەکات، بۆ ئەوەی بێت و بۆ چارەنووسێکی نەزانراوی بەرێت. پاشان بینینی خوشکەکانی و ئەو گریانانەی بەرامبەر بە هەڵوێستی مێردەکەی دەریدەبڕێت، کاتێك داوای لێ دەکات خوشکەکانی نەبینێت، گریانی بۆ ئەو نهێنییەی کە لای خوشکەکانی درکاندوویێتی. هەروەها دوا فرمێسك هەڵڕشتن بۆ لەدەستدانی مێردەکەی، سەرتاپای بەسەرهاتەکەش بریتین لە شێوەیەك لە نائومێدیی و گریان و هەنسك، کە سیمای تراژیدیی ئەم ئەفسانەیە بەدەر دەخەن.

پاشان لە ئەفسانەی ئاشقانەی تری یۆنانی کۆندا چاومان بە بەبیرهێنانەوەی گریان دەکەوێت، وەکو وێنەیەك بۆ دەربڕینی ناخۆشیی و نارەزایی و سزای خواکان بۆ مرۆڤ و چاوەڕوانی چارەنووسی ونبوونی مرۆڤ، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو ساتانەی کە تێیدا مرۆڤ بۆ تەنیایی و جودایی خۆی دەگری، ئەوەتا لە بەسەرهاتی ئەشقی (**پیرامۆس و تیسبە**)، **تیسبە**

بە گریانەوە بە **پیرامۆس** دەڵێت: ((منم، **تیسبە**، ئازیزترین کەسی تۆ))...
یان لە چیرۆك و بەسەرهاتی (**سیکس و ئالسیون**)، کاتێك سیکس دەیەوێت بۆ سەفەری دەریایی بڕوات، دەچێتە پەرستگاکان بۆ ئەوەی لە بۆچوونی ئەوان بپرسێت دەربارەی ئەو گەشتە، کاتێك بۆی دەردەکەوێت مێردەکەی کوێوە چووە، خەم و نیگەرانیی دایدەگرێت، ترس دەکەوێتە دڵییەوە، بێگومان لەبەر ئەوەی بە تەنیا ماوەتەوە، بۆیە خەمەکەی بۆ تەنیایی بوو، نەك ئەمەش، دەیزانی بە نەمانی ئەو هەموو ژیانی دەبێتە گریان و شیوەن. ((بەرامبەر بەمە بە فرمێسکڕشتنەوە، لە کاتێکدا بەردەوام گریان قسەکانی پێ دەبڕی، بە مێردەکەی گوت: ئەو وەکو هەموو کەسانی تر ئاگای لە هێز و توانای دەریا و با هەیە))[٩٢].

**ئالیسیونە** بەردەوام ڕۆژی بۆ گەڕانەوەی مێردەکەی دەژمارد، سەرگەرمی دۆزینەوەی پۆشاکێك بوو بۆ ئەوەی ئەگەر مێردەکەی گەڕایەوە بیپۆشێت، بەڵام مێردەکەی خنکابوو، بۆیە فرمان درا ڕاستییەکە لە لایەن خوای خەونەوە بە **ئالیسیونە** بگوترێت: ئەوەندە خەمبار و دڵتەنگ بوو، هەناسەی ساردی گەیشتە لای خواکانیش. ((خوای خەو **مورفیئۆسس**-ی کوڕی، کە کارامەبوو لە خۆگۆڕین بۆ هەرچییەك، بیداری کردەوە و فرمانەکانی **جونو** (ژونو)ی بەو سپارد. **مورفیئۆسس** بە باڵە بێدەنگەکانی بەرەو دنیای تاریك ڕۆیشت و لە کەناری نوێنەکەی **ئالیسیونە** وەستا. خۆی وەك شێوەی **سیکس**-ی خنکاو لێکرد. بە بێ جل و بەتەڕیی بەسەر نوێنەکەی **ئالیسیونەدا** شۆڕبووەوە پێی گوت: ((ئەی هاوسەری بێنەوا، بڕوانە، مێردەکەت لێرەدا وەستاوە، ئایا ئەمناسیتەوە. یان نەکردە بەهۆی



مەرگەوە ڕووخسارم شێوابێت؟ ئەی ئالیسیونە، من مردووم. کاتێك ئاوی دەریا منی لووش دا، ناوی تۆم لەسەر زاربوو. ئیتر من هیچ ئومێدێکم نییە. تەنیا ئەشکم بۆ بڕێژە و بۆم بگری. مەهێڵە هەروا بێ ئەوەی کەسێك بۆم بگری و فرمێسکم بۆ بڕێژێت، بچمە سەرای تاریکی سێبەرەکان))، **ئالیسیونە** لە خەویا گریا و دەستەکانی بۆ گرتنی مێردەکەی درێژ کرد، بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((سەبرکە منیش لەگەڵ تۆدا دێم)). ئەوەندە گریا لە دەنگی گریانی خۆی بێدار بووەوە...[٩٣].

نەك تەنیا مەسەلەی ئەشق و ئەشقبازیی هۆکاری سەرهەڵدانی گریان و دروستبوونی ساتە خەماوییەکانن، بگرە ڕووداوی دیکەش هەن، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گریان، وەك سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی باوك و بێ وەفایی و خیانەت بە مێرد کردن، ئەم ڕووداوانە دەتوانین لە بەسەرهاتی (گەڕان بەدووی خۆری ئاڵتوونی)دا بەجوانیی ببینین، کە چۆن دایکی **جاسون** لە خەما دەمرێت. یان کاتێك کە دادەنیشن و خەمبارانە فرمێسك بۆ تەنیایی و بەجێهێشتنی وڵات و خۆشەویستی خۆیان دەڕژێنن، ئەو جێهێشتنەی کە بەردەوام وەك مار پێوەی دەدا.

**فیتۆن** کە بە ئارامیی لە نێو گۆڕی خۆیدا ڕادەکشێت- خوشکەکانی، **هلیادەکان** کە کچی **هلیوس** بوون، دێنە سەرگۆڕەکەی و بۆ ئەوەی شیوەنی بۆ بگێڕن، ئەوان لە هەمان کەنار، واتە لە نزیك ڕووباری **ئێریدانۆس**، دەبنە کۆمەڵێك درەختی **تەبریزی**.

لەوێدا خەمبارانە فرمێسکەکانیان دەڕژێننە نێو ئاو
هەر دڵۆپە فرمێسکێ کە دەڕژێتە نێو ئاو
دەبێتە دڵۆپە عەنبەرێکی درەخشان .

سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییە ڕۆحییانەی لە تۆپۆگۆافییەتی ئەفسانەکاندا دەبینرێت، ناوەڕۆکی خەم لە هەر بەشێکدا بە زەقی دەردەکەوێت، دەرکەوتنی خەم و خەمگینی سیمایەکی مرۆڤانە بووە، سیمایەك بووە سات لەدوای سات لەگەڵ ململانێکانی مرۆڤدا ئامادە بووە، ئەم ئامادەبوونە لەگەڵ خۆیدا گەلێك سیمای گریاناویی ڕژانووەتە نێو ڕووباری بیرو لێکدانەوەی ئەفسانەوە.

سیماکانی گریکی کۆن بریتی بووە، لە گریانی بەردەوام لە پاڵ خۆشییە بەردەوامەکاندا، کاتێك چیای ئۆڵۆمپ بۆ دابەشکردنی ئەرکە مرۆیی و ئاسمانییەکان خواکان لەوێدا کۆدەکاتەوە، بێگومان جێگای خوایەکیش بۆ فرمێسك هەیە، جێگایەك هەیە مرۆڤ تێیدا بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمارکات و ئەو ژانانەی خۆی لە پاڵ نزاو تکاکاندا بە کەسێك دەگەیەنێت کە لە مانای فرمێسك دەگات. هەموو ئەو خوایانەشی کە لە ئۆڵۆمپدا بوون، نەیانتوانیوە بگەنە ئەو هێزە مەزنەی زیئۆس لەمەڕ تێگەیشتنی بۆ ژانەکانی مرۆڤ و ئازار و خەمەکانی ناخی مرۆڤ، ئەو خۆی خوای خواکان بوو، هەربۆیە سات لەدوای سات مرۆڤی خستووەتە ژێر کۆنترۆڵێکی بەردەوامەوە، نەك بە مەبەستی تۆڵە لێکردنەوە، بگرە بە مەبەستی تێگەیشتن لەو ئازارانەی لەپاڵ مرۆڤدا هەن، بە مەبەستی



بەخشینی هێزێکی نوێ بە تواناکانی مرۆڤ، مردن و ژیانی مرۆڤ گەر بە دەستی زیئۆس بووبێت، ئەوا کەمکردنەوەی گریان و خەمەکانیش هەر بەدەستی ئەو بووە، بۆیە لە ڕووداوە ئەفساناوییەکانی گریك چارەنووسی مرۆڤ، خۆشی و کەسەرییەکانی مرۆڤ بە دەستی خواکان بووە، ئەوان چارەنووسی مرۆڤیان دەستنیشان کردووە.

کەواتە بیری ئەفسانەیی یۆنان - ڕۆمان چاك توانیویەتی بەرجەستەی ژانەکانی مرۆڤ بکات، لە چۆنییەتی هۆنینەوەی ئەو ساتانەی مرۆڤ بەرامبەر بە هەستەکانی خۆی سستیی دەنوێنێت و دەسەڵاتی ئەوەی نابێت تا بزانێت کەی و چۆن و لە چ ساتێکدا بگری و فرمێسك هەڵڕێژێت، واتە دەستنیشانی هەموو ئەو ساتانە بکات، کە تێیدا مرۆڤ دەستەوەستانە و دەبێتە پارچە سەنگێك و نازانێت چۆن و بە چ ئاستێکدا بجوڵێتەوە.

بۆچوونەکان و کارەکانی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆریبیدیس دەربڕینی تراژیدیای ئەو کاتەن هەریەکەیان بە شێوەیەك و هەریەکەیان بەمەبەستێك دانراون و لە سەردەمێك و سەرچاوەیەك بەکارهاتوون، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە ڕاستی لە مانای بیری تراژیدیای فەلسەفی بگەین پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ لای ئەرستۆ و لە هونەری شیعرەکەی، ئەو زانیارییانە دەربارەی هونەری تراژیدیا هەیە، یان لە شانۆگەریی ئەلیکترای یۆریبیدیس دەتوانین هەست بە بیری تراژیدیا بکەین.

بۆیە جێگای خۆیەتی ئەوە بڵێین کە مەسەلەی هەست و ناخی مرۆڤ لای یۆنانییەکان، بەسەرهات نییە باسکردنی مرۆڤی تێدا نەبێت و هەستەکانی مرۆڤ سەرچاوەیەك نەبووبێتن بۆ بیرکردنەوەو پێداچوونەوەی

پێوەندییەکان، هەروەها بڕێکی زۆر لەو باسانەی کە لە تەوەرەی کارەسات و پێوەندیی خۆشەویستی و خێزانی دەسووڕێنەوە، کەم تا زۆر جێگایەك بۆ مەسەلەکانی هەست تەرخانکراوە و هەست و پێوەندییە هەستییەکان بوون بە سەرچاوەیەك بۆ وورووژاندنی ناخ و پێوەندیی ناخ و هەست. لە ئەفسانەی ترۆیدا یان (جەنگی تەروادە) چاومان بە بڕێکی زۆر گەورە لە مەسەلە هەستییەکانی مرۆڤ دەکەوێت، هەر لە خۆشەویستییەوە تا گریانی پاشاکان بۆ مەرگی رۆڵەکەیان و گریانی جەنگاوەران بۆ هاوڕێکانیان و گریانی مرۆڤ بۆ نەمان و وێرانبوون.

لەدەستدانی وڵات و نیشتمان و هاوڕێ و تووڕەبوونی خواکان یەکەم سەرچاوە بووە بۆ گریانی مرۆڤ، واتە یەکەم سەرچاوە بووە بۆ وورووژاندنی هەستی گریان و فرمێسك رژاندن، گەورەترین خواکانی یۆنان گوێیان بۆ خۆشەویستی و گریان هەڵخستووە، واتە مرۆڤ سەرچاوەیەك بووە بۆ دووبارە و چەندبارەکردنی پێوەندییەکان، سەرچاوەیەك بووە بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی نێوانی خواکان و مرۆڤ.



## بێهوودەیی فەلسەفی و بێهوودەیی ژیان

پاش جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی، مرۆڤ تووشی کۆمەڵێك تراژیدیای گەورە بوو، ئەو تراژیدیانە دەستی خستە نێو رۆحی مرۆڤ و کاریگەریی خۆی بەسەر هەموو کایەکانی ژیانەوە بەجێهێشت، هەروەها بێزاریی و گوێنەدان باڵی بەسەر هەموو پرۆسەکانی ژیاندا کێشا و مرۆڤی بەرەو قووڵترین نائومێدیی برد، ئەو جەنگ و ناخۆشییانە کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا و ئابووریی و بیرکردنەوە زۆر مەزن بوو، رەوتی نوێ و قوتابخانەی رەشبینیی و شێوەی نوێی ئەدەب و هونەری هێنایە بوون، عەقڵی فەلسەفی بەرەو رۆخی ژیانێکی تر و شێوەیەکی تر لەبیرکردنەوە برد.

ژیانی ساتەکانی جەنگ و پاش جەنگ وای کرد هەموو پێوەرەکان بەرە و شێوەیەك لە ئاوابوون بچن، بەرەو شێوەیەك لە بێهوودەیی قووڵ، ژیانی مرۆڤ گۆڕانی گەورەی بەسەر هات و بیرکردنەوەکان بەرە و ئەو ئاراستەیە چوون، تا نەتوانن شێوەی ژیان و پێوەندییەکان رێك بخەن، روانینێکی نوێی هێنایە نێو بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە، سوورن کیرکەگوور لە نیوەی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە بیری لەم شێوە فەلسەفەیە کردەوە، ئەو کەسێك بوو سەرچاوەی بێهوودەییەکەی لە ئاینەوە سەریهەڵدابوو، بێهوودەیی ژیان و ونبوونی نەفس و بەسەربردنی ژیان لە فەنادا، بێ ئومێدیی شێوەیەکە لە نیزیکبوونەوە لە هەستەکان، هەست شتەکان بە

تاریکیی دەبینێت و پێوەندییەکان بە ڕەشیی و گریاناویی دەبینێت، بە شێوەیەك پێکەنینی تێدا نییە، کیرکەگۆر دەڵێت: ئێمە لە نائومێدییدا دەژین. دەشلێت: ئێمە هەوڵی خۆشبەختی دەدەین، ئەو بڕوای وایە ژیان بۆ خۆشیی دروست نەبووە، (ڕاستی ژیانمان هەر هەموو بە نائومێدیی و دڵەڕاوکێ دەگوزەرێت، ئەمەش بارودۆخی گشتیی مرۆڤە)[٩٤]، بۆیە لەم سەردەمەوە فەلسەفەی بوونگەرایی ویستی بچێتە ناخی مرۆڤەوە، بچێتە نێو بارە ویژدانییەکانەوە، پەنجە بخاتە سەر برینە قووڵەکانییەوە، بۆیە ئەم نائومێدییە تەنیا بە ئایین دەکرێت ببێتە شایی، بەڵام ئەم بۆچوونە و نائومێدییەکان لە سنووری ئایندا ئاوەها مانەوە.

"هەرچەندە گومان لەوەدا نییە کە کیرکەگۆر بیرمەندێك بوو پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، بەڵام یەکێك لە کۆنترین پرسیارەکانی کرد بە خاڵی دەستپێکردنی ڕامانەکانی خۆی، کە ئەویش پرسیاری "بوون" بوو، ئەو پرسیارەی کرد ئایا بوون چییە؟ ئەم پرسیارە لای هەموو دەخرایە ڕوو، بە تەنها لای فەیلەسووفەکان نەبێت، چونکە فەیلەسووفەکان ئەم پرسیارەیان نابەجێ دەزانی و وایان لە قەڵەم دەدا کە لە سیستمی فەلسەفییانەدا چارەسەر کراوە و پێویست بە خستنەوەڕووی ناکات. بە بۆچوونی کیرکەگۆر نەك بە تەنها پێویستە هەموو کەسێك ئەم پرسیارە بکات، بەڵکو ناچارە کە ژیانی خۆشی بە وەڵامێکی "خودی"ی ئەم پرسیارە بزانێت"[٩٥]، کەواتە پرسیارکردن لە بوون و نەبوون سەرچاوەیەك بووە بۆ نیزیکبوونەوە لە چارەنووسی مرۆڤایەتی و چارەنووسی گەردوون، پرسیاری بوون هەموو نەوەکانی فەلسەفە و ئاینی جوڵاندووە و



هێناویانییەتە قسە، نەك ئەمەش، زۆر لەوانەی کە بەتەمابوون ئەم پرسیارە بکەن، بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە مەسەلە گرنگەکانی بوون بجووڵێنن، ژیان و مەرگ سەنتەری باسەکانیان بووە، "مەسەلەی بوون تەوەری بیرکردنەوەی گەلێ لە فەیلەسووفان بووە لە ڕابردوودا. لە ڕاستیدا بەرلەوەی سوکرات و ئەفلاتوون توخمی ئەقڵانییەت بهێننە ناو فەلسەفەوە، فەیلەسووفان لەگەڵ مەسەلەی بووندا دەستەو ئێخە بوون و پرسیاری ئەوەش کە مانای زیندووبوون چییە و بوون چی دەگەیەنێت، زۆربەیانی سەرسام کردبوو"[٩٦].

خۆشیی و ناخۆشیی لە بوون و نەبووندا سەرچاوەی بیرکردنەوە بووە، بەدەستهێنان و لەدەستدان، ونکردن و دۆزینەوە، کاتێك مرۆڤ دەڵێت شادیی لە ناخمدا دروست نەبووە، لە سەرچاوەی بڕوابوونی بە فەلسەفەی بێهوودەییە ئەم بۆچوونە سەرچاوە دەگرێت، ئەو کە دەڵێت خۆشیی شتێکی دەستکردە، بڕوای بە پێکەنین نییە. سۆرین کیرکەگۆر نەك تەنیا لە کارەکانی بێهوودەیی بە چەمك دەهێنایەوە، بگرە ئەو لەوە گەیشتبوو بێهوودەیی خەمێکی گەورەیە، بۆیە دەیگوت: "مرۆڤ چەند بتوانێت شتەکان لەبیر بکات، هێندە ژیانی دووچاری هەڵکشان و داکشان دەبێت، چەندیش بتوانێت شتەکان لە بیریدا بپارێزێت ژیانی یەزدانی دەبێت"[٩٧].

پاشان نیتشە-ش چووە پاڵ کیرکەگۆر لە لێکدانەوی هەستەکان، ئەوان پێوەندییەکی پتەویان بە حاڵەتە زەینییەکان و دەروونییەکانی مرۆڤەوە هەبوو، بۆیە نیتشە و کیرکەگۆر زۆر گرنگییان بە حاڵەتە هەستییەکانی مرۆڤ دەدا لە شێوەی لێکدانەوەی حاڵە دەروونییەکانەوە، ئەوان بە

سەرچاوەی فەلسەفەی بوونگەرایی و بیری بێهوودەیی لە ئەوروپا دادەنرێن، ئەو راستییەیان دەبینی کە چۆن مرۆڤ بەدەست ئەو هەموو حاڵەتانەوە دەتلێتەوە، چۆن دەیانبینی کە دەردەسەرییەکانی ژیان و ناخۆشیی و مەینەتییەکان چییان پێ دەکات، دەیانبینی چۆن پێوەندییەکان دەبنە بەشێك لەو پرسیارە گرنگەی کە تا ئەم ساتە مرۆڤ وەڵامێکی رەهای دەست نەکەوتووە، کەم تا زۆر بەشێکن لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی دەوروبەریان، فەلسەفەی بوونگەرایی دەیویست بابەتەکانی مرۆڤ بن، دەیویست ئەو پرسیارانە بن کە مرۆڤ لە ژیان نائومێد دەکەن، کەواتە بەها و نرخی مرۆڤ لە پێش هەموو ئەو رووداوانەوە بوو کە هەوڵی ئەنجامدانی دەدرا، بوونی مرۆڤ گرنگتر و ماهییەتەکەی گرنگتر بوو لە هەموو شتێك، مرۆڤ سەنتەری بوونە، شتەکان بە دەوریدا دەسوورێنەوە، واتە ئەو شتەی کە پێوەندییەکان بە سەرچاوەیەکەوە دەبەستێت، ئەو شتەی پێی دەگوترێت ژیان بۆ بەردەوامیی، جا ئیتر هەر بەردەوامییەك بێت، بەردەوامیی گریاناویی یان بەردەوامیی شادیی و خۆشیی و پێکەنین. بەڵام راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە مرۆڤ کاتێك هەست بە بوونی خۆی دەکات، هەست بە ماهییەت و بەهای خۆشی دەکات، دڵەڕاوکێی بوون، ترس و لەرزینە لە بێ بەهایی، بۆیە دەبینین مرۆڤ بۆیە دەگری تا پێوەندییەکان لە کۆمەڵێك قاڵبی گرنگدا کۆبکاتەوە، مرۆڤ بوون و بەهاکەی وای لێ دەکات خۆی بدۆزێتەوە و تەسلیم بە نائومێدیی نەبێت.

(ناوەڕۆکی هیچ و پووچیی لە پێوەندیی لەگەڵ ناوەڕۆکی بوونگەرایی، مەرگە. هیچبوون بە وێنەی مەرگ کە نەبوونی کۆتایی منە، وەك شمشێری



داموکلیس لە هەر چرکەیەکی ژیانمدا، ئەو شمشێرە بەسەر سەرمەوە ئاوێزانە، کاتێك من مۆڵەت بەخۆم دەدەم کە ئاگام لەو شمشێرە بێت، هەر ئەو کاتە من پڕم لە دڵەڕاوکێ)[٩٨]. مەرگ زاراوەیەکە پێوەستە بە هەستی ونبوون و لەدەستدان و خەم و گریان و شیوەن، ئەمەش تێمایەکە کە زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بواری فەلسەفەی بوونیادگەرایی قسەیان لەسەر کردووە، وەك مارتین هایدگەر و نیتشە و سارتەر و شۆپنهاوەر ...تاد، کە ئەمانەش بۆ خۆی پێشەکییەکی دروستکردووە، بۆ ئەو پێوەندییەی کە شتەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

نیتشە کەسێك بوو لە رێگای شۆپنهاوەرەوە ئاشنای نائومێدیی و رەشبینیی بەرامبەر بە ژیان بوو و پاش کڕین و خوێندنەوەی کتێبی "جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن" سەرتاپای ژیانی گۆڕا، دەڵێت: من لەو کتێبەدا "نەخۆشیی و تەندروستیی، نەفیکردن و داڵدە و دۆزەخ و بەهەشتم دۆزییەوە"[٩٩]. رەشبینیی و نائومێدیی بووە سیفەتی سەرەکی بیرکردنەوەی نیتشە، "هەرچەندە رەشبینییەکەی نیتشە تەواو لەگەڵ سروشتی نیتشەدا نەدەگونجا، بەڵام یەکسەر راستگۆیی و پتەوییەکەی ئەمی بەلای خۆیدا راکێشا. لەوە بەدواوە دەبوایە راوبۆچوونە خۆشبینەکانی نیتشە هێند پتەو بوونایە کە لە توانایاندا بێت ئەم دیواری رەشبینییە بڕووخێنن"[١٠٠]. کەواتە گەر لەم بۆچوونە وردبینەوە، تێبینی دەکەین کە نیتشە کەسێك بووە، سەرچاوەی نائومێدییەکەی لە نائومێدبوونی بەرامبەر بە مرۆڤەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، نائومێدیی ئەو لە بیرکردنەوەی ئاینی و فەلسەفەی ناپووختە بوو لەمەڕ ژیان، ئەو

پێکەنین و نووکتەی بە هەستێکی مردوو لە قەڵەم دەدات، هەروەها ئەو هەستە مردووە، ئەوە دەگەیەنێت کە نیتشە بیرکردنەوەی خەمئامێزانی هەبوو، هەرگیز بڕوای بە ڕەشبینیی نەبووە بەرامبەر بە توانای مرۆڤ، بەڵام هەستەکانی مرۆڤی بە سەرچاوەیەکی سست داناوە، کە هەستیش سست بوو، ئامادەیی تێدایە بۆ ئەوەی زوو هەرەس بهێنێت، زوو راستییەکان لەدەست بدات، زوو سەرچاوەی بیرکردنەوە و داهێنانی نەمێنێت.

پاشان ئەوەی کە وا دەکات مرۆڤ شادمانی خۆی لەدەست بدات، خۆنەناسینەوەیە، لە فەلسەفەی مارکسیزم و بوونگەراییدا، وشەی نامۆبوون بەکارهاتووە، مەبەستەش لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ئەوەیە کە پێوەندییەکان وردە وردە لە یەکتری دووردەکەونەوە، پێوەندییەکانی خۆشەویستی و سۆز و پێکەوە ژیان بەرەو فەنابوون دەچن. ژمارەیەکی زۆر لەو رووداوانەی کە خەم و نائومێدیی دروست دەکەن، بریتین لە نامۆبوون.

بێهوودەیی تێمایەکە پێوەستە بە نائومێدییەوە، نائومێدیش وا دەکات، پێوەندیی مرۆڤ و دیاردەکان لە ژێر سێبەری ترسناکییدا ئۆقرە بگرن، هەروەها زۆر لە دیاردەکان پێکەوە دەرگایەك پێکدێنن بۆ دووبارەبوونەوە و لێکدانەوە، بێهوودەیی سەرەتاییەکە بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکییە دەروونیی و رۆحییەکان، ناهاوسەنگیی دەروونیی دروست دەکات و دەشبێتە هۆی ناهاوسەنگیی لە هەستەکانی مرۆڤدا، زۆر لە نووسەرە رۆمانسییەکان بەردەوام سەرقاڵی ئەوە بوون هاوسەنگیی لە نێوان هیوا و بێهیوابوون دروست بکەن، ئەوان بە دەستی ناهاوسەنگیی هەستەکانیانەوە دەیانناڵاند، ئەوان نەیاندەزانی بە چ پێوانەیەك ئەو هاوسەنگییە راگرن.



زۆربەی ئەو فەیلەسووفانەی کە لە پاش فەلسەفەی کلاسیکی روویان کردە لێکدانەوەی گرفتەکانی مرۆڤ، بە زۆریی لە ژێر کاریگەریی رووداوەکانی دەوروبەری خۆیان بوون، ئەو رووداوانەی کاریگەریی دەروونییان لای مرۆڤ بەجێدەهێشت، ئەو رووداوانەی وایان دەکرد، مرۆڤ بەرامبەر بە هەستەکانی لێکدانەوەی بۆ دەروونی خۆی هەبێت، پاش گەورەبوونی تراژیدیای مرۆڤ لە سەردەمی فەلسەفەی یۆنانی کەسێکی وەك سەنیکا دروست بوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەکانی مرۆیی ئەورووپی کەسانی وەك میشیل دو موینتی و شۆپنهاوەر دروست بوون.

لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیی سارتەر و هاوەڵانی فەلسەفەی بوونگەرایی دروست بوون، کە هەریەکەیان بەدەست گرانیی نەهامەتەکانی جەنگ و تێکچوونی هاوسەنگیی دەروونیی و هەستییەوە دەیانناڵاند، ئەو هەستە پێویستی بە لێکدانەوە هەبوو، ئەو هەستە پێویستی بە سەرقاڵبوون بوو، بە پرسە گرنگەکانی سەردەمەوە.

بێهوودەیی و بوونگەرایی پێکەوە لە یەك دەورەقدا جێگیر بوون، کە زۆر لەو سەرچاوانەی کە باس لەمە دەکەن، وشەی بێهوودە و بوون پێکەوە دەبەستنەوە، "وشەی بێهوودە لە وشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای لێوانلێوبوون دێت، وشەی پووچ-یش لە بنەڕەتدا بە مانای دەرچوون لە هارمۆنی بەکاردەبرا، کە ئەمڕۆ زیاتر مانای نەگونجان لەگەڵ ئەقڵ یان دابونەریتدا دێت"[(١٠١)]. پووچ و بێهوودەیی پابەندبوون بە بیرکردنەوە لە بوونگەرایی و بیرکردنەوەی بوونگەرایی، بۆیە سوورن، کیرکەگۆر دەڵێت: "پەنجە بە بووندا دەکەم بۆنی پووچیی لێ دێت. من لە کوێم؟ ئەو شتە

چییە کە پێی دەڵێن جیهان؟ کێ منی خستووەتە نێو تەونی ئەم داوە و وا بەجێی هێشتووم؟ من کێم؟ چۆن هاتمە دنیاوە؟ بۆ لەم مەسەلەیە پرسیان پێ نەکردم؟"[١٠٢]. ئەم پرسیارانەی کیرکەگۆر رێك لە تراژیدییایەکی خوێناویی دەچێت دەربارەی ژیان، لە فەرهەنگی زاراوەسازیی ئەدەبیی و تیۆری ئەدەبیی، **تراژیدیا خوێناویی"** ئەوانەن کە پاڵەوان بەرە و رووخانی یەکجارەکی دەبەن، لە رووی دابونەریتەوە رووخان و کەوتنی پاڵەوان دەگەیەنێت، ئەوەی کە پاڵەوان بەرەو ئەوە دەبات کە بڕووخێت"[١٠٣]. جان پۆڵ سارتەر بە پێی ئەوەی هەڵگری پەیامی بوونگەرایی بوو، لە دامەزرێنەرانی بیری بوون ونەبوون بوو، لە رێگەی زۆر لە رۆمان و نووسینە شانۆییەکانییەوە ویستی فەلسەفەکەی خۆی بە خەڵکی بگەیەنێت، بێهوودەیی و نائومێدیی لە فەلسەفەی بوونگەراییدا دەرگایەکە بەرەوە خۆدەستەوەدان بە خەم و پەژارەیی و بێهوودەیی ژیان، من بۆ ئەوە دەژیم تا بزانم ژیان شایستەی ئەوەیە بۆی بژیم، بەڵام گەر دڵنیابوویم لەوەی کە ئەو ژیانە هیچ نرخ و ئایندەیەکی خۆشی نییە، کەواتە بۆچی دەژیم، سارتەر لە بوون و نەبووندا لەڕووی فەلسەفییەوە باس لەم تیۆرە دەکات.

سارتەر وەك فەیلەسوفێك لەم پرسیارە ئەزەلییە کۆڵیوەتەوە، کە زۆر لە فەیلەسوفان سەرقاڵی پرسیارەکانی بوون، ئەو پرسیارانەی کە سارتەر خستییە روو، ماهییەت پێش بوون دەکەوێت، بوونگەرایی بە پێچەوانەوە هاوار دەکات کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تایبەت و خاوەن دیسپلین و وەك بوونەوەرێکی هۆشمەند، لە لایەن فەلسەفە و زانست و رێکخراوە



سیاسییەکان و ئاینەوە تووشی گێلیی کراوە، یەکێك لەو چەمکانەی کە پێوەندیی بە مەسەلەی خەم و گریان و فرمێسکەوە هەیە لەم فەلسەفەیەدا، دوودڵیی و نارەحەتیی و نیگەرانییە و ترسە لە هیچ و پووچی، ئەمەش سەرچاوەکەی پێشتر لە لای بوونگەرانیی تریش هەبووە، بێهوودەیی و پووچیی وا لە مرۆڤ دەکات بڕوای بەهیچ نەبێت، تەنیا مانەوە و بڕیاردان، مرۆڤی خەمخواردوو کەسێکی بێ ئومێدە و هیواکانی لەدەست چووە، ئازاری دەروونیی هەیە و بۆیە هەست بە نیگەرانی دەکات، بۆیە بوونگەرایی لە هەموو فەلسەفەکانی تر پێوەندیی بە خەم و گریانەوە هەیە. هەر بۆیە دەڵێت: "مەرگ تەنیا شایەتێکی ترە لەسەر بێهوودەیی بوونی مرۆڤ"[١٠٤]. لە خۆبێگانەبوون شێوەیەکە لە تراژیدیای مرۆڤ، کە ئەمەش کەم تا زۆر ئاماژەیەکە بۆ خەمەکانی مرۆڤ.

سارتەر لە زۆر شوێنی تر باسی پێوەندیی نێوان بوون و خەمی مرۆڤی کردووە، چ لە کارە فەلسەفییەکانی یان لە کارە ئەدەبییەکانی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە باسی بڕێکی زۆری پێوەندییەکانی مرۆڤ کردووە لەگەڵ پێکەنین و شادمانی و خەم و هەنسك، هەروەها چۆنییەتی تێگەیشتن لە ژیان، ژیانی گریاناویی یان پێکەنیناویی.

## گریان و جەنگ

جەنگی هەمەچەشنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا روویانداوە، جەنگە خێڵەکییەکان تا دەگاتە جەنگی مۆدێرن، شەڕ لەسەر سامان، زەویی، ژن، شەرەف. هەروەها شەڕی کتوپڕ و درێژخایەن، لە هەموو ئەم جەنگانەدا ژمارەیەکی زۆر رووداوی دڵتەزێن روویانداوە، هەر لە وێرانبوون و کوشتن و بڕین و تەفروتووناکردنی یەکتری تا دەگاتە نەهێشتن و سڕینەوەی یەکتری، شەڕی هەمەچەشنی چەك و بۆردوومان و ئەتۆمیی تا دەگاتە بەجێهێشتنی کاریگەریی دەروونیی نەوەکان بەسەر یەکترییەوە، واتە کاریگەرییە دەروونییەکانی وەك نەخۆشیی دەروونیی و گۆڕانی هەست و تێکچوونی میزاج.

هەموو ئەوانەی شەڕیان دژ بەیەکتری هەڵگیرساندووە خولیای ئەوە بوون کە سنوورەکانی رێزی مرۆڤ لە نێوان خۆیان ببەزێنن، کە تاوانیان دەکرد نکووڵییان لەو کارە نەدەکرد، بگرە وەك شانازییەك دەیانڕوانییە دەرئەنجامی کوشتنەکانیان، هەندێك جار رێك لاساییکەرەوەی گیانلەبەر بوون لە لەتوپەتکردنی یەکتری و هەندێك جار بێ بەزەییانە تەڕو وشك، کۆرپە و مەلۆتکە، ژن و پیاو، پیر و لاویان پێکەوە کوشتووە، جەنگ تەنیا ئەمە نەبووە، لە پاش هەموو بەسەرهاتەکانی مرۆڤەکانی هێوربوونەتەوە و هەستەکانیان دەستیان کردووە بە پەرچدانەوەی ئەو واقیعە تاڵەی کە روویانداوە،هەمیشە پاش جەنگ تراژیدیاکان گەورە دەبن.



جەنگ هەمیشە لەگەڵ خۆیدا گریانی هێناوە، هەروەك: گریان بۆ ئەو کەسانەی کەسەکانیان بەجێدێڵن لە کاتی چوونیان بەرەو جەنگ، گریان ساتی برینداربوون و شەهیدبوون، لە کاتی لەدەستدانی کەسە نزیك و خۆشەویستەکان، لەدەستدانی شتی ماددیی و هەستییەکانی وەك (خۆشەویستی و سۆزو باوەش و گەرموگوڕیی)، گریانی سڕینەوەی ئاسەواری یادگاریی و سەروەریی و شار و گوندەکان، گریانی ژێرکەوتن و سەرکەوتن.

دەکرێت لە جەنگدا گریانەکان بەدوو شێوە دەرکەون، گریانە شاراوە و گریانە ئاشکراکان. زۆربەی ئەو گریانانەی کە لە نهێنیدا روودەدەن پێوەندییان بە نهێنی تاکەکەسەوە هەیە، نموونەشمان بۆ ئەم گریانانە، بریتین لە:

گریانی ژن، کاتێك هاوسەرەکەی لێی دووردەکەوێتەوە، هەندێك جار لە کلتوورێك بۆ کلتوورێکی دی شێوەی دەربڕینی ئەم گریانە جیاوازیی هەیە، لە هەندێك کلتووردا ژن بە ئاشکرا هەستەکان و گریانەکانی دەردەبڕێت، بەڵام لە یەکێکی تردا ئەو هەستانە دەگۆڕێن بۆ شێوەیەك لە نهێنی، لە حاڵەتی دووەمیاندا شەرم رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت (بە تایبەت لە کۆمەڵە هەرە ئاینیی و خێڵەکییەکاندا ئەمە روو دەدا)، پاشان گریانە ئاشکراکان دێن، بریتین لە گریانی منداڵ بۆ باوك و گریانی دایك و باوك بۆ رۆڵەکانیان، گریانی ژن بۆ هاوسەرەکەی، خوشك بۆ برای، برا بۆ برا.

لە قۆناغی جیابوونەوەدا بە شێوەیەکی زۆر جەرگبڕانە رووداوەکان روودەدەن، کاریگەریی دەروونیی مەزن بەسەر پێوەندییەکانەوە بەجێدێڵێت

و پەیوەندیدار لەگەڵ دەربڕینە فیسیۆلۆژییەکاندا دەردەکەون، هەستکردن بەو ژانە پێش هەستکردن بە گریان دەردەکەوێت، خەسڵەتی ئەو دەربڕینانە خەسڵەتێکی زۆر ئاڵۆزن، هەندێك جار مرۆڤ ئامادەیی بۆ دەکات تا دەگاتە پلەی تەقینەوەی دەروونیی و هەندێك جارێش بێ ئامادەبوون هەستەکان دەگۆڕێن، لە شادییەوە بۆ گریان، لە بزەوە بۆ هەڵڕشتنی فرمێسك.

شێوەی دەربڕینی گریان هەردوو شێوەکەی (ئاشکرا و نهێنی)، شێوەیەکی سۆزداریی قووڵە کە کاریگەریی گەورە لە پێوەندییەکان بەجێدێڵێت و هەندێك جار فرمێسکەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەڕژێن و وشکبوونیان کات و زەمەنی پێویستی دەوێت، هەندێك جار رشتنی فرمێسك کاریگەریی کلتووریی گەورە بەجێدێڵێت و مرۆڤ پێویستی بەوەیە پەیڕەوی شێوە ریتوێڵێکی تایبەت بکات و هەروەها بە سانایی نەتوانێت دەستبەرداری بێت و هەروا بە سووك و ئاسان لەو پێوەندییە بپسێت کە مێژووییەکی دێرینی لەگەڵدا هەیە.

پاشان دەربڕینی گریان لە شێوەی سۆزەکاندا، یان دەبێتە دەنگ یاخود هەروا لە ناخەوە قووڵپ دەداو بە سەختیی دێتە دەرێ، زۆربەی گریانە نهێنییەکانی جەنگ لە کۆمەڵگای داخراودا بە نهێنی دەڕژێ و ژن بە ئاستەنگ دەتوانێت دەنگی گریانی بەرزکاتەوە، ژن بە ئاستەنگ دەتوانێت بڕوا بەوە بهێنێت کە کەسێکە مافی خۆیەتی بۆ خۆشەویستەکەی بگری. گریانی نهێنی بە تەنیا و بە کزیی روودەدات، لەوێدا خاوەنەکەی بە مافی خۆی نازانێت پڕ بە دڵ تەعبیر لە ناخۆشییەکانی بکات، مرۆڤ بە مافی خۆی نازانێت ئەو رووداوانە کۆبکاتەوە و وەك شریتێك بە بەرچاوی خۆیەوە



لێیان بڕوانێت. هەروەها بۆ پیاویش ئەم کەرنەڤاڵی گریانە ئەرکێکی گرانە لەو کۆمەڵە داخراوانە.

لە هەندێك کۆمەڵی داخراودا، لەگەڵ گریان، وشەی شەرم هەیە، ئەو شەرمەش دەبەسترێت بە رەگەزەوە، گریانی پیاو لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا شەرمێکی گەورەیە، لە هەندێك کۆمەڵگای سەرەتایشدا پیاوی گریاو، پیاوی نەفرەتکراوە لە لایەن خواکانەوە، لە دوورگەکانی ئەندۆنیسیا کۆمەڵگایەك هەن، هەر پیاوێك لە ساتی روودانێکی دڵتەزێندا بگری، لەو خێڵە دەکرێتە دەرێ و شاربەدەر دەکرێت.

هەندێك زاراوەی تایبەت بە گریانی پیاو دروستکراوە، بۆیە پیاو ئەو هێزو توانایەی نییە ئەو سنوورە ببەزێنێت و دەربڕی سۆزە پەکخواردووەکانی بێت. پیاو لەم کۆمەڵگا و حاڵەتەدا بە شێوەیەکی نهێنی دەگری، چ لە بەرەی جەنگ بێت یان لە تەنیایی خۆیدا، یان لە ژێر درەخت و نێو پەردەی تەنیاییدا لە ناخەوە فرمێسکەکانی بەچاویدا دێنە خوارێ. مەسەلەی پیاو و گریانە نهێنییەکانی نەك تەنیا لەو کۆمەڵە داخراوانە مەسەلەیەکی یاساخ و بڤەیە، بگرە لە کۆمەڵە مۆدێرنەکان و پێشکەوتووەکاندا بە شێوەیەکی توانج و گاڵتەپێکردنەوە تەماشای گریانی پیاو دەکرێت، لە سوپا مەزنەکانی وەك فەڕەنساو ئەمریکاو بەریتانیا نابێت سەرباز بە زوویی تەسلیمی هەست و سۆزەکانی بێت، واتە سەرباز دەبێت دڵێکی رەقی هەبێت، تا بتوانێت جەنگاوەرێکی باش بێت، دەبێت ئەوەندە توانای هەبێت تا بە سەر سۆزەکانی خۆیدا زاڵ بێت، ئەمەش وای کردووە ئەویش وەکو ژن و پیاوی کۆمەڵگا داخراوەکان پێویستی بە نهێنی

و شوێنی تایبەت و کات هەبێت تا بگری، هەروەها دەشبێت لە بێدەنگیدا روو بدات، نەك هەر ئەمە، بگرە وا دەکات کە بێدەنگییەکە ببێتە شێوەیەك لە کاردانەوەی دەروونیی.

لە حاڵەتی دووەم، واتە گریانی ئاشکرا، کە ئەمەیان پێوەستە بەو گرووپانەی کە راستەوخۆ کەسی یەکەمی کارەکتەرەکان نین، بریتین لە کوڕو کچ و باوك و دایك. ئەم گرووپە زێدەتر کەسانێکن دەتوانن ئازادانەتر دەربڕی هەستەکانیان بن، دەتوانن بە هەموو توانایەکی دەروونییەوە دەربڕی لەو توانا دەروونییە بکەن کە بەکاری دێنن بۆ شێوەی دەربڕین و هەڵڕشتنی فرمێسکەکانیان، بۆیە ئەمانە بۆیان هەیە پڕ بە دڵ و بە ئاشکرا بگرین.

کەواتە لێرەدا ئێمە بەرامبەر بە دوو تیمین، تیمێکیان لە تاریکیی و تەنیاییدایە، ئەوی تریشیان پێچەوانەی ئەوەی یەکەمە، تیمێکیان تەعبیر لە ناخۆشییەکانی دەکات و خۆی دەخواتەوە و سۆزەکانی شاراوەیە، تیمەکەی تریش ناخۆشییەکانی دەردەبڕێت، بەڵام خۆخواردنەوەکەی کەمە و زیاتریش سۆزەکانی دەردەخات و خەڵکی دەیبینێت. یەکەمیان نابێتە سەرچاوەیەك بۆ دڵنەوایی، هیچ کەسێك دڵنەوایی گریانەکانی ناکات، لەبەر ئەوەی لە کاتی دەربڕینی سۆزەکانیدا شتەکان بە نهێنی روو دەدەن، بەمەش باری گرانتر دەبێت، بەڵام دووەمیان دەبێتە سەرچاوەی نەوازش و دڵنەوایی و بەشداریکردنی کەسانی تر لەگەڵ خەمەکانی.



پاش ئەوەی توانیمان ئەوە دەستنیشان بکەین کە جەنگ کێی تێدا دەگری، لەولاشەوە دەتوانین ئاماژە بە دوو شێوە هۆکاری گریان بکەین لە شەڕ، یەکەم هۆکار زیان بەرکەوتن و دووەم خۆدۆزینەوە لە نێو زیانەکاندا.

وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، لە جەنگدا کەسانێك دەڕۆن و دەبنە سووتەمەنیی، لەولاشەوە کەسانێك هەن راستەوخۆ لە نێو ئەو جەنگە نین، بەڵام خەم و گریان و نەگبەتییەکانیان بە نسیب دەبێت. کەسانێك هەن راستەوخۆ پێوەست نین بە جەنگەوە، بەڵام جەماوەری سڤیلن و دوور یان نزیك ئەوەندە سەرقاڵی ئەو جەنگە نین، تەنیا لە رووی رۆحییەوە سەرقاڵی جەنگن، بەڵام لەپڕ دەبنە سووتەمەنیی، بە لە دەستدانی دەستکەوتە ماددییەکانیان یان لەدەستدانی رۆح و کەس و کاری خۆیان، یان زیانلێکەوتن لە رووی لەدەستدانی بەشێك لە ئەندامەکانیان و بوون بە کەمئەندام و برینداربوون.

ئەم کەسانەش بەشبەحاڵی خۆیان زیان و سۆز و کاریگەرە دەروونییەکانیان هەیە، کە کاردەکەنە سەر وروژاندنی توانا و پێکهاتەکانی، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی شێواندنی پێوەندییە دەروونییەکانیان، هەر یەك لە ئێمە بە چاوی خۆی ئەو هەموو تراژیدیایە دەبینێت کە جەنگ بەجێیدێڵێت - لە مەزراو ماڵ و شەقام و گوندو شارەکاندا، ئەو وێرانییەی کە هەر یەك لە ئێمە دەیبینێت، یان بە چاوی حەقیقی، یان بەچاوی شاشەی میدیاکان.

بەشداربووانی ناڕاستەوخۆی جەنگ، فرمێسک هەڵدەڕێژن کاتێک کە دەبینن، دەرگاکانیان لەسەر دادەخرێت و ئاوارە دەکرێن، یان سەرباز و تانك و ماشینەکان ماڵ و گوندەکانیان دەکەنە ئەنجام.

بێگومان مرۆڤ لەم مەوداو حاڵ و رووداوانەدا دەبێتە قوربانیی، قوربانیی ساتەکانی، قوربانیی دەستکەوتەکان، قوربانیی ئەو حەزو ئارەزووانەی کە هەیبووە، واتە دەبێتە بەشێك لەو جەنگە، ماڵ لە دەست دەدات و سەرمایەی دەشێوێت، یادگارییەکانی دەسووتێن، ساتەکانی پڕ خۆشەویستی دەبێتە دوورکەوتنەوە و نەهامەتیی، کەسێك ئەم هەموو رووداوانە بە چاوی خۆی دەبینێت، ئازار دایدەگرێت، خەم تەنگی پێ هەڵدەچنێت و دەروونی دێتە کوڵ، لە دەستدانی بچووکترین دیاریی ژیان برینەکانی دەکولێنێتەوە، ئەو بە نغرۆبوونی هێلانەی ژیانی بیر لە دووبارە دەسپێکردنەوە دەکات، کە ئەمەش ئازارێکە رەنگە بیهێنێتە گریان، ئازارێکە فرمێسکەکانی پێ دەڕژێنێت، ئازارێکە بەرەو کوژانەوەی دەبات. هەر هەموو ئەمانە پێکەوە دەبنە سەرەتایەك بۆ دووبارە بیرکردنەوە و حەسرەت بۆ ئەو رۆژانە و بۆ ئەو شتانە دەردەبڕێت کە لەدەستی داون، رەنگە فرمێسك بۆ درەختەکانی بڕژێنێت، بۆ ماڵ و موڵکی، بۆ ئەو گوڵانەی ئێواران بۆنی پێ دەبەخشین، یان بۆ ئەو دیوارانەی لە پاڵیاندا هەناسەیەکی ئیسراحەتی هەڵدەکێشا. دەشێ مرۆڤ بگری بۆ شتە ماددییەکان، ئەگەر ئەو گریانەشی بۆ ماتەریالی ئەو شتانە نەبێت، بۆ ئەو رۆح و هەستانەیە کە پێوەست بوون بەو شتە ماتەریالییانەوە، ئەگەر ئەو بۆ ساتەکانی ماندووبوونی خۆی نەگری، کە کێشاوێتی لە پەیداکردنی



ئەو شتانە، ئەوە بۆ هەستە نووستووەکانی ناخی خۆی دەگری، بۆ ئەو هەستانەی لەگەڵ ئەو شتانە مێژووی بۆ دروستکردوون، دەشێ بۆ ئەو شتانەش بگری وەك شت نەك وەك بیرەوەریی، رەنگە بۆ تەمەنی خۆی بگری کە لە پەیداکردنی ئەو شتانە بەخەرجی بردووە بۆ نەهامەتیی و رەنج و دەستکورتیی و نەبوونی خۆی.

جەنگ ئەگەر بێبەزەییە بەرامبەر بە رۆحەکان، ئەو بێبەزەییە بەرامبەر بە بیرەوەرییەکان.

کەواتە شتی ماددیش لەدەست دەچێت و مرۆڤ خەم و خەفەت دایدەگرێت و دەگری، ئەو لە دەستدانانە ئەوەندەی ئازاری رۆح دەدەن، ئازاری بیرەوەرییەکان نادەن. بێگومان مەزنترین ئازاری جەنگ لەدەستدانی رۆحە، نەك لە دەستدانی شت و بیرەوەریی و زاکیرە، هەر هەموومان شایەتحاڵی جەنگە سەختەکانی مێژووی مرۆڤایەتین، جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی، جەنگە ئەقلیمییەکان و جەنگی عێراق-ئێران و جەنگی چەند ساڵەی نێوان رژێمە هەمەچەشنەکانی دنیا، هەر هەموو ئەمانە وێنەکانیان لەبەرچاون، جیهانێك لە فرمێسك هەڵڕێژرا، جیهانێك لە نەهامەتیی و دەردەسەریی و تەنیایی، جیهانێك لە ناهێوریی و پەژارە و کەسەر، کەواتە ژیان و مەرگ لەبەردەم ئەزموونێکی قووڵی ئەو سەردەمەدا بوو، بە بارتەقای جەستە کوژاوەکان چاوی مرۆڤ بە فرمێسك لێڵ بووە، بە ئەندازەی ئەو هەموو مەرگانە خەفەت هەڵڕێژرا. فرمێسکەکان لە چاوانی دایك و خوشکان و باوك و برایاندا قەتیس دەبوو، کەس نەبوو ئەو دەرگایانە ببینێت کە بەڕووی خۆشییەکاندا دەکرانەوە،

هەموو دەرگاکان داخرابوون، هەموو ئەمانە جەنگ بوون، گریان و هەمیشەیی بوون.

هەروەك فرۆید دەڵێت: ((شەڕ لە وەهمەکانی ئاشتی رزگارمان دەکات))[١٠٥]. کەواتە لە جەنگا ئاشتی کە پێکەنینە، زۆر دوورە و پێوەندییان تا بڵێی پێوەندییەکی خەیاڵئامێزە، پێوەندییەکی جەرگبڕە، پێوەندییەکی نائومێدییانەیە. ئەو جەنگانەشی پێکەنین بە ناو سەرکەوتن و بردنەوە و ئازادیی دروست دەکەن، خۆهەڵخەڵەتاندنێکی وەهمییە، دڵدانەوەیە.

ئاشتی ئەو کاتە ئامادە دەبێت کە شەڕ سیفەتەکانی دەگۆڕێت، بۆیە زۆربەی ئەو پێوەندییانەی شتەکان بەیەکتری دەبەستنەوە، پێوەندی ئاڵۆزن، پێوەندیی جەرگبڕن، مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەو گڕەی ناخی بکوژێنێتەوە، پێویستی بە شێوەیەك لە یاخیبوون هەیە، یاخیبوون لە خەم و یاخیبوون لە گریان و پەنابردنە بەر کۆمیدیای ژیان. هەروەها شتەکان لە جەنگدا رووخساریان دەگۆڕێت، بیرکردنەوە دەبێتە بێهوودەیی و نەستەکان تام لە دەست دەدەن و داواش لە تاك دەکرێت زیاتر خۆڕاگربێت و خۆی تەسلیمی عەقڵ نەکات و لە بازنەی حەقیقەت بێتە دەرێ و خۆی تەسلیم بە وەهم بکات. هەروەك دەزانین هەندێك پاڵپێوەنەری دەروونیی لە مرۆڤدا خۆپەرستیی لە ناخدا دروست دەکات، ئەو خۆپەرستییە بەرەو ئەو سنوورەی دەبات هەندێك جار سیفەتی ماسۆشییەت و بەکاربێنێت بۆ خۆپاراستن، بەڵام کەسانی لەخۆبووردو کاتێك کە ناتوانن واقیع بگۆڕن، پەنا بۆ هەوڵی دیکەی سۆزداریی دەبەن، تا دەربڕینەکانی ناخیان وێنا بکەن، پەنا بۆ شێوەکانی



دەربڕینی دەرەکیی دەبەن، وەك نارەزایی و خۆپیشاندان، کاتێکیش دەگەنە ئەوپەڕی بێدەسەڵاتیی لە بەرامبەر گۆڕینی واقیعە شەڕئامێزەکان، دەگەڕێنەوە بۆ خۆخواردنەوە، واتە دەربڕینی ناخ، لە رێگای هەڵڕشتنی فرمێسك، لێرەدا گریان یەکێکە لەو چەکانەی مرۆڤ بەکاریان دێنێت بۆ دەربڕینی هەستەکانیان. دەبێت ئەوە بزانین کە هەندێك پاڵپێوەنەری تاکەکەسی ئەو کەسانە بەشدار دەبن لەگەڵ پاڵپێوەنەرە ناخییەکان، بۆ ئەوەی ئەو تەقینەوەیە بگاتە ئەنجام.

کەواتە گریان و جەنگ، دووانەیەکن هەمیشە پێکەوە هەڵدەکەن، دووانەیەکن سات لەدوای سات رەنگدانەوەی یەکتریان لە ناخدایە، هەروەها هەمیشەش پێکەوەن، دیارە لە جەنگدا گریانی تاك تاکی کەسەکان هەیە و لەگەڵ گریانی بەکۆمەڵ، گریانی تاکی نێو جەنگەکان وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بارودۆخ وسات و زەمەنی دیاریکراوی خۆی هەیەو هەرجارەشی بە شێوەیەك و لە پێوەندییەکی تایبەتدا دەردەکەوێت، بەڵام گریانی بەکۆمەڵ ئەو گریانانە لەنێو مێژوودا نموونەکانی ئەوەندە زۆرن کە دەکرێت تەنیا ئاماژە بەو نموونە زەقانەی نێو مێژوو بکەین، هەروەك گریانی تەروادییەکان بۆ سووتاندو لەدەستدانی شارەکەیان کاتێك هەموو بە کۆمەڵ گریان، گریانی بابلییەکان کاتێك شارەکانیان کەوتە بەردەستی ئەسکەندەر و تەنیا ئەوەیان بۆ ماوەیە بە داماویی بڕواننە ئەو دیمەنە جەرگبڕانە، گریانی کۆمەڵگای جوتیاریی ئەفریقییەکان، کاتێك لەلایەن سپی پێستەکانەوە راو دەکران و گوندو ماڵەکانیان ئاگرباران دەکرد، گریانی **ئاپاچییەکان** کاتێك لەلایەن

ئەمریکییەکان بنەبڕکران، ئوستراللییە ئەسڵییەکان کاتێك کوون بە کوون وێنەو ئەسڵەکانیان دەسڕینەوە، کۆڵۆنییەکانی ئیتاڵیا لە لیبیا و فەڕەنسییەکان لە جەزائیرو ئینگلیزەکان لە هیندستان و گریانی بە کۆمەڵی جولەکەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیی، کاتێك بە دەستی نازییەکان مەزنترین و فراوانترین فرمێسکیان بە نەوەیەك رشت. گریان و ترسی منداڵە ئەنفالکراوەکانی کوردستان بە دەست رژێمی سەدام و فرمێسکی کوژاوەی ئەو دایکانەی بە کۆمەڵ گریان، نەوەیەك پێکەوە گریان. گریانی بە کۆمەڵی ڤێتنامییەکان بۆ گوندو شارو ماڵەکانیان، گریانی فەڵەستینییەکان لەبەردەم کوشتنی خۆشەویستەکانیان.

کەواتە گریانی بەکۆمەڵ دیاردەیەکە لە سەردەمەکاندا هەمیشە دووبارە بووەتەوە، هەمیشە نەوە لە دوای نەوە چیرۆك و بەسەرهاتی نوێی لەگەڵ خۆی هێناوە، سەردەم لە دوای سەردەم شێوەی قوولپ و گریانەکانی جیاواز بووە، رۆژ لەدوای رۆژ پێوەندییەکانی فراوانتر و گەرمتر و گرانتر بووە ئەوانەشی بەشداریی ئەو گریانە بە کۆمەڵەیان کردبێت، ئەوە ساتەکانیان بیرناچێتەوە، ساتەکانیان هەر لە یادو وێنەکانی رۆژ بە رۆژ بە بەردەم چاویاندا دێت و دەڕوا و دووبارە دەبێتەوە.

لە جەنگدا مەرج نییە تەنیا ئەوانە بگرین و فرمێسك هەڵڕێژن کە خۆیان راستەوخۆ بەشداری ئەو جەنگەن، بگرە کەسانێك هەن سەردەم لەدوای سەردەم بەدەم مێژووی ئەو شەڕەدا لەگریانن، ئەو منداڵانەی پێوەندییە خێزانییەکانیان بە هۆی شەڕەوە دەشێوێت، ئەو باوکەی جەنگ پەکیدەخات و ناتوانێت پیاو و باوك بێت، دەبێت هەموو ژیانی لەگەڵ ئەو



تراژیدیایەدا بەسەر بەرێت، ئەو کەسانەی مێژوویان لەدەست دەدەن، ماتەریالی شتەکان و پێوەندییەکانیان بیردەچێتەوە، ئەو کچەی دڵدارەکەی، ساتەکانی تەنیا دەبێتە شێوە شریتێکی پچڕ پچڕ کە ناتوانێت بەسەرهاتەکانی بە جوانیی ببینێت و سات لە دوای سات لە خەم و ئازار دەیشێوێنێت و کاڵی دەکاتەوە.

فرمێسکەکانی جەنگ فرەن، سەرەتاو کۆتاییان نییە، بەردەوامی فرمێسکی جەنگ بەردەوامییەکی سەیرە، سەردەم و رۆژگارێکی دوورودرێژ بەردەوام دەبێت و سەردەم و ساتێکی پڕ لە دەردەسەرییە بۆ ئەوانەی تێیدا ژیاون و تێیدا دەژین و لەگەڵ تووڵە رێگاکانیدا مێژووی خۆیان تەواو دەکەن، ئەوانەی سەرەتا دەبڕن و نازانن کۆتاییان لە کوێیە، فرمێسکەکانی جەنگ سات لە دوای سات لەگەڵ نەوەکاندا بەردەوام دەبێت و زیاد دەکات، لە یەك سنووردا نامێنێتەوە، لەیەك پێوەندیدا نییە، بگرە پێوەندیی گرانبەهایە بۆ هەموو ئەو دەنگانەی کە تێیدا هاواریان کردووە و قورگی گریانیان کردووەتەوە.

گەر بڕوانینە تراژیدیا و گریانەکانی عێراق، دەبینین، گریان و فرمێسك چووەتە نێو بازنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووریشەوە، چووەتە نێو هەموو ئەو پێوەندییانەی کە پێوەندییان بە مرۆڤی ئەم رووبەرە جوگرافییەوە هەیە، پێوەندییان بە هەموو سات و چرکەکانی ژیان هەیە، لە جلوبەرگ و گۆرانیی و ناو و دیمەن و جوگرافیا و پێوەندیی و دۆستایەکانیشدا رەنگ دەدەنەوە، سەرتاپای کلتووری داگیرکردووە،

رووخسارەکان تەعبیر لەو دیمەنانە دەکەن، جوگرافیاکان باس لەو مێژووە دەکەن، باس لەو هەموو چاوانە دەکەن کە گریاون.

لە جەنگدا، تەنیا مرۆڤ ناگری و تەنیا مرۆڤ فرمێسک هەڵناڕێژێت، دەیەها نەمام درەخت و مەزراو کێڵگە دەبنە قوربانیی، رەنگە ئێمەی مرۆڤ وا بیرکەینەوە کە تەنیا مرۆڤ فرمێسک هەڵدەڕێژێت، بەڵام درەخت و پەلەوەرەکانیش لەو جەنگەدا بڕێك لەو هەنسکانەیان بەردەکەوێت، کاتێك ئەوان دەبینن لە ناوقەدەوە وشك دەکرێن و لە ناخەوە دەبڕێنەوە، لە دڵەوە دەبنە هەور و دەتوێنەوە، دەبنە خۆراکی ئاگر و بڕینەوە، یان لە ناوچە و ساباتی خۆی دادەبڕێت و وردە وردە لە خاك دەهێنرێتە دەرێ، هەستی ئەوەی لا دروست دەبێت کە لەبەردەم هەڕەشە و لەناوچوونە، ناچار دەوەستێت و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی دەکات.

هەزاران و ملیۆنەها درەخت سەربڕان، لە جەنگدا هەزارەها درەخت لە جەنگەڵەکانی ئەفریقیا و ئاسیا و لە سنوورەکانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بنەبڕکران و تا ئەم ساتەش فرمێسکیان دنیای گرتووە، رەنگە ئەمە لەلایەن ئێمەی مرۆڤەوە وەك کۆمیدیایەك وەرگیرێت، بەڵام دەیەها لێکۆڵینەوە هەن ئەوە دەسەلمێنن رووەکیش وەك مرۆڤ هەست و شێوەی ژیانی خۆی هەیەو نەخۆش دەکەوێت و ئازاری دەبێت و هەست بە شادیی و خەم دەکات.

ئەگەر ئەو گەشەکردنەی لای مرۆڤ هەیە، لای ئەو نەبێت، کە دارو درەخت هەست بە سەربڕین و لەناوچوونی خۆیان دەکەن و خەم و ئازار لە ناخیاندا قوولپ دەدا و شێوەی هەڵڕشتنی فرمێسکی ئەوان لە لایەن



مرۆڤەوە شێوەیەکی سست و هەستپێنەکراوە، کە ئەمەش ئەو سیفەتەیە ئەو لە مرۆڤی ئاسایی جیادەکاتەوە، گریانی درەخت وەك گریانی مرۆڤ لە هەستێکی زۆر شاراوەوە دەردەپەڕێت، زۆر لە لێکۆڵەرەوان سوورن لەسەر ئەوەی کە رووەکیش دڵ و گیان و خوێن و هەستی هەیە، گەر وا نەبێت چۆنچۆنی گەورە دەبێت، گەر وا نەبێت چۆن رووەکەکان دەپیتێن و تۆوی یەکتری دەخەنە لەشی یەکترییەوە، گەر وا نەبێت ئەی بۆچی مێیینەکان بەریان هەیە و نێرەکان بێبەرن.

لە کاتێکدا ئەمانەیان هەبێت، کەواتە هەستیشیان هەیە، هەستی بوون و گەورەبوون و مەرگ، ئەم هەستەش لە لای هەر بوونەوەرێك هەبێت کەواتە دەزانێت بارەکان چۆن دروست دەبن و چۆن دەگۆڕێن، چۆن گریان دروست دەبێت و گریان دەکوژێتەوە، چۆن دەکوژرێن و دەژێنرێنەوە.

درەخت کە دەبڕیتەوە، دەنگێکی لێ دێت، کە برینداری دەکەیت، بە قەدییەوە لینج و ئاو دێتە دەرێ، ئەو درەختە گەرچی وەك ئێمەی مرۆڤ هەنسك و شیوەن و گریانی بەکوڵی نییە، بەڵام تێدەگا ژان چییە و ئازارەکانی ژان چین و چین ئەوانەی بەشەکانی لە لەش دەکەنەوە.

## گریان، شیوەن، خوێن

سۆز و هەست ئەو مەودایەیە کە مرۆڤ هەڵدەسووڕێنێت، مرۆڤ دەخاتە ساتێکی نائاساییەوە. هەرچەندە مرۆڤ لە ساتی وروژاندنی هەستەکانیدا پێوەندیی لەگەڵ زۆر لە نموونە جیاوازەکاندا هەیە، بەڵام هەوڵیش دەدات، مەودایەك بۆ خۆی دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و بگاتە ئەو مەبەستەی کە خۆی گەرەکییەتی.

سۆز و هەست بە هەموو حاڵەتەکانییەوە بریتین لە وروژاندنی ناخ، وروژاندنی هەستەکانی مرۆڤ، دروستکردنی شێوەیەك لە ناهاوسەنگیی کاتیی، جا ئەو حاڵەتە پێکەنین بێت یان گریان، هەڵچوون بێت یان تووڕەبوون و بێزاربوون... هتد.

لە هەموو وروژاندنێکدا کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکیی و ناوەکیی هەن بەشداریی لە خولقاندنی ئەو پرۆسەیە دەکەن، بۆنموونە لە حاڵەتی هەڵچووندا هۆکارە دەرەکیی و ناوەکییەکان دەگەنە ساتێك کە ئیتر یەکێتییەکی پتەو دەخولقێت، ئەم یەکێتییەش دەبێتە ئاکار و شێواز لە شێوەی دیاردەیەکی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە، یان دەگۆڕێت بۆ شێوە یان بۆ دەربڕین، لە پێکەنینی بزە و خەم و رووگرژبوون شێوەی رووخسار دەگۆڕێت، بەڵام لە هەنسك و گریانی بەکوڵ و قاقای پێکەنین، هەردووکیان گۆڕینی رووخسار و پەیدابوونی دەنگ و دەربڕینی دەنگی پەیدا دەبێت.



لە خۆپیشاندانە سیاسییەکاندا ئەو کەسەی هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بێت، دەبێت ئەو خۆپیشاندانە پەرچدانەوەیەکی لەسەر بیروبۆچوونەکانی هەبێت، یاخود بیرو بۆچوونەکانی بخاتە بەردەم مەترسییەوە، یان وای لێ بکات سۆز و هەستەکانی بەرە و ئاستی باڵا ببات و لە سنووری توانا عەقڵییەکان دەرچێت.

یان ئەوەتا ئاساییانە لە شێوەی خۆپیشاندانی ئاشتیخوازدا بە ئەنجام دەگات، یان دەبێتە شێوەیەك لە لێکدان و پێکدادانی جەستەیی، تا ئەگاتە حاڵەتی ڕژاندنی خوێن و مەرگ. واتە پلەکانی بەرزبوونەوە و باڵابوونی هەست و سۆزەکان، پابەندە بەو مەودایەوە کە مرۆڤ تێیدا هەوڵ دەدات دەربڕینێك پێشکەش بکات، ئەو دەربڕینەی کە تێیدا هەموو شتەکان لە شێوەی تێکەڵبوونی هەست و دەربڕین و مەبەستەکان دەردەکەون، هەڵچوون و وروژاندنی هەستیش بەشێکە لە تێکەڵبوونی دیاردەکانی ناخ و دەرەوە.

سەرەڕای ئەمەش مرۆڤ لە میانەی ئەو هەڵچوونەدا بۆ هێوربوونەوەی ناخ پێویستی بە دروستبوونی پێوەندیی هەیە، ئەو پێوەندییە هەندێك کات لە دەرەوە دێت و هەندێك کاتیش لە ناوەوە، هەندێك جار بۆ هێوربوونەوە دەگۆڕێت، یان ئەوەتا بۆ هەڵچوون و دەربڕین بە شێوەیەکی دیکە گەورە دەبێت.

کەواتە هەر شێوە هەڵچوونێك، پێوەندییەکی لە پشتەوە هەیە، چ پێوەندیی ناوەکیی بێت یان پێوەندیی دەرەکیی، بۆ ئەمەش مرۆڤ لە سەرەتادا هەست بە دروستبوونی پێوەندییەکە و کاریگەرییەکانی

پێوەندییەکە دەکات، بەڵام لە دواییدا هەر ئەو پێوەندییە لەژێر دەسەڵاتی کەسی هەڵچوودا دەردەچێت و دەچێتە مەودایەکی ترەوە، کە چیتر کەسی دەربڕ لە ژێر کۆنترۆڵی دەردەچێت و هێز و توانای بەسەردا ناشکێت. بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر شێوە پێوەندییەك پێویستمان بە دوو لایەن هەیە، یەکەم لایەنی ناخ، دووەمیش لایەنی هۆکارەکانی وروژاندنی ناخ. هەرچەندە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر بەلای رووە سایلکۆلۆژییەکەیدا دەیشکێنینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەك پێوەندیی کۆمەڵایەتی و کلتووریی و تەنانەت سیاسیش رۆڵی خۆیان لە خولقاندنی ئەم حاڵەتانەدا دەبینن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هۆکارە تایبەتییەکانی پەروەردەیی هەر تاکێکیش بۆ خۆی لە دەستنیشانکردنی پێوەندییەکاندا، هۆکارێکی مەزنە، واتە شێوەی پێوەندیی دایك و منداڵ و پێوەندیی پەروەردەکردنی ماڵەوە و قوتابخانەوە و کۆمەڵگا و سیاسەتیش هەر هەموویان پێکەوە گرنگن.

لەبەرئەوەی باسەکەی ئێمە لێرەدا پێوەستە بە رووی گریان و فرمێسکەوە، ئەویش شێوەیەکە لە حاڵەتی وروژاندنی هەستەکان، بۆیە جێگای خۆیەتی بزانین چ پێوەندییەك لە ناخی مرۆڤەوە وا دەکات ئەم هەموو هەڵچوونە دەروونییانە ئاوا گەشە بکەن.

من پێم وایە لە هەموو شێوە کارێکی هەست و سۆزداریدا، رۆح و گیان لە بازنەی پێوەندییەکاندا بەشدارن، واتە هیچ حاڵەتێك لە ناخەوە دروست نابێت ئەگەر هات و ناخ لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری دیکەدا بەشداریی نەکات و هەروەها پێوەندییەك لەگەڵ هۆکارەکانی ئەو حاڵەتەدا



بەرپا نەکات، راستە هەر کردارێك کە لە ناخەوە دروست دەبێت هۆکاری هەیە، بەڵام هۆکارێکیش هەن کە دەبنە هۆی دروستکردنی هۆکارە ئەسڵییەکە، من ناتوانم بە بێ هۆکار تووڕە بم، ئەگەر کەسێك، یان شتێك، یان حاڵەتێك ئەو سۆز و هەستەم لا دروست نەکات بۆ ئەوەی هەڵچم و تووڕەبم، لە هەمان کاتدا دەبێت پێشتر ئەو ئامادەگییەم لە ناخی خۆدا دروست کردبێت کە ببم بە کەسێکی هەڵچوو، یاخود شێوەی پەروەردە و کۆمەڵگا ئەوەیان لا دروست کردبێتم کە بێ ئەوەی بە خۆ بزانم، سیفەتی هەڵچوونم تێدا بێت، بۆ نموونە کاتێك کە دەمەوێت لە رووی سیما و رووکەشەوە بەرامبەر بە کەسێك پەرچدانەوەیەك بنوێنم، دیارە لە دەروونی خۆمەوە، لێکدانەوەیەکم دەربارەی ئەو کەسەو رەفتارەکانی ئەو کەسە لە ناخی خۆدا دروست کردووە، بەڵام ئەمە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت. لە پاڵ پێوەندیی و حاڵەتی دەروونیی و ناخی تاکەکان، هۆکارە کلتوورییەکانیش رۆڵی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو هۆکارانەش دەرئەنجامی مێژوویەکن لە پێوەندیی نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك، کۆمەڵگایەك گەرموگوڕو توڕەو خێرا هەڵچووە و کۆمەڵگایەك هێمن و لەسەرخۆ و کۆنترۆڵی هەستەکانی خۆی دەکات، ئەوەی کە زوو هەڵدەچێت خاوەنی مێژوویەکە جیاواز لەوەی کە هێمن و ساردوسڕو بە تەحەمولن.

کەواتە هەستەکانی پێکەنین و گریان وەکو یەکێك لە سیفەتەکانی پێوەندیی دەکرێت وا بخرێتە بازنەوە، کە بریتییە لە دووبارە خۆدروستکردن، دووبارە پێداچوونەوە و روانینی هۆکارەکان، بەڵام ئەوەی

لەم بەشەدا مەبەستە بخرێتە روو، ئەوەیە کە چۆن گریان، بەرەو باڵآچوون دەچێت و دەگاتە ئەو ساتەی کە مرۆڤ خۆی ئازار بدات و خۆی بخاتە ساتێکی خۆئازاردانی چاوەڕوان نەکراوەوە، واتە وا لەخۆی بکات، کەم تا زۆر لە نێو بازنەیەکی خۆکوژییدا بسووڕێتەوە. مەسەلەی گریان وەك حاڵەتێك لە دەربڕینی هەست و سۆز و دەربڕینی ناخ بۆ حاڵەتێك لە شێوەکانی شیوەن و لەخۆدان دەگۆڕێت، کە ئەمەش مەسەلەیەکە لە باسەکەماندا دەبێت گرنگی پێ بدەین، مرۆڤ هەروا لە خۆیەوە ناگاتە ئەو حاڵەتەی لەخۆ بدات، ئەگەر لە پێوەندییەکدا نەبێت. واتە لە پێوەندییەك بێت لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە دەیگەیەنێتە ئەوەی ئازاری خۆی بدات، لێرەدا دەتوانم بڵێم، ئەمەش واتە ئەم لەخۆدانەش خۆی لە خۆیدا باری تەندروستی و حاڵەتی نەخۆشیی هەیە.

حاڵەتی شیوەن و لەخۆدان بە چەند قۆناخێکدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ئەوەی کە ببێتە شێوەیەك لە دووبارە بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵ بە هەموو تواناکانی ناخەوە، کەواتە قسەکردن لەسەر ناخ وەکو شێوەیەك لە پێوەندیی بە گژداچوونەوەو خۆخستنە نێو کەسی تاوانبار و جەللادەوەیە، واتە هەستان بە رۆڵی دوو کارەکتەر، کارەکتەری تاوانبار و جەللاد شیوەن ئاستی بە بادانی ئەو وردە فرمێسکانەیە کە لە هەنسکێکی بێدەنگییەوە بۆ دەربڕینێکی هستیری دەگۆڕێن، بەڵام مەرج نییە هستیرییەکی دەردئامێز بێت، واتە هەوڵە بۆ زێدەترین دەربڕینی دڵسۆزیی و خۆشەویستی بۆ هەستەکانی ناحی خۆی، کەواتە شیوەن لە هەندێك کۆمەڵگادا دەگاتە حاڵەتی گۆڕانی لاوانەوە و گوتنەوەی شێوە ریتمێکی



تایبەت لە بازنەیەکی بە کۆمەڵدا، لە هەندێك کۆمەڵدا دەبێتە شێوەیەك لە سروود و گۆرانییەکی کۆڕاڵئامێز، یان ئەوەتا کەسێك لە شێوەی هۆرەیەکی ناخ سوتێنەردا کوڵ دەکات و لە نێو دڵییەوە دادەڕژێتە نێو وشەکانی دەربڕین. لە هەندێك سات و لە هەندێك کۆمەڵگای تایبەت، شیوەنی بێدەنگیی هەن، ئەو شیوەنەی کە دەربڕین و ئاراستەکەی لە شیوەنی پڕ زایەڵە و گریانی بەکوڵ بەهێزترە - ئەم شیوەنی بێدەنگییە لە گریانی ئیماندارەکان دەچێت، کاتێك لە بەردەم هێزو توانای دروستکەردا تووشی ترس و سامێکی رۆحئامێز دەبن، ئەم شیوەنی بێدەنگییە زایەڵەکەی لە ناخەوەیە، پەیامێکە بۆ ئەو رۆحەی بە وشەو فرمێسك و هەنسکەکانی ناتوانێت بڵێت و ناشتوانێت تەعبیر لەو رۆحە بکات کە بە ئازارەکانییەوە دەناڵێت و ئەو چاوانەی بوون بە ئاو و ناتوانن، ئەو حوزنە چاوەڕوان نەکراوەی ناخ بسڕنەوە، ئەو دەمامکانەی بە گریان و هەنسکەکانەوەن تەنیا بەم شێوە شیوەنە ئاشکرا دەبن، واتە مرۆڤ ئەوەی ناتوانێت بە شیوەن و لەخۆدان دەریببڕێت، پەنا بۆ شێوازی دیکە دەبات، هەر بۆ نموونە لە هەندێك شێوەی تری شیوەندا، لەخۆدان و خۆبریندارکردن و بڕین هەیە. مەبەست لەم شێوە شیوەنانە ئەوانەن کە وا لە مرۆڤ دەکەن بە ئاسانی مومارەسەی ئەو لەخۆدانە بکات و وەکو ئەرك و فرمانێك، وەك پێویستییەکی داواکراوە.

لێرەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك لە شێوەکانی شیوەن لە کۆمەڵگا جیاجیاکان دەکەم، بۆ زیاتر روونکردنەوەی شێوە جیاجیاکانی گریان و شیوەن و نواندنی خەم و پەژارەیی.

لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا شێوەکانی شیوەن زۆرن، هەر بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بۆ دەربڕینی خەم و ناخۆشیی و پەژارەیی مرۆڤ، سەرەڕای گریانی بێدەنگیی پەنا دەباتە بەر لە خۆدان و سنگ و پرچ رنینەوە، تا دەگاتە ئەوەی جلوبەرگیش لەبەرخۆیان هەڵدەدڕن، واتە لە زۆربەی زۆری مرۆڤەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەم شێوە شیوەنانە دەبینین، ئەمەش بە زۆریی لە شیوەنی ژناندا دەبینرێت، من پێم وایە کاریگەرییەکانی ئەم شێوە شیوەنە لە پرۆسەیەکی تایبەتەوە هاتووەتە نێو کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیە، وەك لە نموونەکانی شێوەی شیعری شیوەن و لاوانەوەی بە کۆمەڵ و گریانی تەنیایدا بەدەردەکەوێت، بەڵام لەخۆدان و قژڕنین و خۆبریندارکردن سیفەتێکە زیاتر لە رۆحی هەستئامێزەوە هاتووەتە نێو خوو و رەفتاری مرۆڤەوە، هەروەها مەسەلەی شیوەن بە پێی پێوەندیی بۆنەکان دەگۆڕێت، شیوەنی مردوو، خۆلێدان و گریانەکانی جیاوازن، مردووەکە کێیە و تەمەنی چەندەو هۆکاری مەرگی، هۆکاری لەناوچوونی، کوشتنە، یان مەرگی ئاساییە، لاوە یان پیرە، شەهید بووە یان تەنیا لەنێو جێگا مردووە، کەسێکی لەشساغ بوو لەپڕ مرد، یان لە ئەنجامی دەردێکی کووشندە مردووە، ئەو کەسانەشی لە خۆیان دەدەن تا چ ئاستێك لە مردووەکەوە نزیکن، بران، هاوڕێن، باوکن، خوشکن، دایکن، خزمن، هاوڕێن هەروەها ئەو هۆکارانەش چین، کە پاڵ بە کەسەکانی ئەو خێزانەوە دەنێن لەخۆ بدەن و پرچ بڕنن و شیوەن بکەن.

لەخۆدان و خۆبریندارکردن و خۆ خوێناویکردن، نموونەیەکە لە کلتووری هەندێك گەلانی دنیادا بەرچاو دەکەوێت: لە لای گەلانی بۆرۆرۆ



لە بەرازیل و هەندێك لە گرووپە هیندییەکان و هەندێك هۆز لە ئوسترالیا کاتێك کەسێکیان لێ دەمرێت دەستیان یاخود قاچیان بە چەقۆ بریندار دەکەن، یان هەندێك جار دەیبڕنەوە، ئەمەش شێوەیەك بۆ دەریڕینی خەم و ئازارو پەژارە بەرامبەر بە کەسی مردوو، گەر هاتوو کەسێکی نزیکی مردووەکە ئەم کارە نەکات، ئەوا بە بێ وەفاو بێ ئەمەك لە قەڵەم دەدرێت. خۆبریندارکردن و لەشبڕین و خوێنڕشتن و نواندنی کاری توندوتیژیی لە کاتی مەرگی کەسێکی خۆشەویستدا شێوەیەك بۆ دەربڕینی خۆشەویستی، لە لای کۆمەڵە هۆزێکی وڵاتی ئوسترالیا، گەر لە کاتی گریان و شیوەندا خوێن نەڕژێتە سەر زەویی، ئەوە گوناهێکی گەورەیان ئەنجام داوە. (هەندێك جار توندوتیژیی بۆ دەربڕینی خەم، زیاد لە پێویست لە سنوور دەردەچێت، لە لای نەتەوەی (Ojibwa) پیاوان چەقۆو دەرزیی و دڕك بە لەشی خۆیاندا دەکەن، بە نێو گۆشتەکانیان رۆدەچێتە خوارێ، بە تایبەت لە شوێنە قووڵەکانی وەك سنگ و ماسولکەکانی دەست... ژنانی هۆزی (Blakfoot)ی هیندییەکان لە کاتی مردنی مێردەکەی یان کوڕەکەی (بەڵام بۆ کچ نا)، یەکێك یاخود چەند پارچەیەك لە گرێی پەنجەکانی خۆی دەقرتێنێت...). لای هەندێك لە گەلان دەربڕینی خەم و پەژارەیی و فرمێسك هەڵڕشتن بە سواخدانی سەروچاو بە تەپاڵە (پاشەڕۆکی گیانداران) بە ئەنجام دەگات. لە ئەفسانەیەکی چینیدا هاتووە، ئافرەتێك مێردەکەی لە لایەن ئیمپراتۆرییەتی چینەوە دەنێردرێت بۆ کاری زۆرەملێ، ئەو کارەش دروستکردنی شورای چینی مەزنە. ئەو پیاوە لە ژێر زەبروزەنگی کاری گران گیان لەدەست دەدات. کاتێك ژنەکەی ئەم هەواڵە

دەبیستێت، لە خەمدا دەست بە گریان دەکات، گریانێك بە بەردەوامی ئەو چەند ساڵەی دوورەپەرێز بووە لە مێردەکەی لە چاوەکانیا فرمێسك دەڕژێتە سەر زەویی، هەرچی کرێکارانی شورای چینە بە بینینی خەمی ئەو ژنە لەگەڵیدا دەگرین، ئەوەندە فرمێسك دەڕژێنن، لافاوێك دروست دەبێت، لافاوی فرمێسك زیاتر لە سێسەد کیلۆمەتری شورای چین لەگەڵ خۆیدا لووش دەدات. لەم چیرۆکەدا فرمێسك سیمبولێکە بۆ تۆڵەسەندنەوە.

گریان و لەخۆدان تەنیا لەم سنوورەدا نەوەستاوەتەوە، لەلای کۆمەڵگای کوردەواریی مەسەلەی لەخۆدان شێوەیەکە بۆ تەعبیرکردن لە خۆشەویستی، بەڵام سەرچاوەی سەرهەڵدانی گریان بە لەخۆدانەوە تا قژڕنین یەکێکە لە شێوازەکان، بە تایبەت لە ناوچە گەرمەکانی کوردستاندا، هەروەها دەموچاو رنین لە رێگای نینۆك و چەپۆکی توند بە سەر روومەت و دەموچاودا، تا دەگاتە حاڵەتی خۆکێشان بەسەر زەویی و سەرکێشان بەدەرو دیواردا، ئەمانە هەر هەموو دەچنە قاڵبی لەخۆدانی رووکەشیی، ناگەنە ئەو حاڵەتەی کە یەکێك لە ئەندامەکانی لەش لەخۆ بکاتەوە، وەك برینی پەنجەو دەست و... هتد. هەروەها لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا لە سنگدان لە شێوەی ((هەی وەی شێرە)) هەیە، کە تێیدا گۆرانیی و سروودی تایبەت بۆ لاواندنەوەی مردووەکە دەوترێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك جار حاڵەتی تریش هەیە، بەڵام زۆر بەکەمیی روو دەدات، ئەویش بریتییە لە خۆکوشتن، بۆ ئەوەی لەگەڵ مردووەکەدا بنێژرێت، ئەمەیان زۆر بە کەمیی روو دەدات و نەشبووە بە شێوەیەك لە رەوشتی کلتووریی.



مەسەلەی لەخۆدان هەمیشە لەلایەن ژنانەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان مومارەسە کراوە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و رەحم و بەزەیی، هەروەها لێدانەکان لە هەندێك کۆمەڵگادا پێویست بووە، بەوەی کەسی شیوەنکار پاشماوەیەك بەجێبێڵێت - واتە پاشماوە وەك بوونی برینێك، نیشانەیەك، لێکردنەوەیەك. لە وڵاتی سودان هەندێك جار لە کەرنەڤاڵی تایبەتدا هەندێك لە کەسانی نزیکی مردوو ژەهرێکی تایبەتیان خواردووەتەوە تا لەگەڵ مردووەکە لە هەمان رۆژدا بنێژرێن، هەندێك دەڵێن ئەم رەوشت و ریتوێڵە رەنگە لە میسرییە کۆنەکانەوە تەشەنەی کردبێت، لە میسری کۆن ئەم شێوە ریتوێڵە باوبووە، کاتی مردنی فیرعەون هەرچی خزمەتکار و کەنیزەی نزیك هەبووە، لەگەڵ ئەودا نێژراون. کەواتە مەرج نییە لێدان تەنیا رووی دەرەکی بگرێت، بگرە زۆرجار گەیشتووەتە رۆحیش، واتە رۆحیش بەشدار بووە لە گێڕانی ئەو کەرنەڤاڵە.

(ساڵی ١٩١٧ فرۆید دەربارەی پێوەندیی نێوان شین و رقلەخۆبوون، تیۆرێك دەنووسێت، بە پێی بۆچوونی فرۆید شین و شیوەن پەرچدانەوەیەکی ئاساییە بەرامبەر بە خەم، بەرامبەر بە ونکردنی شتێکی خۆشەویست، جا ئیتر ئەو شتە مرۆڤ بێت یاخود شتێك بێت)[١٠٦]. فرۆید پێی وایە پێوەندییەك لە نێوان شین و خەم و ماسۆشیزمی میلانخۆلی هەیە، بۆ نموونە لە لای زۆر لە کۆمەڵگاکان ئەم حاڵەتی لەخۆدانە هەیە.

مەسەلەی رق، یاخود ئەوەی فرۆید پێی دەڵێت رقلەخۆبوونەوە، فرۆید ئەم دیاردەیە لە رووی پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ ناوەوەی خودی خۆدا لێکی دەداتەوە، ئەم پێوەندییەی مرۆڤ لەگەڵ دەرەوەی خۆی مەسەلەیەکی

دیکەیە، کاتێك مرۆڤ بۆ کەسێك خۆی بریندار دەکات، یان بۆ کەسێکی تر ئەو ئازارە بەخۆی دەگەیەنێت، ئەمەیان لە دەرەوەی رقبوونەوە لە خودی خۆیەتی. بگرە شێوەیەکە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەرامبەر بەکەسێکی دەرەوەی ناخی خۆی، کە خۆشەویستییەکی تایبەتی بەرامبەر هەیە، ئەم خۆشەویستییە لە ئەنجامی ونبوونی ئەودا پەرچدانەوەی ناخ لای ئەم دروست دەکات.

ئەم دەربڕینی خەم و هاوخەمی و خۆکوشتن لە ناخ و دەرەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەك جیاوازیی هەیە، لە کۆمەڵگایەکەوە تا کۆمەڵگایەك پێوەستە بەو هێزەی کە دەستنیشانی پێوەندییەکانی ئەو خۆشەویستییە دەکات، جیاوازیی پێکهاتەیی کلتوور لەو ریتوێڵەدا رۆڵی گەورە دەگێڕێت، هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لێکدانەوە و ئاکاری خۆی هەیە بۆ دەربڕینی توانا و هێز، کلتوور و بیرکردنەوەی کلتووریی لە ئەنجامی گەشەکردنی پێکهاتەیی و چین و مێژووی ئاینیدا دروست دەبێت، کاریگەرییەکەشی ئەوەندە بەهێزە کە خودی مرۆڤ زۆرجار بەرامبەر بە کاریگەرییەکانی سست و بێدەسەڵاتە، نەك ئەمەش ئەگەر هاتوو مرۆڤ پەیڕەوی ئەو رێباز و داوانەی کە کۆمەڵگا بۆی داناوە، نەکرد، ئەوە رەنگە تووشی شێوەیەك لە رقبوونەوەی بەرامبەر بێت و یان بەرامبەرەکەی بە یەکجاریی رەفزی بکاتەوە، ئەمەش ترسی دابڕین و دوورەپەرێزیی لای مرۆڤ دروست دەکات.

سەرەڕای تیۆرە سایکۆلۆژییەکەی فرۆید دەربارەی دیاردەی لەخۆدان، زۆر لێکدانەوەی تر هەیە، بەڵام لێکدانەوەکانی تر حاڵەتەکانیان لە



پێوەندیی لەگەڵ حاڵەتە سۆسیۆلۆژییەکانەوە لێکدەدرێتەوە و هەندێکیش پێوەستی دەکەن بە حاڵەتی پێوەندیی میتۆلۆژیی و ئایین و بڕوا ئاینییەکانەوە، بەڵام ئەم هەموو پێوەستکردنە چەند هۆکارێك تێیدا بەشداردەبن، ئەو هۆکارانەش بەشداریی لە پێکهێنان و دروستبوونی ئەو دیاردانەدا دەکەن کە مرۆڤ لەخودی خۆیدا هەیەتی. مەسەلەی لەخۆدان و خۆبریندارکردن لەلای هەندێك لە بڕوا میتۆلۆژییەکان بەخشینی رۆحی پاکە بە مردوو لە رێگای کوشتنی ئەو رۆحە رەش و خراپەی کە رێگا لە بونیادنانی خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤدا دەگرێت - لە لای بەشێك و گرووپێکی دیکە مەسەلەی لەخۆدان و خۆبریندارکردن هەوڵە بۆ بونیادنانی شێوەیەك لە پردی پەڕینەوە بۆ ئەو جێگایەی کە پاکیزەیی تێدایە.

کلتووری لەخۆدان و خۆبریندارکردن لە کۆمەڵگاکاندا روویەکی دیکەی هەیە، زیاتر پاپەندە بەو هۆکارە ژیاریی و ئاینیی و سیاسییەی کە کۆمەڵگاکە تێیدا ژیاوە، ژمارەیەکی زۆر لەو حاڵەتانەی کە دەبینرێن، یان بووەتە ئادەت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوە، یا لە پێوەندییەکی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود مێژوویەکە لە پەنگخواردنەوەی ئازارو خەم و ناسۆریی، یان هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو سارێژییانەی کە لە ئەنجامی خۆئازارداندا بەدەست دەکەوێت، یان ئەوەتا هەوڵێکە بۆ دەربڕینی ئەو خەمە پەنگخواردووانەی لە ئەنجامی کۆمەڵێك پێوەندیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مێژووییدا کەڵەکە بوون، هەمیشە پێویستیان بە تەقینەوەیەکە، پێویستیان بە هەڵچوونە، ئەو هەڵچوونەی

هەرچی ئازاری ناخ هەیە لە ڕێگای مەرگی تاقانە و مەرگی خۆشەویست و ئازیزاندا دێنە سەرێ، دەبنە ئەو شەپۆلانەی لە کەنارەکانی خۆشیاندا ئۆقرە ناگرن و دەیانەوێت زیاتر بڕۆن، هەندێك جار ئەو خەمانە ئەوەندە ئازاراوین، هەرچی شت هەیە لەگەڵ خۆیاندا رایدەماڵن، ناهێڵن بۆ ساتێکیش راوەستن. بەڵێ، خووی خۆئازاردان و خۆبریندارکردن و خۆکوشتن، سیفەتی ئەو مرۆڤانەیە لە ئاستی بەنرخترین ئەو کەسەی لەدەستی دەدەن، هەرچی کۆنترۆڵە لەدەستی دەدەن و هەرچی تەمومژ هەیە لە ناخەوە بەرەو دەرەوەی تەوژم دەدەن، جا ئیتر بە هەر شێوازێك بێت، چ شێوازی گریانی بەکوڵ بێت، یان گریانی گڕاویی بێت، یان گریانی هەنسکاویی و فرمێسکڕشتنی بێدەنگیی، ئەم هەموو گریان و شیوەنە دەبنە شێوازێك بۆ تواندنەوەی خەم و ئازارو برینە سەهۆڵاوییەکان، بۆ توانەوەی کێوی ئازار و نەهامەتیی.

لێرەوە دەتوانین بڵێین هەرچی هۆکاری گریان و شیوەن و خوێن هەیە، لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆدەبنەوە، ئەو سێ خاڵەش بریتین لە: ١- پێوەندییەکانی مرۆڤ بە مێژووە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە، هەر لە پێوەندیی خێزانییەوە تا پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی و سایکۆلۆژیی. ٢- مرۆڤ بۆ دەربڕینی ئەو ئازارانەش پێویستی بە بۆنە و هۆکار هەیە تا بتوانێت دەربڕینی بۆ بکات، ئەو بۆنانەش یان لەکاتی مەرگی ئازیزێکدا دەردەکەون، یان لە رووداوێکی دڵتەزێن، یان لە ریتوێڵێکی تایبەتدا. ٣- مرۆڤ لە شێوەکانی دەربڕینی خەمدا پێویستی بە بۆنە هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو بۆنانە تەنیا هۆکاربن بۆ دەربڕینی خەم و



ئازار، بگرە هەندێك جار ئەو بۆنانە دەبنە کەرنەڤاڵێکی ئاینیی و بڕوایی و خۆشەویستی و هەروەها ئەو بۆنانەش خۆیان دەبنە هۆی دروستکردنی خەمەکان.

ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە ئاینییەکان، پەرچدانەوەیان بۆ ئەم خۆئازاردانە هەیە، ئەم شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ جەستەدا بە شێوەیەك لە شێواندنی کاری خوای دەزانن، یان بەوەی دادەنێن کە ئەم ئازاردانەی جەستەو رۆح ناڕازیبوونە بە کردارەکانی خواو پێچەوانەی رەفتارکردنە لەگەڵ خوادا، پەرچدانەوەی ئەو قەدەرانەیە کە خوا لەسەر مرۆڤی داناوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە ئاینییەکانیش باس لە ئارامیی و هێمنیی و تەحەمولکردن دەکەن، بەم پێودانگەش هەرکردارێکی لەم جۆرە کە لەخۆدان و خۆبریندارکردنی تێدا بێت، وا پێویست دەکات مرۆڤ چاو بە هۆکارەکانی دروستبوونی مەسەلەی خۆئازاردانـدا بخشێنێتەوە، هەر بۆیە دەبینین باشترین رەفتاری مرۆڤ، ئەو رەفتارەیە کە تێیدا بەرامبەر بە ئازارە رۆحی و جەستەییەکان راوەستاوە و پێیداگرتووە و هەرگیز سەر بۆ ئەو داوانە نەویی ناکات کە وای لێ دەکەن خۆی لە نائارامیی و تەحەمولکردن لادات.

چ لە ئاینە ئاسمانیی و چ لە ئاینە زەمینییەکاندا بە شێوەیەکی دوورو درێژ باس لە مەسەلەی پەرچدانەوە کراوە، ئەو مرۆڤانەشی ئەم کارە بە شێوەیەکی سلبیی دەکەن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە هێشتا نەگەیشتوونەتە، ئەو ئاستەی بزانن، مرۆڤ چییەو ئەرکی مرۆڤ بەرامبەر بە رووداوەکان چییە. هەروەك چۆن ئایین یاساو رێبازی داناوە بۆ

مومارەسەکردن لەگەڵ هەست و سۆز، هەروەها پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و کلتوورییەکانیش هەندێك ڕێباز و ڕێچکە و شێوازی تایبەتیان بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤ داناوە لەمەڕ شێوەی پەیڕەوکردن و وردبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ هەستەکان، کە ئەمەش بۆ خۆی وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو پێویستییانەی کە شێوەکانی دیکەی پێوەندیی بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنن و داواشی لێ دەکەن کە بزانێت چۆن پێوەندیی لەگەڵ هەموو ئەو دیاردانەدا دەکات، یاخود ئەو پێوەندییانەی وای لێ دەکەن بتوانێت سنوورو ڕێبازی خۆی بزانێت.



## فرمێسکی ڕۆمانسییەت

هەرچەندە تا ئەم ساتەش نەزانراوە تا چ ڕادەیەك مرۆڤ لەژێر کاریگەرییە ڕۆمانسییەکاندا تووشی گریان دەبێت، واتە ئەو کاریگەرییانەی کە دەکەونە خانەی هەستە وردەکانەوە، ئەو هەستانەی زیاد لە پێویست مرۆڤ پێی ناسك دەبێتەوە، بەڵام ڕاستییەك هەیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە کەم تا زۆر لەژێر کاریگەرییە ڕۆمانسییەکاندا بە زۆریی گریان ڕوو دەدات تا لە سایەی ڕووداوەکانی تردا، واتە ئەوەندەی حاڵەتە ڕۆمانسییەکان مرۆڤ دەهێننە گریان، حاڵەتەکانی تر بەو شێوەیە نین حەقیقەتی ڕووداوی ڕۆمانسی ئەو ساتانەن کە مرۆڤ تێیدا بەشداریی لە خولقاندنی هەست و نەست و ناسکبوونەوە و کاریگەرییەکان دەکات، واتە بەشداریی ئەو ساتانە دەکات کە لەمیانەیدا بەشێك لە ساتە هەستیارەکان دەبنە هۆی خولقاندنی حاڵەتی فرمێسکڕشتن، دەبنە هۆی ڕوودانی گریان و گریانی بێدەنگیی. لێرەدا دەتوانین چەند نموونەیەك لە حاڵەتە ڕۆمانسییەکان دیاریی بکەین، وەك: جوودایی و خەزانی وەفاو ئەمەکداریی، یەکلایەنیی خۆشەویستی و یەکمەودایی حەزەکان، هەروەها برینداریی و ساتە ئازاراوییەکانی تێکەڵبوو بە ڕەقیب و دوژمنایەتی و ئەوانەی دەبنە دڕکی نێوان خۆشەویستان و هەروەها خۆشەویستی قووڵی ڕۆمانسییانە بۆ ئافرەت و ژیان و وڵات و هەموو ئەو خۆشەویستییانەی بە قووڵیی لە نێو ناخدا ڕەگیان داکوتاوە.

جا لێرەوە دەتوانین بڵێین حاڵەتی خۆشەویستی شێوەیەکە لە دووبارەبوونەوەی هەستەکان و هەڵگەڕانەوەی حاڵەتەکانی سۆز و سۆزداریی و پەرۆشیی و حەشمەت و خورپەکان بۆ شێوەیەك لە تەنگپێهەڵچنین، بۆ شێوەیەك لە ساتی چاوەڕوان نەکراو، کەواتە مەسەلەی ڕۆمانسییەت لە مەسەلەکانی دەروونی هەستدارییە، واتە پێوەستە بە هەستە ناسکەکانی مرۆڤەوە، ئەم هەستانەش هەر شێوەیەك بن، چ شێوەی پێوەندیی ڕۆمانسی خۆشەویستی یان پێوەندییە هەستیارەکانی مرۆڤ **لەگەڵ سروشت.**

لە مێژووی ڕۆمانسییەتدا بە بارتەقای ئەو دێڕو ئاوازو تێکست و هەستانەی دەربڕبوون، ئەوەندەش فرمێسك ڕژێنراون و حەسرەت و ناڵەش بەشدار بوون لە خولقاندنی ئەو هەموو شتەی پێی دەوترێت گریان و خەم. لە حاڵەتی ڕۆمانسییەتدا گریانەکان پەیامێکن بۆ تەعبیرکردنی ناخ، تەعبیری تر لە پشتیانەوە نییە، شێوازێك نییە بۆ ئامانجێکی شاراوە، بگرە دەربڕینی ئەو هەستانەیە کە کۆنترۆڵ ناکرێن.

لە ڕۆمانسییەت و حاڵەتە ڕۆمانسییەکاندا مرۆڤ بۆ پارچەیەك لە هەست و سۆز دەگۆڕێت، لەو جیهانە دادەبڕێت کە پێی دەگوترێت جیهانی ڕوانینە قووڵەکانی ماتەریالی و مەعنەویی، بەڵکو لە خودێکی پەتیدا دەتوێتەوە، بەو ساتانە دەگۆڕێت کە ساتی بینایی و ساتی ڕوانینی وردن، دەبنە پارچەیەك لە ئاگر و لەگەڵ خودی خۆیاندا دەسووتێن، نەك ئەمەش، بگرە بڕێکی زۆر لە پێوەندییەکان بۆ پێوەندیی ناشێوەیی دەگۆڕێن، ڕۆح لەگەڵ ڕۆحدا بە شاراوەیی دەدوێت، هێماکان دەبنە شێوازی



ناسککردنەوەی هەست، بۆن و ڕەنگ و بەرکەوتن شێوەیەك لە ناسکبوونەوە لە ناخی مرۆڤدا دەخولقێنێت، پێوەندییەکان وردە وردە دەبنە پێوەندیی توانەوە، واتە توانەوە لە حاڵەتە ناشازەکانەوە، ئەو حاڵەتانەی مرۆڤ پێویستێتی بۆ دروستبوونی پێوەندیی.

کەواتە ئەو شێوانەی لە حاڵەتی ڕۆمانسیدا لەگەڵ هەستەکان دەبنە هۆی هێنانەگریانی مرۆڤ، هەر ئەو حاڵەتانەن واش لە مرۆڤ دەکەن هەندێك کات خۆشترین و شادمانترین حاڵەت دروست بکەن، واتە حاڵەتی ڕۆمانسییەتی مرۆڤ حاڵەتی توانەوەیە لە هەردوو ورووژاندنەکان، لە زۆربەی زۆری چیرۆك و بەسەرهاتە ڕۆمانسییەکاندا **مرۆڤ سەرچاوەیە** و لە هەستەکانەوە بوونی خۆی دەدۆزێتەوە، نەك ئەمەش زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە وا لە مرۆڤ دەکەن ناسکبێتەوە، حاڵەتی تایبەتن، کە پرۆسەیەکی ڕۆمانسی گەورەی دەوێت تا ئەو مرۆڤە بگاتە ناسکترین قۆناغی حاڵەتەکە و لە خورپەیەکی تایبەتدا فرمێسکەکانی بڕژێنێت، تا دەگاتە ئەوەی بە قووڵیی بگری یان لە چەپاندنێکی قووڵدا بژی. کەسێك کە لە حاڵەتی ڕۆمانسیدا دەژی، بە چاکیی ئاگاداری حاڵەتەکانی هەستی خۆیەتی، بەڵام ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، کەسێکی ئاشق پێویستی بەوەیە هەمیشە لەگەڵ مەعشوقەکەیدا لە پێوەندییەکی ڕۆحیی نزیکدا بێت (لێرە کە دەڵێین ئاشق و مەعشوق، مەرج نییە ئەو ئەشقە تەنیا لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا ڕوودبدات، ڕەنگە ئەشقی بڕواخوازێ لەگەڵ ئەو شتەی دەیپەرستێت هەر ئەشقێکی ڕۆمانسی بێت)، زۆرجار بێ ئەوەی بزانێت لە پێوەندییە نزیکەکانیدا، هەست- بە دڵتەنگییەکی ئاشقانە دەکات، ئەمەش پێی

دەوترێت توانەوە لە ساتەکانی ئەشقدا، فرمێسك لە چاوانەوە دەڕژێنە سەر زەویی، بەڵام هەندێك جار هەر خودی ئەو چاوانە خۆشیان لە مانای ئەو فرمێسکانە ناگەن، واتە ئاشقێکە سات لەدوای سات بەدووی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت، کە ئایا کەی دەگاتە ئەشقی پەتی و هەمیشەیی و کەی دەگاتە ئەوەی بەشێك بێت لەو ئەشقە رۆحییەی کە دەیبەستێت بە ئاشقەکەیەوە.

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە بەسەرهاتی رۆمانسییەت و مەسەلەی پێوەندیی رۆمانسیدا، پێویستمان بەوە هەیە کە باس لەو بەسەرهاتانە بکەین کە تەواو بەسەرهاتن، نەك ئەوانەی بە قوتابخانەو رێچکەی رۆمانسیزم لە قەڵەم دراون، بگرە بڕێکی زۆر لە رووداوەکان ئەوانەی شێوەی جوڵێنەری هەستەکانن، ئەوانەش بە بەشێك لە رۆمانسییەت دادەنرێن و بەشێکیشن لەو مێژووەی کە پێی دەوترێت رۆمانسییەت، کە هەوڵ دەدەم باس لە چەند نموونەیەك بکەم کە تێیدا فرمێسك ئامادەیە و مەسەلەی گریان و خەم و پەژارە بەشێك لە پێکهاتنەکانیان پێکدێنێت.

لە بەسەرهاتە ئەشقییەکاندا پێوەندیی خۆشەویستی سەرەتایەکە بۆ بونیادنانی ئەو هێزەی کە لە گریان و پێکەنین بەهێزترە، کەسیش تێناگات ئەو هێزانە چین لە پشتەوەی ئەم بەسەرهاتانەدا هەن. پێوەندیی خۆشەویستی لە چیرۆکە هەمەچەشنەکانی ئەشقدا بەوە دەست پێ دەکات کە پێوەندییەك بەرپادەبێت، پێوەندییەك شوراکانی نێوان مرۆڤ لە شێوەی هێزێکی دەروونیی مەزندا رەنگ دەداتەوە، کاتێکیش مرۆڤی ئاشق ئامادەیە هەموو شتێك لە پێناوی بەدیهێنانی ئەشقەکەیدا ئەنجام بدات،



گەر هاتوو مرۆڤ نەیتوانی ئەو پەیامەی کە خۆی لە پێناودا خستووەتە سەر لەپی دەست، بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەوا تووشی نائومێدییەك دەبێت، ئەو نائومێدییە لە بابەتی ئەشقی رۆمانسیدا بۆ شێوەیەك لە پەرۆشیی و دڵتەنگیی دەگۆڕێت تا دەگاتە گریان و شیوەن، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە حاڵەتی رۆمانسیدا دڵی وەك پەپوولە ناسك دەبێتەوە، کاتێك مرۆڤ ئاشق دەبێت، سنووری نێوان گریان و پێکەنین لە باڵی پەپوولە ناسکترە، ئەو وەکو چرا دەسووتێت و لەبەردەم سۆزی ئەویندا ئەو هەوایە هەڵدەمژێت کە لەوپەڕی سنوورەکانی خۆشەویستییەوە هەڵ دەکەن، مەسەلەی گریان لە زۆربەی بەسەرهاتە رۆمانسییەکاندا نەخراوەتە روو، بەڵام ئەو حەقیقەتە هەیە کە گریان هەمیشە شانبەشانی رووداوە رۆمانسییەکان بووە، بە بست لێی جوودا نەبووەتەوە، ئەمەش بەشێکە لە حاڵەتی تایبەتی رۆمانسییەت. ئە گەر لە چیرۆکێکی واقیعی یان خەیاڵی چاومان بە رووداوێکی ئەشقئامێز دەکەوێت، یەکسەرە هەست بە گریانەکانی دەکەین، کاتێك کە بۆ چیرۆکە رۆمانسسییەکانی مێژووش بگەڕێینەوە، ئەو حاڵەتانە دەبینین کە پێی دەوترێت خەم و ئازار و گریان. لە نێو دووتوێی توێشەبەرەکەیاندا پڕن لە خەمی زەرد و سوور و رەش بەهای خەمیان لەوێدا ناشتووە کە پێی دەوترێت گریان، ئەوان لە هەر خورپەیەکدا دڵ ناسکن و تەماشای رێ قافڵەی فرمێسکەکانیان دەکەن و بەو هیوایەی ئەو فرمێسکانە لە ناکاو هێورییەك بە گیانیان ببەخشێت و خاویان دەکاتەوە.

لە بەسەرهاتی ئەشقدا، سنوورەکان دەستنیشان نەکراون، شتێك نییە پێی بوترێت هەستی پەتی، واتە هەستی پەتی لە نێو بۆتەقەی یەك

هەستی موتڵەقدا ناتوێتەوە، هەستی ناسك ئەو كاتانە دەبنە پەتی، كاتێك كە ببنە ورووژێنەری هەموو گیان و ببنە بایەك و لە هەموو گیاندا هەڵكەن. ئەگەر لە چیرۆكە ئەشقییە كلاسیكییەكانی وەك **كیلۆپاترا وقەیسەر، شیرین و فەرهاد، رۆمیۆوجولیێت، لەیلاو مەجنوون** و... تاد وردبینەوە، دەبینین چەند خاڵێكی هاوبەش هەن هەر هەموویان پێكەوە كۆدەكاتەوە، چەند خاڵێك هەن لە نێوانیاندا بەشدارن. ئەو حاڵەتە تراژیدییانەی كە وەك شەپۆلی ئاو و بە پێی رووداوەكان دەردەكەون و ون دەبن تا لە كۆتاییدا بە مەزنترین شێوەی دڵتەنگیی و خەم و ناسۆریی ئاشنادەبین، كە ئەمەش كەم تا زۆر لە شێوەی گریان و فرمێسكڕشتن و ناسۆرییدا دەردەكەوێت، مەسەلەی ئامادەبوونی فرمێسك لە چیرۆكە ئەشقییەكاندا وەك شێوەیەك بۆ زیندوویێتی و مانەوەی ئەو چیرۆكانە بەكاردەهێنرێت، هێزی ئەو چیرۆكانە تەنیا لە مانای رژاندنی فرمێسكدا نییە، بگرە فرمێسك شێوازێكە بۆ قووڵكردنەوەی حاڵەتی ئەشقەكان و لەهەمان كاتدا فرمێسك مێژوویەك دەبەخشێت بەو رووداوە لە رووی راستگۆیی و راستەقینەیی ئەو حاڵەتە، نەك ئەمەش فرمێسك و گریان هێمایەكە بۆ بوونی پێوەندییەكی قووڵ. لێرەدا فرمێسك شێوازێكە بۆ وردبوونەوە لە رووداوەكان، هەوڵ دەدات ئەو تەنیاییانە وردكاتەوە كە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر گریان، لە زرۆربەی زۆری ئەو چیرۆكانە باس لە ئاشقبوونی لەپڕ دەكەن و لەو میانەشدا كەسانێك هەن بۆ باڵاكردنی خەمەكان دەبنە رێگر و ئەو خۆشەویستییە بەرە و مەودایەكی دیكە دەبەن، واتە بەرەو ئەوەی دەبەن كە پێوەندییەكان یان ئەوەتا



بتوێتەوە، یان بەرەو ململانێ بڕوات، كاتێك ژیان و خۆشەویستی بەڕووی ململانێدا بشكێتەوە، ئەو كاتە مەوداكانی بیركردنەوە و بڕیاردان تەسلیمی سۆز و سۆزداریی دەبێت، بەناچاریی بە شێوەیەكی تراژیدیی كۆتاییەكان دەگەنە ئاستی خۆیان، هەمیشەش وا لە مرۆڤ و كەسەكان دەكەن كە لە كەرنەڤاڵێكی پڕ فرمێسكاوییدا بژین و لەگەڵ كاروانی رووداوەكاندا بەردەوامیی بە كۆچی خۆیان بدەن.

لەبەر ئەمە هێزو توانای مەزنی ئەو رووداوە رۆمانسییانە، تەنیا لە فرمێسكدا نییە، هەروەها فرمێسك هەوڵێكە بۆ ورياكردنەوەی گوێگر و بۆ بەخشینی زیندوویێتی، بەڵام لەپاڵ ئەمانەشدا فرمێسك هەوڵێكە بۆ تۆماركردن، نەك تۆماركردنی رووداو و بەسەرهات، بگرە تۆماركردنی كەسەكان لە نێو مێژووی خۆیاندا لە نێو پێستی خۆیاندا، هەموو یەكێك لە ئێمە دەتوانێت لە فرمێسكی كەسێكی مەزندا مێژوو بخوێنێتەوە، كاتێك فەرهاد ئەو هەموو مێژووەی كونكردنی كێوی بێستوون دەگرێتە كۆڵ، لەبەردەم ئەو هەموو تەمەن و ئازارەدا فرمێسك لە چاویدا نایەتە خوارێ، بگرە ئەوەی فرمێسكی لا دروست دەكات، ئەو هەواڵە جەرگبڕانەن كە رەقیبەكان و دڕكەكان لەبارەی شیرینەوە بۆ دەهێنن. مەزنی فرمێسك لە خوێندنەوەی كەسێتیدا مێژوو دەیگێڕێتەوە، ئەوەی چاو ببڕێتە مێژوو، گەلێك نموونەی مەزن دەبینێت كە دەربڕینە بۆ خوێندنەوەی كەسێتی مرۆڤ، خودی ئەو بەسەرهاتە رۆمانسییانەش ئەوەندەی رووداوەكان مێژوو دروست دەكەن، ئەوەندەش تاكەكان لە دروستكردنیدا بەشدار دەبن.

بۆیە جێگای خۆیەتی بپرسین، ئایا هەموو بەسەرهاتێکی ئەشقی بەرەو حاڵەتی گریان و فرمێسکڕشتن دەڕوات، بێگومان مەرج نییە، بەڵام ئەم حاڵەتە بێ سێ و دوو نابێتە هۆی توانەوەی هەست و ناسکێتی و کاریگەریی. لە چیرۆکە رۆمانسییە هاوچەرخەکاندا جێگای هەست بە رادەیەکی کەمتر دەبینرێت، واتە هەست لە قاڵبی ئاسایی خۆیەوە هەنگاوی بەرەو ئاستێکی دیکە هەڵهێناوە، ئاستێکی پڕ ئاڵۆزترو نزیکبوونەوەی تر. مرۆڤ لەمڕۆدا زیاتر بەرکەوتن و نزیکبوونەوەی هەیە لە رێگای شێوازەکانی پێوەندیی و بەیەکگەیشتن، کە ئەمەش بۆ خۆی یارمەتیدەرێکی گەورەیە لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی حاڵەتەکان و کەمکردنەوەی کەفوکوڵەکان، سیفەتی گریان لە حاڵەتی ئەشقدا سیفەتێکە پێوەستە بە چەپاندنەکانەوە، هەروەها هۆکاری فرمێسکڕشتن هۆکاری دوورکەوتنەوەو دابڕانی هەمیشەییە.

لە شێوە باوەکانی ئەشقی کۆندا، یاخود ئەوەی لە داستان و ئەفسانە ئەشقییەکاندا هاتوون، هەمیشە هۆکاری رژاندنی فرمێسك بۆ یەکتر نەبینینی ئاشقان و لێکدابڕانی هەمیشەییان دەگەڕێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو هۆکارانەی کە لە دەوروبەری هەردوو کەسی ئاشقدا دەسوورێنەوە، رەقیب و جادووگەرو کەسی سێیەم، کە ئەمە بۆ خۆی هۆیەکە بۆ بەتین و تەوژمکردنی ئازاردان تا پلەی بالاو مەزن و قووڵتر، بەڵام لە هەندێك لەو بەسەرهاتە ئەشقییانەدا دیسانەوە کەسانێکی دیکەش بەدی دەکرێن، ئەو کەسانەش لە حاڵەتی غەم و گریان و پەژارەدان، واتە لە حاڵەتی رژاندنی فرمێسکن، زۆرجار ئەو کەسایەتییانە ناتوانن لە هۆکارەکانی بگەن، ئایا



ئەو هۆکارانە پێوەستن بە دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیەوە، یان شێوەیەکە لە خودی هێزی ئەشقەکە.

لە چیرۆك و بەسەرهاتی ئەشقی شیرین و فەرهاد، لەیلاو مەجنوون، رۆمیۆو جولێت، مەم و زین، خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ... هتد، کەسانێك هەن هەمیشە بە پەرۆشن بۆ کەسێکی تر، هەمیشە لە پشتی هەموو ئەو پێوەندییە شێوەیەك لە خەم و ترس ئامادەیە، خەمی تەنیایی و خەمی ئەشق، خەمی دابڕان، خەمی ونبوون، زۆرجار ئەو ئەشقە بووە بە حاڵەتی کۆتاییەکی فرمێسکاویی. هەروەها زۆرجار هەر لە سەرەتای بەسەرهاتەکەوە، فرمێسك رژاوە و مرۆڤ خۆی پێ نەگیراوە تا ئەو راستییانە بەدەرخات کە لە پشت رووداوەکانەوەن، نەك ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە بەسەرهاتەکان باس لە تایبەتمەندیی ئەو ئەشقە دەکەن کە بریتییە لە ئەشقی خەماویی و فرمێسکاویی، ئەمە سەرەڕای تراژیدیەتی هەریەك لەو ئەشقانە کە لە دەرەوەی ئاشقەکانەوە مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیان کردووە، لە دەرەوەی تواناکانەوە تەعبیریان لە گریانە سستەکان کردووە، ئەو چیرۆکی ئەشقانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بریتین لە بەسەرهاتی کۆمەڵگایەك کە رۆح تێیدا بالادەست بووە، واتە کۆمەڵگایەك پڕ لە پێوەندییەکان، بەدەست هێزە سۆزدارییەکانەوە فرمێسکی رشتووە، جارناجارێك ئەو هۆکارانە لە شێوەی دەسەڵاتی سیاسیدابوون، جارناجارێکیش لە شێوەی دەسەڵاتی هۆز و خێڵەکیی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەسەلە سیاسییەکان. قوربانیی مرۆڤ لەپاڵ ئەوەی قوربانییەکی مەوزوعی بووە، هەروەها خودییش بووە، لە زۆربەی

بەسەرهاتەکان قوربانییەکانی ئەشق بریتن لەوانەی بەدەم گڕی ئازارەوە دەسووتێن، واتە خۆخواردنەوە و توانەوە تا ئەو ساتەی ئەنجامێکیان دەبێت، لە چیرۆکی شیرین و فەرهاددا کە خودی فەرهاد سەرەڕای ئەوەی قوربانیی ئەشق بووە، قوربانیی دەستی دەسەڵاتە سیاسییەکانیش بووە، فەرهاد هێزی خۆی وێرانکردووە و شیرینیش بە فرمێسکەکانی تەعبیری لەو ژانە سەرکەشیانە کردووە کە لە قووڵنگەکەی فەرهادەوە هەڵقوڵاون، فەرهاد و شیرین گەر دوو سیمبوول بن بۆ قوربانیی، ئەوا خودی رووداوەکە هەر هەموو رووداوی خەم و خەمباریی و فرمێسکە، ئەم بەسەرهاتە تەعبیرێکە بۆ دووبارەبوونەوەی ئازاری مرۆڤ، سەرسەختیی مرۆڤە لەگەڵ ئازار و ژان و فرمێسك، راستە کە رۆمانسییەتی ئەم چیرۆکە لە ئاراری دڵدارێدا خۆی وێنا دەکا، بەڵام سەرسەختییە بەرامبەر بە فرمێسك و ژان. لە چیرۆکێکی دیکەی هەمان شێوە فۆرم و هەمان میلۆدی، کە ئەویش چیرۆکی خەج و سیامەندە، دیسان لێرەشدا پێوەندییەك هەیە، کە ئەویش پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەو خەمەی کە سەرتاسەری گوند و چیاکان دەگرێتەوە، ئەو خەمەی دیسان باس لە پێوەندییەك دەکات کە لە دەرەوەی خودی ئاشقەکانەوە دڵیان پڕ لە فرمێسك دەکات و کەس ناتوانێت لەو فرمێسکانەش بگات تەنیا ئاشق خۆی نەبێت، کەس نازانێت ئازاری ئەو هەموو چاوەڕوانییە چییە، ئاشق نەبێت، سەرەڕای ئەوەی ئاشق لە حاڵەتی بەپەرۆشیی لێوی مەعشوقەکەیەتی، بەڵام لە نزیکەوە دەبینێت چۆن ئەو ئازارانە لە چاوەکانیدا رەنگ دەدەنەوە. ئەو ئاشقانە هەر خۆیان مێژوویەکن لە گریان،



ئەو ئیشقانەی باسمانکردن، بەسەرهاتی گریانە مەزنەکانی مرۆڤە لە شێوەی پەرۆشیی و حەشمەت و تامەزرۆییدا دەنگی داوەتەوە.

کەواتە فرمێسك لە مێژووی هەموو چیرۆکە رەسەنەکانی ئەشقدا، وەڵامی ئەو پرسیارانە بووە کە تەنیا لە دڵی مرۆڤە هەستیارەکاندا ئامادەبووە و لە ئەنجامیشدا هەر ئەو پرسیارانە چاوی پرسیارکەرەکانی پڕ لە فرمێسکی سوێری خەم کردووە. ئەشق و فرمێسکەکانی ئەشق لە نێو خوێناویترین رووداوی مێژوویدا ئامادەبوون، تەنانەت لە نێو ئەو بڕە ژمارە زۆرانەی جەنگی خوێناویی تەروادە و مەملەکەتی میسری کۆن و جەنگەکانی ئەسکەندەریشدا حاڵەتی فرمێسك و رۆمانسییەتی رووداوەکان ئامادەی هەبووەو هەمیشەش چاوەکانی مرۆڤی پڕ لە فرمێسك کردووە، کە ئازاری ئەو گریانانە بۆ مرۆڤی گوێگر، لە بڕینی شمشێرە تیژەکان بە ئازارتربووە، بۆیە بوونەتە هێمایەك بۆ خەمی قووڵ، هەر بەم پێیە دەتوانین بڵێین مێژووی پڕ رۆمانسییەت مێژووی فرمێسك بووە. دەکرێت بوترێت ئەشقی راستەقینەی ئەو هەموو دەرگایانەی کە بە کلۆمی خەم داخراون، تەنیا بە فرمێسکەکان کراونەتەوە، لە مێژووی ئەشقەکاندا تەنیا هەنسك دەبینین، تەنیا ئەو هەنسکە کپانە دەبینین لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر تامەکەی جیاواز بووە.

سەرەڕای ئەشق، لە مەسەلە رۆمانسییەکانی دیکەی وەك خۆشەویستی سادە و ساکاری نێوان مرۆڤیش شێوەیەك لە گریان و فرمێسك دەبینرێت، کە ئەمەیان تا رادەیەك پێوەندیی بە مەسەلەی دوور و نزیکیی و گەرموگوڕیی و سۆزەوە هەیە، ساتەکانی گریان و خەم و دڵتەنگیش لە

پێوەندییە مرۆییەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتریدا دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستەکان، ژمارەیەکی زۆر لەو پێوەندییە مرۆییانەی نێوان مرۆڤ وەکو هاوڕێیەتی و هاونیشتمانیی، هۆکارێکن بۆ پەیدابوونی هەستی بەهێز و پێوەندیی رۆحیی، ئەمەش دەبێتە هۆی شێوەیەك لە نزیکبوونەوە و خۆشەویستی و ئەشق، لە کاتی روودانی شێوەیەك لە نەبووون و کەمبوونی سۆز و پێوەندیی و یەکترلەئامێزگرتن، مرۆڤ هەست بە نامۆیی دەکات، هەست بە نامۆییکردن پاڵپێوەنەرێکە بۆ جولاندنەوەی هەستەکان، هەستی تەنیایی و بێسۆزیی، کە ئەمەش دەرگایەك بەڕووی وروژاندندا دەکاتەوە، وروژاندنی رۆحیی، وەك گریان و فرمێسکڕشتن، حاڵەتی رۆمانسییەتیش هاوتەبایە لەگەڵ ئەم هەستکردنە.

لەدەستدان سیمای سەرەکی باری رۆمانسییە، لەدەستدانی خۆشەویست دەرگا بە رووی هەموو شێوە سۆزەکان دەکاتەوە، کاتێك مرۆڤ خۆشەویستێکی لەدەست دەچێت، تاقە رێگایەك خەمە بۆ بیرکردنەوە، کاتێك مرۆڤ خۆشەویستی دەکات، پەژارە و تەوژمی حەز هەمیشە بەرەو ئەوەی دەبات لە ناخی خۆیدا خۆشەویستەکەی بدۆزێتەوە، ئەم گەڕانەش لە ناخەوە یان خۆشییەکی هەمیشەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە لە ناخۆشیی دووری دەخاتەوە، یان دەیخاتە نێو گێژاوی بیرکردنەوە و هەناسەساردیی و پەرۆشیی و حەسرەتەوە، مرۆڤی ئاشق کە خەمی دەبێت، دەبێتە پارچەیەك هەست و سۆز، دڵی لە خەما دەبێتە یەك پارچە فرمێسك و لە چاویا دەکا عبوور، ئێمە ئینکاریی ئەوە ناکەین کە ئەو فرمێسکە پابەندە بەتوانا و



هەستی کەسی ئاشقەوە، واتە تا چ رادەیەك ئەو ئاشقە بە تەحەموولە و تا چ رادەیەك راستییەکان بەرامبەر ئازارەکان گوێنەدەرە.

دەستبەسەرداگرتنی پێوەندییەکان لە ساتی رووداوی رۆمانسیدا وا دەکات کە سۆز بڕیاردەری مرۆڤ بێت، هەندێك سات رووداوەکان گریان لای مرۆڤ دروست دەکەن و هەندێك جاریش مرۆڤ گریان بۆ رووداوەکان دروست دەکات، ئاشکرایە کە هەموو بارێکی دەروونیی لە ونبوونی ئەو پێوەندییەدایە، فرمێسك هۆکارێکی مەزنە بۆ دەربڕین لە راستگۆیی ئەو پێوەندییانە، لەحاڵەتە ناخۆش و دڵتەزێنەکان مرۆڤ پێویستی بەو فرمێسکە هەیە بۆ ئەوەی بۆ یەکتری بسەلمێنن، کەسانێکن بە هانای یەکترەوە دێن.

ئەم شێوە پێوەندییانە لە کۆمەڵگایەك و سیستمێك بۆ سیستمێکی تر جیاوازیی هەیەو هەریەکەشیان بەشێوەیەك تەماشای پێوەندییەکان دەکەن، هەر کۆمەڵگایەك روانینی بۆ ئەو فرمێسکی پێوەندیی خۆشەویستی و هاوڕێیەتییە جیاوازە، سەرەڕای ئەمەش زۆر لە کۆمەڵگاکان لەسەر ئەوە رێکن کە ئەم پێوەندییانە پێویستن، بەڵام لە کۆمەڵگا فرە پیشەسازییەکان رۆڵی فرمێسك کەم دەبێتەوە، لەو کۆمەڵگایانەی کە رۆڵی رۆح کەمترە، جێگایەك بۆ فرمێسك نییە، فرمێسك لەو کۆمەڵگایانە حەقیقەتی خۆی لەدەست دەدات، مرۆڤ بەهەموو پێویستییەکانەوە پێویستی بەو فرمێسکە هەیە، لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی وەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەی ئەو پیاوانەی دەگرین، زۆر بەرزترە لە ژمارەی ژنان، کەواتە گریان هەندێك

کات سیمبولێکە بۆ پێوەست و نزیکبوونەوە لە یەکتری، بەڵام گرنگی نەدان بە کەسی گریاو لە پێوەندییە مرۆییەکاندا بە کارێکی سەیر و نائاسایی دادەنرێت، ئەم کارە لە حاڵەتی منداڵدا جیاوازە وەك لە حاڵەتی گەورە و مرۆڤی هۆشداردا، هەندێك کلتوور هەن گرنگی بە گریانی گەورە نادەن و بە شتێکی نائاسایی لەقەڵەم دەدەن، لەهەندێك کلتووری تردا گریانی منداڵ پشتگوێ دەخەن هەر بۆنموونە تۆم لوتز دەڵێت: ((لە هەندێك کلتووردا گریان بە پشتگوێخستن بێدەنگ کراوە و کۆتایی پێ هێنراوە. لای کوردەکانی تورکیاو ئێران و لای کۆجییەکان لە کۆلۆمبیا، باوك و دایکان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ منداڵەکانیان جێ دەهێڵن تا بگرین بێ ئەوەی گرنگییەکیان پێ بدەن)) [١٠٧].

بۆیە لێرەدا وەك لەسەرەوە هەندێك نموونەی ئەشق و خۆشەویستیمان لەمەڕ مەسەلەی ڕۆمانسی باسکرد، بەڵام هەندێك نموونەی دیکەش هەن بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، ڕووداوی مەزنن و لە مەسەلە گرنگەکانی ژیاندا بەشدارن، زۆر نموونەی دیکەی ڕۆمانسی هەیە هیچیان لەو ڕووداوە مێژووییانە کەمتر نییە کە تۆمارکراون، بەڵام ئەوەیە ئەم ڕووداوانە بە تۆمارنەکراویی ماونەتەوە و بڕێکی زۆریشیان هەروا بە شێوەیەکی نەزانراو زار بەزار ڕۆیشتوون. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەشق پرسیارێکە بۆ ئەو هەموو ئازارانەی مرۆڤ پێویستێتی.

لە دەرەوەی بارە ڕۆمانسییەکانی ئەشق، کۆمەڵێك باری ڕۆمانسیی خێزانیی هەن، وەك منداڵێك کاتێك کە کەسێکی خۆی لە دەست دەدات، منداڵێك ئەشقی باوك و دایك و خێزانی لە دەست دەدات و بێناز گەورە



دەبێت، منداڵێك لە تەنیاییدا ژیان بەسەر دەبات، منداڵێك پێوەندییەکان لە چوارچێوەی پێکەوەبووندا دەبینێت، چوارچێوەی پێکەوەبوون دەچێتە دەرەوە.

سەرەڕای ئەمەش هەندێك ژن لە چاوەڕوانیی مێردەکانیان فرمێسك دەڕێژن تا لە جەنگ یان لە ئەسیری یان لە بەندیخانەکان بگەڕێنەوە، ئەو منداڵانەی بەهەمان شێوە لە چاوەڕوانیی باوك و دایك و خۆشەویستەکانیاندا دەژین، چاوەڕوانیش هاودەمە لەگەڵ پێکەوەژیان و جیابوونەوە و بیرکردنەوە لە ڕووداوە گرنگەکانی ژیان، واتە ئەم بەسەرهاتە زیاتر پێکەوەبوونە لە چوارچێوەی پێوەندییەکی ڕۆمانسیی، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، بەرەو ئەو ئاستە بڕوات تا بتوانی سەرچاوەی بوون و هەستی خۆی دیاریی بکات، هەموو کەسێك لە کۆمەڵگادا پێوەستی بە ساتێکی ڕۆمانسییەوە، پێوەستە بە کەسێکەوە، ژن لەگەڵ مێرد، کچ لەگەڵ کوڕ، منداڵ لەگەڵ باوان، مرۆڤ لەگەڵ نیشتمان.

زۆر کەس پێوەندیی مرۆڤ و نیشتمان بە پێوەندییەکی ڕۆمانسیی نازانن، بەڵام پێموایە ئەم پێوەندییە ڕێك پێوەندییەکە هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ پێوەندیی باوکێك بە منداڵەکەیەوە، هەندێك کەس یان هەندێك نیشتماندۆست ئەوەندە هۆگری خاك و نیشتمانن، لە دووریدا تەمەنیان دەبێتە فرمێسك، هەندێك کەس لە دووری نیشتمان گریان و خەم دەبێتە پیشەیان، زۆر لە نووسەرە جیهانییەکان کە دوور لە وڵاتەکەیان بوون، شاکاری تراژیدیی و ڕۆمانسیئامێزیان نووسیوە.

## فرمێسکەکانی دایك

بۆچی دەڵێین دایك و چ پێوەندییەك لە نێوان دایك و فرمێسکدا هەیە، ئایا دایك ئەو پێوەندییە بەرفراوانەیە کە دەبێت تەنیا لە چوارچێوەی هەستەکاندا باس بکرێت. ئەوە پێوەندییانەی کە فرمێسکی دایکی تیدا رژاوە، بابەتگەلی زۆر لە نووسین و داهێنانە مەزنەکانی مرۆڤن، دایك دەیزانێت رۆح رووی لە کوێوە و بەرەو کوێ دەچێت، لای دایك تووڕەیی دەبێت بە بەزەیی، دەستەکانی گەرموگوڕ لاواندنەوەی ژیانیان لێ دەبارێت. کە دەڵێین دایك تەنیا واتای رۆڵە و جگەرگۆشەکەی ناگەیەنێت، بگرە دایك بە مانای هەست و سۆز، دایك بە مانای پێوەندییەکانی جەنگ و ماڵوێرانیی، بە مانای ئەو هەموو چاوەڕوانییەی کە ئەو بۆ گەورەکردن و پێگەیاندنی خێزان هەیەتی، هەموو فرمێسکەکان بە دەوری فرمێسکی دایکدا دەخولێنەوە.

دایك سەرەڕای ئەوەی جیهانێکە لە شادمانیی و پێکەنین جیهانێکیشە لەگریان و سۆز و بەزەیی بۆ هەموو شتە جوانەکان، ئەو بۆ پێکەنین و گریانی جگەرگۆشەکەی دەگری، بۆ ئازار و خەم و خۆشیی و داماوییەکان، بۆ هەموو ئەو ساتانەی تێیدا هەناسە دەدات و پێ دەکەنێت، بۆ ئەو گریانانە دەگری کە تا ئەم ساتە لە نێو فرمێسکەکاندا ئامادەن، بۆ هەموان بۆ مێردەکەی، برای، باوانی،... گریانی دایك سنوورێکی نەبڕاوەیە، دایك دەڵێی باڵندەیەکە و بەسەر شانی رووداوەکانەوەیە و



هەمیشە لە هەڵفڕینە بەسەر خەمەکانەوە، خەمی دایك وەك ئەو باڵندەیەیە کە دەفڕێت و بەسەر هەموو رووداوەکانەوە دەنیشێتەوە، هەموومان قەرزارباری ئەو فرمێسکانەین دایك بۆی هەڵڕشتووین، هەموو قەرزارباری ئەو گریانانەین کە دایك بۆ هەناسەساردیی منداڵەکەی دەڕژێنێت، دایك وەکو سیمبوولێکە بۆ رەحم و بەزەیی و خۆشەویستی و ژان و پەژارەیی، بەردەوام لە ئامادەباشیدایە بۆ دەربڕینی ئەو سۆزو هەستەی هەیەتی، لە ئامادەباشیدایە بۆ وێناکردنی ئەو هەموو ئازارانەی پێوەی دەناڵێت، نەك ئازاری خۆی، بگرە بۆ ئازاری دەوروبەرەکەی، بۆ ئازاری نزیکەکانی.

گریان سات لەدوای سات لەگەڵ دایکدایە و لەگەڵیدا دەژی، گریانی ئەو لە مەرگی تاقانەکەیدا بە بارتەقای هەموو گریانەکانە، بە پێوانەی هەموو ئەو گریانانەیە کە مەبەستێتی، هیچ گریانێك بە ئەندازەی ئەو گریانانە نییە کە مرۆڤ بۆ جگەرگۆشەکەی دەریدەبڕێت، کەواتە دایك بۆ هەموو ساتەکان فرمێسکی پێیە، نەك فرمێسکی تیمساحیی، بگرە فرمێسکی حەقیقی لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت و لە ناخیشەوە گینگڵ دەدات، فرمێسکی ئەو تێکەڵ بەڕووداوەکانی ژیان دەبێت، هەر لەو ساتەوە پێدەکەنێت، چاوەڕوانی گریانە، ئەو دایکەی لە نێوان برژانەکانییەوە سیمبوولی ئازار دەبێتە کانیاو و دێتەخوارێ، هەر ئەو دایکەیە لە ساتێکی پڕ خۆشەویستیدا چاوەڕوانی ئەوەشی هەیە رۆژێك لە رۆژان منداڵەکەی وەك باڵندەیەکی پڕ چالاك لە شەقەی باڵ بدات و لە چاوی ونبێت، دەبێت چاوەڕوان بێت تا ئومێدێکی دیکەی بێتەوە کن. کەواتە

ئەوەی ئەو دەیکات تەنیا بۆ ئەوە نییە ئەرکێك بێت و بەجێی بگەیەنێت و بەس، بگرە ئەو ئەم کارە بۆ ئەوە دەکات تا بزانێت سنوورەکانی بیرکردنەوە و روانینەکانی لە کوێن.

هەر بەسەرهاتێك شێوە فرمێسکێکی پێوە پێوەستە، تۆ ئەگەر چاو بگێڕیت، دەبینی دایکێك لەسەر ئەم زەوییە نییە بێ فرمێسك کاروانی ژیانی خۆی بەڕێ کردبێت، دایك نموونەیەکی هۆش حەپەسێنە، کاتێك دڵ دەخورپێت، مانای ئەوە نییە ترسێك هەیە، کەواتە کاتێك دایك بۆ رۆڵەکەی دەگری، مانای ئەوە نییە رۆڵەکەی لەدەستداوە و ونی کردووە یان شتێکی لێ بەسەر هاتووە، بگرە دایك بەو گریانە مانایەك دەبەخشێتە خۆشەویستییەکەی، مانایەك بەو پێوەندییانە دەبەخشێت کە ئەمیان پێوە پێوەند کردووە، هەر گریانە و دەربڕی رووداوێکە، هەر گریانە و چیرۆك و بەسەرهاتێکی خۆی هەیە، لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات و هەتا کۆتاییش هەر بەردەوام دەبێت، لێرەوە دەست پێ دەکات تا دوا ساتەکانی ژیان بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەو سنوورانەی گریانی تێدا روو دەدات، ئەمانەن: گریان هەیە بۆ دوورکەوتنەوە و مەرگ، بۆ شەهیدبوون و هەڵواسین و کوژران، گریان بۆ ئەو خۆشییانەیە کە سنوورەکەی زیادە و تەحەموول ناکرێت، گریان بۆ هەموو ئەو هەناسانەی بە ساردیی لە رۆحەوە دێنە دەرێ و دەڕژێنە سەر زەویی ئەو گریانانەی سات لە دوای سات مانای نوێ دەبەخشنە ژیان.

کەواتە دایك لەهەر یەك لەو حاڵەتانە دەربڕینێکی هەیە و بە فرمێسکەکانی ئەوەی پێیەتی دەری دەبڕێت، هەروەها هەریەك لە شێوەی



دەربڕینی ئەو گریانانە و فرمێسك هەڵڕشتنەکانی شێوازی خۆی هەیە و هەریەکە و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەخرێتە روو.

فرمێسکەکانی ئەو لە حاڵەتی خورپەی مەرگدا شێوەیەکە لە لاوانەوەی بەردەوام، وچانێکی درێژی هەیە، فرمێسکەکانی کشوماتییەکیان هەیە کەس نازانێت کەی دەبزوون، بە بارتەقای تاوێری چیاکان توانا و هێزی فرمێسکەکانی بڕ دەکەن، لە هەر جێگایەك بەسەرهاتێك شوێنێك بۆخۆیان چێ دەکەن، دایك بە هەر رووداوێك کە بەسەر دەوروبەرەکەی منداڵەکەی بێت، یەکسەر رادەچەنێ و سەرتاپای جەستەی دەبێتە یەك پارچە گڕ و نائارامیی، بێ ئۆقرەیی، لەدەستدانی توانا و هێزی بیرکردنەوە و تەسلیمبوونی یەکجارەکی بە فرمێسك.

فرمێسکی رووداوئامێز، ئەو فرمێسکانەن لەگەڵ هاتنەکایەی بەسەرهاتێك دەردەکەون، ئەو فرمێسکانەن باس لە مێژوویەك دەکەن کە مێژووی پێکەوەژیانێتی لەگەڵ جگەرگۆشەکەی، دایکی کەسێکی کوژراو فرمێسکەکانی جیاوازە لەو دایکەی رۆڵەکەی دوورکەوتووەتەوە، یان لەو دایکەی جگەرگۆشەکەی بێ سەرو شوێنە، یان ئەو دایکەی لە ئاستی سەرەمەرگی ئەو پارچە گۆشتەیە کە سات لە دوای سات لەگەڵیدا دەژی. زۆر لەو سەرچاوانەی کە باس لە نەمان و دوورکەوتنەوەی رۆڵە لەدایك دەکەن، باس لەیەك هەست دەکەن، ئەو هەستەش ئەوەیە کە زۆربەی دایکەکان هەست بەیەك هەستی چوونییەك دەکەن، هەریەکەیان لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێن. دیارە شێوەی دەربڕینی خەم و پەژارە و ناسۆریی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازیی هەیە و کۆمەڵێك

هۆکاری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی فیسیۆلۆژیی رۆڵی خۆیان لە دەستنیشانکردنی هەست و سۆزی دایکدا دەبینن و هەر کەسەو کاراکتەر و شێوەی روانینی بۆ ژیان جیاوازە، بەڵام لە یەك شتدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش پێوەندیی خۆی و جگەرگۆشەکەیەتی، ئەو پێوەندییەی لە هەموو ئان و ساتێکدا ئامادەیە، لە هەر سەردەمێك و مێژوویەك و سەدەیەکدا هەر ئەو پێوەندییە بووە کە تا ئەم ساتەش هەر بەردەوامە.

فرمێسکی دایك لە دەربڕینێکی هەمیشەییدایە، هەمیشە بەشدارە و هەمیشە ئامادەیە و هەندێك سات دایك بێ ئەوەی فرمێسك لە چاوەکانییەوە بڕژێت، دەتوانێت بگری، ئەو گریانەی لە شێوەی روانین و واقوڕمان و حەپەساندا دەردەکەوێت، لە هەموو ئەو سەرەتایانەی کە باس لە واقوڕمان دەکەن، واقوڕمانی ئەو دایکەی کە نازانێت چۆن خەمەکانی خۆی بنوێنێت، واقوڕمانێك و حەپەسانێکی بێ وێنەیە، ئەمەش لە کاتێکدا دەتوانرێت دەستنیشانی قووڵایی واقوڕمانەکە بکرێت، ئەگەر هاتوو ئەو ساتەی حاڵەتەکە روو دەدات پێوەندیی بە چ جۆرە رووداوێکەوە هەیە، ئایا ئەو کاتەی حاڵەتەکە روو دەدات هەواڵێکی دڵتەزێنی پێ دەگات، یان مژدەیەکی خۆش یان ونبوونێکی لەپڕ و نەمانی جگەرگۆشەکەی لەبەردەم چاویدا، بەڵام تەعبیری ئەم رووداوانە لە رووخساردا و لە فرمێسکیشدا رەنگ دەداتەوە، سات هەیە هەنسکەکان لەوپەڕی خەمدا دەبنە پێکەنین. بۆ نموونە لە لای هەندێك لە هۆزە ئەفریقاییەکان کاتێك منداڵێکیان دەمرێت، دایکی ئەو منداڵە ئەفریقاییە هەڵهەلەی بۆ لێ دەدات و سەمای بۆ دەکات، لای هەندێکی



دیکەش لەخۆدان و گریان و شیوەن لەلای هەندێکی تر فرمێسکێکی بە ئەسپایی لە چاوەکانییەوە دێتە خوارێ، گرووپی دیکەش هەن بە لەخۆدان دڵتەنگییەکەیان دەردەبڕن.

دایك هەموو ساتێك لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە بۆ گریان، هەموو ساتێك لای ئەو ساتانەیە کە نازانێت چ ساتێکە، بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت کە دایك جیهانێکی تراژیدیائامێزە، بەڵام هەشن دەشڵێن یەکەمین گریانی دایك گریانی حەوا بوو، کاتێك کوڕەکانی کەوتنە وێزەی یەکتری و مەرگی یەکەمین کووشتنیان بەرپاکرد، مریەم کاتێك لاشەبریندارەکەی مەسیحی بەدەستی بکوژەکانییەوە دەبینی، هۆن هۆن فرمێسك لە چاوەکانییەوە هاتەخوارێ، گریانی ئەو دایکانانەی رۆڵەکانیان لە جەنگە یەك لەدوای یەکەکاندا بەلادا دەهاتن، فرمێسکی دایکەکانی گریك، بابل، ئاشوورییەکان، رۆم، کلدانی، ئەرمەن، کورد و جووەکان... هتد، هەر هەمان ئەو دایکانەی ئەم سەردەمەن کە تێیدا سات لەدوای سات رۆڵەکانیان دەکرێتە سووتەمەنیی جەنگ و ماڵوێرانیی و جەنگە ناوخۆییەکان، ئەم سەدەیەی گریان زێدەتر دایکەکان دێنێتە گریان، ئەم سەدەیە لەگەڵ خۆیدا دەیان فرمێسك دێنێتە بەرهەم، دایکانی ئەم سەردەمە لە گریانەکانیاندا لە دایکەکانی جاران جیاوازن، جاران مرۆڤ دەگریا و لەگەڵ گریانەکانیدا ئەو یادگارییانە دەچوونە ژێر گڵەوە و هیچ شتێکی دیکە نەبوو بەیادیان بێنێتەوە، تەنیا ئەو یادگارییانەی جارناجارێك بە پێش چاویاندا دەهاتن و دەچوون، بەڵام ئێستا گریانی ئەم سەدەیەی دایکەکان سات لەدوای سات دەکولێتەوە و نوێ دەبێتەوە،

ئەمەش لە ڕێگای ئەو وێنە فۆتۆگرافییانەی لەبەرچاویانە و لە ڕێگای فیلم و وێنەی فیدیۆو سینەماو دەنگی تۆمارکراو و وێنەی سەردیوار و ئەو هەموو بەرهەمانەی لە پاش خۆیان بەجێیان دێڵن، وەکو: جلوبەرگ، شوێنەوار و پێوەندییە هەمەچەشنەکان.

سەرەڕای ئەوانەش، دایکی ئەمڕۆ لە هەموو دیمەنێکدا زیاتر ڕۆڵەکەی وەبیردێتەوە، لەگەڵ هەر دیمەنێکدا زیدەتر بەنێو یادگارییەکانیدا قووڵ دەبێتەوە، دایکی ئەمڕۆ بە دەست ئەو هەموو ئازارەوە دەتلێتەوە، لە هەندێك ڕووداوی سەیرسەیری سیاسییدا کۆمەڵێك هۆکاری دیکە هەن زیدەتر برینەکانی دەکولێننەوە، شێوازەکانی پەلکێشکردن و ڕاگواستنی منداڵەکانی لەلایەن ڕژێمە سیاسییەکانەوە، ئەمڕۆ ململانێی و بزووتنەوە و ڕێکخراوە سەربازیی و تیرۆریستییەکان زیاتر دەبنە هۆکاری جەرگسووتانی دایکان و بازرگانانی جەنگیش وا دەکەن ماشێنی کوشتن و برین و خوێن زیدەتر برینەکانی دایك بکولێننەوە و زیدەتر ماڵوێرانیی و قوربانیی مرۆیی بکەوێتەوە. ئەو دایکانەی ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێك زیاتر دەکەونە بەر ژان و ئازار چەشتن، نەك لەبەر خۆیان بگرە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤ و پێوەندییەکان دەشێوێنن.

ئەو دایکانەی کە ناگرین، کەمن، بۆیە دایکێك نابینرێت لە ئاستی جگەرگۆشەکەی فرمێسکی وشك بوویێت، ئەگەر تەماشای دایکی واقیعی بکەین، لە دایکە خەیاڵییەکان زیدەترن کە گریاون، کەم تا زۆر گریانی دایك مانایەکە بۆ هێوربوونەوە، گریانێکە بۆ بەخشین و مانا، گریانی بێ



هۆ نییە، لە پشت هەرهۆیەکەوە، گریانێکی گەورە هەیە، زۆرترین ئەو گریانانەی کە کاریگەرییان لەسەر نووسەران و هونەرمەندان و داهێنەران بەجێهێشتووە، ئەوانەن کە لە چاوی ئەو ئافرەتانە هاتوونەتە خوارێ کە لە چاوەڕوانی منداڵەکانیان و لەسەر تەرم و بەدیار مەرگی منداڵەکانیانەوە گریاون، کێ بێت فرمێسکی ئەو دایکە ئەفریقاییەی نەبینیبێت، کە بەدیار منداڵە برسییەکەیەوە دەستەوئەژنۆ و چاوەڕوانی مەرگی دەکات، یان ئەو دایکەی تەرمی حەوتەمین کوڕی کوژراوی بۆ دەهێننەوە، یان فرمێسك و هەنسکی ئەو دایکە کوردانەی لە کوردستانەکان بە چاوی خۆیان گوللەبارانکردنی کوڕەکانی خۆیان بە دەستی جەللادەکانیان بینیبێت، فرمێسکی ئەو دایکەی لە نێو گڵ و سەوزایی سەرایڤۆدا بەدووی ناونیشانێکی کوڕە ونبووەکەیدا دەگەڕێت، ئەمانەو گەلێك نموونەی دیکەی قووڵ، کە ناتوانین ئاماژە بە هەر هەموویان بکەین، بەڵام لە کونوقوژبن و کەلاوەکانی مێژوودا بە دەگمەن چاوی دایکی بریندار دەبینین کە فرمێسکی تێدا نەڕژابێت.

لەو هەموو تراژیدیا و تامەزرۆیی و نەهامەتییەدا هێشتا دایك بڕوای بە ژیانێکی بێ فرمێسك هەیە، بڕوای بەو ئەستێرانە هەیە کە لە ئاسمانی خۆشەویستی و نەهامەتیدا، بەسەر گریانی شەواندا هەڵ دەکەن، بڕوای بە گەڕانەوە و زیندووبوونەوەی ڕۆڵەکەی هەیە، مەزنیی فرمێسکی دایك، مەزنیی هێزی تەحەمولکردنێتی، مەزنیی دڵێتی، بۆیە دایك کە دەگری، بۆ ژیان دەگری، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بەدەستی خۆی گریانەکان دروست دەکات، نەخێر، ئەوە هێزێکە سروشتی، پێوەندیی بە

کۆمەڵێك هۆکاری گەورەوە هەیە، هەر لە پێکهاتە سۆسیۆلۆژییەکانەوە تا دەگاتە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پێوەندییانەی کە وا لە مرۆڤ دەکەن، کەم تا زۆر ببێتە سەرچاوەیەك بۆ پێکهێنانی هەموو ئەوانەی من و تۆو ئەو دروست دەکەن، ئەو هێزانەی کە لە ناخیدا پێوەندیی دەچێنن.

بۆیە جێگای خۆیەتی ئەم پرسیارە لەخۆ بکەین، ئایا گریانی دایك گریانی پێوەندییەکانە، یاخود گریانی هەموو ئەو هەستانەیە کە ناتوانن لە ناخدا بمێننەوە، یان گریانی دایك هەوڵێکە بۆ دەربڕینی ئەو وشانەی کە زار ناتوانێت دەریانبڕێت و لە ئاستی رووداوەکەدا لاڵە، بێگومان هەر هەموو شتێك دەکرێت بۆ گریانی دایك راڤەیەك بێت، بەڵام ئەو راڤەیەش هەیە کە خودی دایك پێویستی بە پێوەندییەکە بۆ هەریەك لەو گریانانەی کە روو دەدەن، هەروەها پێویستی بەو زمانەیە کە پێوەندییەکان دەشێوێنێت دووبارە زیندوویان دەکاتەوە، واتە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە هەموو ساتەکان دەستنیشان بکات، بەڵام دایك پێویستی بە دەستنیشانکردن نییە، پێویستی بە ساتێکە تێیدا هەستەکانی بێنە سەرەوە و بیورووژێنن، پێویستی بەوە هەیە پرسیارەکانی رۆح لە مرۆڤ بکات، پێویستی بەوە هەیە ئامادە بێت، واتە لە نێو رووداوەکەدا ئامادە بێت.



## گریان و رۆشنبیریی

### تابلۆو گریان

**لەم بەشەدا دەمەوێت بەنێو ئەو جیهانەدا قووڵبمەوە کە پێوەستە بە رۆشنبیریی و بەشەکانی هونەر و ئەدەبەوە و کاریگەریی هەردوو لایەنەکە بەسەر یەکترییەوە، گریان بەسەر هونەرو ئەدەبەوە، پاشان کاریگەریی هونەرو ئەدەب بەسەر گریانەوە،** لێرەدا حەقی خۆیەتی ئیستێك لەسەر ئەوە بکەم کە ئایا رۆشنبیران تا چ رادەیەك لە نێو بۆتەی گریاندا سووڕاونەتەوە، تا چ رادەیەك پێوەندییان بە هۆکارەکانی بوون و دابڕان و هەست و سۆزەوە هەبووە و هەیە. رۆشنبیر هەمیشە لە جیهانێکی سۆزدارییدایە و بەردەوام هەستەکانی بە پەلە کارلێککردن لەگەڵ رووداوەکان دەکەن، هەروەها هەستەکانی رۆشنبیر بە هێزەوە بەشداریی لەو رووداوانە دەکەن کە لە دەوروبەردا روودەدەن، واتە ئامادەبوونی لەگەڵ رووداوەکان ئامادەبوونێکی هەستدارییە و زۆربەی کاتەکان رۆڵی تایبەتی خۆی دەگێڕێت، هەروەها دەشتوانێت جیاوازیی لە نێوان بابەتە هەستیارەکان و ناهەستیارەکان دانێت، هونەرمەند لە هەموو بەش و توێژەکانی تری کۆمەڵگا زوو بەر کاریگەرییەکان دەکەوێت و رووداو و دیمەن و سۆزەکان کاری تێ دەکەن، نەك ئەمە، ژمارەیەکی زۆر لەو

رووداوانە دەبنە بەشێك لە ژیانی، کەواتە هەست و سۆزی ئەو، هەست و سۆزێکی تایبەتە، دیارە رووداوە خۆش و دڵتەزێن و خەمبارەکانیش کەم تا زۆر کاری تێ دەکەن و دەبنە هۆی دروستکردنی ساتەکانی پێکەنین و گریان، نەك ئەمەش، زۆر لە رووداوەکان کاریگەریی گەورەیان لەسەر رۆشنبیر دەبێت و داهێنانیان لا دروست دەکا.

رووداوەکان بە هەموو تراژیدیی و کارلێکردنەکانی لەگەڵ هونەرمەنددا ئامادەیە و لەگەڵیدا دەڕوات و رێچکەی خۆی دەبڕێت، لێرەدا بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو هۆکارە دڵتەزێن و خەمانە، دەتوانین لە دوو لایەنەوە تەماشای بکەین، یەکەم: لە لایەنی ناوەکیی و دەرەکیی لەلایەك و لە لایەکی ترەوە، کارلێکردن و کارکردنەسەر. رۆشنبیر بیەوێت و نەیەوێت بوونەوەرێکی هەستیارە، زوو رووداوەکان کاری تێ دەکەن و ئەویش زوو کار لە رووداوەکان دەکات، واتە رۆشنبیر بەردەوام لە کارلێکردنە، ئەگەر وا نەبوایە نەیدەتوانی بەشێك بێت لەو پرۆسەی کارلێکردن و کارکردنەسەرە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە رووداوەکان بەشداریی لە بوون و پێکهاتەی دەکەن، کەواتە ئەوەی هونەرمەند دەتوانێت زووتر هەستی پێ بکات، کەسانێکی تر بە زەحمەت دەتوانن هەستی پێ بکەن، هەروەها ئەوەی هونەرمەند بەرە و کەنارەکانی داهێنان و کردەی رۆشنبیریی دەبات، کەسانێکی تر نابات.

هەندێك لەو کارلێکردنانە دەرەکین و هەندێکیشیان ناوەکیی، گشت پێوەندییەکانێتی بە دەوروبەر و ژیان بریتییە لە کارلێکردنی دەرەکیی، واتە هەموو ئەو پرۆسەیەی کە مرۆڤ لە پونتی پێوەندییەوە بۆ پونتی



داهێنان دەبات، بەڵام پێوەندیی ناوەکیی رۆشنبیر بە خۆیەوە، دەیباتەوە بۆ ناخی خۆی و بیرکردنەوەی خۆی و هەستکردن و بینینی رووداوێك یان بیستن و هەستپێکردن.

رۆشنبیر زۆر خێرا پێویستی بەوە هەیە کە هەستی ببزوێت تا بتوانێت دەربڕینی هەبێت، تا بتوانێت وێنەکانی ژیان بخاتە کارەکانییەوە، بڕێکی زۆر لە هونەرمەندانی سەرەتایی بەوە دەستیان پێ کردووە کە دەربڕی ساتە هەستیارەکانی مرۆڤ بن، هونەری شانۆ، کە باوکی هونەرەکانە، بە تراژیدیا دەستی پێ کردووە، تراژیدیاکانی سۆفۆکلیس، پاشان کتێبی "هونەری شیعر"ی ئەرستۆ، یەکەمین نموونەی رۆشنبیرانە بووە لەسەر بیری تراژیدیا، پاشان ئەم بیرە لە لای زۆر لە شانۆنووسانی وەك شکسپیر سەری هەڵدا و گەیشتە کارەکانی "ئیبسن، سترایندبیرگ، ئۆنێل، میللەر، ولیامز، زۆر لە شاعیری ناسراو هەستان بە نووسینی بابەتی تراژیدیی، بابەتی "ت.ئیس.ئالیوت" هەروەها بڕێکی زۆر لە رۆشنبیران بیری تراژیدیا و دیمەنە خەماوییەکانیان لە رێگەی شانۆوە پێشکەش کرد.

بەڵام پێشتر لە زۆر لە کارە شێوەکارییەکاندا رەنگیدایەوە، بۆ نموونە ئەو وێنانەی بۆ مەرگی مەسیح دروستکران، یان ئەو کارە هونەرییانەی دەربڕی رووداوی دڵتەزێن و کوشتنی فەیلەسووفان بوون، وەك کارەکانی "ژاك لویس داڤید"، کارەکانی بۆ مەرگی سوکرات، یان شێوەکاری فەرەنسایی "چارلس ئەلفۆنس" تابلۆی "مەرگی سوکراتی" کێشاوە، هەروەها شێوەکارانی تری وەك "جاك فیلیپ جۆزیف"و "پییەر پیرۆن" و

چەندان نموونەی تر، کە توانیویانە حاڵەتە خەمئامێزەکانی کوشتنی عەقڵ و عەقڵخوازانی وەك سوکرات و سینیکا وێنە بکێشن.

شێوەکارەکان وەك شانۆخوازان خەریکی دەربڕینی حاڵەتە گریاناوییەکانی ژیانی مرۆڤ بوون، هەروەها پێشتر شاعیرانیش ئەم دیمەنانەیان لە کارەکانی خۆیان وێنا کردووە، ئیلیادە و ئۆدێسەی یۆنانی، مەرگی داریوش و هەرەسی شاری بابل و مەرگی پاشای ماددەکان، کە قەسیدەیەکی درێژی تراژیدیی هەیە لەم بارەیەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەندەها نموونەی دیکە هەن کە لەبەر دەست نەماون، وەك نموونەی مێژوویی.

کەواتە کێشان و وتن و پێشاندان، گەورەترین چێژو خۆشیی لای رۆشنبیر دروستکردووە، بەڵام بۆ تەماشاکەر تراژیدییەکی خەمئامێز بووە، بۆ نموونە دیمەنێکی وێنەیی و مەرگی مرۆڤێك یان کارەساتێك یان حاڵەتێکی پڕ بەزەییانە، هەروەها ئەو رووداوانەی کە دەبیسترێن وەکو گێڕانەوەی چارەڕەشیی و نەگبەتیی مرۆڤی یان بیستنی رووداوێکی دڵتەزێن، کە ئەمەش راستەوخۆ حاڵەتە هەستیارەکەی دەورووژێنێت، هەریەکە بە شێوەیەك دەریدەبڕێت، یان لە شێوەی نووسین یان مۆسیقا یان تابلۆو وێنەکێشان، یان ئەوەتا هەستێکی قووڵی لادروست دەکات، ساڵان و مانگان لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت.

کارلێکەری ناوەکیی، بە واتای ئەو رووداوانەوی کە کەسی رۆشنبیر یەکسەر ناژی لەگەڵیدا، وەك بینین یان بیستنێکی واقعی- بگرە کاریگەرییەکە لە ناوەوە هەڵدەقووڵێت، وەك خولقاندنی دیمەنێك،



دیمەنێکی دڵتەزێن کە لەسەر زەمینەی واقیعدا ئامادەگی ئەوتۆی نییە، واتە تەنیا دڵ و دەروونی خۆی ئەو حاڵەتە دروست دەکات، ئەمەش دەچێتە خانەی ئیلهام و داهێنانەوە، یاخود مامەڵەکردنێکی فەنتازییانەوە. دەبینین زۆر هونەرمەند و نووسەر و شاعیری تراژیدیخواز دەرکەوتوون، زۆر نووسەری پڕ فرمێسك و ژاناویی دەرکەوتن، هەر لە سەردەمی سیرڤانتسەوە تا تۆلستۆی و شکسپیر و رامبۆ و ئالیوت تا دەگاتە شاعیرە خەمبارەکانی وەك لۆرکا و گۆران و سەیاب و تابلۆ پڕ ئازاراوییەکانی گۆیاو ڤانکوخ و بیکاسۆ. ئەم هونەرمەندو رۆشنبیرانە ویستوویانە وەڵامێك بن بۆ ئەو ناخە پڕ ئازاراوییەی مرۆڤ، خۆیان لە ناخەوە بەدووی ژاندا گەڕاون و خۆیان لەو واقیعەی دیویانە و لەگەڵیا ژیاون، فرمێسکیان دروستکردووە و گۆرانیی ئازاراوییان داهێناوە.

کەواتە مەسەلەی دەرەوە و ناوەوە، هەرچەندە لە یەکترییەوە دوورن و جیاوازییەکانیان مەزنە، بەڵام لە بناغەشدا لەیەك سەرچاوەوە سەرهەڵدەدەن، کە ئەویش ژانی مرۆڤ و گێتییە.

هەر یەکە و بە شێوەیەك ئەو ژانەی خۆی دەردەبڕێت، هەریەکەو پرسیارێکی بۆ ئەو هەموو دەردەسەرییانە پێیە کە مرۆڤ بە دەستیانەوە دەناڵێنێت. سەرەڕای ئەوەی ئەم دووانە لە سەرچاوەی پێوەندیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، مەسەلەی کارکردنەسەر و کارلێکردنیش بۆخۆی هۆیەکی مەزنە لە بۆ دووبارەبوونەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ لەمەڕ ژیان، مرۆڤ هەمیشە لە ژێر کاریگەرییەکانی دەوروبەری خۆیەوە نووسیویەتی و وێنەی کێشاوەو نەخشەی داناوە و بیری کردووەتەوە، رۆشنبیر توانیوێتی

ڕووداوە مەزنەکان بە توانای خۆی بجووڵێنێت، بۆیە لە مەسەلەکانی گریان و فرمێسکڕشتنیدا، ئەگەر ڕووداوە تراژیدیی و کارەساتەکان کاریگەرییان لەسەر دانابێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو توانیوێتی هەندێك لەو کارەسات و فرمێسك و گریانانە دروست بکات و ببێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو شتەی پێی دەوترێت ژانی مرۆڤ و ئازاری مرۆڤ، کە ئەمەش بۆ خۆی دەچێتە خانەی داهێنانەوە.

دەکرێت بپرسین ئایا ئەم کارە چۆن دەبێت و چۆن دەکرێت؟ ڕەنگە زۆر کەسیش هەمان ئەم پرسیارە بکات، ڕۆشنبیر دەتوانێت لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە، لە ڕێگای ئەو بەرهەمەی دەیخاتە بەردەستی وەرگر، جیهانێکی خەماویی دروست بکات، واتە دەتوانێت وا لە کەسی گوێگر و تەماشاکەر و بیسەر بکات بە تەواویی لە کەشێکی پڕ گریاناوییدا بژین و ئەو فەزایە بخوڵقێنێت کە فەزای گریاناویین، هەروەك ئەو بەرهەمە سینەمایی و تابلۆ و شیعرە پڕ ئازارانە بە ئەنجامی دەگەیەنن.

لێرەدا دەمەوێت لە یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤەوە دەست پێبکەم، کە لە هەموو هەستەکانی دیکە خێراتر و بە پەلەتر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و لەهەمان کاتدا زووش کاریگەریی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت. چاو لە جیهانی ڕۆشنبیریدا بریتییە لە پێوەندیی بە ڕووداوە هونەرییەکانی وەك تابلۆ، شانۆ، سینەماو، وێنەی فۆتۆگرافی و پەیکەرتاشی و... هتد. کە هەریەك لەمانە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندییان بە چاو و کاریگەرییەکانی بینینەوە هەیە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چاو دەکەین، لەبەر ئەوەی شتە بینراوەکان یەکەم شت بوون، لە



هونەریش چاو و گوێ بە پلەی یەکەم کاریگەرییان بۆ سەر مرۆڤ هەبووە، مرۆڤ لە سەرەتای بیرکردنەوەی لە مەسەلەی هونەر، لەو شتانەوە دەستی پێ کردووە کە بینراون، واتە مرۆڤ هەر لەسەرەتایی دروستبوون و بیرکردنەوەی لە جیهان شتی بینیوە، هەر بۆنموونە لە یۆنانی کۆندا **"ئەدمیت" کە ژنێك دەبێت** داوا لە پەیکەرتاشەکان دەکات مێردە مردووەکەی بۆ بگەڕێننەوە، کە ئەمەش دەکرێت نموونەیەك بێت لەوەی کە هونەر پێوەست بووە بە خەمەوە، ئەگەر سەرتاپای پاشماوەکانی جیهانی کۆن بپشکنین، تێبینی دەکەین کە پەیکەر و شێوە بەردینەکان زۆر دیمەنی خەماویی مەرگ و ژیان و تێکچوونی ژیانیان لە شێوەی پەیکەر بۆ ئێمە جێهێشتووە.

ریجیس دۆبریە، پەیدابوونی وێنە وەکو دیاردەیەکی بینراوی بە سەرکەوتنی ژیان دادەنێت، ئەو لە کتێبی (ژیانی وێنە و مەرگی وێنە) باسی کاریگەرییەکانی چاو و مێژووی وێنە دەکات، باس لە کاریگەریی وێنە بەسەر مرۆڤ و پێکهاتنی بیری مرۆڤایەتییەوە دەکات، ئەگەر پەیکەرەکان نموونەی کارێکی هونەرییان بن وەك سەرەتایەك کە بتوانین سەرچاوەکانی خەم و ناسۆرییەکانی مرۆڤی تێدا بدۆزینەوە، ئەوا بەشەکانی تری هونەریش ئەم کارەیان کردووە، بە تایبەت شێوەکاریی، بەڵام پەیکەر نەیتوانی هەموو جووڵە و دەربڕینەکان ئاوێتە بکات لە بەسەرهات و گێڕانەوەی مەوداکان، ڕاستە پەیکەر سێ مەودایییە بۆ کێشان، بەڵام بۆ دەربڕینی هەست یەك مەودایییە، کەواتە هونەری شێوەکاریی یەکێکە لەو هونەرانەی کە دەکرێت بە دوو مەودا دەربڕی

هەستەکانی مرۆڤ بێت، لە نیگارەکاندا توانراوە چیرۆك و بەسەرهاتەکان بکێشرێت، بەڵام لە تابلۆدا ئەم کارە سانا نەبووە.

بۆیە لێرەدا لە تابلۆوە دەست پێ دەکەم، هونەرمەندی شێوەکار لە ئەنجامی بینینەکانی دەست بە هەڵهێنجانی جوانترین دیمەن دەکات. هونەرمەندی شێوەکاریی لە پێوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ جیهانی چاو و کاریگەرییە بینیارییەکان، واتە چاو سەرچاوەی هونەرمەندە بۆ کارلێکردن و کارکردنەسەر، هەر لەم ڕێگایەوە دەتوانێت ئەو پەیامەی خۆی بگەیەنێت و هەر لە ڕێگای چاویشەوە، پەیامەکانی خۆی دەچنێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەرماندان، هەوێنێکی باشن بۆ دەستخستنی بەرهەمی شێوەکاریی. هونەری شێوەکاریش لە ململانێی نێوان چاو و نووسیندایە، هەر لەو ساتەوەی هونەری شێوەکاریی پەیدابووە، کەوتووەتە نێو قەیرانێکی توند لەگەڵ چاودا، بەو سیفەتەی چاو دەیەوێت بە بێ نموونە سیمبوولییەکانی دەربڕین بێ، وەڵامێك بێت بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی کە چاو دەیکات، بۆیە پرسیارەکانی چاو پێویستیان بەوە بوو کە بە چاو وەڵام بدرێنەوە، واتە پێویستیان بەوە بوو کە بەو شتە وەڵام بدرێنەوە، کە هەمان شێواز بەکاردەهێنێت.

لە جیهانی تابلۆو کاری تابلۆدا ژمارەیەکی بێشوومار کاری شێوەکاریی هەن باسیان لە ئازار و تراژیدیای مرۆڤ کردووە و ژمارەیەکی زۆریش هەن ڕاستەوخۆ باس لە گریانی مرۆڤ دەکەن، لە ژێر کاریگەرییە ئاینیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە کاری خۆیان کردووە، واتە مرۆڤ کەم تا زۆر لە ژێر کاریگەرییەکدا هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، بڕێکی



زۆر لە تابلۆ هونەرییەکانیش کە لەلایەن هونەرمەند و نیگارکێشە مەزنەکانەوە کێشراون، سەرچاوەکەیان مرۆڤ بووە. بۆیە جێگای خۆیەتی تا بزانین کە ئەوان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەی گریان کردووە، چۆن تابلۆیان لەبارەی خەفەت و گریانەوە کێشاوە و چۆن ئازار و خەم وای لێ کردوون تابلۆی تراژیدیائامێز بکێشن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندە جیهانییەکانی سەر بە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان، توانیویانە کەم تا زۆر دیمەنی گریانی مرۆڤ وێنە بکێشن، هەر لە سەردەمی مەسیحەوە تا سەردەمی ئیسلام و سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس و تا ئەم سەردەمەی ئێمەش، تا سەردەمی زێدەبوونی خەمەکانی مرۆڤ، کە ئەم سەردەمەیە.

ئەگەر کەسێك ئەمڕۆ بڕوانێتە مەسەلە هەرە گرنگەکانی پێوەندیی تابلۆو گریان، ئەوا دەبێت بڕوانێتە مێژووی ئەم هونەرە، ئەو مێژووەی لە جەنگی نێوان هۆزەکان و جەنگی کۆیلایەتیدا بڕێکی بێ شوومار هونەرمەندانی شێوەکاری کلاسیکی وەکو خونچە چەکەرەیان کردو لە باخی پاشاکانەوە هاتنە دەرەوە، هەندێکیان ڕوویان کردە کڵێساکان و لە پاڵ ئینجیلدا گریان و هەندێکیشیان ڕوویان کردە ڕەشە خەڵك و باسی ئەو ئازارانەیان دەکرد کە هەموان پێوەی دەناڵێنین، بەڵام هەر پێش ئەم سەردەمەو لەسەردەمی میناتۆرەکانی ئێرانیشدا ژمارەیەکی زۆر لەو تابلۆ بچووکانە دەبینین کە باس لە حوزن و فرمێسك و گریان دەکەن، باس لەو سەرچاوانە دەکەن کە لەگەڵ خۆیاندا ماڵوێرانیی و سەرلێشێواوییان خوڵقاند، وەك و لافاو و ڕەشەبا و گەردەلوول و جەللادەکان و پاشای

زۆردار، ئەگەر تەماشایەکی ئەو برە میناتۆرانە بکەین، هێمایەك لە ژیان دەبینین بە حوزن و خۆشییەکانییەوە، هەروەها ئەو فرمێسکانەش لەو سەردەمەی ئێران، رەنگدانەوە ئەو ژیانە سەختە بووە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا جۆرێك لە حوزنی خۆشەویستیشی تێدایە و رەنگی داوەتەوە، زۆر لەو وێنانەی کە باس لە ئەشق و بادە و مەی دەکەن، دەبینرێت، کە وێنەکان بریتی بوون لە دووبارە وێنەکێشانی ئەو ژیانەی لە راستیدا پڕبوو لە بێژیانیی، لێرەدا ئاماژەیەك بە میناتۆری ئێرانی دەکەین "ئەم میناتۆرە پاش هەرەسی بەغدا ساڵی ١٢٨٥ پەیدابوو، پاشان جوانکردنی کتێب پەیدابوو، کە ئەمەش لە سەردەمی سەلجوقی و مەغۆل و تەیمورییەکان گەشەی زیادی کرد، پاشان شێوازی بەغدا لە وێنەکێشان پەیدا بوو، کە لێرەدا ئاماژە بە وێنەکانی نێو کتێبی کەلیلە و دیمەنە دەکەین کە لەو کاتەدا وێنەی کێشراوە، لە وێنەی نیگارکێشی ئێرانی ئەوەی کە ماوە کتێبی کەلیلە و دیمنە و کتێبی شانامەیە"[١٠٨]. هەروەها لە نیگارکێشە بەناوبانگەکانی ئێرانی ئەو کاتە "میرك و بەهزاد و رەزا عەباسی، کە ئەمەی دوایینیان دامەزرێنەری قوتابخانەی نیگارکێشی سەفەوی بوو، هەروەها هونەرمەندانی تری وەك نیگارکێشانی قۆناخی قاوەخانە، ئەم بەشە لە نیگارکێشان وێنەی قارەمان و رووداوی جەنگیان لە نێو قاوەخانەکاندا کێشاوە، هەر بۆیە قوتابخانەکەیان بە ئێرانی پێی دەوترێت "قاوەخانە". کەواتە هونەری خۆرهەڵات دەمێك بوو سەرقاڵی تۆمارکردن و نووسینەوەی رووداوەکان بووە لە شێوەی وێنە و نیگارکێشان، رووداوەکان بە هەموو خۆشیی و ناخۆشییەکانی، لە هەر یەك لەو



قۆناغانە رووداوی دڵتەزێن هەبوون کە نیگارکێشان، خۆیان پێ سەرقاڵ کردووە، لە کەلیلە و دیمەنە و لە شانامە و لە وێنەی قۆناخەکانی قاوەخانەش. کەواتە هونەر لەوێوە نموونەیەك بووە لە گێڕانەوەی تراژیدیا، بابەتەکانی نێو شانامە بڕێکی زۆر لە رووداوی دڵتەزێنی تێدا بووە، ئەو رووداوانە وایان کردووە گوێگرانی بە خوێندنەوەی فرمێسك لە چاوەکانیان بێتە خوارێ، کە ئەمەش لە وێنەکانی سەردیوار و پەڕۆ و کاغەزەکاندا جوانتر کێشراون، زۆربەی بەسەرهاتی نێو ئەم رووداوانە دەربڕی ژیان و رووداوەکانی ئەو سەردەمە بوون لە خۆشیی و ناخۆشیدا.

سەرەڕای ئەوەی خۆرهەڵات سەرچاوەی رۆح و پێوەندییە هەستییەکان بوو، سەرچاوەی سەرهەڵدانی شێوازی نوێش بوو لە دەربڕینی هەست و سۆز، ئێرانییەکان لە پاڵ ئەوەی باڵادەست بوون لە دەربڕینی هەست و سۆزی ناخ و ئازارەکانی رۆح، هەر ئەو کاتە ئەوان بەردەوام بەدووی شێوازی نوێدا گەڕاون، سەرەڕای شیعر و شاعیرێتی، وێنەکانی سەردەمی قاجاری و ساسانییەکان شایەدی ئەم حاڵەن، لە پاش هیند، دەکرێت بوترێت هونەری ئێرانی لەو سەردەمەدا دووەم هونەرە کە توانیویێتی بە راستیی و توانایەکی نەبڕاوە باس لە ئازارەکانی مرۆڤ بکات، سەرەڕای وێنەی ئاشقی بریندار و تەنیا و بێکەس، وێنەی ئەو پەرستگار و ئەو بڕواخوازانە دەبینین کە چۆن لە بەردەم خوادان بەچۆکاهاتوون و داوای بەزەیی و لێبووردن و پاکبوونەوە دەکەن، ئەمەش شێوەیەکە لە دەربڕینەکان کە لەو سەردەمەدا بە شێوازی دەربڕینی وێنە و نەخشەو میناتۆرەکان دەریانبڕیوە، هەرچەندە گریان شێوازێك بووە لەو شێوازانەی لەو وێنانەدا دەبینرێت، وەکو

وێنەکێشانی چاوی فرمێسکاویی و دڵۆپەفرمێسکی ئاسایی و بەخوڕو سوور بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤانە نەك تەنیا گریانێکی ئاسایی گریاون، بگرە گریانەکانیان گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی دواترین شێوەکانی تەعبیرکردن بێت لە خەم و ئازارەکان، گریانێك بە فرمێسك گریانێکی ئاساییە، بەڵام چاوێك بە فرمێسکی خوێناوییەوە، کاریگەریی ئەو ئازارەیە بۆ سەر ڕۆح و دڵ و ویژدان.

لەو سەرچاوانەی کە لە سەرەوە باسمانکردن، بریتی بوون لە میناتۆرەکانی سەردەمی کۆن، بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە لەو وێنانەی کە لە سەر بناغەی شیعرەکانی خەیام و حافیزی شیرازیدا کێشراون، سەرەڕای ئەمەش لەو دەنگانەدا ڕەنگدەداتەوە کە تایبەت بوون بە نەخشەکێشانی حاڵەتەکانی سۆفی لە ئاستی پەرستندا، هەروەها وێنەی سەر دیواری شوێنە پیرۆزەکان، بە تایبەت لە پەرستگا هیندۆسی و پەرستگا بودیزمییەکاندا دەبینرێت، هەروەها وێنەی حاڵەتەکانی پەرستن لە لای سۆفی، کە دەگاتە ئەو پەرستنەی کە لە ئاستی وێنەی ئاساییدا دەچێتە دەرێ و بەوە دەگات کە فرمێسکەکان بۆ شێوەیەك لە هێڵ و ڕەنگ و تەعبیرکردن بگۆڕێن، کەسێکی وەك حوسێنی بەهزادی لە بارەی ئەو شیعرانەوە بەوێنە دەڵێن:

نیکی و بدی کە در نهاد بشراست

شادی و غمی کە در قزا و قدر است

واتە چاکە و خراپە کە سروشتی مرۆڤە، شادیی و خەمیش شتێکە دەستکردی قەدەرە. وێنەکان زۆر بەوەستایانە دەربڕی ئەو ئازارانەن کە



خەیام قسەی لەسەر دەکات، هەروەها وێنەکان تەنیا بەسن بۆ ئەوەی مرۆڤ هاوژینی ساتەکان بێت.

ئەم هونەرە بە ئەندازەی بەهێزیی شیعرەکان، بەهێزن و دەشتوانن خۆشیان بە بێ ئەو قەسیدانە شێوەیەك بن لە قەسیدەی ئازاراویی، کەواتە تابلۆکان لە پاڵ ئەوەی هەوڵ بووە بۆ گواستنەوەی ئازاری نێو دێڕەکان بۆ سەر رووپەڕی کاغەزو بۆ نێو ڕەنگ و هێڵەکان، هەروەها شێوازێکیش بوون بۆ دووبارە وتنەوەی شیعرەکە بە شێوازی وێنە، بۆیە ئەگەر ئەو هونەرمەندانە بە توانا نەبوونایە، نەیاندەتوانی ببن بە نیگارکێشی دیوانە شیعرییەکانی خەیام و سەعدی و شیرازی و مەولەوی... هتد، بێگومان ئەم هێزە لەوێوە دێت کە خودی شیعر هەوڵ بووە بۆ وێنەکێشانی وەستایانەی دیمەن و ناخی مرۆڤ، هەروەها خودی تابلۆ شیعرییەکانیش دووبارە نووسینەوەیان بووە، بەڵام نووسینەوەیەك کە زیاتر بەخشینی تێگەیشتنە بە لایەنە بینیارییەکەو هەوڵە بۆ دامەزراندنی پێوەندییەك لە نێوان شیعرو چاودا، واتە لەو هاوکێشەیە دەرچێت کە شیعر تەنیا پێوەندیی نێوان رووپەڕی کاغەزو چاو بوو، دەچێتە حاڵەتێکی تری پێوەندییەوەو دەبێتە هەست و بە نێو هێڵ و هێماکانی شێوەکاردا گوزەر دەکات، هەروەها پێوەندییە هەستییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە بۆ جۆرێك ڕەنگدانەوە دەگۆڕێن، هەر بۆ نموونە بۆ ئاشقێك وێنەی مەعشوقەکەی دوا ترۆپکی پێوەندییە لەگەڵ ئەو شێوەیەی کە لە بوون و بیرکردنەوە و چاوی ئەودا شێوەیەکە لە زیندووبوونەوەی روانین، واتە روانین تەنیا لەو سنوورەدا نامێنێت کە کەسی ئاشق بەرامبەر کاغەزێك و هەندێك هێمای تایبەت

وەستاوە، نەخێر، پێوەندییەکە بۆ شێوەیەکی هەست و واقیعی زیندوو دەگۆڕێت، کە لە میانەیدا تەسکینی بە کەسی تەماشاکەر دەبەخشێت، یان دەبێتە هۆی ئازاردان و هەندێك جاریش لە حەژمەتدا فرمێسك بە چاوەکانییەوە ناوەستێت و هەنسکی گریان دەیگرێتە باوەش. کەواتە مەسەلەی شێوەکاری وێنەو هێڵ، جیهانێکی تایبەت بە پێوەندییەکان دەبەخشن و دەشبن بە شێوەیەك لە دووبارە وەدیهێنانەوەی بیرەوەرییەکان، ئەمەش بە مەبەستی دامەزراندنێکی دیکە کە زیاتر بە لایەنی هێڵ و ڕەنگ و چاودا دەشکێتەوە.

لە مێژووی شیعری کلاسیکیشدا گەلێك نموونەی تایبەتمان لەبارەی ئەو تابلۆیانەوە هەیە کە بەرجەستەی گریان و فرمێسك و هەنسك و بێزاریی و بارە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکەن، بەڵام پێم وایە ئەگەر بڕوانینە سەردەمەکانی پێش مەسیح زۆر بەکەمی تەعبیری ئازاراویی لە تابلۆکاندا دەبینین، ئەم کارەش تا ئەم حاڵەتە هۆکارەکانی نەزانراوە، زۆربەی ئەو تابلۆیانەی کە لە پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیدا کێشراون، باس لە ئازارەکانی مەسیح دەکەن، یان **فان ئایك** یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لە زۆربەی تابلۆکانیدا باس لە تازیەباریی و خەم و فرمێسك بۆ مەسیحی لەخاچدراو دەکات، لە ساڵی (١٤٣٠) لە یەکێك لە تابلۆکانی بە ناوی لەخاچدان، ئەو ساتانە دەبینین کە تێیدا بڕێکی زۆر مرۆڤ لە نزیکی لەخاچدانی مەسیحدا دانیشتوون و تازیەبارن و شیوەن دەگێڕن، ئەم تابلۆیە سەرەڕای ئەوەی لایەنێکی ئاینیی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لەو ساتانە دەکات کە مرۆڤ تێیدا خەمبار دەبێت، هەروەها هونەرمەندی



نیگارکێش **جیرارد داڤید** دیسان ئەویش لە تابلۆیەکی دیکە بە ناونیشانی ((**داگرتنی لەخاچدراو**)) ساڵی (١٥٢٠) کێشاویەتی لەو وێنەدا دەبینرێت کە چۆن ئەو مرۆڤانەی لە دوورەوە دەڕواننە داگرتنی تەرمی مەسیح چۆن فرمێسکەکانیان دەسڕنەوە. لە تابلۆیەکی (Orazio Borgianni) لە نێوان ساڵی (١٥٧٤-١٦١٦) ژیاوە، بە ناونیشانی (مەرگی مەسیح)، دوو کەس دەبینین لەملاوئەولای مەسیح، ئافرەتێك و پیاوێکە، ئافرەتەکە لە حاڵەتی نزاو پاڕانەوەیە، بەڵام لاوێك لە لای ڕاستەوە بەسەر دەستی مەسیحدا شۆڕبووەتەوە و دەگری، هەروەها لە هەمان سەردەمدا نیگارکێشی هۆڵەندی (**Dirck van aburen**) کە خەڵکی شاری **ئویتریختە** لە نێوان ساڵەکانی (١٥٩٥-١٦٢٤) ژیاوە، لە تابلۆیەکیدا بە ناونیشانی ((**ناشتنی مەسیح**)) باس لە دڵتەنگیی دەکات، لە تابلۆکەیدا ئافرەتێك دەبینین لە پشتەوە دەستی بەسەر ڕوومەتییەوەیە و فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە، هەروەها هەر لە بارەی گریان بۆ مەسیح تابلۆیەکی دیکەی (**Gerard david**) دەبینین، لەوێشدا مرۆڤی گریاو دەبینین، ئەمانەو ژمارەیەکی زۆری دیکەی تابلۆ هەن کە باس لە ساتەکانی گریان بۆ مەرگی مەسیح دەکەن.

هەروەك پێشتر ئاماژەم کرد، کاریگەریی ئاین لە دەربڕینی ئازارو تراژیدیا دەروونییەکاندا، بەو ئاستە دەگات کە زۆربەی دەربڕینەکان لە دەوروبەری ئازارەکانی مەسیحدا دەسووڕێنەوە، لە هەندێك تابلۆی دیکەدا باس لە گوناح و لە دەستدانی بڕوا دەکرێت، واتە مرۆڤ لەبەر تەنیایی و تاوان و بەرپاکردنی شێوەیەك لە تاوان بەوە دەگات کە مرۆڤ پێویستی بە

شێوەیەك لە ئاوڕدانەوە هەیە، واتە شێوەیەك لە روانین بۆ ئەو ساتانەی رۆح تێیدا دەبێتە برێك تاوان، وەکو گریانی ئادەم و حەوا کاتێك لە بەهەشت دەردەکرێن، هەروەها براکوژیی قابیل و هابیل... بۆ نموونە لە کارەکانی **رامبرانت و مایکل ئەنجیلۆو مانیەدا** دەبینرێت... لە هونەری نوێشدا دیمەنی گریان و باسکردنی ژان دەبینین، رژاندنی فرمێسك دەبینین، بۆ نموونە لە تابلۆیەکی سلفادۆر دالی (کە لە نێوان سالّی ١٩٠٤-١٩٨٩) ژیاوە، لە دوو تابلۆدا چاومان بە ساتەکانی گریان و فرمێسك دەکەوێت، لە تابلۆی (**چاوی کاتەکان**)، کە ئەم تابلۆیە لە سالّی (١٩٤٩) کێشاویەتی، تەنیا وێنەی چاوێك دەبینین لەگەڵ تەنیا ئاماژەیەك بۆ ئازارو خەم، کە ئەویش تەنیا دڵۆپە فرمێسکێکە لە گۆشەی چاوەکەوە رژاوەتە خوارێ، تابلۆیەکی تا بڵێی سوریالی، ئاماژەیەکی قووڵە بۆ پێوەندییە مرۆییەکان، هیچ ئاشکرا نییە ئەو چاوە ئاماژەیە بۆ چ شێوە ئازارو ژانێك و ناشزانین لە چ ئاستێکەوە ئەو تابلۆیە وێنە کێشراوە، بەڵام ئەو چاوەی دالی قوڵاییەکی سایکۆلۆژیی لە پشتەوەیە. یەکێکی تر لەو تابلۆیانەی کە زۆر لە قووڵەوە دەڕوانێتە پێوەندییە مرۆییەکانی نێوان گریان و هەست، هەروەها لە تابلۆیەکی دیکەشدا بە ناونیشانی (**پەشیمانی**) سالّی (١٩٣١) کێشاویەتی، بە ئاشکرا ئافرەتێك دەبینین لە حاڵەتی دڵتەنگییەك و دەستەو ئەژنۆ دانیشتووە.

ئەو تابلۆیەی **گۆیا**، کە بە چەند کەسێك تەرمێك هەڵدەگرن، هەرچەند بە ئاسایی شتێك نابینیت ناوی فرمێسك بێت، بەڵام لە شێوەی روانین و کردنەوەی دەستەکان و واق وڕماویی و ترس هەست دەکەیت مرۆڤ



لەو جیهانەی **گۆیادا** لە قووڵترین ئازاردا دەژی، کە پێی دەوترێت ئازاری فرمێسکاویی، واتە ئەو ئازارەی لەگەڵ خۆیدا ئەشك دەهێنێت و لەگەڵ خۆشیدا ئەشك دەکاتە شێوازێك بۆ دەربڕینی هەستە شاراوەکان. مەسەلەی فرمێسك و گریان لە نێو تابلۆکانی تری نیگارکێشە مۆدێرنەکاندا لە لای **پابلۆ پیکاسۆیش** چەندین تابلۆ دەبینین، تێیدا هێڵە شاراوەکان تێکەڵ بە یەکتری دەبن و لەو ساتانەش رەنگ دەدەنەوە کە هێڵەکان تێکەڵ بە ژان دەبن، بەڵام ئەوەی لە لای **پیکاسۆ** دەبینرێت، بریتییە لە چەند شێوەگریان و هاوارێك، کەس نییە گریانەکانی **جیۆرنیکای** نەبیستبێت، ئەو وێنەی هەموو هاوارێکی دەکێشا، هاواری منداڵان، ئافرەتان، باڵندەو گوڵ و درەخت و بەردەدارەکانیش، سالّی (١٩٣٧-١٩٤٥) بۆ بیکاسۆ بریتی بوو لە ئەزموونی جەنگ، واتە ژیان لەگەڵ جەنگ و وێرانکارییەکانی، هەر لە سالّی (١٩٣٧) وێنەی (**ئافرەتە گریاوەکە**) دەبینین، ئەم تابلۆیە وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ جەنگ و ماڵوێرانیی، وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ساتەکانی دووبارەبوونەوەی گریان، کاتێك بیکاسۆ ئەو ساڵە تابلۆی جیۆرنیکای کێشا، وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ جەنگی ناوخۆ، بۆ ئەو جەنگانەی گیان و رۆحی مرۆڤی یەکپارچە کردبوو بە فرمێسك.

هەر بۆ نموونە لە تابلۆی (**ماری تیریز**) وەردبینەوە، هەست بە بوونی خەمێکی شاراوە دەکەین لە رووخساری ئەو ئافرەتەدا، ئەو ئافرەتەی کە **ناگری**، بەڵام ئەگەر بە باشی لە رووخساری وردبیتەوە، هەست بە بوونی خەمێکی قووڵ دەکەیت، لە شێوەی رەنگەکاندا تەعبیری لێ کردووە، بیکاسۆ لە جۆرنیکا وێنەی لۆرای دۆستی بیکاسۆ دەبینین، رووخساری

ئەوی لەو تابلۆ بەناوبانگەدا کێشاوە، بەڵام چەندین وێنەی سەیر سەیر دەبینین، بۆ نموونە بوونی ئەو هێمایانەی کە وا لەو وێنەیە دەکەن، وەکو بڕێکی زۆر لە خەم و ناخۆشیی دەرکەوێت، کە ئەمەش بۆ خۆی ئەو هەموو ئازارانەمان بۆ دەردەخات، کە لە بناغەیی ئەم تابلۆیەدا هاتوون.

کەواتە دەتوانین لە تابلۆ هەرە مۆدێرنەکانیش، رووخسار و دیمەنی خەمئامێز ببینین، ئەم دیمەن و رووخسارانە کەم تا زۆر مێژوویەکن و لە سەردەمێکدا سەریان هەڵداوە کە تێیدا فرمێسک تێیدا ئامادە بووە، ئەپستراکتیزمەکان (**تەجریدییەکان**) وەکو رێچکەی تایبەت بە خۆیان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەڵمانیا سەریانهەڵدا و گەشەیان کرد و وردە وردە بۆ وڵاتانی دیکەی تری ئەورووپا تەشەنەیان سەند و شێوەکاری بەناوبانگی وەك **کاندنیسکی** خاوەنی بەناوبانگترین تابلۆی وەك **ئەکواریلا**، هەروەها شێوەکاری بە ناوبانگی ئەپستراکتیست **ماکس ئێرنست**، ئەمانیش کەم تا زۆر ویستیان باس لە بارە تراژیدییەکانی ئەو سەردەمە بکەن، هەوڵێکی زۆریان دا تابلۆکانیان پڕ بن لە باسی ئازارەکانی مرۆڤ، بەتایبەت تابلۆکانی کۆمەڵەی ئەسپی شین و قوتابخانەی **بیرخینس** لە هۆڵەندا، ئەمە سەرەڕای ژمارەیەك لە هەوڵی دیکە، ئەوەی ئەم قوتابخانەیە لەوانی تر جوودا دەکاتەوە، ئەوەی کە ئەمان ویستیان بریتی بوو لەوەی بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو ناخی مرۆڤ، بخەنە ناخی مرۆڤەوە و کەم تا زۆر بە شێوەیەکی تراژیدیی باس لە بەسەرهات و رووداوەکانی ئەو سەردەمەی جەنگی دووەمی جیهانیی بکەن، بەرجەستەیی ئەوان وای کردبوو، کە تەمومژو نائاساییبوونێك لە سەرتاپای کارەکانیدا دەرکەوێت،



هەندێك جار رەنگەکان دەگریان، کاتێك باسەکان تایبەت بوون بە وێرانکارییەکانی جەنگ و ناخۆشییەکانی ژیان، فرمێسکەکان لە جووڵەی فڵچەکانەوە بەدەردەکەوتن، بەرجەستەکردنی فرمێسك لە بەرجەستەکردنی شێواز و رەنگ و جوڵەی فڵچەکاندا رەنگی دەدایە، شیوەنی رەنگ سیفەتی زەقی ئەپستراکتیزمەکان بوو، ژانەکانیان هەنگاوێك بوو بەرەو درێژبوونەوە بۆ ناخ، خوێندنەوەی ناخ لای ئەوان خوێندنەوەیەکی ئاسایی نەبوو، زۆربەی ئەوانەی لەو سەردەمەدا دەچوونە خانەی ئەپستراکەوە، ئەپستراکتی شتێك بوو کە زمان و چاو و گوێ نەیاندەتوانی شەرحی بکەن، ئەوەندە تراژیدیی و ژانەکان گەورە بوون، گەیشتبوونە باری باوەڕپێنەکراویی (نامەئلوف)، ئەوەندە سەختیی ژیان ئاڵۆز ببوو، هونەر پێویستی بە یاخیبوون هەبوو لە ناخی خۆی تا دەربڕی ئەو شتانە بکات، کە پێشتر شێوەکانی تری شێوەکاریی نەیانتوانیوە دەربڕی لێ بکەن.

لە لای **پاول کلی**، چاومان بە تابلۆی (**خەمبار**) دەکەوێت لە ساڵی (١٩٣٤) کێشاویەتی، ئاشکرایە **پاوڵ** بە هونەرمەندە مۆدێرنەکانی بواری شێوەکاریی دادەنرێت، لەو تابلۆیەدا هێڵکارییەك لە شێوەی ئافرەت دەبینین، کە بە خەمباریی سەری کزکردووە و گەورەترین ئازاری لە ناخەوە هەڵگرتووە. **پاول کلی** ویستوویەتی لە قوتابخانە مۆدێرنەکەیدا ساتێك لە شێوەکانی خەم بکێشێت، هەروەها لەو بترازێت نموونەی دیکەمان هەن لەو هونەرمەندانەی کە هەوڵیانداوە ژیانی پڕ خەم و کوێرەوەریی خۆیان بە شێوەی دڵتەنگانە دەرخەن، ئەم کارەش بە جوانیی لە لای **فان خۆخی** شێوەکار دەردەکەوێت، ئەم کابرایە هەموو ژیانی داماویی خۆی لە نێوان

ئەو هێڵانەوە دەردەخست کە شێوەیەك لە نائارامیان تێدا دەبینرا - نائارامیی لە هەموو روانینەکانی، لە بێدەنگیی و هاوارەکانیدا دیاربوو، گەر تەماشایەکی وردی تابلۆکانی بکەین، ئەو رەشبینیی و گریانانە دەبینین کە ئاشقێك بۆ ئەشقەکەی و ماڵوێرانێك بۆ نەهامەتییەکانی کێشاویێتی. تابلۆی (**ماتەمینی پیرەمێردەکە... ١٨٩٠**)، باشترین نموونەی دەربڕینی خەم و پەژارەیی و رژاندنی فرمێسکە، لەم تابلۆیەدا دەستی لەسەر رووخساری داناوە و خەم دەخوات، رەنگە لە ژێر ئەو دەستانەوە خوڕەی فرمێسك فوارەی بەستبێت- بەڵام ئێمە نایبینین ئاخۆ گریانی پێیە، یان هی ساتی رامانە بۆ نەهامەتییەکانی خۆی، کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە هەموو ئەو کارە هونەرییانە بدوێین، بە تایبەت لە بواری شێوەکاریدا، دەبێت بڕێکی زۆر لەم باسەی بۆ تەرخان بکەین، بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە کە هونەرمەندان توانیویانە تاڕادەیەك ژانەکان لە دوو توێی تابلۆکانەوە بگەیەنن. بەجۆرە زۆر لە هونەرمەندانی سەر بە قوتابخانە جیاجیاکان هەوڵیانداوە بە هەموو شێوەیەك سوود لە شێوازەکانی بیرکردنەوە وەرگرن، بۆ ئەوەی ژان و گریان و فرمێسك و هەنسکەکانی مرۆڤ بکەنە شێوەیەك لە کاری هونەریی.

لە ئەورووپای پاش جەنگی دووەمی جیهانیی بڕێکی زۆر وێنەی سەیر دەبینین لە گۆڕانکارییەکانی هونەری شێوەکاریی بۆ شێوەیەك لە رەشبینیی، رەنگە تۆخ و تەماوییەکان و هێڵە ئاڵۆزەکان و ئەو دیمەنە ئاڵۆزانەی نێو تابلۆکان بوونە سیفەتی سەرەکی شێوەکاری ئەورووپا، نەك تەنیا لەوێ، پاش ئەو جەنگە وێرانکارییە، دەبینین هونەرمەندانی وەك



وڵاتانی ژاپۆن و یەکێتیی سۆڤییەتی ئەو کاتەش کاریگەریی جەنگ لە تابلۆکاندا رەنگیدایەوە، کاریگەرییەکان گەیشتە رادەی فرەبوونی هونەری رەشبیین، بۆ نموونە لە هونەری رووسیدا لای میخائیل نەستەرۆف و فیکتۆر فەسنیتسۆف.

ئەمە چەند نموونەیەك بوو لە نموونەی هونەری جیهانیی، بەڵام ئەگەر بێت و هەموو نموونەکان باس بکەین، ئەوا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە لەمەڕ مەسەلەی گریان و نەهامەتیی لە نێو تابلۆ و هونەری شێوەکاریدا، بگرە قسەکردن لە هونەری تراژیدئامێز هەر زۆر هەڵدەگرێت، ئەو هونەرەی کەم تا زۆر لەگەڵ خۆیدا بڕێکی زۆر لەو تابلۆیانەی هێناوەتەکایەوە، کە زۆرجار تەماشاکەر لە ئاستیدا واقی وڕماوە و ویستوویەتی ئەو پرسیارە لە خۆی بکات، ئایا تۆ بڵێی ژان و ئازار و خەمی لەم شێوەیە هەبن؟ ئایا هەموو ئەمانە هەوڵێك نین بۆ برەودان بە ورووژاندنی ناخی خودو زیاتر باسکردنی ئەو ساتانەی کە هونەر لەگەڵ ناخدا دەبێتە یەك دنیای تەواو لەیەکچوو.

# سۆزی فرمێسکاویی

مۆسیقاو گۆرانیی ئەو ساتانە پێکدێنن کە مرۆڤ تێیدا بەرەو ناخی هەستەکانی بڕواو بیر لەو هەڵچوونانە بکاتەوە کە ساتێك لە ساتەکان لەگەڵیاندا ژیاوە، بۆ ساتێك بکەوێتە نێو گوڵاڵەکانی خەیاڵییەوە، یان لە نێو هەناسەتەنگیی خۆیدا مەلە بکات، مۆسیقا ئەو ساتەیە مرۆڤ لە میانەیدا خۆی دەداتە دەست بە هەست و خەیاڵ، یا ئەوەتا بکەوێتە نێو بیرچوونەوە یان نێو بازدانەوە، ئەم ساتانە چرکە لە دوای چرکە لەگەڵ خۆیاندا بیرەوەریی دروست دەکەن.

مۆسیقا دەستپێکردن و کۆتاییە، مۆسیقا وردبوونەوە و نزیکبوونەوەیە، تەنیایی و پێکەوەبوونە، مۆسیقا ئەو مەودایە دەخوڵقێنێت تا هەستەکان تێیدا لەدایك بن، ئەو چرکانە زیندوو دەکاتەوە کە بیرچوونەوە تێیدا روویداوە، ئەو سەمایانە دووبارە دەکاتەوە کە پێیەکانی تووشی بیرچوونەوە کردووە.

مۆسیقا مامەڵەکردنە لەگەڵ هەست، وروژاندنی هەستە، راوەستانە لە ئاستی هەستەکان، مۆسیقا دەتوانێت هەست بخاتە حاڵەتی خۆشیی و ناخۆشیی.

سەرەتای پەیدابوونی خۆشی و خەمەکان و مۆسیقا پێوەندییەکی میتۆلۆژییە، مۆسیقا هەوڵ بووە بۆ رەواندنەوەی ئازارەکان، هەوڵ بووە بۆ خوێندنەوەی بەخت و توانا، بۆ تێکشکاندنی رۆحە شەڕەنگێزەکان،



ئێستاش لە زۆربەی کۆمەڵە رەسەن و سەرەتاییەکان سوود لە مۆسیقا وەردەگیرێت بۆ بەرپاکردنی کەرنەڤاڵی ناشتن و لەدایکبوون.

لە ئەفریقادا لای هەندێك لە هۆزەکانی کۆنغۆ مەرگ بە گۆرانیی و سەما و مۆسیقا بەڕێدەخرێت، مەرگ مۆسیقای پێکەنیناویی و لەدایکبوونە، مەرگ مۆسیقای خەماوییە، ئەوانەی مۆسیقا لەگەڵ مردووەکان بەکاردێنن، ئەوان قووڵبوونەوەیان بۆ پێوەندییە رۆحیی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان هەیە، مەرگ کە حاڵەتێکی خەماویی و فرمێسکاوییە، کەچی بە پێکەنین بەڕێ دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مۆسیقا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەگێڕێت، ئەرکی بەخشینی جەستە دەگەیەنێت بە جێگایەك کە جێگای خۆیەتی.

کاتێ مرۆڤ دێتە ژیانەوە چاوەڕوانی زەنگێکی ترسناکە، کە ئەویش ژیانە، بەڵام مەرگ، قوتاربوونە لەو زەنگە ترسناکە، ئەوانەشی بەم شێوەیە پێشوازیی ژیان بە خەمەوە دەکەن، ئەوان تێگەیشتوون کە مەرگ تاکە خۆشییە مرۆڤ لە نەهامەتیی رزگار بکات "لە نێوان رەوشتخوازیی یۆنان و هیندییەکان، جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە. لە رەوشتخوازی یۆنانییەکان (بێگومان ئەفلاتوونی لێ دەرچێت)، مەبەست توانای دروستکردنی ژیانێکی خۆشە، کەچی لە رەوشتخوازیی هیندییەکان، بە پێچەوانەوە، ئامانج رزگاربوونە لە ژیان، ئەمەش لە یەکەمین رستەی (سانکایا کاریکا) بە راشکاویی راگەیەنراوە.

ئەگەر تەماشای ئەو تابووتە بەردینە جوانانە بکەیت کە لە نیگارخانەی فلۆرانس- دا دانراوە و بەراوردی بکەیت لەگەڵ تابووتی

مەسیحییەکان دژایەتییەکی هاوشێوە دەبینێت- لەسەر تابووتی هیندییەکان وێنەی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی کێشراوە، هەر لە خوازبێنییەوە تا خەنەبەندان کە ڕووناك کراوەتەوە بە ڕووناکیی هایمن (پەیامهێنەری خۆشی هاوسەرگیریی)، بەڵام لەسەر تابوونی مەسیحییەکان پارچەیەکی ڕەش وەك تازییەباریی کێشراوە و خاچێکی لەسەر دانراوە. لەمەشدا دژایەتییەکە بە تەواویی مانادارە. ئەم دووانە دەیانەوێت دڵدانەوەیەك بەرامبەر بە مەرگ نیشان بدەن، بەڵام بە دوو شێوەی جیاواز، ئەڵبەتە هەردووکیان ڕاست و لە جێی خۆین"[١٠٩]. بۆیە گەر لێرەدا مەبەست لەوە بێت کە ژیان و مەرگ دوو لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، کەواتە ئاوازی هەردووکیشیان جیاوازە، یەکێکیان لەدایکبوون بە گۆرانیی دەزانێت و یەکێکیان لە دایکبوون بە شایی و گۆرانیی، هەروەها مەرگیش بەو شێوەیە، هەریەکەیان لە بۆچوونێکی ئاینیی و فەلسەفییەوە هەڵدەقوڵێت.

گریان یان هەڵڕشتنی فرمێسك لە چ حاڵەتێکدا دەکەوێتە پێوەندیی لەگەڵ مۆسیقادا؟؟ لە چ حاڵەتێکدا مۆسیقا دەبێتە ئەو سەرەتاو کۆتاییەی کە پێی دەوترێت خەم و دڵتەنگیی؟، بێگومان مۆسیقاش زمانێکە تەعبیر لە خۆی و حاڵەتی خۆی دەکات، تەعبیر لە زیندبوونەوە و مەرگی خۆی دەکات، تەعبیر لە ساتە زیندوو و گرانەکانی دەکات، تەعبیر لە تەنیایی و گریانیی خۆی دەکات، بۆیە زمانی مۆسیقا بە ڕووەکەی تردا زمانی مرۆڤە، بە ڕووەکەی تریدا ئەو زمانەیە لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت و



چیرۆکی ناخی یەکتری دەگێڕنەوە، بۆیە مۆسیقا سات لەدوای سات ئەو چرکانە باس دەکات، کە چرکەی لەدایکبوون و زیندووبوونەوەن.

مۆسیقا سەرەتای پێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت بووە، دەنگەکانی سروشت مرۆڤیان وریاکردووەتەوە، ئەو دەنگانە لاساییکردنەوەی کەژو هەواو و دەنگی گیانلەبەران و گۆڕانکارییە هەمەچەشنەکانی سروشت بوون، هەر لە دەسپێکردنەوە تا دڵشادکردن و ترساندنی مرۆڤ، زۆر لەو دەنگانەی کە لە سروشتەوە هاتنە نێو میوزیك بۆ وەراندنی ترسەکانی مرۆڤ بووە، ترسی بەرامبەر بە دڕندەکان و هێزی سروشت و لافا و باران و ڕەشەبا و بوورکان و زەویی لەرزە.

میوزیك لە ئێستادا وەك زمان قسان دەکات، گێڕانەوەی چیرۆکە، گێڕانەوە مێژووە، میوزیك بەشێکە لە کلتووری گێڕانەوە لای هەر میللەتێك، هەر کلتوورە ریتم و گێڕانەوە و خێرایی خۆی هەیە، یەکێکیان بە ریتمی خێرا و یەکێك هێواش، یەکێك پڕ هەراوهوریا و یەکێکیش وەك نسرمی شەماڵ، یەکێکیان وەك وردە بای ئێواران، یەکێکیشیان وەك ڕەشەبا، میوزیك بووە بە بەشێك لە مێژوو و کلتوور ئەو کلتوورانەی ریتمی ژیانیان لە ڕۆح و ئاینەوە نزیکە، میوزیکەکانیان گێڕانەوەکەی خەمئەنگێزە، ئەوانەی مێژووەکەیان زیاتر عەقڵانیی و پراگماتیزمە، میوزیك لای ئەوان دەنگ و ریتمێکی باڵای هەیە، تۆ گەر بڕوانیتە جیاوازییەکانی نێوان میوزیکی جاس و ڕۆك و سۆڵ دەبینین، هەریەکەیان بە شێوەیەك میلۆدی دەست پێ دەکەن، دەکرێت جیاوازییەکانی کۆمەڵگاش لە ڕێگەی مۆسیقاوە بەدی بکەین، هەندێك کۆمەڵگە

تایبەتن بە جووڵەی لەش و هەندێکیان تایبەتن بە ناخ و ورووژانی ناخ و هەندێکیشیان تێکەڵەن لە نێوان جەستە و ڕۆح.

بەڵام ئەو میوزیکانەی کە زۆر لە ڕۆحەوە نزیکن، زیاتر ئەوانەن کە لە ئاینەوە نزیکن، شێوەیەك بیرکردنەوە و قوڵبوونەوەی ڕۆحیی تێدایە، شێوەیەك بیرکردنەوە لە مەڕ مەرگ و ژیان، پێکەنین و گریان، یادەوەریی و لەبیرچوون. بە گوێگرتن لە هەر یەك لەو میوزیکانە، مرۆڤ دەتوانێت هەست بەوە بکات کە پێویستی بە خەمە یان پێکەنین.

پاشان شێوەی دابەشبوونی جوگرافی و بەرز و نیزمیی سروشت و جێگاش ڕۆڵی خۆی لە دروستکردن و خوڵقاندنی میوزیك هەیە، زۆر لە میوزیکی ناوچە دەشتاییەکان، خاوییەك و قوڵبوونەوەیەکی تێدایە، کە درێژبوونەوەی تێدایە لە ریتم و میلۆدیای میوزیکەکان، هەروەها زۆر خەماویترە لە ناوچەکانی تر، خەمی هێوربوونەوە و ڕاکشانە، درێژیی و فرەمەودایییە.

مرۆڤ لەگەڵ هەر میوزیکێکی خەمئامێز مەسەلەیەکی وەبیردێتەوە، بە تایبەت لە میوزیکە خەماوییەکان مرۆڤ دڵی ناسك دەبێتەوە و ڕاستییەکانی وەبیردێتەوە و مەسەلەکان ورد دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بڕێکی زۆر لە بیرەوەرییەکان هاوجووتن لەگەڵ مۆسیقا، بڕێکی زۆر لە ڕووداوەکان دەربڕی میوزیکییان هەیە.

ئەگەر تۆ لەگەڵ گوێگرتنی هەر میوزیکێکدا تووشی حاڵەتێکی تراژیدیی و خەمئامێز بوویت، پاش هەر گوێگرتنێکی ئەو میوزیکە ئەو خەمانەت سەر هەڵدەدەنەوە، یان ئەگەر لە کاتی مەرگ و ئازاری



کەسێکدا تۆ گوێت دابێتە هەر میوزیکێك، لە زاکیرە و بیرەوەرییەکانتدا ئەو میوزیکە دەمێنێتەوە و هەر دووبارە گوێگرتنەوەیەك لەو میوزیکە، دەبێتە کولاندنەوەی ئەو ژانە، هەر دووبارە هەڵدانەوەی ئەو برینانە دەبنە هۆی دووبارە هەڵدانەوەی پەردەکانی بیرەوەرییە خەمئامێزەکەت.

میوزیکە بەناوبانگەکانی دنیا لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا بەسەرهاتی مرۆڤ بگێڕنەوە، ئەو بەسەرهاتانەی کە برینەکانی مرۆڤ دەکوولێننەوە، تەنانەت لێرەشەوە جیاوازییەك لە نێوان ئەو میوزیکانە هەیە کە پڕخەمن بەپێی دابەشبوونی جوگرافی. لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دوو میلۆدی هەن خەمزایەنن، بەڵام خۆرهەڵات زیاتر میوزیکی نزیك بە ڕۆحی تێدایە، گەر بڕوانینە میوزیکی هیندی، ئێرانی، عەرەبی، کوردی دەبینین سەرچاوەیەکی ڕۆحیی هەیە، هەروەها باس لەو بەسەرهاتە تراژیدییانە دەکات کە مرۆڤی ئەو ناوچانە تێیدا ژیاون.

هەرچەندە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا میوزیك تێکەڵ بووە بە ڕۆح و ئایین، واتە ئایین سەرچاوە بووە بۆ وەبیرهێنانەوەی بەهەشت و دۆزەخ، وەبیرهێنانەوەی خوا و پێغەمبەرەکان و ئەو تراژیدیایانەی کە هەندێك لە پێغەمبەر و پیاوانی ئاینیی لەگەڵیدا ژیاون، واتە ئەو ساتانەی کە مرۆڤ بیر لە خواو پێغەمبەر دەکاتەوە.

ئایین و سۆفیگەریی و فەنابوون و دنیای فانی، هۆکاری لەدایکبوونی میوزیکی خەماویین، ئەمانە هەر هەموویان پێکەوە ئەو ئاوازە دەڕژێنن کە ڕۆحی مرۆڤ تێدا بەشدار دەبێت.

## بارانی فرمێسك له نێو شیعردا

شیعر پانتایی و رووبەرێکی فراوانی بۆ پرسە ویژدانییەکان داگیرکردووە، لە هەموو مەوداکانی تری ئەدەب زێدەتر باس لە ساتەکانی پڕبوونی دڵ و ورووژاندنی هەست و باڵگرتنەوەی سۆزەکان دەکات، لە هەموو مەوداکانی تری ئەدەب رۆح تێیدا ناسك دەبێتەوە و ئەشك لە چاودا قەتیس دەمێنێت و وەنەوشەی ژانەکان دەمی هاوار دەکەنەوە، سەرچاوەگرتنی قەتماخەی ئەو وردە هەنسکانە بە لاپاڵی گەرووەوە لە نێو چاوا دەبێتە رووبارێك فرمێسك. زۆربەی ئەو قەسیدانەی چ کۆن و نوێ و لە مێژووی کاروانی شیعرا داڕێژراون، پڕن لە باسی لەدایکبوونی فرمێسك و خەم، بۆیە لە خۆڕایی نییە کە وتوویانە راستەقینەترین شیعر ئەو شیعرەیە کە نزیکە لە خۆشیی و دڵتەنگییەکانەوە، لە شیعردا بەشێك بە تایبەتی تەرخانکراوە بۆ شیوەنە شیعر، بۆ ئەو شیعرانەی تایبەتن بە لاوانەوەی مردوو- واتە ئەو شیعرانەی باس لە ساتەکانی لە دەستدان دەکەن، ئەو ساتانەی مرۆڤ تووشی لەدەستدانی خۆشەویستێك دەکات.

شیعری شیوەن، یان شیعری لاوانەوە، تەنیا شێوە شیعرێك نییە تایبەت بە مەسەلەکانی دەربڕینی ژان و ئازار و خەمەکان بێت، بگرە بڕێکی زۆر شیعری دیکەش هەن راستەوخۆ دەبنە هۆی هەڵگیرساندنی هەستە ناسکەکانی مرۆڤ، وەك کەوتنە ژێر کاریگەرە هەستییەکان و کارلێکردنی رۆح لەگەڵ پێوەندییەکانی دەرەوە و هەندێك کات تووشبوونی شۆکی



مەزن، بۆ نموونە ئەو بەیتە شیعرانەی باس لە مەسەلە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکەن، وەك تەنیایی و غوربەت و ونبوون و برسێتی و لەدەستدان، سەرەڕای ئەو دێڕە شیعرانەی باس لە توانەوەی تروسکاییەکانی ژیان دەکەن لە شیعرە ئاساییەکانی هیجرەت و غوربەت و گۆشەگیریی هەندێك لە شاعیران، بڕێکی زۆر هەستی ناسك دەبینین کە خوێنەر و گوێگر دەورووژێنێت و رەنگە بشبنە هۆی روودانی خەمباریی و پڕبوونی قوڕگ بە گریان.

مەسەلەی مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ هەستەکاندا، یەکێکە لە مەسەلە هەرە سەرەکییەکان و بگرە ئەرکی سەرەکی شیعر ئەوەیە کە هەستەکان بورووژێنێت و دەروون بهێنێتە جۆشوخرۆش، نەك ئەمەش ئەو فەرهەنگەی شاعیران تێیدا زاراوەکانی خەم و پەژارەییان تێدا کۆکردووەتەوە، زۆر لەو فەرهەنگانە گەورەتر و مەزنترن کە تایبەتن بە بەشەکانی دیکەی چالاکییە رۆشنبیرییەکانی دیکە.

ئەگەر بە مەبەستی وردبوونەوە لە پرۆسەی مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ مەسەلە ویژدانییەکان وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت شێوەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ژان لە شیعردا پێوەندیی بە کۆمەڵێك هۆکاری دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، شاعیر ناتوانێت بە شێوەیەکی قووڵ باس لە هەست و ژانەکانی خۆی بکات، بێ ئەوەی مەسەلەیەکی قووڵی دەروونیی لەگەڵ ئەو شتەدا هاوئاهەنگ نەبێت، یان پێوەندیی بەو هۆکارێکەوە نەبێت کە بووەتە هۆی جوڵاندنی هەستەکان. واتە دەروون لە

هاوسەنگیدا لەگەڵ ڕووداوەکان دەتوانێت پێوەندییەك دامەزرێنێت، ئەو پێوەندییەی لە کۆتاییدا وای لێ دەکات بەشێك بێت لە ڕووداوەکە.

بێگومان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی خودی شاعیریش ڕۆڵی خۆیان لە شێوەی دەربڕینی ژانەکان دەبینن، مرۆڤ لەو ڕووبەرە جوگرافییەی کە دەژی و لەگەڵ کەسانێکدا ڕۆژگار بەسەر دەبات، بیەوێت و نەیەوێت کاریگەرییان بەسەرییەوە هەیە، بیەوێت و نەیەوێت دەبنە بەشێك لە پێکهاتنی کەسایەتیی و کار لە هەستەکانی دەکەن. هەندێك سیفەتی تایبەت بە گریان و خەم و فرمێسك هەڵڕشتن هەن پابەستن بە شێوەی ڕوانینی ئەو کۆمەڵگایە بۆ ئەو شێوە سۆزە هەستانە کە مرۆڤیش لە نێو گرووپدا وەریدەگرێت، کۆمەڵگەیەك کە بە خێرایی گریانی لا دروست دەبێت، چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیشی دەربڕی ئەو زوو هەڵچوونەن کە هەیەتی، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە خودی هەستی ئەو پێکدێنن، ڕەنگدانەوەی هەیە لە نێو کۆمەڵگادا.

دیارە شاعیر بە پێی ئەو قوتابخانەو ڕێچکە شیعرییانەی پێیدا ڕۆیشتووە، دەربڕین و ئاوێتەبوونی خەم لە شیعرەکانیدا گۆڕاوە، لە شیعری کلاسیکیدا بڕێکی زۆر شێوە شیعری ویژدانیی و شیوەن و لاوانەوە دەبینین لە شیعری ڕۆمانسیزمیشدا ژمارەیەکی زۆر شاعیر لە سەرتاسەری جیهاندا دەرکەوتن، بە تین و تەوژمێکی تایبەتەوە توانییان ئەو کەفوکوڵانەی دەروون لە نێو دێڕەکاندا بتوێننەوەو خۆشیان لەگەڵیاندا توانەوەکانی ڕۆح بخەنە ڕوو، وەك "یۆهان ڤۆلفگانگ گۆتە لە کارەکانی فاوست و فورتەر و دیوانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات"، هەروەها ڤارلین و بۆدلێر و ڕامبۆ و



لۆرکا ...تاد، لە پاش ئەوانیش ڕێچکە مۆدێرنیزم و نوێیەکانی شیعری نوێ توانییان کەم تا زۆر لە هەندێك دەربڕینی شیعرییدا ئازارەکان بخەنەکارو بە پێی هەندێك لە بۆنەو بەسەرهاتەکان ئەو ژانانە دەرخەن کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتیی و کەسی شاعیر بە شێوەیەکی تایبەتی بە دەستییەوە دەناڵێت، کەسمان ناتوانین نکۆڵیی لەوە بکەین کە شیعر دەیەوێت دەرگایەك بێت بەرەو کردنەوەی باس لە ڕووی ڕووەداپۆشراوەکانی ژیان، شیعر سەرچاوەیەکە بۆ ئاشکراکردنی شتە شاراوەکان، شیعر هەوڵە بۆ پێکەوە ژیان، شیعری شیوەن، ریتمێکە لە شیعری ئەورووپی و ئاسیا و شیعری دنیا، ژمارەیەکی زۆر لاوانەوەی شیعریی هەیە، شاعیران بۆ کەسانێکی گرنگیان وتووە، یان شاعیران بۆ شاعیرانیان گوتووە، یان شاعیران بۆ خاك و ڕۆح و ڕۆڵەکانیان گوتووە، بۆ نموونە شیوەنی لۆرکا لە شایی خوێن، لە وێرانەخاکی ئیلیوت، ئەحمەد شاملۆ لە شیوەکانی خاك، هەروەها شیوەنی گۆران بۆ هیوای کوڕی.

شیوەنی شیعریی نەزمێکە بۆ وەبیرهێنانەوە و بیرەوەریی ساتە پڕ ئاڵۆزەکانی ژیان، شیعری شیوەن لە نێوان ساڵەکانی (١٩٢٠ تا ١٩٥٨) گەشەکردنێکی بێ وێنەی بەخۆیەوە بینی لە شێوەی دەربڕینەکانی، هەروەها بەکارهێنانی شێوازی داڕشتن و جۆری شیعر، تەنانەت پەخشانە شیعرییەکانیش ڕوویان کردە ئەم شێوە شیعرانە، پەیدابوونی داستانی شیعریی و شانۆی شیعریش سیمایەکی تری ئەو سەردەمە بوو، لە زۆر لەو کارە شیعرییانەی کە لەو سەردەمەدا سەریانهەڵدا، هەست بە تێکەڵبوونێك دەکرێت، لە نێوان شیعری ژیان و گیان، ئەم شیعرانە زیاتر

توانییان وێنەیەکی زیندووی رۆحی ئەو سەردەمە بن، توانییان بێ هیچ گرفتێك وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە بۆچی مرۆڤ ئەوەندە لە ئازاری هەمیشەیی و تەنیایی سەردەمەکاندا دەژی، شیعر توانی ببێتە دایکی ئەو سەردەمانە بۆ لاوانەوەی ئاشقان و شەهید و وێڵ و هەژارو تەنیاکان.

شیعری ئەو سەردەمە دەرگایەك بوو بەرەو رووی رووداوەکان کرایەوە، لە نێو ئاژاوە و خەمەکاندا کەسێکی وەك لۆرکا باسی لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا کرد، هەروەها نیرۆدا شیعری بۆ خەم و زیندانیی و شۆڕشگێڕان نووسی، یان ئەو شیعرانەی دەربارەی شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرەکان نووسراون، بەتایبەت ئەو شیعرانەی دەربارەی کەسانی وەك گیڤارا و بۆلیڤار و نموونە گرنگەکانی سیمبوولی وڵاتەکان کە خەباتیان لە پێناوی رزگاریخوازیدا کردووە.

زۆربەی ئەو شیعرانەشی بۆ نیشتمان و دووربوون لە نیشتمان نووسراون، دەچنە قاڵبی ئەم شێوە شیعرانەوە، واتە شیعرێکن تێکەڵ بە ویژدان و بیرکردنەوەن، تێکەڵ بە ساتە گرنگەکانی وروژانن.

لە مێژووی شیعری کلاسیکی عەرەبی، ژمارەیەکی زۆر ناو هەن کەم تا زۆر باسی شیوەن و فرمێسك و گریانیان کردووە، هەروەها هەوڵیانداوە، بە رۆح کارەکانیان دەرخەن، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە رووداوەکانی رۆح چوونەتە نێو قەسیدە درێژە هەڵواسراوەکانی سەردەمی جاهیلی و شیعری شاعیرانی وەك (متمم بن نویرە) و (ئاوس) و (سەعیەی بن ئەلعەریز) و (ئەلخەنساو) بەکارهاتووە بۆ لاوانەوە و وەسفکردنی مردوو، پاشان گریان لەسەر هەواری خاڵیی و دیارگەی ئاشقان و شوێن هەواری کۆچەران،



دەبێت ئەوەش بوترێت لە شیعری عەرەبی چەند شێوە فرمێسکڕژاندنێك هەبووە، کە پێی وتراوە (وەسفکردن و سەرزەنشت و شیوەن). لە بارەی شیوەنەوە وتراوە (شیوەن و شین لە زماندا، ئەوەی بە شیعر مردوویەکی لاواندووەتەوە، ئەوە شیوەنی بۆ کردووە، شینکردن بۆ مردوو بەزەیی پێداهاتنەوەو خەمخواردن بۆ کەسی مردوو، کە ئەمەش بە زۆری رەگی لە ئایین و سروشتی ئەو ناوچانەوە وەرگیراوە.

لە شیعری عەرەبی سەردەمەکانی تر، وەك شیعرەکانی ئەبو عەلای مەعری و موتەنەبی و شاعیرە هاوچەرخەکانی وەك ئەحمەد شەوقی و محەمەد مەهدی جەواهیری مەحموود دەروێش و ئەدۆنیس و سەیاب و سەمیح قاسم و سەرگۆن پۆڵس نموونەیەکی زۆر لە شیوەن و شیعری گریاناویی بۆ خاك و غوربەت و هاوڕێیەتی دەبینین و نموونەی شیعری فرمێسکاویی بەخوورِ لایان قەتیس دەبەستێت، هەروەك لەو نموونانەدا دەبینرێن کە باس لە غەزەلیات و شیعری شیوەن و ئەو گریانانەی کە لە بیابان و کێوەکانەوە دەنگی داوەتەوە، گەر لە دەرەوەی دەوروبەری خۆمانەوە بڕوانین، رووبارێك لە شیعری پڕ سەیرو سەمەرە دەبینین کە باس لە رووداوە پڕئازاراویی و فرمێسکاوییەکان دەکەن، دیارە لە شیعری هاوچەرخی عەرەبی، بابەتەکانی فرمێسکڕشتن لە شیعردا بە زۆری پێوەستە بە بارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، کە ئەمەش سیمای شیعری شیوەنی هاوچەرخە، سیمای ئەم سەردەمەیە کە تایبەتە بە جەنگ و ماڵوێرانیی و ململانێی سیاسیی و پێوەست بووە بە فرمێسکڕشتن.

که دەڵێین شیعری فرمێسکاویی، تەنیا مەبەست لەوە نییە که لە دوو توێی بەیت و شیعرەکاندا وشەی گریان و فرمێسك هەبێت، نەخێر، خۆ هەندێك جار شیعر ئەوەندە کاریگەرانە باس لە بەسەرهاتێك دەکات کە ئیتر مرۆڤ هەر لە گێڕانەوەی رووداوەکە خۆی تووشی شێوەیەك لە دڵپڕبوون و فرمێسکڕشتن دەبێت، ئەمەش زیاتر پابەندە بە توانـاو هێزی شیعرەکە و ئەو شێوازە دەوڵەمەندانەی کە لە هۆنینەوەی وێنەیەك یان رووداوێکی شیعرییدا بەکاری دەهێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەو گێڕانەوانە باس لە توانەوەی مرۆڤ و بە فرمێسکبوونی ژیان دەکەن، بێگومان لە شێوەی بە تراژیدیابوونی هەموو ئەو دیاردانەی کە پڕ لەئازارن.

شیعری شیوەن لای زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان، بریتی بووە لە دووبارەبوونەوەی تراژیدیای ژیان و ئەو هەموو قوڵپانەی لە ساتێکا دەبنە شێوەیەك لە توانەوە، لە زۆربەی شیعری سەردەمەکانی پێش سەردەمی مۆدێرنیزم و گەشەکردنی پیشەسازیی بابەتان لە بازنەی چەند بابەتێکی گرنگی وەك (جودایی و مەرگ و خۆشەویستی و لەدەستدان) دەسوڕایەوە، کە ئەمەش سیمای شیعری کلاسیکی بووە، لێرەدا وەك نموونە لە شیعردا ئەو هەموو نسرمانە دەبینین بەسەر گەلای دەمەو بەیانی ژانەکانەوە ئاونگیان بەستووە و دەیانەوێت لە چاوی سەوزاییەوە قەتیسمە بکەن و لە نێو زەویی شێداری رۆژگاردا بتوێنەوە، گریانی نێو شیعر هی شاعیرە و هی تاشە بەرد نییە، هەر بۆیە گریانی شاعیرانی ئەو سەردەمە بەجۆش بووە، لەبەرئەوەی گوێگری زۆرتر هەبووە بۆ ئەوەی گوێ بۆ ئازارەکانیان راگرێت



و هەست بە گریانەکانیان بکات و هەر خودی سەردەمەکەش یاریدەدەر بووە بۆ بڵاوبوونەوەی خودی خەمەشیعرییەکان.

خۆ لە شیعردا دەکرێت مرۆڤ نەگری و سروشت بگری، باران و بەفر و کانی و بەرد و درەخت و ئاسمانیش -گریانی شاعیران زۆر جیاوازە، لە گریانی مرۆڤی دیکە، شاعیر بۆ ئەوە ناگری تا ببێتە سەرچاوەی بەزەیی- شاعیر بۆ ئەوە ناگری تا گریانەکانی گریان بن، شاعیر بۆ ئەوە دەگری تا ببێتە ئاوێنەی باڵای رووداوەکان و باڵای ناخی خۆی لەو ئاوێنەیەدا ببینێ -بۆ ئەوە دەگری تا هەموان لەگەڵیدا زەنگۆڵ زەنگۆڵ، باران ئاسا لەگەڵ دێڕی شیعرەکانیدا ئەوانەش بێنێتە گریان کە بەدیار شەوچەرەی دێرەکانی ئێشك دەگرن.

شاعیر لەبەر ئەو مۆمانەدا دەگری کە مۆمی کڵێساو نەزەرگاکان نییە، بگرە مۆمی ئازارەکانی خۆیەتی- شاعیر زۆر بە دەگمەن دەتوانێت فرمێسك هەڵڕێژێت گەر فرمێسکی شیعر نەبێت، شاعیر زۆر بە دەگمەن دەتوانێت ئەو سەرچاوانە بکاتەوە گەر سەرچاوەی هەنسك نەبن، زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی شیعر بۆ ئەشق و دووریی گریاون، لەپاڵ یادگارییەکانی ئاشقەکەی یان لەپاڵ گۆڕیان بەدیار هەوارگەکەیەوە گریاون، گریانی شاعیران لەدوو هێڵی سەرەکیدا دەردەکەوت، یەکەم ونبوون، دووەم دوورکەوتنەوە، شاعیری کلاسیکی لە دوو حاڵەتدا بەزۆریی فرمێسکی هەڵڕشتووە، لە کاتێکدا کە ئاشق بووە، یان تووشی غوربەت بووە، ئەم دووانەش گەورەترین بزمارن بە نێو لەشی لە خاچدراوی شاعیردا رۆدەچنە خوارێ.

له شیعری فارسی ئەو نموونانه له لای زۆربەی شاعیرانی فارس هەیە، هەر له خەیام و مەولەوی و حافز تا دەگاته شیرازی، جەلالەدینی رۆمی یەکێکه لەو شاعیره سۆفیگەرانەی کە پڕ بەدڵ گریاوه و شیعریش لەگەڵیدا گریاوه، ئەوەنده بە رۆح لە نێو شیعرەکانیدا تواوەتەوه، کە نەیتوانیوه بەر بەفرمێسکەکانی خۆشی بگرێت، تا شەپۆلی ئەشقی شیعری گڕی بەرداوەته بڕوای ئاینییەکەی.

له شیعری کوردیدا دەیان نموونەی گرنگ له مێژووی شیعری کۆنی پێش سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکیش هەبووه، لای شاعیرانی وەك بێسارانی و وەلی دێوانه و رەنجووری، بەڵام نموونەکانی وەك مەلای جەزیری و بەسەرهاته دڵتەزێنەکانی ئەحمەدی خانی و شیعری گریاوی نالی بۆ حەبیبه دەکرێت له شیعری کوردیدا سەرقافڵەی بیرکردنەوه و داهێنانی شیعری خەماویی بن له نێو شیعری کوردی، کە زۆربەیان لە بازنەی خەمی خۆشەویست و ئەشق و نیشتمان و خاك-دا سوڕاونەتەوه، پاشان نموونەکانی پاش کلاسیکی لای حەمدی ساحێبقران و گۆران (بۆ هیوای کوڕم) سەرهەڵدەدا، ئەو شیوەنانەی کە بۆ شارەکانی کوردستانی وەك هەڵەبجەو پێنجوێن و سلێمانی و بۆ هەوارگەی چۆڵ وماڵوێرانیی وتراون، ئەمەو دەیان شیعری تر کە دیمەنی گریاناوییان لەخۆ گرتووه، وەك هێمن له شیعری (ناڵەی جوودایی)، کاکەی فەلاح (شەش پەپوولەکەم)، سەلاح محەمەد (سەفەر مەکە)، سەلام محەمەد (سۆما)، گریان و ئازاری مەزن ....تاد.



شیعری کوردیش بەحوکمی پێکهاتەیی و دروستبوون و سەردەمەکانی توانیویەتی دەربڕینی بە ئەمەکی ویژدانییانه بێت بۆ ئەو هەموو تراژیدیا و کلۆڵییانەی کە بەسەر کۆمەڵگە و سەردەمەکاندا هاتوون، یان توانیویانه ببنه سەرەتاییەك بۆ دەستپێکردن و باسکردنی دەردی دڵ، شیعری کوردی هەر لە سەرەتاوه شیوەن بووه بۆ ئازاری خۆشەویستی نیشتمان کە لەلای کلاسیك و مۆدێرنەکان هیچ خەم و فرمێسك و گریانێك ناگەنه ئەو ئازاره، دەکرێت بوترێت شیعری کوردی خەمەکانی خەمی زەوین.

کەواته ئەرکی شیعر ئەرکێکی گران بووه، نەك تەنیا لەبەرئەوەی کە هونەرەکه گێڕانەوه بووه و بەس، نەخێر، شیعر بەدووی هونەری دەربڕین سووڕاوەتەوه، بۆ ئەوەی وێنای ئەو دیمەنه تراژیدیایانه بکات کە لە مێژوو و زاکیرەی مێژووەکەیدا ماوەتەوه، شاعیر پێویستی بە خوازیاریی و کینایە و خوازیار هەبووه تا دیمەنێکی گریاناویی پێشکەش بکات، پێویستی بە وشه و وشەسازیی و گەمەکردن بە وشه بووه، تا بتوانێت، فرمێسك بکات به دەریا و چاو بکات بە کانی و دڵ بکات بە هەنسکی گریان، شاعیر پێویستی بووه، خۆرئاوابوون بکاته دڵی خەمبارێك و هەوری رەش بکات بەدڵی ئاشق و پایزیش گریانی هەمیشەیی، شاعیر پێویستی بەوە بووه تا دەرگاکان بە رووی هەموو شێوە لێکچوواندنێك بکاتەوه لێکچووەکانی فرمێسك و گریان و وشەکانی.

وشەی شاعیر تەنیا لەوەدا نەوەستاوەتەوه کە هەر دەربڕینێکی رووت و قووت بێت، نەخێر، ئەو هەوڵیداوه هەموو ئەو پێکەنینانە دووبارە

بکاتەوە، گریان و گریانەکان دووبارە بکاتەوە بە پێکەنین، شاعیری بەتوانا هەموو ئەو خەمانەی لە نێو یەك تا دوو دڕێڕی بەهێزدا کۆکردووەتەوە.

شاعیرەکان بە پێی پێوەندییان بە سەردەم و کلتووری خۆیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ هەست و هەڵسوکەوتەکان کردووە، بە پێی پێکهاتەی خۆیان بیریان لە دروستبوون و سەرهەڵدانی هەڵوێستە تراژیدییەکان کردووەتەوە، ئەوان تەنیا لەو ئاستەدا نەوەستاون کە شێوەی پێوەندییەکان دیاریی بکەن و شیعری پێدا هەڵبدەن، ئەوان هەوڵیانداوە لەگەڵ هەڵچوون و وورووژانەکانی ناخی مرۆڤدا لە ململانێدا بن، هەوڵیانداوە دەرگاکانی پێوەندیی و پێکەوەبوون لە یەك سەرچاوەوە هەڵدەنەوە.

شاعیرانی خۆرهەڵاتی هەر لەسەرەتای پێوەندییە رۆحییەکانەوە زەمینەی ئەوەیان بۆ رەخساوە کە بە قووڵی و رۆح بیربکەنەوە، هەر سەرەتا ئەوەیان بۆ رەخساوە بە قووڵایی هەڵهاتنی هەتاوی ناوچەکانی خۆیان بڕواننە قووڵایی بەرامبەرەکانیان، بۆیە شیعرەکانیان هەر زوو کەوتوونەتە مابەینی دوو چۆمی پڕ سەبووریی و خەمەوە، پیاهەڵدانیان بۆ تینوێتی بووە بۆ ئازیز و خۆشەویستەکانیان.



## شیعری کوردی و گریانە بەکوڵەکان

**لێرەدا** دەمەوێت بە کورتی خۆم لە هەندێك نموونەی گرنگی ساتە گریاناوییەکانی نێو شیعری کوردی بدەم، دیارە ئەمیش وەکو شیعری عەرەبی و فارسی لە ئاو و هەواو کەژو دەوروبەرێکی چوونیەکدا گەشەی کردووە، بۆیە سەیر نییە گەر بابەتە گریاناوییەکانیان لە یەك بچن، لە یەك بچن لە رووی شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکانی ناخ و دڵ و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی فرمێسك پێ رشتن و هێنانە گریانی شاعیر، یاخود خولڤاندنی هەنسك لە ناخی خوێنەر، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان کرد شیعر بە توانایەکی گەورەوە دێتە پێشێ بە مەبەستی وورووژاندنی هەست و هێنانە جۆش و خرۆشی ناخ.

کۆمەڵگای کوردەواریی بەهۆی ناوچە جوگرافی و کاریگەرییە کلتووریی و ئاینییەکانی بە پێی مێژوو پێوەست بووە بە هەستەوە، واتە کاریگەرییەکانی هەست هەمیشە لەگەڵیدا ئامادەبوون، کۆمەڵگای کوردەواریی لە دیدی هەستیارییەوە بڕوایان بە نزیکبوونەوەی مرۆڤ لە وورووژاندنەکانی هەست هەبووە، هەر بۆ نموونەش کاریگەریی دوو ئاینی گەورە لە مێژووی ئەودا (ئاینی زەردەشتی و ئیسلام) وایان کردووە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ سۆزو کاریگەرییەکانی سۆز بکات، دیارە شیعریش وەکو شێوازێکی کلتووری ئەدەبیی نەیتوانیوە لەو بازنە هەستیارییەی کۆمەڵگاکە بچێتە دەرێ، نەچوونەدەرەوەشی لەو بازنەیە، مانایەکی تایبەتی بە شیعری کوردی بەخشیوە، شیعری کوردی وەکو ئەو شیعرانەیە

که له ڕۆحەوە دەست پێ دەکات و مەوداکانی سنووری نێوان ڕۆح و جەستە بە ماوەیەکی درێژ دەبڕێت، هەر بۆیە دەبینین شیعری کوردی شیعری ڕۆح بووە، ئەگەر لە کۆنترین شیعری نووسراوی کوردی وردبینەوە تا دەگاتە سەردەمەکانی مەلای جەزیریی و فەقێی تەیران و نالی و مەحوی... هتد، هەست دەکەین شیعری کوردی مامەڵەی لەگەڵ شتە ڕۆحییەکان کردووە، هەمیشە پرنسیپەکانی دەستپێکردنی ڕۆحن، واتە سنووری دەستپێکردنی هەست و نەست و سۆزو وورووژاندنە تا دەگاتە چێژو بەرکەوتن و جەستە... شیعری کوردی بەو حوکمەی شیعرێك بووە مامەڵەی لەگەڵ شتە ڕۆحییەکان کردووە، وەك فەنابوون و توانەوەی وێژدان و بەهەڵمبوون لە نێوحەزە خوداییەکان و توانەوەی جەستە لە نێو ئاگردانی خۆشەویستی و بە نسرمبوونی هەستەکان و دەستبەردان لەو جەستە فانییەی کە نازانرێت مێژووی کەیەو لە چ سەرچاوەیەکەوە پەیدا دەبێت.

خەم و فرمێسك و هەنسك و گریان بڕێك قۆناغی وورووژاندنی ڕۆحن، لە نێو بونیادی شیعری کوردیدا ئامادەگییەکی قووڵیان هەیە، گەر بڵێم مێژووەکەی ئاشکراو روون نییە، درۆ نییە، ئەم مێژووە مێژووی کلتوورەکەیەتی، بە پێی هەموو ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن، مرۆڤ کەم و زۆر پێویستی بەوەیە کە دەربڕینی هەبێت بۆ هەستەکانی، ئەم دەربڕینەش لە شیعری کوردیدا لە خەمەوە دەست پێ دەکات، ئەو سیفەتە ئاشکرایانەی خەمی نێو شیعری کوردی بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە کەسوکار و خۆشەویست و وڵات، یان بریتییە لە مەسەلەکانی خۆشەویستی و لەدەستدانی ئازیزان.



شیعری کوردی بەحوکمی ژیانی ئەو شیعرانەی لەگەڵیدا هەڵیان کردووە، چاك لەو بارانانە دەچوو کە بەسەر گژوگیای بەهاراندا هەڵبەز و دابەزینیان دەکرد، کیمیای شیعری کوردی کیمیاییەکی ئاڵۆز بوو، پێش تووشبوونی بە دەردی سیاسەت و وڵات و خەمە سیاسییەکانی، کیمیاییەکی تایبەتی هەبوو ڕەنگەکانی ئەو ڕەنگە کاڵانەبوون کە لەبەر بارانی فرمێسکدا ڕەنگیان کاڵتر ببووە، نزیکبوونی لە دنیای خەڵوەت و سۆفیگەریی وایکرد، دنیایەك شیعری خەراباتی و بێهوودەیی و ئازارەکانی ژیان بێنە دەرێ، وایکرد شیعرەکان زیاتر لە گیڕانەوەی تاریکەوە نزیك بن تا گێڕانەوەی رووناك.

لە سەدەی شانزەیەم و هەڤدەیەمدا شاعیرانی وەك خانای قووبادی و وەلی دیوانە و ڕەنجووری و بێسارانی هەبوون، کە پاشان لە شیعری سۆفیگەریی مەولەویدا گەڵاڵە بوون، دەرکەوت کە ئەم شاعیرانە ئەوەندە لەژێر کاریگەریی هەستە ناسکەکانی سروشت و ئایین بوون، بەکەمی دەبینرا شیعرێك ئاماژەیەکی فرمێسکاویی تێدا نەبێت.

ئەو سەردەمەی ئەو شاعیرانە دنیایەك بوو لە باسکردنی ژانەکانی مرۆڤ، بەڵام کاتێك ئایین و ڕێبازە ئاینییەکان چوونە نێو ئەو پێوەندییەوە، ئیتر مەسەلەکان وردە وردە ڕێچکەی قووڵی ڕۆحی گرتەبەر، ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوەکان بەرەو ئەوە چوون تا ببنە پردی پێوەندیی لە نێوان قوڵپی گریان و نەوای نەی و ناسۆری ژیان.

زۆر لەو شاعیرانەی ئەو سەردەمە شیعرەکانیان لە زمانی خۆیانەوە دەوترا، دەبوونە شیعری جەماوەر و لە بۆنە و تازییە و خەمەگەورەکان لە ریتوێڵی تایبەتیدا دەوترایەوە، لە زۆربەی ئەو قەتار و مەقامانەی کە لەو

سەردەمەوە گەیشتوونەتە ئێستا، شیعری ئەو شاعیرانە لە فەزایەکی خەماویی فرمێسکڕێژدا دەوترێتەوە، هەروەها زۆر لە پیرەژن و پیاوانی گەورە بۆ شەرحی دنیای فانی و بێهوودەی ژیان، نموونە لە شاعیرەکانی ئەو شاعیرانە دەهێننەوە.

پاش گەشەکردنی شیعرە سۆفیگەرییەکان لە نێو شیعری کوردیدا، بەتایبەت لای مەحوی و جزیری هەندێك نموونەی نوێی خەم لە نێو شیعردا سەریان هەڵدا، ئەمجارە شیعر تەنیا ئەوە نەبوو کە گێڕانەوە بێدەنگی ناخ بێت، بگرە بیرکردنەوە بوو لە ژیان و خوا و پێوەندییە خواییەکان و ئەو سزا و ئازارەی جەستە و رۆح لە ژیانێکی تردا چاوەڕوانی دەکات، ئەو پێوەندییە گرانانەی کە خوا مرۆڤی پێ موحاسەبە دەکات.

بۆیە ئەوەی تێبینی هەموو دیاردە شیعرییەکانی ئەو شاعیرانە بکات، بۆی دەردەکەوێت کە پێوەندییەکان پێوەندییەکی داخراون، لە نێوان خوا و مرۆڤ لە نێوان تەنیایی و پێکەوەبوون و توانەوە.

ژیانی شیعریی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا تا ئەو کاتە پێوەست بوو بە مرۆڤەوە کاتێك کە گەیشتووەتە پێوەندییەکانی فرە تراژیدیا، واتە ناخۆشییەك بۆ هەمووان، ئەو کاتە شیعرەکانیش بۆ هەمووان بووە، کاتێك کە شاعیر شیعری بۆ خەمێکی گشتیی وتبێت، هەمووان پێکەوە بوون خەڵك و شاعیر لەو کاتەدا خەمەکە گشتگیر بووە، بەڵام گەر تەنیا شیعرەکە باسی لە دڵدارێکی دۆڕاو و یان کەسێکی خەمخۆر کردبێت، شیعر نەیتوانیوە بگاتە ئاستی هەمووان.

ئێستاش لە هەندێك شیوەن و شینی تایبەتی ژنان گوێمان لە شیعری تایبەتی لاوانەوە دەبێت، ئەو شێوە لاواندنەوەیە هەمیشە لە شیعری



شاعیرانی ترەوە وەرگیراون، یان شیعرێکن لە نێو رۆحی جەماوەردا تواونەتەوە، یان ئەو شێوە شیعرانە لە ئەنجامی کۆمەڵێك پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا دروست بوون و کەوتوونەتە نێو خەڵکەوە، شیعری فۆلکلۆریی یان میللی، دەکرێت شێوەیەك بێت لەو شیعرانە، بەڵام ئەم هەموو رێکخستنە لە بۆنە خەماوییەکان دەردەکەوێت.

شیعر لە نێو بونیادی شیعری کوردی پێویستی بەوە بووە کە بتوانێت دەربڕی ئەو هەموو ناخۆشییانە بێت، کە وا دەکەن هەموو پرسیارەکانی کەسی خەمخواردوو وەڵام بدرێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە پرسیارەکانی بوون، دەرگا بە دەوری وتنی شیعردا دەکەنەوە، زۆر لەو پرسیارانەی کە تا ئەم ساتەش ژیان و بوون بەدوویدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەیە کە شیعر پرسیاری بوون دەکات.

لە نێو بونیادی دامەزراندنی پێوەندیی لە نێوان شیعر و خەمەکانی رۆژگاردا، شیعری کوردی توانی بە هێزەوە ئەو باسانە بخاتە نێو دوو دێڕی لێکدانەوە وە، توانی ئەو هێزە بکوژێنێتەوە کە پێوەندییەکان لە پێوەندیی ئاساییەوە بۆ پەیوەندیی سۆزداریی دەگۆڕێت، برێکی زۆر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێوەندیی بەهێزیان لەگەڵ شیعردا هەبوو، شیعر فرسەخێك لە کۆمەڵەوە دوور بوو، ئەمەش وایکردبوو کە بتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، کە ئەویش ئەرکی پێگەیاندنی باسەکانی ژیانە، ئەمە وا دەکات زۆر لە مەسەلەکانی ژیانی ناو کۆمەڵ پێکەوە لەگەڵ داهێنانەکاندا رووبەڕوو ببنەوە.

# مەرگی جگەرگۆشەو فرمێسك

مەرگی تاقانە، مەرگی بەنرخترین بەشی بوونی خۆتە، رۆح دەکەوێتە ژێر تەوژمی لەرزینێکی قووڵ و بەو کەنارانە دەگات کە چیتر هێوربوونەوە لە ناخیاندا نایەتەدی. مەرگی تاقانە مەرگی چاوەڕوانیی و مەرگی هەموو ئەو ساتانەیە کە تێیدا مرۆڤ لە پێشوازیی جوانترین چیرۆکی ژیانە، لە چاوەڕوانیی ئەو تەوژمەیە کە گیان دەشواتەوە، رژانی فرمێسك لە مەرگی جگەرگۆشەدا لە هەموو فرمێسکەکانی دیکە مەزنترە، هیچ فرمێسکێك بە ئەندازەی ئەو فرمێسکە مەزنە نییە کە لە مەرگی تاقانەدا دەڕژێت، مەرگ نییە بە ئەندازەی مەرگی تاقانە لەگەڵ خۆیدا بەخوڕ فرمێسك نەهێنێت، فرمێسکیش نییە بە ئەندازەی ئەم فرمێسکە ئەوەندە تاڵ و سوێر بێت.

من پێم وایە جوانترین شیعرێك لەم ئاستەدا نووسرابێت، ئەو شیعرەیە کە بۆ گریانی تاقانەیەك دەنووسرێت، ئەم تاقانەیە چیرۆکەکەی چیخۆڤمان وەبیردێنێتەوە، یان ئەو رۆمانەی باس مەرگی کۆرپەلەکەی دەکات.

لە شیعری کوردیدا گۆران شاعیری نوێخواز جوانترین لاوانەوەی بۆ جگەرگۆشەکەی (هیوا) دەنووسێت، سەرەڕای ئەوەی کە لە دیوانی "فرمێسك و هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت" شاعیر پرسەیەك بۆ زەمەن و شوێن و خۆی دادەنێت سەرتاپای ئەو دیوانەی لاوانەوەیە بۆ گیانی مرۆڤ و جگەرگۆشە و سرووشت، لە شیعری "هاوڕێم بێکەس"و "لاوانەوەی سەرەڕێ"و "گوڵی کەمخایەن"و "شیوەنی گوڵاڵە" پاشان "لە سەرەمەرگی



هیوادا"و " بۆ هیوای کورم" دەکرێت بوترێت جوانترین شیوەنی شیعریین لە نێو شیعری ئەو سەردەمەی کوردیدا، ئەمە جگە لەو شیعرە جوانانەی کە بۆ سالم و دەروێش عەبدوڵڵای نووسیوە.

گۆران بە هەموو رۆحی بۆ گریانی رۆڵەکەی دەگری ئەو رۆحەی سەردەم لە دوای سەردەم گەشە دەکات. مەرگی تاقانەو جگەرگۆشەو رۆڵە بۆ شاعیر هەستیارترین ساتە کە تێیدا بۆ ئازیزەکەی فرمێسك هەڵدەڕێژێت، کەس نییە لە شاکارە مەزنەکانی هۆمیرۆس و شانامەدا دیمەنی مەرگی تاقانەی نەخوێندبێتەوە، کەس نییە ئەو قەسیدەی ئالیۆتی نەبیستبێت کە باس لەتوانەوەی رۆح لە حەزرەتی ساوایەکدا دەکات کە گیانەڵڵا دەدات. ئەو شیعرە ناسکەی گۆران بەوپەڕی هەستیارییەوە لە شیعری هیوادا باس لە گریانی جگەرگۆشەکەی دەکات -ئەو فرمێسکانەی رۆحی ساوای هیواش نازانێت بۆ هەڵیاندەڕێژێت، ئەو گیانەی لەبەردەم توانەوەی رۆژگاردا بووە بە ساتێك لە تەنیایی و هەنسك و بەزەیی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێتە پارچەیەك جگەری سووتاو، خۆ ئەگەر هەموو شیعرەکان هەڵدەینەوە، هەست دەکەین بەوەی کە مێژووی گریانەکانی شیعریش هیچیان لەو هەموو فرمێسکانە کەمتر نییە بە هۆکاری جەنگ و ماڵوێرانیی و کەمبوودیدا دەڕژێن، شیعری گریان باس لە چۆنییەتی توانەوەی رۆح دەکات.

تێگەیشتن لە گریانی شیعر تێگەیشتنە لە گریانی مرۆڤ، شاعیر لەخۆیەوە باس لەو فرمێسکانە ناکات کە دەڕژێن، خودی شاعیر خۆی لەژێر کاریگەریی ئەو هەموو فرمێسکانەدا کە لە دەوروبەریدان، بە رۆحیدا فرمێسك دێتە خوارێ و وەك مەرەکەبی پڕ بە توانا لە نێو

دێڕەکاندا دەبن بە هێڵ و هاوسەنگیی وشەکان، ئەو لەو سەرچاوەیەوە باس لە شیعر دەکات کە سەرچاوەی توانەوە و نەمان و تێکەڵبوونن، سەرچاوەی بیرکردنەوە و پێداچوونەوەن، ئێمە لە شیعرێکدا دەتوانین سەدان و هەزاران وشەی گریان ببینین، بەڵام ئایا دەتوانین هەزاران دڵۆپەفرمێسک ببینین، بۆ ئەوەی بەڕاستی لە مانای ئەو هەمووە بگەین، پێویستمان بە ئامادەبوونی رۆحە، لە شیعری هیوای گۆران-دا رۆح ئامادەیە، رۆح شتێکە زیندووە، باس لەو جیاکارییانە دەکات کە لە نێوان رۆحەکاندایە، هیوا لە مانای گریان نازانێت، بەڵام لە مانای گەیاندنی پەیامی ژان دەزانێت، ئەو رۆحانەشی لە مانای گریان نازانن و بەکاریشی دێنن، رێك لەو ئاسمانە دەچێت کە لە ژێر خۆرەتاودا خوڕەی بارانێك دەست پێ دەکات.

بەراوردکارییەکی ئیستاتیکی قووڵ لە نێوان مانای مەرگی جگەرگۆشەیەك جیاوازە لە مانای مەرگی ئازیزێك، مەرگی کۆرپەڵەیەك وەك تەنیایی چۆلەکەیەکە بە باڵشکاویی لە دەشتێکی بێ ئاودا، ئەوەی گۆران لەو شیعرەدا دەیەوێت بیگەیەنێت، گریان نییە، بە ئەندازەی ئەوەی شیوەنێکی ویژدانی ناخی خۆیەتی بۆ ئەو ساتانەی کە هەموو ئازارەکانی لە گریانی کۆرپەکەیدا بەرجەستە دەبێت. ئەو لە چاوی ئەوەوە گریانی خۆی و کەسەری خۆی دەبینێت، بەرەو ئەو مەملەکەتەمان دەبات کە تێیدا گیان و رۆح دەبنە پارچەیەك دڵۆپە ئاو و لە چاوەوە دەکەن عبوور، لەلای گۆران رۆحی بەراوردکاریی و تەعبیرکردنی ساتە ناسکەکان وای لێکردووە، بێ سڵکردنەوە لەگەڵ هەنسکی منداڵەکەیدا، ئەویش لە شیعرەکەیدا بگری، بەڵام نەك گریانێك لەوەی هیوا، بگرە گریانێك لەو دنیایەمان نزیك دەکاتەوە کە پێی دەوترێت دنیای فرمێسکی ناخ، واتە لە



ناخی ئەو هەموو ئازارەی لە گریاندا بەرز دەبێتەوە، شتێکی خۆش بەدی دەکەین، ئەمەش سروشتی خۆشیی و ناخۆشیمان دێنێتەوە یاد، ئەو خۆشیی و ناخۆشییەی کە ناکرێ بە تەنیا هەبن، بۆیە پێکەوە دروست بوون و پێکەوە هاتوون، یان سوکرات وتەنی: خوا هەوڵی دا ئازار و چێژ لە نێو یەکتریدا بتوێنێتەوە، کاتێك زانی ئەم کارە مەحاڵە، بۆیە بڕیاریدا هەردوو ئەم شتە ببەستێت پێکەوە.

شاعیر لە شیعری "بۆ هیوای کوڕم "دا دەڵێت:

چییە ئەم گریە بێ غایە، کڕووزەی نیوەشەو خوڕپێن“
چییە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ مەنال ئەڕژێن“

ئەگەر لێرەدا سەرەتاکانی شیکردنەوەی حاڵەتی گریانی بێ مەبەست و پاکیزەیی منداڵە، بەڵام لە رۆحی باوکدا دەبێتە گریانێکی قووڵ کە بەهیچ نەوازشێك ژێرنابێتەوە، ئەو گریانەی ئەو کڕووزەی نیوە شەو دەخوڕپێنێت، بەڵام گریانی ئەو شەو و رۆژ و ژیانی دەخوڕپێنێت:

بەڵێ، ڕۆڵەم، ئەگەر وەك من کەمێك بەدبەختی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەك شەو، ڕۆژی ڕووناکیش،
حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بە ناڵەی ڕۆحی پڕ ئێشت،
لە ئەستێرەی سەما بپژێنێ فرمێسکی دڵی ڕێشت،
حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهووم و بێ مەعنا:
زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!

بەم شێوەیە دەبینین، کە گۆران هەر لەسەرەتاوە تێگەیشتووە، کە گریانێك لە ناخی ئەودایە، فرمێسکێك لە چاوی ئەودایە کە جیاوازە لە فرمێسکی تۆ، جیاوازە لە هەموو ئەو پێوەندییانەی کە پێکەوە هەڵدەکەن

و پێکەوە دەبن، جیاوازن لەو پێکەوەبوون و هەڵسەنگاندنانەی کە لە ژیاندا هەن، بۆیە ئەوەی بەراوردی فرمێسکی باوك و کوڕ بکات، تێدەگات ئەوانە دوو خەم و حەسرەت و ژیان و هەڵچوونن، دوو ژیانن جیاواز لە هەموو شت، بەڵام گۆران هەر لە نووسینی ئەم شیعرەی تا نووسینی "شیوەنە شیعرییەکەی" بۆ هەمان هیوا، کە سەرەتا گریانی هەردووکیان تێکەڵ بە یەکتری دەبوو، لێرەدا گریانێك لە شێوەیەکی ترە:

هون هون فرمێسکم بڕژێنە داوێن

فرمێسکی تاسەر بڕژێنە جەرگ و دڵ تاوێن

هەرچەندە شیوەنەکەی بۆ مەرگی کوڕەکەی ڕووداوێکی پڕ فرمێسکاویی و خەماویترە، بەڵام شاعیر نەیتوانیوە ئەو وێنە جوانانەی بۆ هیوای کوڕی، گریاویی بنووسێت، بگاتە ئاستی ئەو وێنەیەی کە بۆ سەرەمەرگی هەر هەمان هیوا نووسیویەتی، ئەمەیە جیاوازیی دەربڕینە رۆحیی و ئەو گریانانەی لە رۆحەوە دەڕژێنە سەر ژیان:

سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە،

رۆڵە مردنە و فرمێسك بارانە،

دیمەنی توانەی جەرگ لەبەرچاوی باواندا وێنەیەکی تراژیدیی ئاساییە، بەڵام زۆرجار وێنەکانی پێش مەرگ و گێڕانەوەی ئازاری کەسی گیانەڵڵا و کەسی ئازاراویی زۆر وێنە تراژیدیتر دەنوێنێت، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەو گریان و فرمێسك و گریانانەی لەم شیعرانەدا دەبینرێن، دەربڕی ئازارە گریاناوییەکانن.



## گریانێکی شیعریی لە شێوەیەکی تر

لای نالی یان ئەوەی لای مەولەوی کە هەردووکیان وەکو دوو شاعیری کلاسیکی لەمەڕ مەسەلەی گریان لە چاودا جیاوازییەکی بنەڕەتی لە شێوەی ووردبوونەوەیان هەیە، لەو حاڵەتانەی کە تێدا لەش دەبێتە ئەشك یان دەبێتە خوێن و دێتە خوارێ، لای مەولەوی لەم شیعرەدا گریان و فرمێسك دەبێتە سەرقافڵەی رووداوەکان:

گرمەو پزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق بریسکەی شوعلەی شەرارە
شاخەی شریخەی برووسکەی دەروون
نە چەم شەتاوان جاری کەرد چوون هوون
مەوج مدۆ لافاو هوون دەجلەی دڵ
نە فوارەی چەم هور مشانۆ گڵ

دیارد لێرەدا گرمەو هەرای دڵ وەکو هەورە بروسکە و تریشقەی چەخماخە، ئەوەندە مەزن رووناکیی و هێزی گڕەکەی بە هەموو لایەکدا رووناکیی پەخش دەکات، بەڵام ئەو هەموو ئازاری دڵە رێك لەو هەورە تریشقەیە دەچێت کە وای لێ کردووە لە چاوەکانییەوە شەتاو وەکو قوولپی خوێنی دڵی دێنە خوارێ و ئەوەندە ئازاری هەن کە گریان و فرمێسك لە

ئازاری دڵییەوە قووڵپی خوێن دەڕژێنن، خوێنی دڵیشی وەکو رووباری دیجلە شەپۆل دەدات و لە چاوییەوە لەبەر زاری و گریان و ئازار، نەك فرمێسك، بگرە خوێن فوارە دەکات، کە ئەمەش ئاماژەیەکی زۆر جوان و زیرەکانەی مەولەوییە لە شوبهاندنی دڵ و چاو بە رووبار و شەپۆلەکانی، شوبهاندنی ئازار و خەم و ناسۆرییەکەی بە هەورە بروسکەو چەخماخەکانی، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەمە وێنەیەکی سادەیە لەو وێنانەی شاعیری کلاسیکی لەمەڕ ئازارەکانی خۆی دەریدەبڕێت، بەڵام لە جێگای دیکەش بە بێ شوبهاندنیش شێوەیەك لە دەربڕینی ئازار دەبینین:

یا گێو تەر نیەن داد وێم کەروون
جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون؟
واوەیلام بێ حەد ، زاریم بێ شۆمەن
جە لای تۆ فەریاد جە دەس تۆمەن

ئەمجارە شێوەیناڵینەکەی، واتە بێزاریی و ناڕەحەتییەکانی، لە شێوەی زاریدایە و تەنهاش بە نهێنی لەلای ئازیزەکەی دەریدەبڕێت، ئەمەش شێوەیەکە لە دەربڕینی بێزاریی و نائارامیی لە دەستی ئەو شتەی پێی دەوترێت بوون، بەوەی کە هەیت و نەبوون بەوەی کە نیت.

لە نێو شیعری کلاسیکیدا تەعبیرکردن لە مەسەلەی خەم و گریان و فرمێسك لەسێ شێوە دەربڕیندا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم: دەربڕین لە شێوەی دەرەکیی، واتە کاریگەرییەکانی خەم و ناسۆریی و دڵتەنگیی لە



شێوەی لاوازبوون و کزیی و نەمانی هێزو توانا. دووەم: لە شێوەی ناخ و دەرچوونی بەرەو دەرەوە، وەکو تەوژمهێنانی ژان لە شێوەی لێدانێکی وەها کە دڵ و دەروون لەگەڵیدا دەتوێتەوە، نەك ئەمەش، توانەوەکە لە شێوەی ئەشکی خوێناویی و چاوی پڕباران و لافاوی حوزن. سێیەم: ئازارەکان دەبنە بەرگێك و کەسی شاعیر تووشی گۆشەگیریی و دابڕان و نەهامەتیی دەکات.

کەواتە لە شیعری کۆندا هەمیشە جووتبوونێکی بنەڕەتیی لە نێوان رۆح و چاودا هەیە و بە سەرتاپای لەشدا بڵاودەبێتەوە، نەك ئەمەش ژمارەیەکی زۆر هۆکاری دیکەش هەن بەشداریی لە پێکهێنانی سەرتاپای بونیادی فرمێسك و ئەشك و حوزن و خەم دەکەن، پێدەچێت زاراوەکانی دەربڕینی حاڵەتەکانی خەم لە نێو شیعری کلاسیکیدا دەوڵەمەندتربێت تا لە شیعری نوێ، سەرەڕای زیادبوونی قەبارەی ئازارەکان لەم سەردەمەدا لە چاو ئەو سەردەمانە ، فەرهەنگی زاراوە پێچراوەکان بە کاڵای حوزن و خەم و ئازار وای لە شیعری کلاسیکی کردووە، رێچکەی تایبەت بە شیعری شین دامەزرێت، شین و لاواندنەوە، هەر بۆیە لای ئێمە لە پاڵ شیعری شیوەنی شاعیرانی ناسراو، شیعری دیکەش هەبوون خاوەنەکانیان نەناسراون و لە بۆنەو کەرنەڤاڵە تازییەبارییەکاندا دەوترێتەوە و دووبارە و سەدبارە دەبنەوە. هەروەها هەندێکیان کاریگەرییان بەسەر بەشەکانی تری چالاکی مرۆڤیش بەجێهێشتووە و بووەتە هۆی ئەوەی شێوەی تایبەتی خۆی وەربگرێت، هەندێك سیفەتی تایبەت هەبێت کە لە شیعری دیکەی جوودا بکاتەوە.

کەواتە سەرەڕای ئەو شاعیرانەی کە لە نێو شیعری کلاسیکیدا ئاماژەمان بۆی کرد، شاعیرانی دیکەشمان هەن لەم بوارەدا توانیویانە کەم تا زۆر لەو بوارەدا شیعر بڵێن، لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ لای مەحوی شاعیر، کە نموونەی گریاناویی بێ شوومار لە کارەکانیدا هەیە، گریانی ناوکۆیی و خەمی ناوکۆیی و حوزنی ناوکۆیی سەرتاپای شیعرە ئاینیی و سۆفیگەرییەکانی گرتووەتەوە، نەك ئەمەش ژمارەیەکی زۆر شیعری تایبەتی هەیە بە ساتەکانی گریانی دەرەکیی و ئەوانەی بە ئاشکرا لە بۆنە ئەشقی و ئاینییەکاندا دەیخاتە روو، واتە ئەوانەی کە ئاماژە بەو سیفەتانە دەکەن، کە کەم تا زۆر لە پێوەندییە گرنگەکانی ژیان رووبەڕووی دەبێتەوە، زۆربەی ئەو دیمەنانەی کە رۆحی دەبێتە گریان کەم تا زۆر کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر پێوەندییەکانی ژیان:

بەس بکە، ئەی ئەشکی خوێنینم، بە غەمازی تەلاش
ڕازی عیشق و دەردی دڵ خۆ هەرچی بوو کردووتە فاش

ئەوەتا لە نێو شیعری کلاسیکی، بەهێزیی گریانەکە ئەوەندە مەزنە، دەبێتە ئەشکیی خوێنین، ئەوەتا لەم شیعرەشدا ئەو خوێنە دووبارە دەبینینەوە:

بە دەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
دەروونم کەیلی زۆخی دەرد و خەم، بڕوانە چۆنم بۆت!



بە ئاوی گریە هەردەم ناوی چاوم ششتوە، نەك جێت
بە خوێن ئاغوشتە بێ، تۆ، چاوەکەم، بڕوانە چۆنم بۆتا!

شیعری مەحوی لە مامەڵەکردن لەگەڵ گریاندا زۆر توندڕەوانەیە، هەر بەوە ناوەستێت گریان و فرمێسکی خوێنین بێت، بگرە بەحری فرمێسك دروست دەکات و هەموو دنیای پێ دەشواتەوە:

لە باسی مەینەت و دەردی دەروونی بۆیە دەم نادەم
لە خوێناوی دڵی پڕ غەم کە سینەم مەوج ئەدا تا دەم
غەمم دێتێ کە بۆ وەك کۆدەك ئاگر بەردەمە کاغەز
لە بۆ نووسینی غەمنامەی دڵم هەرگا قەڵەم دادەم

دیارە خەم و فرمێسك، دوو زاراوەن شیعری کلاسیکییان پڕکردووە، ئەم تێکەڵبوونی دوو زاراوەیە ئەوەندە بەرفراوانە، کە هەنگاو لە دوای هەنگاو تێکەڵ بە یەکتری دەبن و سات لە دوای سات گەورە دەبن، نەك ئەوەش زۆربەی پێوەندییەکان بەو ئاسانییە ناگەن، تەنیا لەو ئاستەدا نەبێت کە شاعیر بتوانێت وەك پەیژە سەرکەوێت بەسەر پڕکردنەوەی پرسە گرنگەکانی ژیان، واتە وا بەئاسانی لە ئاستی پێوەندییەکاندا ناوەستێت.

ئەسیر و ئاشقی و تەنیایی و دووریی، ئەو چوارگۆشەیەن کە شاعیر مەحوی و زۆربەی زۆری شاعیرانی تری کلاسیکی بابەتەکانیان بەدەوریدا دەسووڕێتەوە، ئەم پێوەندییە لەو ئاستەش ناوەستێت بگرە دەڕوات، تا

تێکەڵ بە بڕوا و ترس دەبێت، ترس لە مەرگ و دۆزەخ و پێوەندییەکانی ژیان و مەرگ، پێوەندییەکانی پێکەوەبوون و جیابوونەوە، ئەمە وا دەکات هەموو زاراوەکان بچنە قاڵبی دەربڕینی تراژیدیانەوە.



## مەرگ و گریان

وەك لە بابەتەکانی سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، جیابوونەوە و دابڕان و لەدەستدان، یەکێکە لە هۆکارەکانی خەم و گریان، مەرگ بەو مانایەی بێبەشبوونە لە هیچ پێوەندییەك لەگەڵ ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی پێوەندیت لەگەڵیدا، فرانسیس بیکن دەڵێت: "هەروەك چۆن منداڵ لە تاریکیی دەترسێت، هەر ئاوەهاش مرۆڤ لە مردن دەترسێت"[١١٠]. هەر بۆیە ترسی مرۆڤ لە مەرگ، ترسە لە دابڕان و ونبوون و لەدەستدان، چۆن کەسێك لە مەرگ دەترسێت، ئاوەهاش ترس دەبێتە خەم، پێش ئەوەی مەرگ بە حەقیقەت تووشی مرۆڤ بێت، بیری لێ دەکاتەوە، ئازار و خەمی چاوەڕوانی مەرگ لە خودی مەرگ سەختترە، هەر بۆیە وتوویانە نمایشی مەرگ لە خودی مەرگ ترسناکترە. بڕێکی زۆر وشە هەن وابەستەن بە مەرگ و پێوەستن بە هاوسەنگییەکانی مەرگ و ژیانەوە، مرۆڤ بۆ ئەوەی تووشی هیچ دابڕانێك نەبێت، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە بۆ دەگری کاتێك کە کەسێکی لێ دووردەکەوێتەوە.

غەریزەی مەرگ وا لە مرۆڤ دەکات تووشی نائومێدیی بێت، ئەوانەی چاوەڕوانی گیاندانن، ئەوانەی خۆکوژیی دەکەن، ئەوانەی کونجی قەناعەت دەگرن و بڕیاردەدەن چاوەڕوان بن تا مەرگ دێت و ڕۆحیان دەستێنێت، ئەوانەی بڕوایان بە بوون نییە و لە نەبوونێکی ڕاستەقینەدا دەژین، هەموو ئەمانە لە بازنەی ترسی مەرگ و ژیاندان.

کەسێك گەر تۆزێك قووڵ بیر بکاتەوە، تێدەگات کە بۆچی وا خەماویی دەڕواننە ژیان، راستە مەرگ مێردەزمەیەکە وا لە مرۆڤ دەکات هەراسان بێت، بەڵام خودی مەرگەکە نییە کە هەراسانی دەکات، خودی لەدەستدانە، مرۆڤە بۆ ئەوە دەگری کە دەکوژێتەوە، کە چاوەکانی چیتر نابینین و سییەکانی هەناسە نادەن و پێیەکانی ناجووڵێن، دیمەنەکانی بۆ یەکجاریی لێی دەبنەوە، هەروەها لە دەوروبەرەکەی دووردەکەوێتەوە، منداڵەکەی، ژنەکەی، پیاوەکەی، کەسەکانی، ماڵ و شار و حەز و خەونەکانی جارێکی تر نابینێتەوە، بۆیە خەم بەرۆکی دەگرێت. هەر بۆیە ئەوانەی بەم شێوەیە دەژین بەردەوام بیر لە مەرگ دەکەنەوە، بەردەوام لەگەڵ ترسی مەرگدا دەژین.

زۆر لە فەیلەسووفان ئایین بە تاوانبار دەزانن، ئەوان پێیان وایە ئایین بەردەوام لە وەبیرهێنانەوەی مەرگدا مرۆڤ وریا دەکاتەوە، میشیل دو مونتین و فرانسیس بیکین، لە زۆربەی نووسینەکانیاندا ئەم شتەیان دووبارەکردووەتەوە، کە ترس لە مردن بەردەوام بەدوامانەوە بوو، هۆکەشی ئایین بووە، بۆیە ئەم دوو بیرمەندە ئایینیان بە تاوانباری سەرەکی زانیوە، لەبەر ئەوەی ئایین بەردەوام مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە دەگەڕێنێتەوە دەربارەی جیهانی فانی.

میشیل دو مونتی، هەوڵییدا بە خوێندنەوەی نووسینەکانی سەنیکا و سیسرو ئەو ترسە لە دڵی خۆی دەربکات، سەنیکا هەوڵی دەدات بە وەبیرهێنانەوەی ترس لە مەرگ، رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەسەر



مەرگدا سەرکەوێت، هەر بۆیە دەڵێت: "مەرگی ئێوە بەشێکە لە رێکوپێکی جیهان، هەروەها دەڵێت: مەرگ ئامانجی بوونتانە"[١١١].

کەواتە مرۆڤ بە مەبەستی رزگاربوون لە ترسی مەرگ، پەنای بردووەتە بەر بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك، بۆ ئەوەی راوی ئەو ترسە بنێت، گریان و خەم لە کاتی مەرگی یەکێکی نزیك دڵتەنگمان دەکات، دەگرین گریانێکی قووڵ، بەڵام کەسانێك کە فرمێسك دەڕێژن خەمەکانیان قووڵییەکەی بە ئەندازەی کەسی یەکەم نییە، ئەوانەی خەم دەخۆن بێڕشتنی فرمێسك، خەمەکانیان نارەوێتەوە. مرۆڤی بێهوودە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە وا بڕوانێتە ژیان کە هیچێتی و پووچییە، بۆیە ئەو مرۆڤە هەر لە سەرەتاوە ئەو رێگایە هەڵدەبژێرێت، کە نابێت چرکەیەك بە خۆشیی بڕوانێتە ژیان، نەڕوانین لای ئەوکەسە بڕیارێکی هەمیشەییەو لەگەڵیدا دەژی تا ئەو ساتەی مەرگ دەبێتە میوانی، واتە تا ئەو ساتەی ئەو لە خەمێکی گشتگیردا دەژی، کەس ناتوانێت لە بێهوودەیی ئەو کەسە بگات، خۆی و هاوشێوەکانی خۆی نەبێت.

کافکا لە رۆمانی "شێوەگۆڕین"دا پێمان دەڵێت: شتێك لە ژیان هەیە کە دەبێت نەبێت، بۆیە ئامادەبن بۆ هەر گۆڕانکارییەك لەم بێهوودەییەی ژیان، کاتێك سیزیف یاریی بە بەرد دەکات، چاك دەزانێت ئەوەی دەیکات گەمەیەکی بێ کۆتاییە، "هەموو شادیی بێسەر و سەدای سیزیف ئەو حاڵەتەیە کە چارەنووس پەیوەستە بە خودی خۆیەوە"[١١٢].

بە گەلێك بۆچوونی تریش هەر رەوا بوو ئەگەر هەر کەسێك لە مردن بترسایە و بترسێت، ترس لە مەرگ لەوەدا دەرناکەوێت کە تەنیا رۆح

دەرچوونێکی ئاساییە و بەس، نەخێر، ڕۆح دەرچوون بەوە دەست پێ دەکات کە تۆ بیردەکەیتەوە، گەر باوك بیت بیر لە چارەنووسی دەوروبەرەکەت دەکەیتەوە، ئەگەر لاو بیت خەم بۆ زوو ڕۆیشتنت دەخۆیت و زۆر لە خەونەکانت نەهاتوونەتە دی، گەر پیرو پەککەوتەش بێت خەمی زۆرترینی ژیان دەخۆیت.

بەهەرحاڵ، ترسی مەرگیش شێوەیەکە لە خەم، ترسی مەرگیش رامانە لەو شتانەی کە لە دەستی دەدەیت، خەمی بینینی بوونە لە مەودایەکی بەرفراوانەوە، خەمی هەڵکۆڵینی ناوی خۆتە بەسەر دەرگاکانی ژیانەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسووفانی، وەك: دیڤید هیۆم، شۆپنهاوەر، نیتشە، سیگمۆند فرۆید، کارل گۆستاف یۆنگ، ئاتۆ رینك، مارتین هایدگەر، ئیرنست بیکەر، ئەلبێر کامۆ، کافکا، گادامەر و نۆربرت ئیلیاس باسیان لە گرفتی مەرگ کردووە، هەر هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم پرسە پێوەند دەکەن بە بوون و نەبوونەوە، واتە بیری بوون و نەمان، لە هەمان کاتدا باس لە بارە تراژیدییەکەی هەستی مرۆڤیش دەکات.

هەموو ئەو نووسەرانە چ وەك ئەدیب و چ وەك فەیلەسووفان پرسیارە ئەزەلییەکەی مرۆڤ دەخەنە ژێر لێنزی وردبینینەوە، ئەو لێنزەی هەموو شتەکان دەبینێت تەنیا ئەو پرسیارە نەبێنێت کە مەرگ بۆچی ئەوەندە ترسئامێزە.

پرسیارەکانی پێوەندیی نێوان تراژیدیا و مەرگ، یان بەماناکەی ئێمە فرمێسك و مەرگ، پرسیارێکی زۆر بنەڕەتین کە تا ئەم ساتە هەموان



لەسەری کۆکن، کە مەرگ هاوشانە لەگەڵ فرمێسك، لەو جێگایەی کە مەرگ هەیە لەو جێگایەش فرمێسك هەیە، لەو جێگایەی مەرگ هەیە گریانی مەرگ، شیوەنی مەرگ، لە خۆدان بۆ مەرگ هەیە.

لە کۆمەڵگا ئاینییەکاندا، مرۆڤ کەم تا زۆر بە پێی ریتوێڵێکی تایبەت هەڵسوکەوت لەگەڵ مردووەکانیدا دەکات، بەڵام ڕێگاش لەوە دەگرێت کە دەست بخاتە بیناقاقای هەست و نەیەڵێت کەس دڵی پڕی خۆی بە فرمێسك رەحەت بکات، رژاندنی فرمێسك لەگەڵ دیاردەی مەرگدا، کارێکە پێویستە، دەبێت مرۆڤ بگری، ئەمە کارێکی فیسیۆلۆژیی و دەروونییە، هەستێکە لەو کاتانەدا لە ناخەوە پەنگ دەخواتەوە، پێویستی بە هەڵچوون و ئاودامانە لە قەدی ڕۆحەوە، پێویستی بە ئاودیوبوونە لەسەر ڕۆخی دڵەوە بۆ چاو، چاویش وەك جۆگەلەیەك بۆ بەڕێخستنی هەستە پەنگخواردووەکەی مرۆڤ ئەوە بە هەڵە نازانێت کاتێك هۆن هۆن لە ناخی خۆیەوە، ئازارەکانی مەرگی خۆشەویستانی کەسی گریاو بهێنێتە دەرێ.

خۆشەویستی پێوەندییەکە لە سێگۆشەی پێوەندیی نێوان مەرگ و گریاندا جێگای دەبێتەوە، ئەگەر خۆشەویستی لەو پێوەندییەدا ئامادە نەبێت، کاری گریانیش بۆ خۆی دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ لاساییکردنەوە، یان کارێکی بەزۆر، یان پێویستییەکی کۆمەڵایەتی، لە حاڵەتی مەرگدا دەبێت ئەوکەسەی کە دەمرێت کەسێکی خۆشەویست لە بوونیدا هەبێت تا بتوانێت سۆزێکی گریاناویی دەربڕێت.

لە ئەفسانەکانیشدا مەرگ هاوشانکراوە لەگەڵ خەم و پەژارە و پەشێوییەکان. هەروەك لە ئەفسانەکاندا هاتووە، بیرکردنەوەی مرۆڤ لەمەڕ پێوەندیی مەرگ و ژیان شتێکی ستاندارد نییە، ئەم بۆچوونە بەپێی کۆمەڵگە و کلتوورەکان دەگۆڕێت، بەڵام هەندێك بڕواش لە ئەفسانەکاندا هەیە وا بیردەکەنەوە، کە ژیان شێوەیەکە لە دووبارەبوونەوەی بۆچوونەکانی مرۆڤ لەمەڕ ژیان و پێکەنین، هەر ئەمەش وا دەکات روانینی ئەفسانەکانیش جیاواز بێت، جۆزیف کامبل لە کتێبی (دەسەڵاتی ئەفسانە)دا دەڵێت: " لە ئەندۆنیزیا ئەفسانەیەك هەیە باس لەم سەردەمەی ئەفسانەناسی و کۆتایی ئەفسانە دەکات. بەپێی ئەو ئەفسانەیە لەسەرەتادا باوە گەورانی ئێمە پێکنەهاتبوون لە دوو رەگەزی جیاوازو نە لەدایکبوون هەبوو نە مەرگ. لەپڕ سەماو هەڵپەڕکێیەك سەریهەڵدا، هەمووان کەوتنە سەماکردن، لەمیانەی ئەم سەمایەدا کەسێك کەوتە ژێر پێوە و پارچەپارچە بوو، پارچەکانی لەشیان شاردەوە. کاتێك ئەم کوژرانە ئەنجام دەدرا، دوو توخم لە یەکتری جیابوونەوە، بەم شێوەیەش مەرگ لەگەڵ ژیان و ژیان لەگەڵ مەرگدا یەکسان بوون، لەکاتێکدا کە لەپارچە پارچەی جەستە لەتوکوتکراوەکە خۆراکی رووەکی روا. ئەم سێ شتە پەیدابوون، مەرگ و لەدایکبوون و زەمەن، بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامیی هەبێت کوشتن و خواردنی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان حەڵاڵ کرا، بەجۆرە زەمەنی سەرەتایی زەمەنی بێ زەمەن بوو، بەتاوانی بەکۆمەڵ و مەرگی ئەنقەست و قوربانیی کۆتاییهات"[١١٣]. کەواتە ژیان و مەرگ دوو پێوەستن بەپێی روانینەکان ماناکانیان دەگۆڕێت، نەك ئەوەش



هەر لە یەك بازنەدا نامێننەوە، بگرە هەنگاوی گەورە دەنێن، بەرەو بەرفراوانکردنی مەوداکانی ژیان و پێکەوەبوون، ئەمەش بۆ خۆی بیرێك لە پێوەندیی دروست دەکات.

خەم و پێکەنین دوو زاراوەن کە لەگەڵ مەرگدا دێن و بەپێی سەرچاوەکان دەگۆڕێن، بەڵام مەرگ ئەو زاراوەیە بە گوێی هەمووماندا ئاماژەیە بۆ خەم بە هەموو شێوەکانییەوە، بەڵام لە هەندێك کۆمەڵگەی تایبەتدا ئەم وشەیە هاوشانە لەگەڵ پێکەنین و سەما و خۆشیی، لە هەندێك کۆمەڵگادا خوای مەرگ، خوای سەمایە، واتە بەسەما پێشوازیی لە مەرگ دەکرێت.

لە رۆمانی تۆلستۆی، دیمەنی مردن تایبەتییەکی سەیری هەیە، لە رۆمانی ئاناکارنینا، ئەم دیمەنە بە شێوەیەکی میلیۆدرامیی دەبینین کاتێك کە دیمەنەکان دەگوێزرێتەوە، "لە ئاناکارنینا مەرگ لە رێگای سێ دیمەنەوە دەردەکەوێت، دیمەنی یەکەم: کاتێك کە ئانا ئەوە ئاشکرا دەکات کاتێك دیمەنی مەرگی یەکێك لە کرێکارانی شەمەندەفەر دەبینێت، دووەم: لە یەکەم درامیی ترە و پڕە لە ئازار، ئەو دیمەنەش مەرگی براکەی لیفینە "نیقولا" و سێیەم دیمەنیش: مەرگی خۆکوشتنی ئاناکارنینایە".

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆمانە جیهانییەکان، دیمەنی مەرگ پێوەست دەکەن بە کردارە فەلسەفی و فیکرییەکانەوە، ئەو کردارانەی کە بڕێکی زۆر لە چواردەور و دەوروبەری جوگرافی دەگرێتەوە، نووسەرەکانی جیهان هەر یەکە بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ بیری مەرگ کردووە، لای هەندێکیان مەرگ سەرسەختییە لەگەڵ ژیان وەك لای ئێرنست

هەمەنگوای لە ڕۆمانی "پیرەمێرد و زەریا"دا دەیبینین، لای فرانس کافکا مەرگ لە ڕۆمانی "ئەمریکا" نامۆبوونە، لای "مارسیل پرووست" مەرگ دووبارە گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لێی ونبووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیا و ڕوانینی نووسەران ڕۆڵی خۆیان بینیوە، لە ناسینەوە و دۆزینەوەی پرسیارەکانی ژیان.

زۆربەی نووسەران لە وروژاندنی پرسی مەرگ، ئەو پرسیارانە دەهێننەوە کە پێوەندیی بە گریان و پێکەوەبوون هەیە، نەك ئەمەش، بگرە بڕێکی زۆر لە نووسەرانی هەڵگری ڕێبازی بوونگەرایی لە خستنە ڕووی باسە گرنگەکانی ژیان هەوڵیان داوە پرسیاری بوون و نەبوون بخەنە نێو کارەکانییانەوە، مەرگیش پێوەندییەکی مەزنی بە بوون و نەبوونەوە هەیە، ئەگەر کەسێك کارە شانۆییەکانی جان کوکتۆ ببینێت، بە تەواویی پێوەندیی نێوان مەرگ و خەم دەدۆزێتەوە، ئەگەر کەسێك خەمی قووڵ و شەل و مردووە بێ گۆڕەکانی جان پۆڵ سارتەر بخوێنێتەوە، دەزانێت ژیان چەند پووچە و ئەو کاتە مەرگ ئەوەندە سورپرایزێکی ترسێنەر نییە.

بوونگەراییەکان زیاتر لە هەموویان پێوەندیی نێوان خەمە دەروونییەکان و مەرگیان خستووەتە ڕوو، بەڵام ئەم خستنە ڕووە بە شێوەیەکی ڕۆمانسییانە نەبووە، بگرە بە شێوەیەکی فەلسەفیی بووە، گەر هەر یەك لە ئێمە بە ڕۆمانی "ڕشانەوە" و "مەگی شادمانی" ئەلبێر کامۆ و دا بچێتەوە، دەزانێت کە چ گریانێکی ناوکۆ بەرامبەر بە ژیان ڕاستکراوەتەوە، یان لای ڕۆمانی "دز و سەگەکانی" نەجیب مەحفوز، میلان کۆندێرا لە ڕۆمانی "بوونەوەرێك بەرگەی سووکی خۆی ناگرێت"،



یان لای ڕۆمانی "پاودۆلینۆی" ئەلبیرتۆ ئیکۆ... تاد. مەرگ لە لای هەریەك لەوانە دەبێتە شێوەیەك لە خەم، شێوەیەك لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە، یان نائومێدییەکانی "ویلی لۆمان" لە شانۆگەریی "مەرگی فرۆشیارە گەڕۆکەکە"ی ئارسەر میللەر بۆمان دەردەخات کە چۆن مرۆڤ تەنیا بە گریان نییە، کە ژانەکانی دەگەیەنێت، بگرە هەوڵی ئەوەش دەدات لە ڕێگەی هەندێك وردە تراژیدیای ئەو فرۆشیارەوە جوانترین گریانمان پێشکەش بکات.

یاخود "ئێریك ماریا ریمارك" لە ڕۆمانی "خۆشەویستی کاتی هەیە و مەرگیش کاتی هەیە"، دەڵێت: "مەرگ لە ڕووسیا بۆنەکەی جیاواز بوو لە بۆنی مەرگ لە ئەفریقیا"[١١٤]. ئەو کە ڕۆمانەکەی نووسی، باس لە کوشتن و مەرگی مرۆڤ دەکات لە نێو جەنگەکاندا، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی تر بێهوودەیی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، بۆیە لە ڕۆمانەکەیدا باس لە پێوەندیی نێوان مەرگی شوێن دەکات، وڵاتێك بۆ وڵاتێك مەرگ جیاوازیی هەیە[١١٥].

ئەگەر ریتوێڵی مەرگ لای ئەوان شێوەیەك بێت لە وردکردنەوەی ژیان، ئەوا مەرگیش وردکردنەوەی خۆی هەیە، هەریەکەیان بەپێی لێکدانەوەی خۆی، بەڵام لە ئێستادا نووسەرانی ڕۆمان و چیرۆکە بوونگەراییەکان دەیانەوێت پرسیارەکانی پشت بوون وەڵام بدەنەوە، واتە تەنیا سەرقاڵی ئەو وردەکارییانە نەبن، کە پێوەستە بە ژیان پێوەندییەکانەوە، بگرە دەڕۆن بەرەو دیاردەکانی ڕاگەیاندن و بیرکردنەوە و پێکەوەژیان. ئەگەرچی هەندێك پێیان وایە سەردەمی بیرکردنەوە لەو شتانە، جێگەی سەرنج نییە، لەبەرئەوەی شتەکان پێوەست نین پێکەوە.

فرانسواز گایار“ کۆمەڵناسی فەڕەنسی دەڵێت: "بۆ مردن چیتر ریتوێڵێك نییە، چ بۆ ئەو موسیبەتانەی دنیا، چ بۆ موسیبەتەکانی خۆمان، توانایەکمان نییە بۆ گریان ".

ئاوێنەکانی ژیان ئەو پرسیارەی خۆمانی تێدا نابینین کە بە بەرچاومانەوە دێن و دەچن، بگرە ئەو پرسیارانە دەبینین کە هی کەسانی ترن، ژیانی نوێ و پۆست مۆدێرنی مرۆڤایەتی ئەوەندە ئاڵۆز بووە، مرۆڤ بەرەو جۆرێك لە بیربردنەوە دەبات، ئەو چیتر ئەوەندە هەستیار نییە بەرامبەر بە رووداوەکانی ژیان، ئەوەندە رووداوەکان نایجوڵێنن، مەرگ ئەوەندە بووە بە شتێکی سادە و هەموو رۆژێك لە بەرچاومانە، هەستەکانمانی ئەستوور کردووەتەوە، ئەو ناسکییە بەرەو لەناوچوون دەچێت، مرۆڤ لەبەردەم دەزگایەکی مەزنی بینیاریی و بیستیارییدایە کە بواری ئەوەی ناداتێ بیر لە مەرگێك بکاتەوە هەر زوو مەرگێکی تر خۆی لەبەردەمدا قووت دەکاتەوە، بیر لە خەمێك بکاتەوە سەد خەمی تر لە بەردەمیدا قووت دەبنەوە.

مرۆڤ چیتر ئەو دڕندە سادەیەیە کە خۆی بەشداریی لە دروستکردنی مەرگ بە شێوەیەکی بێشومار دەکات، دروستکردنی تراژیدیای ژیان ئەوەندە مەزن بووە، گریانەکان لەبەردەمیدا دەستەوەستانن، کەم کەس هەیە نەتوانێت ئەو سنوورانە ببڕێت کە بەرەو گریانی دەبەن، ئەوەندە فراوان بووەتەوە.

وشەی مەرگ لەمڕۆدا لە پێوەندییەکی قوڵترە لەگەڵ وشەی گریان، بەڵام ئەو گریانانە ئەوەندە زۆرن، کە جۆرێك لە بێهوودەیی دەستەجەمی



دروست بووە، گریانی دەستەجەمی لە پاش جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی جۆرێکی تر لە قێزەونکردنی مرۆڤ سەری هەڵداوە، ئەو قێزەونکردنە خەم لە بیری مرۆڤ دەباتەوە، وای لێ دەکات تەنیا بە واقوڕماویی بڕوانێتە دیمەنەکان، وای لێ دەکات هەموو دیاردەکان لە شێوەیەکی تردا ببینێت، هەر خودی مەرگ وایکردووە کە پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ گریاندا بەرفراوان بێت، هەندێك ئەو پێوەندییە ناودەنێت مەزنبوونی خەمەکان و هەندێك دەڵێن مەزنبوونی رووداوەکان.

کەواتە ئەمە ئەو سەرەتایەیە کە ئێستا دەستی پێ کردووە بۆ دامەزراندنی پێوەندیی لە نێوان مرۆڤ و خەمەکانی مرۆڤ، ئەو پێوەندییەی کەم تا زۆر بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە بەئاساییکردنی خەم، واتە خەم ببێتە دیاردەیەکی رۆژانەی ژیان وەك خواردن و خەوتن و بیرکردنەوە و پیاسەکردن.

بەئاساییکردن، رێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی کە چیتر بیرکردنەوەی لە دیاردەیەك بەرەو کۆتایی بڕوات، ئەو دیاردەیە وەك هەر کارێکی ئاسایی تەماشا بکرێت، وەك هەر پێکەوەبوون و دابڕانێك، وەك هەر بوون بە یەك و دابڕانێك.

## گریانی سیاسییەکان

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسی ئەوەمان کرد، کە دوو شێوە ڕژاندنی فرمێسك هەیە، فرمێسکی خەم و فرمێسکی نیشاندانی خەم، ئەوەی یەکەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەڕاستی لەبۆ مەرگ و ڕووداو و بەسەرهاتێك و ئازارێك دەگرین، کە لە ڕۆحییانەوە دێتە دەرێ، بەڵام هەندێك گریانی تر هەیە بە قۆناخ ڕوو دەدات و خۆئامادەکردنی دەوێت، ڕێك لە گریانی ئەکتەرەکانی هۆلیود و زنجیرە تەلەفزیۆنەکان دەچن، ئەوان گریانیان پێویستە بۆ ئەنجامدانی شتێك، گریانیان دەوێت بە مەبەستی بەئەنجامگەیاندنی پەیامێکی هونەریی.

بەڵام لە سیاسەتدا سەرکردەکان دەگرین تا ئەو پەیامە سیاسییەکە بگەیەنن کە پێیانە، ئەوان تەنیا لە یەك حاڵەتدا فرمێسکی ڕاستەقینە دەڕژێنن گەر دڵنیا بن، لە دۆڕاندن و سەرنەکەوتن لە ململانێ سیاسیی و سەربازییەکانیاندا، واتە ئەوان کاتێك ئەم ململانێیە دەکەن گەر دڵنیا بن، ئەوەی مەبەستیانە نەهاتووەتە دی، گریان و فرمێسکەکانی ئەوان هەمیشە لە پشتییەوە پلان هەیە.

ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوەکان، نموونەی ئەو سیاسیی و سەرکردانەمان پێشان دەدەن کە گریاون، واتە گریانێکی ڕۆحیی و نزیك لە ڕۆحی خۆیان گریاون، وەك گریانی ئیمپراتۆری یابان لە جەنگی دووەمی جیهانیی و



گریانی شای ئێران کاتێك دەسەڵاتی بەجێهێشت، زۆربەی گریانی ئەو دەسەڵاتدارانە لە ژێرەوە بووە، واتە لە پشتەوەی پەردە و بە نهێنی.

نموونەکانی گریانی سەرکردە لەوێوە کە کەی و چ ساتێك ئەو گریانە ڕوو دەدات، هەندێك لە سەرچاوەکان ئەو گریانە پێوەست دەکەن بە شێوەی ڕووداوەکان و ساتی ڕووداوەکان، ئایا کەی ڕوو دەدات و بە چ مەبەستێك، بڕێکی زۆر لە مەسەلە گرنگەکانی، یان شینیکر دەڵێت: "دڵ تەنیا بە فرمێسك ناسڕێتەوە"، ئەوانیش، ئەو سەرکردانە، تەنیا بە ڕژاندنی فرمێسك ناتوانن دەربڕی ئەو ئازارانە بن کە لە دڵیاندایە، ئەوان ئەو فرمێسکانەیان دەوێت، ئەوان دەیانەوێت سەرەتایەك بن بۆ دەستپێکردن و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو تووڕەییانە کە خەڵکی بەرامبەریان هەیانە.

هەروەك چۆن ژن بە سیفەتی گریان بەناوبانگە، وەك چارلز دیکنز دەڵێت: "ژنێك کە نەگری دڵی نییە"، بۆیە دەکرێت بوترێت سەرکردەیەك بۆیە دەگری تا بیسەلمێنێت سەرکردەیە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە زۆربەی گریانەکانی سەرکردە ئەو گریانەن کە لە پشتییەوە مەبەست هەیە، واتە ئەو دەگری بۆ نیشاندان، واتە گریانی ئەو نیشاندانە نەك گریانی هەست و سۆز.

لە مێژوودا نموونەی گریانی سەرکردەکان زۆرن، هەر لە پاڵەوانانی جەنگە جیهانییەکانەوە تا پاڵەوانانی شەڕی براکوژیی، ئەوانەی لۆرکا وێنەیەکی قێزەونیان دەکێشێت و ئەو پاڵەوانانەی کە لە نێو دێڕی ڕۆمانەکانی گابریال گارسیا مارکیز یان نووسەرانێك شایەدحاڵی شەڕە ناوخۆییەکان بوون، لە هەموو ئەمانەدا سەرکردەکان گریاون و

فرمێسکیان رشتووە، بەڵام ئاگایان لەوە بووە کە بە چ شێوەیەك دەگرین، زۆر لەوانەی کە وردبوونەوەیان بۆ رووداوەکان کردووە، ئاگایان لەوە بووە کە ژیان هەنگاوێکە بەرەو ئەودیوی راستییەکان.

گریانی سەرکردە لە دنیادا روویەکی سستە بۆ دەربڕینی هەستەکان، زیاتر دەربڕینی مەبەستە نەك دەربڕینی خەم، کاتێك کە جۆرج بۆش بۆ کۆمەڵێك منداڵی کوژراوی ئەمریکی دەگری، لە هەمان کاتدا سوپاکەی لە عێراق و ئەفغانستان بە دەیان منداڵ بێ دایك و باوك دەکەن، کاتێك کە سەرۆکەکان لە مەراسیمی کوشتنە بە کۆمەڵەکاندا دەگرین، بەڵام هەر خۆشیان لە سەردەمێك لە سەردەمەکانی کاری سیاسییان نەخشەیان دارِشتووە و رۆڵەکانی ئەو وڵاتەیان بە کووشت داوە.

گریانی سەرکردەکان زۆرن، بەڵام گریانی مەبەستەکانی زۆرتر.

مێژووی گریانی سەرکردەکان بەشێوەی بیرەوەریی و گێڕانەوە تۆمارکراوە، تا بە شێوەی تۆمارکردنی فەرمیی، پێم وایە نووسین لەسەر بابەتێکی ئاوەها دەیەها نووسین هەڵدەگرێت لەسەر شێوەی دەستپێکردن و وەستانی گریانەکانی ئەوان، خۆمان دەزانین، کە کەسی سیاسیی لە سۆز و سۆزدارییەوە دوورە و زۆر نزیك نییە، ئەمەش بە پێی گەورەبوونی لە نێو ئەو کەش و هەوا تایبەتەی سیاسەت کە وا دەخوازێت مرۆڤ کەم تا زۆر نزیك بێت لە پرسەکانەوە تا سۆز.

سیاسیی و سەرۆك و ئەندام پارت و رێکخراوە سیاسییەکان، کەسانی وشك و دۆگمان، کەمتر هەستیان دەجوولێت، لە کاتێکیشدا هەستیان جوولا، حەتمەن مەبەستێك لە پشتییەوەیە، بێگومان ئەوان قۆناغێك لە



قۆناغەکانی ژیان پەنا دەبەنە بەر مومارەسەکردنی ژیانی خێزانیی و ئەشق و دۆستایەتی، بەڵام زۆر بە کەمیی ئەو سۆز و هەستانە درێژە دەکێشن، بە تایبەت لای ئەو سیاسییانەی کە زۆر قووڵ دەبنەوە لە سیاسەت و خەون و هیواکانیان دەبێتە سیاسەت و دەسەڵات.

ئەم شێوە هەستەی سیاسییەکان لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەك دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگایەکی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی و دیکتاتۆریی جیاوازە، کەسەکانی نێو سیاسەتی سیستمی دیکتاتۆریی، روانینیان بۆ سۆز و خۆشەویستی لەسەر ئاستی داگیرکردنە، واتە ئەوان دەیانەوێت کەم تا زۆر بگەنە ئاستێك لە دەسەڵات کە هەموو شتەکان موڵکی ئەوان بێت، سۆزداریشیان لە روانگەی موڵکدارییەوە، نەك خۆشەویستی، هەروەك لە نموونەی دیکتاتۆرەکانی وەك هیتلەر و مۆسۆلینی و سەدام حسێن و بینۆشیت و... تاد بینیمان، هەروەها ئەوان رەنگە لە بۆنەکان گریابێتن، یان هەست و سۆزی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان سیفەتی بنەڕەتی خۆیان بگۆڕن، واتە ئەو گریان و هەستانەی بەرامبەر بە رووداوێك یان کەسێکی میللەت نواندبێتیان بۆ مەبەستی خۆنیشاندان بووە تا مەبەستی دەربڕینی راستیی ناخۆشییەکان. لە مێژوودا دیکتاتۆرەکان زۆر ملی بێ تاوانیان پەڕاندووە، زۆر کۆمەڵکوژیی و وێرانکردنی ماڵ و خێزان و مێژوویان ئەنجامداوە، بێ ئەوەی تاقە لێبووردنێکیان دەربڕیبێت، یان هیچ سۆزێکیان نیشاندابێت. هەروەها زۆر لە دیکتاتۆرەکان خەڵك و بێ تاوانان بەرامبەریان وەستاون و

گریاون و داوای بەزەییان کردووە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکیش لە شێوەی دەموچاویان روو بدات.

بۆیە گریانی ئەوان، گەر گریانی راستەقینەش بووبێت، گریان بووە بۆ لەدەستدانی دەسەڵات، گریان بووە بۆ لەدەستدانی بەرژەوەندییەکانیان.

لە کۆمەڵگەی دیموکراسیشدا سەرکردە سیاسیی و دەسەڵاتدارەکان دیسان ئەوەندە لە ناخی خۆیانەوە سۆزی گەورەیان هەڵنەگرتووە، زیاتر ئەوان خۆیان تەسلیمی بەرژەوەندیی کردووە، لە کۆمەڵگاکانی ئەورووپی تا ئەو رادەیە مرۆڤایەتی هەیە کە یاسا و بەرژەوەندیی ئابووریی لە نێوەندا بێت، بەزەیی سیاسەتی دیموکراسی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی پێویستیان بە یارمەتییە، بەڵام لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئابووریی نەك بەزەیی، لە دیموکراسییەتی ئەورووپی بەزەیی لە دوا قۆناخدا دێت، رەنگە ئەو بەزەیی و سۆزە لەسەر ئاستی جەماوەریی و رێکخراوی ئاینیدا هەبێت، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەت و دەوڵەت نییە، ئەوەشی هەبێت تەنیا لە پشتەوەی پەیامێکی گرنگ هەیە، یان پەیامێکی سیاسیی و بەرپرسیارییەکی سیاسیی و پابەندبوونێکی سیاسیی لە پشتەوەیە.

لە زۆربەی زۆری سیستمە دیموکراتییەکانیش سۆز شێوەیەکە لە هەڵخەڵەتاندن، شێوەیەکە لە گرنگیدان بە پرسە هەرە گەورەکانی خۆیان، سۆز، یان لە رێگای یاساوە رێکخراوە، یان لە رێگەی بەرژەوەندییەوە، سەرکردە دیموکراتخوازەکان دەگرین وەك گریانەکانی بیل کلنتۆن و جۆرج بۆش و میرکڵ و تۆنی بلێر، ئەمانە فرمێسکیان رژاند بۆ رووداوە



سادەکان، بەڵام ئایا بەرامبەر بە رووداوە گرنگەکانی ژیانی گەلان و مەسەلە هەرە گرنگەکانی مرۆڤایەتی فرمێسك دەرێژن؟

بۆ وێرانکردن و تێکدانی ژینگە و شێواندنی ئابووریی جیهان و هەتیوکردنی هەزاران منداڵ و بێ ماڵ و حاڵکردنی هەزاران خێزان دەگرین، دەکرێت بگرین، بەڵام تاچ رادەیەك دەتوانین دەستنیشانی راستگۆیی ئەو گریانانە بکەین.

## سەرچاوەکان:

### هۆڵەندی:

1. Een geschiedenis van de tranen- Tom Lutz- ; vert ( uit het Engels ) door Carola Kloos en corrie van den Berg.- Amsterdam : Anthons, cop. 2001
2. Gegrepen door emotie; Ekman, Paul, Wat gezichten zeggen. Vertaling uit het Engels: Sonja van 'Hof- Amsterdam : Nieuwezijds: cop, 2003- P 285
3. Huilen is menselijk: de psycholoie van tranen – Ad Vingerhoets& Ad Bergsma – Antwerpen/Utrecht,2003
4. Filosoferen over emoties .Miriam vamn Reijen, SW 4 edr, Soest: nelissen 2003. 324 p
5. De mooiste verhalen en Legenden van Hindoeïsme & Boeddhisme- Merit Roodbeen, 1998,uitgeverij verba
6. http://www.statenvertaling.net

### ئینگلیزی:

1. Dictionary of literary terms&Literary theory, penguin reference1977



2. The consolations of philosophy, Alain de botton, penguin books 2000
3. www.ebnmaryam.com
4. Philosophy and social hope, Richard Rorty,penguin books, 1999

### فارسی:

١. مرگ، فلسفه، سازمان چاپ و انتشارات، ارگانون، ١٣٨٨.
٢. فلسفه برای همه، از سقراط تا سارتر، ت.ز.لاوین، ترجمة: پرویز بابایی، موسسه انتشارات نکاه.
٣. سیری در اساگیر یونان و رُم- نوشتئه: ادیت هملتون- ترجمة: عبدالحسین شریفیان- انتشارات اساطیر- چاپ أول، ١٣٧٦.
٤. فرهنگ اساطیر آشور و بابل.. ف.ژیران- ط. لاکوته- ل.دلاپورت.. ترجمەی ابو القاسم اسماعیل پور، انتشارات فکر روز، تهران، ١٩٩٥.
٥. بهشت و دوزخ در اساطیر بین النهرین، ن.ك.سلندرز- ترجمەی ابو القاسم اسماعیل پور- چاپ اول- تهران، ١٣٧٣.
٦. زرتشت (مزدیسنا و حکومت)، مولف: مهندس جلال الدین اشتیانی، ناشر سهامی انتشار، نوبت چاپ: پنجم/ ١٣٦٩.

**عەرەبی:**


١. الجمالية والميتافيزيقيا، أحمد حيدر، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤.

٢. الذات الفرويدية، دراسة فكرية، ميكيل بورش- جاكوبسن، ترجمة: دزأنطوان الخميَي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢.

٣. فردريك نيتشه، ترجمة: محمد الناجي، أفريقيا الشرق، انسان مفرط في انسانيته، كتاب العقول الحرة/ جزءالاول، ٢٠٠٢.

٤. الطاقة الروحية، هنري برجسون، ترجمة: الدكتور سامي الدروبي، الهيئة العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١.

٥. الشرح الكبير لمقولات أرسطو، لآبي الفرج عبداللة بن الطبيب البغدادي، رئيس بيت الحكمة العباسي في مطلع القرن الخامس الهجري تحقيق د: علي حسين الجابري، د: فضيلة عباس، د: عبدالكريم سلمان. مراجعة د: عبدالآمير الاعسم د: حسن مجيد العبيدي/ بغداد، الطبعة الآولى، ٢٠٠٢.

٦. البدائية، عالم المعرفة، تحرير أشلي مونتاغيو، ترجمة: دز محمد عيَفور، سلسلة كتب الثقافية، مايو، ١٩٨٢.

٧. الكتاب المقدس أي العهد القديم و العهد الجديد، وقد ترجم من اللغات الأيَلية، دائرة الكتاب المقدس في الشرق الأوسط.

٨. العقل الأخلاقي العربي، دراسة تحليلية نقدية لنظم القيم في الثقافة العربية، الدكتور محمد العابد الجابري، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠١.





٩. التيَوف و فريدالدين العطار،تأليف: الدكتور عبدالوهاب عزام، مؤلفات الجمعية الفلسفية الميَرية، دار احياء.

١٠. اينانا و دوموزي، طقوس الجنس المقدس عند السومريين- تأليف: يَ.كريمر، ترجمة: نهاد خياطة، طبعة الثانية، لبنان نيسان، ١٩٨٧.

١١. ملحمة كلكامش، طه باقر، دار الحرية للطباعة-بغداد، الطبعة الرابعة، ١٩٨٠.

١٢. سيغموند فرويد، الحب و الحرب و الحضارة والموت، دراسة وترجمة: دكتور عبدالمنعم الحفني، دار الرشد.

١٣. للحب وقت و للموت وقت، اريك ماريا ريمارك، رواية جزء الاول، دارالمعارف بميَر.

١٤. البطل التراجيدي من تموز حتى الحسين - ابراهيم خليل

١٥. وێپ سايدى قامشلى.

١٦. موسوعة الامثال و الحكم و الأقوال العالمية، منير عبود، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر.

١٧. البطل بألف وجه، جوزيف كامبل، ترجمة: حسن يَقر، دار الكلمة للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

١٨. القُرآنُ الْكَرِيمُ، برِوَايَةِ حَفْيَ عَنْ عَايَمٍ الكُوفِيّ، إعداد و ترتيب مركز الإشعاع الإسلامي للدراسات والبحوث الإسلامية.

**کوردی:**

١. دەسەڵاتی ئەفسانە، جۆزیف کامبڵ، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای ئاراس.

٢. ئینجیلی پیرۆز، مزگێنی پەیمانی نوێی حەزرەتی عیسا، بە شێوەی کوردی سۆرانی.

٣. ئەوێستا، جەلیل دوستخواه، وەرگێڕانی: عومەر فاروقی، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢.

٤. بە ناوی ژیانەوە، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨.

٥. دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، ١٩٨٤.

٦. دیوانی مەولەوی.

٧. بەهەشت و یادگار و فرمێسك و هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت، گۆران، لەسەر ئەرکی (عومەر عەبدولڕەحمان) خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٧١.

٨. پۆڵ ستراتێرن، کیرکەگۆر. نیچە. سارتەر، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپەمەنی گەنج، ٢٠٠٩.



---

**پەراوێزەکان:**

[١]- ماڵپەڕی عملانی، كيف يقوم الدماغ ببناء المعاني، بقلم نبيل حاجي تاتف، ٢٩ تشرين الاول، ٢٠٠٧.

[2] -Een geschiedienist van taranen

[3] -Een geschiedenis van de tranen- Tom Lutz- ; vert ( uit het Engels ) door Carola Kloos en corrie van den Berg.- Amsterdam : Anthons, cop. 2001 . ل ٩

[٤]- وێپ سایدی قامشلی.

[٥]- سەرچاوەی پێشوو.

[٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

[٧]- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

[٨]- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

[9] - Gegrepen door emotie; Ekman, Paul, Wat gezichten zeggen. Vertaling uit het Engels: Sonja van 'Hof- Amsterdam : Nieuwezijds: cop, 2003-P 285… ل١٥٠

[10] - Huilen is menselijk: de psycholoie van tranen – Ad Vingerhoets& Ad Bergsma –Antwerpen/Utrecht,2003.ل٥٣

[11] - Filosoferen over emoties .Miriam vamn Reijen, SW 4 edr, Soest: nelissen 2003. 324 p ل٣٧

[١٢]- الذات الفرويدية، دراسة فكرية، ميكيل بورش- جاكوبسن، ترجمة: د.أنطوان الخمصي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢، ل١٨٠.

[١٣]- بە ناوی ژیانەوە، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨، ل٢٤.

[١٤]- الجمالية والميتافيزيقيا، أحمد حيدر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤، دار الحوار للنشر و التوزيع، لا ٥٦

[١٥]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧ و ٧٨.

[١٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

[١٧]- بە ناوی ژیانەوە، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨، ل١١٤.

[١٨]- بە ناوی ژیانەوە، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨، ل١١٥.

[١٩]- ئەریك فرۆم، هونەری خۆشەویستی.

[20] -Filosoferen over emotie,Miriam reijen,4ed Soest; Nelissen,2003,324p ل ٢٣٧

[٢١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.

[22]- The consolations of philosophy, Alain de Botton Penguin Books 200, ل ١٧٤

[٢٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

[٢٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

[٢٥]، فردريك نيتشة، ترجمة: محمد الناجي، أفريقيا الشرق، ٢٠٠٢، ل ٢١٨- انسان مفرط في انسانيته، كتاب العقول الحرة/ جزءالاول.

[٢٦]- الطاقة الروحية، هنري برجسون، ترجمة: الدكتور سامي الدروبي، الهيئة العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١، ل ٢١.

[٢٧]- الشرح الكبير لمقولات أرسطو، لأبي الفرج عبدالله بن الطبيب البغدادي رئيس بيت الحكمة العباسي في مطلع القرن الخامس الهجري، تحقيق د: علي حسين الجابري، د: فضيلة عباس ، د: عبدالكريم سلمان. مراجعة د: عبدالآمير الاعسم د: حسن مجيد العبيدي/ بغداد ٢٠٠٢، الطبعة الآولى، ل ٤٨٧.



[٢٨] - البدائية، عالم المعرفة، تحرير أشلي مونتاغيو، ترجمة: دز محمد عصفور، سلسلة كتب الثقافية، مايو ١٩٨٢، ل ٢٠١.

[٢٩]- مرط (مجموعة مقالات)، ١٣٨٨، سازمان چاپ و انتشارات، ل١٠٥.

[٣٠]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

[٣١]- دين الأنسان، فراح سواح ، بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني- منشورات دار علاءالدين، الطبعة الرابعة عام ٢٠٠٢ - ل ٢٣.

[٣٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

[٣٣]- زرتشت (مزديسنا و حكومت)، مولف: مهندس جلال الدين آشتياني، ناشر سهامى انتشار، نوبت چاپ: پنجم/١٣٦٩/ ل١٣٩.

[٣٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

[٣٥]- ئەوێستا، جەلیل دوستخواە، وەرگێڕانی: عومەر فاروقی، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢، ل ١٠.

[٣٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

[٣٧]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠.

[٣٨]- ئەوێستا، جەلیل دوستخواە، وەرگێڕانی: عومەر فاروقی، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢، ل ٢٠.

[39] - De mooiste verhalen en Legenden van Hindoeïsme & Boeddhisme- Merit Roodbeen, 1998,uitgeverij verba, ل ١٦٤

[٤٠]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

[٤١]- دين الأنسان، فراح سواح، بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني- منشورات دار علاء الدين، الطبعة الرابعة، عام ٢٠٠٢، ل ٢٨٣.

[٤٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥.

[٤٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧.

[٤٤]- الكتاب المقدس أي العهد القديم و العهد الجديد، وقد ترجم من اللغات الأصلية، دائرة الكتاب المقدس في الشرق الأوسط، ل ١١٦٨.

[٤٥]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦٩.

46- http://www.statenvertaling.net

[٤٧]- سەرچاوەی پێشوو.

[٤٨]- ئینجیلی پیرۆز مزگێنی پەیمانی نوێی حەزرەتی عیسا، بە شێوەی کوردی سۆرانی، ل١٦.

49 - The consolations of philosophy, Alain de botton, penguin books 2000, ل ١٣٨

[٥٠]- سەرچاوەی پێشوو، ١٤٠.

[٥١]- العقل الأخلاقي العربي، دراسة تحليلية نقدية لنظم القيم في الثقافة العربية، الدكتور محمد العابد الجابري، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠١، ل ٤٣١.

[٥٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.

[٥٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٧.

[٥٤]- التصوف وفريدالدين العطار، تأليف: الدكتور عبدالوهاب عزام، مؤلفات الجمعية الفلسفية المصرية، دار احياء، ل١٩.

[٥٥]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤١.

[٥٦]- التصوف وفريدالدين العطار، تأليف: الدكتور عبدالوهاب عزام، مؤلفات الجمعية الفلسفية المصرية، داراحياء، ل ٩٧.

[٥٧]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

[٥٨]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٤.

[٥٩]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٩.

[٦٠]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٩.

61 -www.ebnmaryam.com



[٦٢]- بهشت و دوزخ در اساطير بين النهرين، ن.ك. سلندرز- ترجمة: ابو القاسم اسماعيل پور- چاپ اَول- تهران، ١٣٧٣، ل ٥٦.

[٦٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥-٥٦.

[٦٤]- فرهنط اساطير آشور و بابل... ف.ذيران- ط. لاكوته- ل.دلاپورت.. ترجمەی ابو القاسم اسماعيل پور، انتشارات فكر روز، تهران، ١٩٩٥، ل ٥٨.

[٦٥]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

[٦٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

[٦٧]- بهشت و دوزخ در اساطير بين النهرين، ن.ك.سلندرز- ترجمەی ابو القاسم اسماعيل پور- چاپ اّول- تهران ١٣٧٣، ل ٥٧.

[٦٨]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

[٦٩]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢،٧٣،٧٤.

[٧٠]- فرهنط اساطير آشور و بابل.. ف.ذيران- ط. لاكوته- ل.دلاپورت.. ترجمەی ابو القاسم اسماعيل پور، انتشارات فكر روز، تهران، ١٩٩٥، ل ٧٤.

[٧١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

[٧٢]- اينانا و دوموزي، طقوس الجنس المقدس عند السومريين- تأليف: ص.كريمر، ترجمة: نهاد خياطة، طبعة الثانية، لبنان، نيسان ١٩٨٧، ل ١٩٦ .

[٧٣] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣.

[٧٤]- بهشت و دوزخ در اساطير بين النهرين، ن.ك.سلندرز- ترجمەی ابو القاسم اسماعيل پور- چاپ اّول- تهران ١٣٧٣، ل 192.

[٧٥]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

[٧٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥-١٩٦.

[٧٧]- اينانا و دوموزى، طقوس الجنس المقدس عند السومريين- تأليف: ص.كريمر، ترجمة: نهاد خياطة، طبعة الثانية، لبنان، ل ١٥٨.

[٧٨]- لێرەدا مەبەست لە دوموزیە.

[79]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.
[80]- بهشت و دوزخ در اساطیر بین النهرین، ن.ك.سلندرز- ترجمەی ابو القاسم اسماعیل پور- چاپ اوّل- تهران ١٣٧٣، ل ٢٠٨.
[81]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.
[82]- ابنانا و دوموزي ، طقوس الجنس المقدس عند السومريين- تأليف: ص.كريمر، ترجمة: نهاد خياطة، طبعة الثانية، لبنان، ل١٧٤.
[83]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.
[84]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.
[85]- ملحمة كلكامش، طه باقر، ١٩٨٠، دار الحرية للطباعة-بغداد، الطبعة الرابعة، ل ٩٤.
[86]- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.
[87]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.
[88]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.
[89]- البطل التراجيدي من تموز حتى الحسين - ابراهيم خليل.
[90]- سیری در اساطیر یونان و رُم- نوشتئه: ادیت هملتون- ترجمه عبدالحسین شریفیان- انتشارات اساطیر، چاپ أول، ١٣٧٦، ل٦٥.
[91]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.
[92]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
[93]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.
[94]- فلسفه برای همه، از سقراط تا سارتر، ت. ز.لاوین، ترجمه: ثرویز بابايي، موسسة انتشارات نكاه، ل٤١٠.
[95]- پۆڵ ستراتێرن، کیرکەگۆر. نیچە. سارتەر، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپەمەنی گەنج، ٢٠٠٩، ل١٢٧.
[96]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
[97]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.
[98]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٢.
[99]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.
[100]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.
[101]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.



[102]- ت.ز.لاوین، از سقراط تا سارتر، ترجمه: بروبز بابايى، موسسة انتشارات نكاه، تهران ١٣٨٦، ل٤٠٩.
[103] -Dictionary of literary terms&Literary theory, penguin reference1977 -ل ٩٣٣
[104]- ت.ز.لاوین، از سقراط تا سارتر، ترجمه: بروبز بابايى، موسسة انتشارات نكاه، تهران ١٣٨٦، ل٤٢٠.
[105]- سيغموند فرويد، الحب و الحرب و الحضارة والموت، دراسة و ترجمة: دكتور عبدالمنعم الحفني، دار الرشد، ل ١٥.
[106] -Een geschiedenis van de tranen- Tom Lutz- ; vert ( uit het Engels ) door Carola Kloos en corrie van den Berg.- Amsterdam: Anthons, cop. 2001. ل ٢٢٠
[107]- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧.
[108] -www.art.ir
[109]- مرگ، فلسفه، سازمان چاپ و انتشارات، ارگانون، ١٣٨٨، ل١٠٤.
[110]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.
[111]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.
[112]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠.
[113]- دەسەڵاتی ئەفسانە، جۆزیف کامبڵ، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگەی ئاراس، ل٧٧.
[114]- للحب وقت و للموت وقت، اريك ماريا ريمارك، رواية جزء الاول، دارالمعارف بمصر، ل٥.
[115]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥.